Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەری، ڕوناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنوسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنوسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەری
ڕێبین مەجید

مۆتیڤ
ئاریان ئەبوبەکر

لۆگۆ
حەمیدی ئازمودە

ساڵی سێیەم

ئۆکتۆبەر ٢٠٠٨

ژمارە ٣٢

دەستەی نوسەران
سەلام فاتیح
مارف ئاسراو
کارزان عەبدوڵا
نەورۆز جەمال

تایپیست
پەیام ئەحمەد

نەخشەسازی ناوەوە
مەهدی ئەحمەد

تیراژ
٥٠٠
چاپخانە
یاد

ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
ژمارەی تەلەفۆن ٣١٨٠٩٩٤

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| ئەدەبی منداڵان لەکوردیداو کێشەی.. | سمین چایچی | ٦ |
| ژنە رۆماننووسی کورد هەیفا زەنگنە | لەتیف هەڵمەت | ١٧ |
| هونەری دەستپێك لە(دەستی خودا).. | ئارام سدیق | ٢١ |
| **دەق** | | |
| ئێوارە پیاسەیەك... | سەلام محەمەد | ٣٣ |
| بەخێوکردنی تەماشا | فەرەیدون پێنجوێنی | ٤٠ |
| شێتبوونێك لەدەرگام ئەدات | بەرزان هەستیار | ٤٦ |
| فەرزەندانە | عیسا چیایی | ٤٨ |
| سەردەمی سواڵ | ڕێباز مەحمود | ٥١ |
| پرچ لەتەنیایی | کەمال چۆمانی | ٥٥ |
| ئەو شەوەی کەخوا برژانگێکی لێکەوت | شوان حەسەن | ٦٢ |
| بانگەواز | بەندی عەلی | ٦٩ |
| دڵێك لەکەلاوە | ئارام کاکەی فەلاح | ٧١ |
| چەند کورتیلە چیرۆکێك | محەمەد مناکام | ٧٧ |
| تۆماری مردووەکان | کەریم مەلا | ٧٩ |

| | | |
|---|---|---|
| دروستنەبوونی نەتەوەو گوتاری... | پێشەوا محەمەد | ٨١ |
| **دیدار** | | |
| دیدار لەگەڵ هیوا قادر | دیداری: شاخەوان سدیق | ٩٥ |
| دیدرا لەگەڵ ناسری حیسامی | دیداری: جەواد حەیدەری | ١٠٧ |
| **وەرگێڕان** | | |
| چاوخشاندنێك بەكتێبی "سەدساڵ... | و: ئازاد بەهین | ١٢٠ |
| كافكاو كیركەگۆر | و: كاروان حسن | ١٢٥ |
| شاعیری ئینگلیز رۆبێرت هێریك | و: یاسین كەریم | ١٣٤ |
| هاوارەكە | و: عەبدوڵڵا قادر دانساز | ١٣٧ |
| وتووێژ لەگەڵ نۆرمەن میلێر | و: زێنەب یووسفی | ١٤٦ |
| **هونەر** | | |
| عاتیفەو هێز لەدرامای كلاسیكی... | شیرین تاهیر | ١٥٨ |
| چاوپێكەوتن لەگەڵ ناشاد | دیداری: كاروان كابان | ١٦٧ |
| دیدار لەگەڵ فەرهەنگ غەفور | دیداری: موحسین یاسین | ١٧٣ |
| دیدار لەگەڵ دڵخۆش محەمەد | دیداری: زانا جەوهەر | ١٧٨ |
| دیدار لەگەڵ عەلی كەریم | دیداری: شەنكار عەبدوڵڵا | ١٨١ |
| دیدار لەگەڵ نەرمین كاوانی | دیداری: ڕێبواری ئازادی | ١٨٨ |



## ئەدەبی منداڵان لەکوردیداو کێشەی چەندایەتی و چۆنایەتی

سیمین چایی



## ژنە رۆماننووسی کورد هەیفا زەنگنە

لەتیف هەڵمەت

# لێکۆڵینەوە



## هونەری دەستپێک لە(دەستی خودا)ی رەووف بێگەرد ـ دا

ئارام سدیق



# ئەدەبی منداڵان لەکوردیداو کێشەی چەندایەتی و چۆنایەتی

**سیمین چایچی**

**سنە**

بێگومان لقی ئەدەبی منداڵ لەجیهاندا بەشێکی نوێیەو هەر بۆیە لاوازیشە، پێویستی و سەرەتای دەستپێکردنی ئەدەبی منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ بەرەوپێشچوونی جیهان بەرەو زانست و تەکنۆلۆژیا، هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەجیهاندا، بنەمای فیکری و فەرهەنگی مرۆڤیش سەبارەت بەژین و ژیان تووشی گۆڕانکاریی بوو، ئەم ئاڵوگۆڕە جگە لەدەرەوە کاریگەریی لەسەر بنەماڵەو چۆنایەتی پێوەندییەکانیش دانا، واتە لەبەرچاوگرتن و گرنگی پێدان بەڕۆڵی ژن وەکو هاوژین و هاوبەش، یان منداڵ وەکو مرۆڤێکی چکۆلە، بەڵام بەرامبەر لەگەڵ گەورەکاندا.

هێدی هێدی جێگەی منداڵ لەبنکەی دڵان دەرهات و رۆڵی راستەقینەی ئەو لەدیاردە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەدەرکەوت، سەردەمی مۆدێرن بوو بەسەردەمی منداڵ سالاری.

لەسەدەی بیستەمدا ئەو راستییە وەدەرکەوت کە دەبێت هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵ و پێداویستییەکانی بەشێوەیەکی زانستی و ئاگایانە بێت، ئەم پێویستییە بوو بەهۆی گۆنگیپێدان بەپەروەردەیی منداڵ و کەڵکوەرگرتن لەدەروونناسی و کۆمەڵناسی و جوانیناسی بەشێوەیەکی تایبەت و ئاکادیمیک.

ڕۆڵـی ئـەدەبی منـداڵ لەپـەروەردەکردنی هـزرو ئەندێـشەو ڕوونکردنـەوەی ڕوانگـەی سەبارەت بەژیان و جیهـانی دەورووبـەر، زۆر بەرچـاوو حاشـاهەڵنەگرە کـە خۆشـبەختانە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی جدی و بەربڵاو هاتووەتە ئاراوە.

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا (هـانس کریـستیەن ئاندیرسـێن)ی دانیمـارکی بەنووسـینی چیرۆکی تایبەت بۆ منداڵان بناغەی ئەدەبی نوێی منداڵانی لەجیهاندا دانا.

لەوسەردەمەو تا ئەمڕۆیش ئەم ئەرکە لەسەرشانی ئەدەبی زارەکی واتە فۆلکلۆر بـووە کە لەهـەر وڵات و ناوچـەیەکدا بەشـێوەی شـیعرو چـیرۆك و مەتـەڵ و نەسـتەق شـوێنێکی تایبەتی لەسەردەمی منداڵێتی مرۆڤدا بووە کە تـا ئێـستاش هەیـەتی، بـەڵام زۆربـەی ئـەو شتانەی بەپێی فاکتەرو پەروەردەییەکانی ئەمڕۆیانە ناچنە ریزی ئەدەبی منـداڵ و بەشـی هەرە زۆری ئەو نەیتە (ئەدەبی زارەکی) پـاڵ ئەدەنـە پـاڵ پەنـدو ئامۆژگـاریی یـان داب و دەستووری ژیان بەشێوەی پەندو ئامۆژگارییەوەو لەم حاڵەتەدا وێژەر لەلێکدانەوە سادەو ئاساییەکانی منداڵدا دەچێتە ریزی مۆرشیدو مامۆستا.

لەدوای ئاندێرسێن، تەنانەت تا پەنجاکان، جگە لە(ئالیس لەوڵاتی سـەیرو سـەمەرەدا) بەرهەمێکی بەرچاو پێشکەشی قوتابخانەی منداڵ نەکرا، تـەنیا دەتـوانین ئامـاژە بـە(پێـر کاستۆر) بکەین کە پێش لەشەڕی دووەمی جیهانی وێنەی هێنایە ئاراوە.

پیەر کاستۆر بەبڵاوکردنەوەی کتێبی وێنەیی حەیوان و دیاردە سروشتییەکان ڕۆیـشتە دونیای خـەیاڵاویی منداڵـەوە، لەمـەو بـەدوا وێنـە بـوو بەپێویـستییەکی بەرچـاو لەشـیعرو چیرۆکی منداڵاندا.

لەپەنجاکانەوە ئەدەبی نوێی منداڵ بەشێوەی شیعرو چیرۆك لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەرەی سەندو کەم کەم گەیشتە ئـەو ئاسـتەی کـە وەکـو لقێکـی تایبـەت جێگـەو پێگـەی لەکتێبخانەو ماڵ و هۆڵی دابەشکردنی خەڵاتە جیهانییەکان دابینکرا.

بـەڵام لەکوردەوارییـدا کـە بـەهۆی دوورەدەسـتبوونی جـەماوەرێك لەمنـداڵان، یـان نەخوێنـدەواربوونی بنەماڵـەوە کتێـب و گۆڤـاری تایبـەت بەمنـداڵ بەئاسـانی لەبەردسـتدا نییـە، ڕۆڵـی میـدیاکان ڕۆڵێکـی گـرنگ و سـەرەکییەو پێویـستە پرۆگرامـەکانی تایبـەت بەمنداڵان پتەوترو بەشێوەیەکی تەکنیکیتر ئامادە بکرێت.

لەلای ئێمە کە خوێنەری کتێب بەگشتی و خوێنەری منداڵ بەتایبەت کەمەو فەرهەنگی کتێب خوێندن لەناو چینی بەربڵاوی وڵاتەکەماندا پەرەی نەسەندووە، ئەدەبی زارەکی و دیداریی واتە تەلەفزیۆن و شانۆ کە بەئاسانی لەبەردەستی هەموواندایە باشترین و سەرنجراکێشترین شێوەی پەیوەندییە.

نکوڵی لەمە ناکرێت کە تا گەیشتن بەئەدەبی بەربڵاوو دەوڵەمەندی منداڵ و هاتنی تاقمێکی گەورەتری نووسەرو شاعیری دڵسۆز بۆ ئەم بوارە، پێویستە گرنگیی زیاتر بەبەشی منداڵانی میدیاکان بدرێت و بەشێوەیەکی زانستی و جددی، بەکەڵکوەرگرتن لەتەکنیك و ئەزموون لەباری دەرهێنان و نووسین و شانۆگەرییەوە خواست و سەلیقەی منداڵی کورد ببەینە ئاستێکی بەرزترو هەتاکو لەدوا رۆژی وڵاتەکەماندا چەندەها هونەرمەندی زاناو پسپۆڕ لەبوارە جۆراوجۆرەکانی کاری منداڵ بێنە ئەم گۆڕەپانەو ئەدەبی منداڵانی کورد بگاتە ئاستێکی شیاوو بڵند.

## ئەدەبی منداڵان لەکوردییدا

ئەم بەشە لەلای ئێمەش هێشتا لاوازە، هەرچەند لەژێر کاریگەرێتیی رەوتی جیهانی و پێویستەییە ناوخۆییەکاندا لەحاڵی گەشەکردندایە، بەڵام بەداخەوە لەباری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە شتی وای بۆ نواندن و پێشکەشکردن بەئەدەبی جیهانی منداڵان نییە، هۆی ئەم کەموکوڕییەش یەکەم هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووریی‌ەو دووەم ساوابوون و نامۆبوونی ئەم بەشەیە.

ئێمە بەداخەوە نەگەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە کە بایەخ بەپەروەردەیی زەین و هزری منداڵ بەشێوەیەکی پسپۆڕانەو کارناسانە بدەین، هێشتا لەکۆمەڵگەو بنەماڵەو قوتابخانەکاندا شێوەی زەبرو زۆرو ئامۆژگاری لەسەر منداڵ بەردەوامەو گەورەکانمان وەکو (زانای هەمووشتزان)و خاوەن دەسەڵات لەشێوازی کۆنی پەروەردەکردن کەڵك وەردەگرن.

هەموو شتێ بەرەو نوێبوونەوە دەچێت: گەورە وێنە هەڵگری جلوبەرگ و رەوشتی ژیانی رۆژئاوایە، بەڵام کە دێتە سەر منداڵ دەبێتە دیکتاتۆرێکی دڵسۆزو عاشق، کە نایەوێت منداڵ لەجەغزی فەرمانبەرێتیی ئەو خۆی دەرباز بکات، جا ئەرکی شاعیرو نووسەر لەم کێشەو کێبەرکێیەدا چییە؟ رێگای رزگارکردنی منداڵ لەبازنەی نەریت و

پەروەردەیی کلێشەییدا کامەیە؟ بۆ پتەوکردنی ئەدەبی منداڵانی کوردیی چی بکەین کە دواڕۆژ شەرمەرزاری ئەو چینە نەبین و بەسەربەرزی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا سەر هەڵبێنین.

(ژان پیاژە) دەڵێت: منداڵ فەیلەسوفێکە کە جیهانی دەرەوە لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە دەناسێت، تاقیکردنەوەیەك کە خودی خۆی لەخاڵی ناوەندی ئافراندندایە، کە پێیوایە هەر رووداوێك بۆ شادی و لەززەتی ئەو بەدیهاتووە.

ئەرکی پەروەردەیی و فێرکاریی منداڵ لەسەر شانی بنەماڵەو پسپۆڕان و کارنائانی ئەم بەشەیە، بەڵام هونەرمەند رۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە، نووسەرو شاعیر بەکەڵکوەرگرتن لەئەزموون و زەوق و زانین دەچێتە ناو دونیای پڕ لەشادی و پرسیاری منداڵ و بەزمانێکی ساکار لەگەڵیدا پەیوەندی ئەگرێت و بیرو هزری دەهەژێنێت، ئەوەیە کە وڵاتە پێشکەوتووەکان زیاتر لەڕابردوو بایەخ بەئەدەبی منداڵ ئەدەن و لەشاعیرو نووسەری ئەم بەشە پشتگیریی دەکەن، بەڵام بەداخەوە لەئەدەبی کوردیدا بەهۆی گرنگینەدان بەم لقە چ لەلایەن نووسەران و شاعیران و چ لەلایەن دەزگا پەروەردەییەکانەوە، ئەدەبی منداڵ لاوازو سەرەتاییە، واتە هەم کێشەی چەندایەتی هەیەو هەم کێشەی چۆنایەتی.

## ئەدەبی منداڵ

وەك ئاماژە کرا، ئێمە لەبواری ئەدەبی منداڵاندا رەخنەو لێکۆڵینەوەمان نییە، کەوابوو داهێنانیش کەمەو دەبێتە هۆی لاوازیی بنەمای تیۆریك، تا رادەیەك کە نووسەران و شاعیرانی ئەم بوارە زیاتر بەپێی زەوق و ئەزموون دەنووسن تا شێوازی دیاریکراوی زانستی.

مرۆڤ پێش لەدایکبوون لەگەڵ مۆسیقادا ئاشنا دەبێت، واتە شەپۆلی دەنگی دایك ئاوی منداڵدانی دایك دەلەرێنێتەوە، کاتێك ئەو رەنگدانەوە گەیشتە منداڵ، دەچێتە ناخودئاگایەو پەیوەندییەکی رۆحی و رەوانی لەنێوان دایك و ساوا پێك دێنێت، منداڵ پێش لەدایکبوون مۆسیقا دەناسێت و دواتر فۆنەتیکی وشەکان، ئەوەیە کە لایەلایە لەچاوقووچانێکدا لەسەر رۆح و رەوانی ساوا کاریگەریێتی خۆی دادەنێت و دەیخەوێنێت.

لایەلایەكان مانای قـووڵی فەلـسەفی و ئایـدیۆلۆژیكیان نییـە، بـەڵكو بـەزمانێكی سـاكار باسی ژین و ژیانی ڕۆژانەو ڕووداوە ئاساییەكان دەكات.

دایـك بەلایەلایـە وتـن، لەلایەكـەوە دەردەدڵ و ئـاوات و خواسـتی خـۆی دەدركێنێـت، لەلایەكەوە بەكەڵكوەرگرتن لەئوستوورەو هێما باسی خێـرو شـەڕ، چاكەو خراپـە، زاڵـم و مەزڵووم دەكات.

لایە لایە لەباری زمانییەوە، زمانێكی عامیانەو لەباری كێشەوە ساكارو ڕەوانـە، منـداڵ سەبارەت بەمۆسیقاو ئینجا بەوشەو كەلام لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پەیوەندیی دەگرێت، لایەلایە یەكەمین شیعری مۆسیقاییە كە هەست و ڕەوانی ئینسان دەهەژێنێت.

## دابەشكردنی پلەی تەمەنی منداڵان

بۆ نووسینی بەرهەمی منداڵان پێویستە پێش لەهەموو شتێ تەمـەنی منـداڵ لەبەرچـاو بگیرێـت، لەڕاسـتدا بەپێـچەوانەی نووسـین بـۆ گـەورە كـە بەرهـەمێك هـەموو چـینێك دەگرێتەبەر، شیعرو چیرۆكی منداڵ ئەو پێویستییەی هەیە كە هەر بەرهەمێك بەپێی پلەی دیاریكراو دابینبكرێت.

## دابەشكردنی پلەی تەمەنی منداڵ و مێردمنداڵ ئەمانەن:

١.لەدایكبوون تا (٢)ساڵان: منداڵ لەڕێگەی پەیوەندیی فیزیكی و عەینییەوە قۆنـاغی ناسـینەوە، ئـەدەبیات لـەم تەمەنـەدا ئـەدەبی واقیعخوازانەیـەو وشـە بـەمانای خـودی واقیعییەكەی بەكار دێت، واتە ئەدەبی پەروەردەییە.

٢.(٢) تا (٧) ساڵان: زاینی منداڵ لەم قۆناغەدا یاخییەو هیچ دایسپلینێك هەڵناگرێت.

٣.(٧) تا (١١) ساڵان: زەینی منداڵ لەم قۆناغەدا بۆ شیكردنەوەی هەنـدێك لەچـەمكە دەرهەستەكان ئامادەیە، واتە تەمەنی (ئەنیمیسم) یان (گیاندار پێنداری).

٤.(١١) تـا (١٥) سـاڵان: ئـەم تەمەنـە كۆتـایی قۆنـاغی منـداڵی و سـەرەتای دەورانـی مێردمنداڵییە، لەم تەمەنەدا هێزی زەیـنی مێردمنـداڵ گەیـشتووەتە رادەیـەك كـە هەنـدێك بۆچوونی دەرهەستكارانە لێكبداتەوە.

## دابەشکاریی ئەدەبی منداڵان

ئــەدەبی منــداڵ بریتییــە لەزنجیرەیــەك بەرهــەمی زانــستی، بەتایبەتمەندیگــەلێکی دەروونناســانەو پەروەردەییــەوە، زۆربــەی ئــەو بەرهەمانــە لــەخودئاگای نووســەر بەچوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە دێتەبەرهەم، واتە زانستی– ئەدەبین.

ئــەدەبی ئەمڕۆیانــە منــداڵ ئەگەرچــی لەلایــەنی پەروەردەییــەوە کەمڕەنگــە، بــەڵام لەخودی خۆیدا پەیام و کاریگەرێتی تەربییەتی و فێرکارانەشی هەیە، بەگشتی دەتوانرێت بوترێت ئەم ژانرە پێکهاتووە لەشەش بەشی جیاوازو هەربەشە کاریگەریی تایبەت بەخۆی هەیە:

### ئەدەبی منداڵان:

١.زارەکی: یاری، لایەلایە، مەتەڵ.

٢.دیداری: فیلم و شانۆ.

٣.نسیساری: شیعرو چیرۆك.

١.ئەدەبی زارەکی:

سەرچاوەی ئـەم بەشـە لەفۆلکلۆرەکاندایە، لایەلایـە کـە ریـشەی قـووڵی کۆمەلایـەتی هەیە، سینە بەسینە هاتووەو لەزاران گەڕاوەو بێ ئەوەی دەرکـەوێت شـاعیرو دانەرەکـەی کێیە لەدەوامەی زەماندا دەم بەدەم گەیشتووەتە ئێمە.

یاری: یاری بەرەبەرە هاتووەو بەهەندێك گۆڕانکاریی لەدەورانی منداڵێتی مرۆڤدا جێگر بووە.

### ئەدەبی دیداری:

شانۆ شێوەیەکی نوێیە بۆ پەیوەندییە نێوان منـداڵ و جیهـانی دەوروبـەرەوە کـە لـەم ساڵانەی دواییەدا لـەباری سـەرگەرمی و یـاریی و پـەروەردە رۆڵێکـی گـرنگ بـووە، بـەڵام بەداخەوە منداڵی کورد لەم تەوەرە بێشەو جگە لەهەندێك کاری لاوازو سەرەتایی نـەبێت، شـتی وای پێـشکەشنەکراوە، میـدیاکانیش بایـەخێکی ئـەوتۆ بەبەرنامـەی منـداڵان وەکـو ژانرێکی پێویست نـادەن، بەرنامـەکان بەدەگمـەن خـاوەنی وەهـا فاکتـەرێکی پێویست و دیـاریکراوی کـاری منـداڵانن، بنـەڕەتی شـانۆکان واتـە نووسـین بەپەلـەو تـەنیا بـۆ پـڕ کردنەوەی کاتی بەرنامەکانە، لەزۆر شوێندا دەرهێنەر، لـەم بوارەشـدا لـەباری نووسـین و

مۆسیقاو دەرهێنانەوە لاوازین، بەڕاستی جێی ئەسەفە کە منداڵانی ئەم وڵاتە لەشادی و زەوقی نێو هۆڵ و شانۆکان بێبەش بن.

شانۆی منداڵ کە بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنە لەبەشەکانی دیکە نوێترو کەم تەمەنترە، بەڵام ئەگەر لەبەرچاو بگیردرێت و گەشە بکات لایەنگریی زۆری هەیە.

### ئەدەبی نسیساری:

ئەم بەشە بەربڵاوترەو تاقمێکی زۆرتر لەمنداڵ دەگرێتەوە، نووسینی شیعرو چیرۆك بەشێوەی تایبەتی منداڵ، تەمەنێکی سەدو چەند ساڵانی هەیە، مێژووی ئەدەبی نوێی منداڵ لەجیهاندا (هانس کریستیەن ئاندێرسێن)ی دانیمارکییەوە دەست پێدەکات، ئەو چیرۆکنووسەی کە بەرهەمەکانی بەدەیان زمانی وەرگێڕدراوەتەوەو هێشتا ناوی لەسەر زاری خەڵکە.

بەشی نسیساری بریتییە لەشیعرو چیرۆك، کە هەر کامیان شێوازو کاریگەرێتی تایبەتی خۆیان هەیە.

شیعری منداڵ: روانینی واقیعخوازانەیە بۆ جیهان لەڕوانگەی منداڵەوە، شیعری منداڵ باسی واقیعییەتە عەینی و دەرەوەییەکان دەکات بەپێوانەی ئەزموونی منداڵ، لەڕاستیدا شتێکی زەینی و خەیاڵی نییە، بەڵکو موتیس و وشە کان و واقیعی و ناسراون، واتە قسەی منداڵ بەزمانی خۆیەتی، ئەو زمانە کە تێدەگات و لەسەر زارییەتی، شاعیر بەکەڵکوەرگرتن لەوەزن و قافیە، شیعرەکان بەشێوەیەکی سادەو ریتمێك دەخاتە بەردەستی منداڵ و زاری منداڵی پێ دەڕازێنێت.

ریئاڵ یان واقیعخوازی پێداویستی هەرە گرنگی شیعری منداڵە لەپلەی (الف)و (ب) کە زەینی منداڵ توانایی لێکدانەوەی لێکچوواندن و هێماو ئیستعارەی نییە، ئەو لەگەڵ شیعرێك پەیوەندیی دەگرێت کە مانای وشەکان لەدەرەوەی خۆیاندا بناسێ یان ببینێت، چونکە منداڵ لەسەرەتا هەندێك وشەی دیاریکراو دەناسێت، واتە ئەوانەی کە لەبەرچاویەتی وەکو: دایك، باوك، نان، ئاو، دەست، چاوو هتد.

یان ئەم شتانەو ئەو وشانەی کە بەهەستەکان ناسیویەتی وەکو: داخی، شیرینی، برسییەتی و... هتد، کاتێك دەڵێت دایکم میهرەبانە، پێشتر لەڕێگەکی کرداری دایکییەوە هەستی بەو میهرەبانییە کردووەو ناسیویە، بەڵام ئەگەر دەبیستێت (دایکم وەکو مانگە)

بەسەرسووڕمانەوە بەدوای پەیوەندیی نێوان مانای دایك و مانگدا دەگەڕێت، چونکە تاقەت و توانای تێڕامانی نییە، ماندوو دەبێت و وازی لێدێنێت.

لەڕاستیدا زمانی منداڵ زمانێکی بنەڕەتییە کە لەتاقمێك وشەی سادەو سەرەتایی پێکهاتووە، ئەگەر شیعر لەو بازنە وشەییە لابدا لەڕیزی شیعری منداڵان دەردەچێت، لەشیعری کوردیدا گرنگینەدان بەم خاڵە یەکێك لەکێشە بەرچاوەکانە کە زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکان دەگرێتەبەر.

لەگروپی (الف)دا لێکچوونەکان هەستپێکراوترن، لەگروپی (ب) بەملاوە ئیستعارەگەلێکی ساکار دێتە ناو شیعرەوە، بەڵام لەپلەکانی پانتردا شاعیر دەتوانێت لەهەندێك تەکنیکی شیعری کەڵك وەربگرێت و لەباری وەزن و قافیەشەوە ئازادترە بۆ هەڵبژاردنی چوارچێوەیەکی شیعری بۆ نموونە شیعری نوێ.

هەرچەند تەمەنی منداڵ لەخوارەوە بێ زەحمەتی شاعیر بۆ گەیشتن بەزمانی کاریگەر زۆرترە، چونکە ئاستەنگی تەنگژەیی وشەو ریتم و مانای هەیە، واتە دەبێت وشە ساکارتر، ریتم شادترو توندترو ماناڕوون و ئاشنای زەینی منداڵ بێت.

## تایبەتمەندی شیعری منداڵ بەباری فۆڕم و چوار چێوەوە

ئەگەرچی چوارچێوەی شیعر لەپێشوە دیاری ناکرێت، بەڵام هەروا کە ئاماژەمان پێکرد شیعری منداڵ بەهۆی پێداویستیی بەرچاوگرتنی فاکتی زانستی لەکاتی ئافراندندا خاوەنی چەندین خاڵە، کە لەخوارەوە باسی لێ دەکرێت:

١.ریتم شادو خێرایە.

٢.وشەکان لەبازنەی زانینی منداڵ تێناپەڕن.

٣.خانە شیعرییەکان (نیوەبەیت) تا دەکرێت کورت بن واتە (٥ تا ٧ بڕگە).

٤.زیاتر لە (٨ تا ١٠) بەیت نابێت.

٥.تەکنینی شیعری بەپێی تەمەنی منداڵ لەبەرچاو بگیردرێت.

٦.وشەکان ساغ و پاراو بن.

**چوار چـێوەی شـیعری منـداڵان بەتایبـەت لەپلـەی (الـف)و (ب)دا ئەمانەن:**

چوارینە ـ غەزەل ـ مەسنەویی:

دەکرێت بەپلەی (ج)و (د) بەرەو بان لەشیعری نوێ، بەڵام کێشدار کەڵکوەربگرین یان لەبەربەستیی قافییە دەرچین.

بەپێـچەوانەی ئـەدەبی کلاسـیك، شـیعری ئـەمڕۆی منـداڵان ئـامرازێکی فێرکـاریی و پەروەردەیی نییەو ڕۆڵی شـاعیر لەگـەڵ مامۆسـتاو دایك و باوکدا جیـاوازە، واتـە شـاعیر بەهەست و زەینی منداڵ یاری دەکات و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەناو جیهانێکی پڕ لـەجوانی و شادی و ماناوە.

## شاعیری منداڵان

شاعیری منداڵ مرۆڤێکە کە بەوتەی فرۆید منـداڵ بـوون لەناخودئاگاییدایـەو دەتـوانین بەلێکدانەوەی بەرهەمەکانی، کەسایەتی ڕۆحی و ڕەوانی ئەو بناسین، چونکە سەرچـاوەی کەسایەتی مرۆڤ لەسەردەمی منداڵییدایە، شاعیری منداڵان کەسێکە کە بەباشی دەتوانێت پردێ لەنێوان ئێستەو ڕابردوودا ببەستێت و بەڕوانینی قووڵی نووستالۆژیك بەپێی زانـین و زەوقی منداڵ بەرهەمێك بخوڵقێنێت.

دەزانینی کە هونەرمەند لەکاتی ئافراندندا دەگاتـە ئاسـتێکی بـەرزو جیـاواز، گەیـشتن بەم ئاستە پێویستیی بـەئازادیی مـەلی خـەیاڵ و کـردەوە هەیـە، بـەڵام چـونکە شـاعیری منـداڵ لـەکاتی نووسـیندا ئەسـیری هەنـدێك جـەبرو بەربەسـتبوونە بەپاراسـتنی تـەکنیك، ئازادیی کردەوەو خەیاڵی نییە، لێرەدا دێینە سەر ئەو بڕوایە کە نووسینی شیعری منداڵان بەپێچەوانەی ئەوەی کە هەست دەکەین ساکارە، کارێکی سەخت و پڕ زەحمەتە کە جگـە لەناسـینی تـەکنیکی شـیعرو هـەبوونی جەوهـەری زاتـی شـاعیرانە، پێویـستی بەزانـستی دەروونناسی و جوانیناسی و پەروەردەیی منداڵ هەیە.

مەحمود کیانوش، دەڵێت: نزیکایەتییەك لەنێوان شاعیرو منداڵ و مرۆڤـی سـەرەتاییدا هەیـە، ئـەم نزیکایەتییـە لـەباری ڕوانـینی عـاتیفی بـەجیهان و سروشـتە. واتـە مرۆڤـی سەرەتایی بۆ ناسینی جیهـان هـەوڵی داوە، مەبەسـتی منداڵناسـین و یارییـە، شـاعیر کـە گەیشتووەتە ئاستی ناسین جگە لەیاری بەدوای هونەردا دەگەڕێت.

منـدالْ خـۆی لەخۆیـدا لەسروشـت نزیکـەو بەپێوانـەی (ناسـینی جیهـان) لـەمرۆڤی سەرەتاییش نزیکە، بەڵام شاعیر کە لەسەردەمی منداڵی دوورکەوتووەتـەوە گەیـشتووەتە ناسین، پێویستە لەکاتی نووسیندا لەژیانی عەقڵانی و فیکریی بێتەدەر تا لەسروشت نزیك بێتەوەو مرۆڤی سەرەتایی لەدەروونی خۆیدا بدۆزێتـەوە، ئینجا بەهـەموو شـتێك گیـان و مانا ببەخشێت.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین شاعیربوون، مانەوەیە لەمنداڵییداو لـەناخی هـەر شـاعیرێکدا منداڵ حەشارە.

## چیرۆکی منداڵان

ئـەو خاڵانـە کـە بـۆ شـاعیری منـداڵان لەبەرچـاو دەگیردرێـت، چیرۆکنووسـینیش دەگرێتەبەر، نووسەر دەبێت شـارەزای دەروونناسـی منـداڵ و جوانیناسـی و کۆمەڵناسـی بێت و بەپێی ئەو خاڵانە بنووسێت:

تایبەتمەندی چیرۆکی منداڵان:

١.پاراستنی زمانی بنەڕەتی و ساکار.

٢.لەبەرچاوگرتنی کورتی بەرهەم بەپێی پلەی تەمەنی خوێنەر.

٣.کـەڵکوەرگرتن لەواقیعییەتـە مەلموسـەکان بـۆ پلـەی (الـف)و (ب)و خـەیاڵ و هەڵبژاردنی وێنە بەپێی تایبەتمەندی و ناوەرۆکی دەق و فەنتازیا بۆ چینی ژوورتر.

چیرۆکنووس چەند بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی منـداڵی ئەوەنـدەش لەئافراندنـدا سەرکەوتووە، بەرهـەمی منـداڵ ئەگـەر رۆحـی منداڵانـەی تێدا نـەبێت وەکـو پەیکـەرێکی بێگیان وایە، کە هەرچەندە جوان و سەرنجڕاکێش بێت و رۆح و گەرمی ژیانی تێدا نییە.

ویلیان لێك، دەڵێت: مرۆڤ لەدووبەش پێکهاتووە: مەعسومییەت و ئەزموون، گەورەکان کەم کەم لەدرێژەی تەمەنیاندا ئەزموون وەدەستدێنن، بەڵام مەعـسوومییەت دەگەڕێتـەوە بـۆ (self) یـان خـود، لـە(خـود) (self)دا هـیچ بەربەسـتێکی جینـسی و نەتـەوەیی و چینایەتی لەئارادا نییە.

بەپێی ئەم هەڵوێستە، (self) لەنووسەری منداڵاندا ژیانێکی نزیك و بەردەمی هەیە کە دەبێتە هۆی سەرکەوتوویی یان دابەزینی بەرهەم، ئـەو خاڵـە هەرچـەندە بـەقووەتتر بێت نووسەر سەرکەوتووترە.

لەزۆربــەی نووســەراندا ئــەم شـێوە رەفتارییــە وەبەرچــاو دێـت و لەهەڵسوکەوتیاندا دەبینرێت، بۆ وێنە (ئەسترید ليندا‌گرين)ی سویدی کە چەند خەڵاتی جیهانی وەرگرتـووە، وەها رۆحێکی شادو سووکی بووە کە لەتەمەنی (٧٢)ساڵاندا بەدرەختا هەڵزنیوەو لەهـەر شوێنێ منداڵان یارییان بکردایە، لينداش دەڕۆیشتە بازنە یارییەکەو بەشدار دەبوو.

هــەروەها مــووريس سـنداك لــەکاتی وەرگــرتنی خــەڵاتی جیهــانی (هــانس کریتــسییەن ئاندێرسێن)دا وتی: لەنووسینەکانمدا بەردەوام منداڵێتییــەکی نهـێنی هەیـەو راسـتییەکەی ئەوەیە کە کارتۆری کەسایەتی خۆیم لەکەسایەتیی کاراکتەری چیرۆکەکانمدایە.

پاییزی

٢٠٠٥



# ژنە ڕۆماننووسی کورد
# هەیفا زەنگنە



# و
# ناسنامەی پاڵەوانەکان

## لەتیف هەڵمەت

هەیفا زەنگنە ڕۆماننوسێکی کوردەو ساڵی ١٩٥٥ لەشاری بەغدا لەدایکبووەو بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەنووسێت و ئێستا لەشاری لەندەن دەژی و توانیویەتی بەڕۆمانەکانی و بەکورتە چیرۆکەکانی سەرنجی گەلێ نووسەری عەرەبی و عیراقی رابکێشێت.. لەوانە: زهور کرام و جنان قاسم و محمد برادەو سیزا قاسم و عەبدولڕەحمان مەجید ئەلڕوبەیعی و هتد.

هـەيفا زمـانی کـوردی دەزانێـت و شـانازی بـەکوردێتی خۆیـەوە دەکـات و هـەر لـەم گۆشەنیگایەشـەوە خوێنـەر هەسـت بەناسـنامەی گـەلێ لەپاڵەوانـەکانی دەکـات، هـەر بـۆ نموونە لـەڕۆمانی (مفـاتيح المدينـة) (کليلـەکانی شـار)دا کەسـاڵی ٢٠٠٠ بـەزمانی عـەرەبی بڵاویکردووەتــەوە، ئـەو ناســنامەیە پــیرۆزو شــکۆمەندە لــەلای پاڵــەوانی ڕۆمانەکــەو مەبەستێتی بیانپارێزێت، لەم ڕۆمانەی هەیفادا پاڵەوان سیخناخی نامۆییە، بەڵام نامۆییەك جیایە لەنامۆیی پاڵەوانی ڕۆمانەکانی کافکاو کامۆو سارتەرو هتـد، ئـەم پاڵەوانـە نـەوەکو (گریکۆر سامسا)ی کافکا تووشی بەدگۆڕان دەبێت و نـەبارودۆخی گۆڕانکـاریی و تـەوژم و تین و تاوی هەتاو و گەرما وای لێدەکات نامۆیی شوێن بیگرێـت و وەکـو پاڵـەوانی ڕۆمـانی (نـامۆ)ی کـامۆ عـەرەبێك بکـوژێ، نـەك وەك هەنـدێك پەڵـەوانی ڕۆمـانی کليلـەکانی شـار نامۆییەکی جمکە، نامۆیی (مێـژوویی و جـوگرافی)و پاڵـەوان لـەم ڕۆمانـەدا لـەبارودۆخێکی ترسناك و نالەباردا ناچار دەبێـت بـەجۆرێك لـەجۆرەکان بەڕواڵـەت لەنيـشتمان و مێـژووی خۆی دابڕێت، بەڵام هەميشە بەشێوەیەك لەشێوەکان نیشتمان و مێـژووی خـۆی لـەناخی خۆیدا پاراستووە.

ئێمە لەخوێندنەوەی ڕۆمانەکانی سەلیم بەرەکات–دا هەست بەوە دەکەین کە نووسەر دەیەوێت لـەڕێی ناونـانی کـوردی لەکەسـەکان و بەرجەسـتەکردنی کۆمـەڵێك دابونـەریت و بەندو باوی کۆمەڵایەتی و ئابڵووقەدانی جوگرافیا بەهەموو جۆرەکانی تۆقاندن و بەهـەموو ئامێرگــەلێکی ســەرکوتکردن و چەوســاندنەوەی نەتەوایــەتی ناســنامەی کوردانــەی پاڵەوانەکانی بەرجەستەبکات.

هاوشـانی ئـەوەش یەشـار کـەمال هـەوڵی ئەوەیـداوە لـەڕێی هەنـدێك بیروبـاوەڕی کۆمەڵایـەتی و سـرووت و ڕەوشـت و دابونـەریت و مـەرتاڵ و جوگرافیایـەکی تایبەتـەوە ناسنامەی کوردانەی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆك و ڕۆمانەکانی بپارێزێت.

بەڵام هەیفا زەنگنە کە لەناوەوەو دەرەوەی نیشتماندا ژن و سوێی نامۆیی چەشتووە، پــەنای بــۆ هۆکــاری (مێــژوویی–جــوگراف) بــردووە بــۆ ناســاندنی ناســنامەی پاڵــەوانی ڕۆمانی (کلیلەکانی شار)و دەبینین (عامر) کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیەو لاوێکی کوردەو ناچار دەبێــت لـــەبارودۆخێکی ئـــاڵۆزدا شـــارە کوردســـتانییەکەی خــۆی شــاری کـــەرکوك بەجێبێڵێت و لەشاری بەغدا نیشتەجێ بێت و ژن بێنێـــت و خێـــزان دروســـتبکات و لەهەمانکاتــدا نامۆییــەکی جمــك (مێــژوویی– جوگراف) لەناخی خۆیدا هەڵبگرێت.




عامر وەکو لەتانوپۆی ڕۆمانەکەدا هاتووە کـــوردێکی کەرکووکییـــەو هـــەر لەگـــەڵ بەجێهێشتنی کەرکوك و نیشتەجێبوون لەشـاری بەغـدادا ئـەو نامۆییـە جمکـە لـەدەروونی خۆیدا هەڵدەگرێت و دەتوانین لەڕشـتەی ڕۆمانەکـەدا هەسـت بـەو نامۆییـەی عـامر بکـەین کاتێك هەیفا باسی رابردووی شارگەلێکی وەکو سـلێمانی و قـەڵادزێ و کـەرکوك دەکـات و جـۆری ژیـان و ژینگـەو سروشـت و دابومـەرتاڵی کۆمەڵایـەتی و کـەلتووری ئـەو شـارە کوردستانییانە لەزەینماندا بەرجەستە دەکات و ئەو نامۆییە لەو کاتەدا دەگاتە ترۆپك کـە عامر لەڕۆژێکی جەژندا خاووخێزان بەئۆتۆمبێلەکەی خۆی بەگەشـتێك دەچـن بـۆ ناوچـەی تاقی کیسراو لەوێ بۆ جێگەیەك دەگـەڕێت کـە خـۆی و خێزانەکـەی پـشووی تێـدا بـدەن، بەڵام ئەگەرچی هەوڵێکی زۆر دەدات و ئێرەو ئەوێیەکی زۆرتر دەکات کەڵکی نابێت و هـیچ جێگەیەکی گونجاو و پەسـندی دەسـناکەوێت خـۆی و خێزانەکـەی پـشووی تێـدا بـدەن و ماوەی گەشتەکەی تێدا بەسەربەرن و تووشـی شـڵەژان و شـێتگیریی دەبێـت و دەکەوێتـە هاتوهاوارکردن و هاوسەرەکەی هەست بەوە دەکات کـە بـارێکی قورسـی لـەتوێی گیانیـدا شاردووەتەوەو ئەو بارەش هیچی دی نییە نامۆییـە جمکەکـە نـەبێت، نـامۆیی مێـژوویی و جوگراف و عامر بـڕای بـڕ هەسـت بەپەیوەتـسبوون ناکـات بـەو زەوییـە نامۆیـەوەو هـیچ

مێژوویەکی لەگەڵ ئەو گەواڵە خـاك و بیمـەدا نییـە، کـە تەنانـەت بـۆ ماوەیـەکی کـورتیش داڵدەی حەسانەوەی نەدان. لەبەرئەوە دەیزانی خۆی و کەسانی خێزانەکـەی لـەدەرەوەی جوگرافیاو مێژووی ئەو دەڤەرە دەژین...

شایانی باسە، وەکو لەڕەوتی ڕۆمانەکەدا هاتووە، عامر کاتێك کەرکووك بەجێدەهێڵێت و بـەرەو بەغـدا کـۆچ دەکـات، کتـێبی (شـەرەفنامە)ی بەدلیـسی لەگـەڵ خۆیـدا دەبـات، ئاشـکرایە ئـەم کتێبـە کتـێبی مێـژووی دێـرینی کـوردەو هاوتـای شـانامەی فیردەوسـی و ئودیسەو ئەلیازەی هۆمیرۆسەو نەتەوەی کورد شانازی پێوەدەکات.

هەیفا زەنگنەی ڕۆماننوس توانیویەتی لەڕوانگەی ئـەم کتێبـەوە ناسـنامەی کوردانـەی عامرمان بۆ بئەفرێنێت، بەبۆچوونی مـن هـەیفا توانیویـەتی ئـەوە بسەلمێنێت کـە کتـێبی شەرەفنامە مێژووی تاکە کەسی و نەتـەوەیی عـامرە سـەرباری ئـەوەی کـە لەهەمانکاتـدا مێژووی رابووردوو و ئێستاو داهـاتووی نەتەوەیەکـە لەجوگرافیایـەکی جیـاوازدا دەژی کـە کوردستانەو لەهەزاران ساڵ پێش ئێستاوە نیشتمانی باووباپیرانی نەتەوەی کوردە...

لێرەدا دەبینین و ئەوەمان بۆ دەسەلمێت کە سووربوونی عامر لەسەر ئـەوەی لـەکاتی بەجێهێشتنی شارەکەی خۆیدا، شاری کەرکوك کتێبی شەرەفنامە لەگـەڵ خۆیـدا بـەرێت و ئینجا بەرەو بەغدا بڕوات، گەواهی لەسەر ئـەوە دەدات کـە عـامر پێـی لەسـەر ناسـنامەی کوردانەی خۆی داگرتووەو پارێزگاریکردنی ئەو کتێبـە لەلایـەن عـامرەوە پارێزگـاریکردنی ناسنامەی نەتەوایـەتیی عـامرو هـەموو ئـەو کەسـانەیە کـە بـارودۆخ ناچـاریاندەکات زێدو نیـشتمانی خۆیـان بـەجێبهێڵن، لەهەمانکاتیـشدا پارێزگـاریکردنی هـەیفا زەنگنەیـە لەناسنامەی نەتەوەیی خۆی کە ناچارکراوە بەئاوارەیی بژی و تـاڵاوی نـامۆیی جوگرافیـاو مێژوویەکی نەبان و لایدە بچێژێت.



# هونەری دەستپێک لە(دەستی خودا)ی ڕەووف بێگەرد ـ دا

ئارام سدیق

## سەرەتا

یەکێك لەو خاڵانەی کە هەمیشە لای من جێی سەرنج بووە ناونیشان و دیزاینی ئەو بابەت و کتێبو گۆڤارانە بووە کە بینیومن. من ناتوانم خوێنەری کتێب، یان گۆڤار، پاشانیش دەقێك بم کە رووکەشەکەی سەرنجم رانەکێشێت. رەنگە ئەمە هەڵەیەك بێت لەمندا، بەڵام من لەسەرەتای خوێندنەوەمەوە بەو شێوەیە راهاتووم. هەمیشە ئەو کتێبانە چانسی کڕینو خوێندنەوەیان لای من زیاترە کە ناونیشانو بەرگو دیزاینیان جوانو سەرنجڕاکێشە. تا ئێستاش دەیان کتێب لەکتێبخانەکەمدایەو هەیانە (١٠) ساڵە بەهۆی ناشیرینی دیزاین و سەرنجڕانەکێشانی ناونیشانەکانیانەوە نەمتوانیوە بیانخوێنمەوە.

ئەم چەند رستەیەی سەرەوە تەنها بۆ ئەوەبوو کە زەمینە خۆش بکەم بۆ ئەوەی کە قسە لەسەر یەکێك لەڕەگەزەکانی جوانکاریی تێکستی ئەدەبی بکەم، کە ئەویش "هونەری دەستپێك"ە. تا ئێستاش لای ئێمە زۆر بەکەمی لەسەر ئەم بابەتە قسە کراوەو ئەوەی تا ئێستا من بینیومە لێکۆڵینەوەیەکی کاك "نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد"ە، کە قسەی لەسەر هونەری دەستپێك کردووەو چەند چیرۆکێکی کوردی وەك نموونەی جوانو ناشیرینی دەستپێك وەرگرتووە. من لەم نووسینەدا دەمەوێت لەسەر " هونەری

دەستپێك" قسە بکەم لای ڕەووف بێگەرد، کە کاك نەوزاد لەو لێکۆڵینەوەیەشدا ئاماژەی بەچەند چیرۆکێکی ئەم چیرۆکنووسە داوەو من لێرەدا دەمەوێت بەتایبەت لەسەر کۆمەڵە چیرۆکی "دەستی خودا" قسە بکەم کە ئەو کۆ چیرۆکە، هەر لەسەرەتای چاپبوونییەوە سەرنجی منی ڕاکێشا هەر لەناونیشانەوە تا بەرگی کتێبو پاشانیش ئەو هێڵەی کە دەستپێکی بەشێکی زۆری چیرۆکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەم نووسینە تەرخانە بەقسەکردن لەسەر ئەو هێڵەی دەستپێکی بەشێکی زۆری ئەم کۆچیرۆکە پێکەوە گرێدەدات.

## چیرۆکی کوردی و دەستپێک

پێموایە لەئێستادا کاتی ئەوە هاتووە کە چیرۆکی کوردی پاش ئەو چەند ئەزموونە جیاوازە، ئیتر قسەی لەسەر بکرێتو ڕەخنە لەکەموکورتییەکانی بگیرێتو لایەنە درەوشاوەکانی دیاریبکرێت. ئەوەی تا ئێستا لەنێو چیرۆکی کوردیدا بەشێکی زۆری گرفت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چیرۆکنووسەکان ئاشنانین بەئەزموونی جیاوازو چیرۆك تەنها لەیەك ڕوانگەوە دەبینین کە گێڕانەوەیەکی ئاسۆییە. ئەمەش بەشێکی چیرۆکی کوردی گرتۆتەوە. هەروەها لەبەشێکی تری ئەزموونەکاندا (کات، شوێن، پاڵەوان، گێڕەرەوە، گرێچن...هتد) ئەمانە هەمووی یەك ڕیتمن و لەنێوان چەند کۆمەڵە چیرۆکێکی نووسەرێکدا جیاوازی بەدی ناکرێت، یان زۆر کەمە. کە ئەوەندەی من ئاگاداربم هیچ کام لەو ڕەگەزە سەرەکیانەی چیرۆك کە لەسەرەوە ناومانهێنان موقەدەس نین و دەستکاریکردن و توڕدانیان بڤە نییە. کردەی نووسین لەجەوهەردا هەڵوەشاندنەوەی هەموو بونیادە کۆنکرێتییەکان و حەقیقەتە ڕەهاکانە. یان خولقاندنی زەمینەیە بۆ دروستکردنی واقیعی تر بەدەر لەوەی کە هەیە و مرۆ تێیدا دەژی. بۆیە چەقبەستووی چیرۆکی کوردی لەو خاڵەدایە کە نووسین بەموقەدەس و ڕەگەزەکانی چیرۆکیش وەك پایەی مزگەوت سەیر کراوە کە ڕووخاندنی ئەو پایانە دەبێتە کوفرو هەڵا دەنێتەوە.

بەشێکی تری گرفتی چیرۆکی کوردی ئەوەیە کە زۆرێك لەچیرۆکنووسەکان بەڕەگەزەکانی چیرۆك، یان نووسین بەگشتی ئاشنا نین. بۆیە کەم چیرۆکنووسی کورد هەیە بتوانێت لەسەر ئەزموونی خۆی قسە بکاتو بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئەزموونە

دیاری بکاتو بیخاتەڕوو، لەکاتێدا ئەگەر چیرۆکنووس شارەزایی ئەو ڕەگەزانەبێتو بونیادی ئەزموونی خۆی بناسێت دەتوانێت لێی بدوێت.

ئاماژەدان بەم پێشەکییە بۆ ئەوەبوو کە لەبەشێکی زۆری چیرۆکی کوردیدا دیارە کە بەبێ وشیاری تێکست بەرهەمهاتووەو نووسەر ئاگاداری ڕەگەزێکی وەك ناونیشان، یان دەستپێك نەبووە. چیرۆکی کوردی خاوەنی ناونیشانی زۆر ناشیرینو دەستپێکی زۆر تەقلیدییە کە دەتوانین بڵێین ئەو ناوشیارییە بەشێکی زۆری لەخوێنەری چیرۆکی کوردی تۆراندووە. من نامەوێت قسەکانم بەڕەهایی بکەم، بەڵام بەسەرنجدانم لەچەندساڵی ڕابردوودا گەیشتومەتە ئەو بۆچوونانە، کە پێدەچێت بەشێك لەڕاستیان تێدابێت.

دەستپێك لەچیرۆکی کوردیدا زۆر هەژارە بەو مانایەی ئەو چیرۆکانەی کە بەدەستپێکێکی جوان دەستپێدەکەن کەمنو سەرنجڕاکێش نین. بەشێکیان بەدیالۆگ دەست پێدەکەن، کە ئەویش دیالۆگێکی سەرنجڕاکێش نییە وەك لەچیرۆکی (توورەکە)ی د.کاوس قەفتاندا دەبینرێت، کە بەم ڕستەیە دەست پێدەکات:

—ئەوەندە مەخۆ!

دەمە ئاخنراوەکەی بەنیمچە (چی یەك) کرایەوە!

وەك دەبینین هیچ هونەرێك لەم دەستپێکەدا نییەو چیرۆکنووس نەیتوانیوە بەدەستپێکێکی سەرنجڕاکێش چیرۆکەکەی دەستپێبکات. ئەم چیرۆکەی دکتۆر کاوس لەو کۆچیرۆکەشدا هەیە کە ساڵی (١٩٧٦) د. "مارف خەزنەدار" وەك چیرۆکی هەڵبژاردە لەگەڵ گەلێك چیرۆکی تردا کۆیکردوونەتەوە، کە وەك نموونەی چیرۆکی بەهێزی ئەوسا تەماشا کراوە. بەشێوەیەکی گشتی منیش هاوڕای بۆچوونەکەی کاك نەوزاد ئەحمەدم کە لەبارەی هونەری دەستپێکی چیرۆکی کوردییەوە نوسیویەتی: نووسەری کورد بەزۆری ئاگاداری بایەخو گرنگی ئەم توخمە هونەرییەی ناو دەق نەبووەو دەستپێکی دەقەکە زۆرجار بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دادەنێت.

ئێمە لێرەدا کارمان ئەوە نییە نموونە لەسەر هەڕەمەکی دانانی دەستپێك بهێنینەوە، چونکە ئێمە لێرەدا کار لەسەر بەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراو دەکەین.

## لەناونیشانەوە بۆ دەستپێک

هەموو نووسینێك ناونیشانێك وەردەگرێتو هەموو بوونەوەرێك و هەموو بوویەكی سەر زەویش بەگشتی بەناونیشاندا دەناسرێتەوە. لەپاش ناونیشان لەدەقدا "دەستپێك" گرنگترین بەشی تێكستە، چونكە ئەگەر ناونیشانی تێكستێك جوان نەبێت پێدەچێت دەستپێكی ئەو تێكستكە جوان بێتو سەرنجی خوێنەر رابكێشێت. زۆرجار ئەگەر تێكستێك ناونیشانەكەی سەرنج رانەكێشێتو "مەبەستم بووبێت ئەو بابەتە بخوێنمەوە" سەیری دەستپێكەكەم كردووە. دەیان تێكست بەهۆی ئەوەی دەستپێكەكەی جوانو هونەری نەبووە نەمتوانیوە بیخوێنمەوە. بۆیە لێرەوە دەكرێت بڵێین كردەی نووسین ئەوەندەی هونەرو خۆماندووكردنە بەجوانكارییەوە هەر ئەوەندەش ناوەرۆك گرنگە، چونكە دەكرێت زۆر نووسەر بیرۆكەی جوانی هەبێت، بەڵام ئایا زمانی دەربڕین و گوزارشتكردنەكەی چۆنە؟ ئەم خاڵە نووسەری پڕ خوێنەرو نووسەری كەمخوێنەر دیاریدەكات، (بێگومان لێرەدا مەبەستم خوێنەر بەمانا باوەكەی نییە، بەڵكو خوێنەری جیدییە، نەك خوێنەری ئاسایی).

ناونیشان لای رەووف بێگەرد زۆرجار ناونیشانێكی ئاساییەو سەرنجراكێش نییەو لەهەندێك تێكستیشدا ناونیشانی سەرنجراكێشی بەكارهێناوە. لەكۆمەڵە چیرۆكی "دەستی خودا"دا كە نۆ چیرۆكی لەخۆگرتووە لەگەڵ كۆمەڵێ چیرۆكی كورت بەناوی "رۆژانە چیرۆك". یەكەم ناونیشان "ژوان" ناونیشانێكی ئاساییەو زۆر سەرنجراكێش نییەو پێش بێگەرد پێدەچێت چەندینجار ئەو ناونیشانە لەتێكستی تردا بەكار هاتبێت. دووەم چیرۆك ناونیشانی (من بیرم لەوە نەكردۆتەوە تۆ بكەمە هاورێم) ئەمە ناونیشانە سەرنجراكێشترە لەوەی یەكەم ئەگەرچی دوورودرێژەو لەسەر زاری خوێنەر نامێنێتەوە. پێدەچێت بێگەرد لەژێر كاریگەری بارت دا هیچ رۆڵێكی بۆ خوێنەر نەهێشتبێتەوە، لەكاتێكدا لەباسكردنی ناونیشاندا نووسەر دەبێت خوێنەر لەبەرچاوبگرێت.بەوەی ناونیشانی جوان خوێنەر زوو سەرسامدەكاتو سەرنجی بۆ لای تێكستەكە رادەكێشێت. یەكێكی تر لەناویشانانەی سەرنجراكێشە، ناونیشانی چیرۆكی (لەگیرفانی منداڵی ژنێكدا)یە ئەو ناونیشانەش هەڵگری سیحرێكە كە خوێنەر پەلكێشی خوێندنەوە دەكات. پاشانیش چیرۆكی (دوا شەوی شەهریار)ە كە ئەویش زۆر سەرنجراكێشە.

سەرنجڕاکێشترین ناونیشان بەلای منەوە، ناونیشانی چیرۆکی (دەستی خودا)یە کە بۆتە ناونیشانی کۆچیرۆکەکەش کە پێدەچێت نووسەر ناونیشانی ئەو چیرۆکەی زۆر بەلاوە جوان بووبێت، بۆیە کردوویەتییە ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکەکەی. لێرەدا دەمەوێت زیاتر لەسەر ناونیشانی ئەم چیرۆکەو پەیوەندی بەناوەڕۆکی چیرۆکەکەوە بووەستم. چیرۆکەکە باس لەژنومێردێك دەکات بەناوی "شیرینو فەرهاد" کە لەمشتومڕداو بێزارن لەو ژیانە دووبارەیەی کە هەیانەو شیرین ئارەزووی سەفەر دەکات سەفەرێك بۆ ئەوەی ژیانی تر ئەزموون بکات. فەرهاد نایەوێت ئەو سەفەرە بکاتو پێیوایە مرۆڤ دەتوانێت لەشوێنی خۆیو لەباوەشی خۆشەویستەکەیەوە سەفەر بۆ هەموو شوێنێك بکاتو سەرزەمین بگەڕێت. شیرین زۆر جەخت لەسەر سەفەرکردن دەکاتەوە، تا فەرهاد دەڵێت: بچین بۆ کوێ؟ دنیای ئێمە بووە بەو زیندانەی جیرەی هەر دەرگایەکو دەنگی هەر پاسەوانێکیان بەئاسانی دەناسیتەوە. ئەم بێئومێدیەی فەرهاد لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە نائومێدە لەوەی ئەو دنیا ناشیرینە ببینێت کە مرۆڤەکان دەستیان لەدروستکردنیدا هەیە. پاشان فەرهاد باس لەوە دەکات کە دەکرێت مرۆڤ خەیاڵ بکاتە واقیعو خەونەکانی تێدا بەدی بێت.

پاش ململانێیەکی زۆری ئەم دوو مرۆڤە لەسەر بەواقیعکردنی خەیاڵو سووربوونی هەریەکەیان لەسەر بیروڕای خۆی، فەرهاد دەگاتە ئەو بڕوایەی کە تا ئەوساتە ژیانی راستەقینە لەلایەن شیرینەوە دەستپێنەکراوە بۆیە هێندە بێئیرادەیەو لەوێدا بەشیرین دەڵێت: با ژیانی راستەقینە دەستپێبکەین و ژیانی راستەقینە لەو بەرگەگرتنەوە دەستپێدەکات کە سەختیو ناخۆشی پێتدەبەخشن. شیرین تادێت نائومێدتر دەبێت و دەگاتە ئەو رادەیەی خۆی بەگڕی مۆمێك بچوێنێت کە کزەبایەك وەختە بیکوژێنێتەوەو ئەو کزەبایەش بەفەرهادی هاوسەری دەزانێت. شیرین لەپەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوە دەکاتو درزێك دەکاتە پەنجەرەکەو هەوایەکی سارد دێتە ژوورەوەو هەموو نائومێدییەکەی رادەماڵێت، بۆیە دەڵێت: فەرهاد، دەرەوە لەدەستی خوا دەچێت، ئەڵێی چی؟ فەرهاد بەلاشعوورەوە دەڵێت: ئەم بەیانییە دەستی خودا شیری لێدەچۆڕێت. رەنگە زۆر ئاماژە لەپشت ئەم رستانەوە بێت، بەڵام ئەوەی من تێیدەگەم ئەوەیە کە مرۆڤ

بەبێ خـودا ناتوانێت بژی، بۆیـە پێویـستی بـەبوونی هەیـەو هەنـدێکجار دەبێـت هەسـت بەنمەی ژیانی دەستی خودا بکەین بۆ ئەوەی باشتر بژین.

مرۆڤ پێویستی بەوەیە کە بەشێك لەسروتە رۆحیەکانی لەگەڵ خالقدا تـاوتوێ بکـاتو ئەم چیرۆکەش کار لەسەر ئەو سروتە دەکات لـەڕێی هـەوای نێو دەسـتی خـوداوە ژیـانو شادیو ئارامی هەمیـشەیی بۆ دوو مرۆڤـی نائومێد دەگەڕێتـەوە مرۆڤێکیـان کـە تـا ئـەو رادەیە نائومێدە بگاتە بڕیاری خۆکوشتنو ئەویتریشیان کە لەهەموو دەوروبەر نائومێدە.

بێگەرد لەکورتیلە چیرۆکێکی هەمان کۆمەڵەدا بەناوی "خودا" ئاماژە بەوە دەکات کە "ژیان بەبێ خودا رەختێکی بێ رەگە" ئەمەش دیسان ئـەو قـسەیەی ئێمـە دەسـەلمێنێت کە بێگەرد بـوونی خـودا لـەژیانی مرۆڤـدا بەپێویـستو گـرنگ دەزانێـت وەك لەرسـتەکەی خۆیەوە باشتر روونە‌دەبێـتەوە.

دواجار ئەو دوو مرۆڤە بڕوا بەو هاوکێشەی (رەنج– سـەرکەوتن– ئـازادی)دێـننو ژیـان لەژێر سایەی ئەو هاوکێشەیەدا دەبەنە سـەر تـا وەك دوو پـەری بەسـەر دەسـتی خـوداوە بەرزدەبنـەوەو سـەفەرێکی سـەخت، بـەڵام زۆر بـەتام دەکـەن. دەبیـنین ناونیـشان لـەم چـیرۆکەدا پەیوەنـدی تـەواوی بـەبونیادی چـیرۆکەکەوە هەیـە. ناونیـشانەکە لـەڕووی هونەرییەوە تا ئاستێکی باڵا جوانەو هاوکـات نـاوەڕۆکی چیرۆکەکەش هاوتـای ناونیـشان بۆتـەوەو پێکەوە دەقێك لەبـەردەم خوێنـەردا قوتدەکەنـەوە کـە ناتوانێـت پێـی سەرسـام نەبێت.

## دەستپێک لە"دەستی خوا"دا

ئێمە پێشتر ئاماژەیەکی خێرامان بەڕەگەزی ناونیشان کرد لای بێگەرد و ئێـستا کـاتی ئەوەیـە بـاس لـە"هونـەری دەسـپێك" بکـەین لـەکتێبی "دەسـتی خـودا"دا. دەسـتپێك لەکۆمەڵە چیرۆکی "دەستی خـودا"دا زیـاتر بەڕسـتەی سـەرنجڕاکێش دەسـت پێـدەکاتو بەشـێك لەدەسـتپێکەکانیش ئاسـاین. ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت ئەوەیـە کـە هـیچ کـام لەچیرۆکەکانی نێو ئەو کۆمەڵەیە بەدیالۆگ دەسـتپێنەکراوەو ئامـاژە بـەناوی پاڵەوانـەکان لەدەسـتپێکدا نـەکراوە وەك لەچـیرۆکی (چـەند لاپەڕەیـەکی ونبـووی نێـو ڕۆمـانی غەزەلنووسو باغەکانی خەیاڵ) ئاماژەی پێدراوە کە چیرۆکێکی نوێی بێگەردەو پاش ئەو کۆمەڵەیە بڵاوبۆتەوە. لەو چیرۆکەدا دەستپێکەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات (کـە نـەجۆ

ئەشکانی گەیشتە ماڵی مەهناز مارۆی دەزگیرانی) لێرەدا دەبینین " نەجۆ ئەشکانی " لەدەستپێکی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێتو وەك پاڵەوانێك خۆی بەخوێنەر دەناسێتو چیرۆکنووس لێرەوە قورسایی ئەم کەسێتییە دەردەخات لەچیرۆکەکەدا.

لەدەستپێکی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا بێگەرد هەوڵی ئەوە دەدات کە لەدەستپێکدا وێنەیەکی روونی ئەو شوێنە بۆ خوێنەر بکێشێت کە دەبێتە سەرزەمینی رووداوەکان. چیرۆکنووس دەستپێکی چیرۆکی "تۆ رانكو چۆغەی شینکیت لێ جوانە" بەمشێوەیە دەستپێدەکات:

"لەشوێنەکەی خۆیدا وەستا، وەستانی کتوپڕی لێزمە بارانێك، خەیاڵو ئارەزووە پڕەکانی بۆنی گوڵو گەڵای درەختەکانی گرتبوو، ئەم لەڕێگاوبانەکاندا کڵاوێکی دوور لەڕەشەبا بووە، ئەمە یەکەمجاریەتی ئەسپێکی رەسەن گوێقوڵاغی سڵەمینەوەو سوسەکردنی بکات، هەراوزەنای ناو شەخەڵو چۆغوردەکە لەزەماوەندی ئەم تارماییانە دەچوو کە بەدەگمەن ئاهەنگی خۆدەرخستنی شەوانی تاریك دەگێڕن....."

لەدەستپێکی ئەم چیرۆکەدا وێنەکێشانی سەرزەمینی رووداوەکە درێژ دەبێتەوە، کە ئەم درێژ بوونەوەیە دەرکەوتنی "ئارێز"ی پاڵەوان درەنگ دەخاتو رووداویش درەنگتر، کە پێموایە ئەمە بۆ چیرۆکی کورت دەبێت ئاستەنگێك کە خوێنەر زوو راناکێشێتە نێو رووداو و بەچیرۆکەکەوە پەیوەستی ناکات.

لەچیرۆکەکانی دواتردا هەست بەو هەناسە درێژە ناکرێت بەتایبەت لەچیرۆکی "دەستی خودا، دوا شەوی شەهریار، من بیرم لەوە نەکردۆتەوە تۆ بکەمە هاوڕێم، ژوان " کە هەناسەی وەسفی شوێن لەو چیرۆکانەدا کورترە. (لەبارەی شوێن لەدەستپێکی چیرۆکەکانی رەووف بێگەردا ئەوە قسەکردنی وردی دەوێت کە پاشان دێمە سەری). بەگشتی دەستپێك لای رەووف بێگەرد لەگەڵ ئەوەی ماندووکەر نییە، بەڵام زۆر سەرنجراکێشیش نییە بەو شێوەیەی کە زۆر پەیوەستت بکەن بەخۆیانەوە، بەڕای من تاکە خاڵێك کە ببێتە هۆی پەیوەستی خوێنەر بەچیرۆکەکانی بێگەردەوە ئەو زمانە وەسفیە جوانەو ناوبردنی ئەو شوێنانەیە کە رووداوەکانی تێدا دەگوزەرێت، کە ئەمەش تاڕادەیەك پارسەنگی ئەو خاڵە لاوازە دەداتەوە کە لەسەرەوە باسمانکرد.

## دیاریکردنی "شوێن" لەدەستپێکدا

دەستپێك وەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد خاوەنی تایبەتمەندی گرنگی خۆیەتیو بەکارهێنانی "شوێن"، یان ئەگەر دروست بێت زاراوەی "شوێنە دەسپێك" بەکاربهێنین لای من وەك خوێنەرێك گرنگی زۆری هەیە. بەتایبەت لەو دەقی چیرۆکدا کە دەبێتە هێزێك بۆ راکێشانی خوێنەرو پەیوەستکردنی بەتێکستەوە. چیرۆکنووسانی کورد زۆر شوێنیان بەکارهێناوە، بەلام پێدەچێت بەوریاییەوە نەبوویێت بەو پێیەی گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە. ئەگەر ئێمە سەیری کۆچیرۆکی "گەشتی دووەمی ئەپۆلۆ"ی چیرۆکنووس"محەمەد رەشید فەتاح" بکەین دەبینین لەکۆی (١٢) چیرۆکی نوێو ئەو کۆمەڵەیە تەنها لە(٦) چیرۆکدا شوێن لەدەستپێکدا ئامادەیی هەیە، بێگومان ئەمەش بەچاو چیرۆکنووسانی ترەوە زۆرە، بەلام شوێن لەدەستپێکەکانی "محەمەد رەشید فەتاح"دا لەگەڵ شوێن لەدەستپێکەکانی رەووف بێگەرددا جیاوازی لەوەدایە کە لای "محەمەد رەشید" هەست بەقورسی ئەو شوێنەو رەقیو ترسناکی ئەو "شوێنە دەستپێکە"دەکەین بەتایبەت لەچیرۆکی (شاری کوێران) کە بەمشێوەیە دەست پێدەکات:" شەقەی دەرگا ئاسنەکە رایچڵەکاند"، یان لەچیرۆکی "مۆرانە" یەکێك لەکاراکتەرەکان دەپرسێت: بۆکوێ؟ لەوەڵامدا دەڵێت:- بۆ جەهنەم. ئەم دەستپێکەش دیسان هەست بەفەزایەکی توندوتیژی تێدا دەکرێت کە لای بێگەرد ئەم حاڵەتە بوونی نییە.

دەستپێك جۆری زۆرەو ئێمە نامانەوێت لێرەدا زۆری لەسەر بڕۆین، چونکە ئەگەر دەستنیشانی بکەین ئەوە ناگەینە خاڵی کۆتایی، بەو پێیەی کە هەموو دەقێك دەکرێت بخرێتە نێو چوار چێوەیەکەو تا دەقی نوێتر هەبێت شێوازی نوێترو دەستپێکی جیاوازتر هەیە.

یەکێك لەو خاڵانەی لەدەسپێکی بەشێکی زۆری ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا هاوبەشە ئەوەیە کە چیرۆکنووس وەسفی "شوێن" دەکات، واتە لەدەستپێکی بەشێکی زۆر لەنێو چیرۆکەکانی "دەستی خودا" شوێن ئامادەیی هەیەو پێدەچێت چیرۆکنووس بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر "وەك پێشتریش باسمانکرد" خستبێتیەڕوو.

دەستپێك لەچیرۆكی (ژوان)دا بەمشێوەیە دەستپێدەكات "دەنگی دڵۆپە باران كە بەرپەنجەرەی ژوورەكە دەكەوتن بەئاگای هێنا، وەك بەئاگاهێنانی نووستوویەكی دوژمندار، یان یاخییەك لەكاتی گەمارۆ دراویدا." وەك لەم دەستپێكەوە دەردەكەوێت چیرۆكنووس ناڕاستەوخۆ شوێنی دیاریكردووە كە ناو ژوورەكەیە. ئەم حاڵەتە لەڕۆمانی (بەسەرهاتی كەڵەپیاوێك)ی "بۆریس بۆلیڤۆن"یشدا رەنگدانەوەی هەیەو ئەویش دەستپێكی رۆمانەكەی بەمشێویە دەستپێدەكات: "ئەلكسی نازانێت لەو شوێنەدا چەند بێهۆش بووە، وەك خەو دێتەوە یادی كە سێبەرو تارمایی مرۆڤ بەلایدا گوزەری كردووە". هێنانەوەی ئەم دەستپێكەی رۆمانەكەی "بۆریس بۆلیڤۆن"یش بۆ ئەو نزیكییە دەگەڕێتەوە لەنادیاری شوێن لەدەستپێكدا، كە لای بێگەردیش وەك خستمانەڕوو ئامادەیی هەیە.

دەستپێك لەچیرۆكی "من بیرم لەوە نەكردۆتەوە تۆ بكەمە هاوڕێم" بەمشێوەیە دەستپێدەكات "لەسەرووی شەقامەكەوە بەرەو خوار دەهاتم دەمویست بگەمە جێگایەك، ئێستا نازانم كوێ بوو، رەنگە ئەوسایش هەر نەمزانیبێت... لێرەشدا دیسان نادیاری لەشوێنەكەدا هەیە، بەڵام لەوەی دەردەكەوێت "شوێنەدەستپێك" لەسەرتاوە لەسەر شەقامەكەوە دەستپێدەكات. ئەم حاڵەتە لەدەستپێكی چیرۆكی "تۆ رانكو چۆغەی شینكیت لێ جوانە" بەمشێوەیە دەستپێدەكات: "لەشوێنەكەی خۆیدا وەستا، وەستانی كتوپڕی لێزمە بارانێك، خەیاڵو ئارەزووە پڕەكانی بۆنی گوڵو گەڵای درەختەكانی گرتبوو... لێرەشدا نازانرێت كە شوێنەكەی خۆی كوێ بووە ئایا سەر شەقام بووە، یان هۆڵی نێو ماڵێك، یان فەرمانگە بووە، قوتابخانە یان چیتر...

لەدەستپێكی چیرۆكی "دەستی خودا"ش بەمشێوەیە دەستپێدەكاتو چیرۆكنووس "شوێن"ی لەم چیرۆكەدا زیاتر دەستنیشانكردووەو سەرەتا دەنووسێت: لەسەر قەرەوێڵەكە راكشابوونو پشتیان لەیەكتربوو. لەم رستە كورتەدا چەند وێنەیەك كێشراوە كە پاشان لەخوێندنەوەی تەواوی چیرۆكەكەدا ئەو وێنانە روونتر دەبنەوە. وێنەیەك هەیە شوێنی بۆ دەستنیشانكردووین كە نێو ژوورەو لەسەر قەرەوێڵەی نوستن ژنو مێردێك پێكەوەن. هاوكات بەبەكارهێنانی " پشتیان لەیەكتربوو " وێنەیەكی تەمومژاوی

پەیوەنـدی نێـو ئـەو ژنو مێـرە (شـیرینو فـەرهاد) دەخاتـەڕوو، کـە زیـاتر لەوێنەیـەکی نائومێدی زیزبوونە لەیەکتری.

لەدەستپێکی چیرۆکی "شەڕ"یشدا چیرۆکنووس بەمشێوەیە دەستپێدەکات: "کە زانی ئەمە دواچۆڕی حیکایەتەکەیە لەشیوەلۆکێکدا دانیشت" دەبینین لێرەشدا ئاماژە بەشوێن لەو دەستپێکەدا کراوە کـە "شـیوەلۆکەکە"یـە. هاوکـات لەدەسـتپێکی چـیرۆکی "گـەڕان بەدوای دیمەنە ونبووەکاندا" بەمشێوەیە دەستپێدەکات: "کە گەیشتمە ئەو گەڕەکەو لەو کۆڵانە نزیك ئەکەوتمەوە، هەنگاوەکانم ئەبوونە بزمارو موگناتیسی ئـەو خـانووە بەکێـشی ئەکردن".دیسان لەم دەستپێکەشدا "شـوێن" ئامـادەیی هەیـە. پێموایـە ئـەم نموونانـەی سەرەوە بەس بێت بۆ ئەوەی ئێمە لەوە تێبگەین کە بێگـەرد چـۆن هـەوڵی تـەوزیفکردنو دیاریکردنی شوێنی لەدەستپێکی چیرۆکەکانی نێو ئـەو کۆمەڵەیـە داوە، کـە پێموایـە لـەم هەوڵەیدا بێگەرد توانیویەتی سەرکەوتووبێت.

**ئەنجام**

ئەوەی لێرەدا خرایەڕوو تەنها چەند سەرنجێك بوو لەسەر هونەری دەستپێك لەکۆمەڵـە چیرۆکی (دەستی خودا)ی ڕەووف بێگـەردداو بەتایبـەتیش سـەرنجمان لەسـەر "شـوێن" بـوو لەسـەر دەسـتپێکەکانی ئـەو چیرۆکنووسـە، چـونکە زۆربـەی چـیرۆکەکانی نێـو ئـەو کۆمەڵەیە بەهێڵێك بەیەکەوە دەبەسترێنەوە کە هێڵی "شوێن"ە. ئێمە نەمانویستووە لـەم نووسینەدا بگەڕێینەوە بۆ چیرۆكو بەرهەمەکانی تری نووسەر بەو پێیەی ئێمە زیـاتر ئـەم کۆمەڵە چیرۆکە سەرنجڕاکێشاینو هاوکـات ئـەوەشمان مەبەسـت بـوو کـە سـنووردارییەك بەنووسینەکەمان ببەخـشین. ئەوەشـی تێبینـی دەکرێت لەئـەزموونی چیرۆکنووسـی ئـەم پیاوە ئەوەیە کە بەوشیارییەوە دەنووسێتو ئاگادارە لـەوەی چـۆن چـیرۆك دەنووسـێتو چـۆن کۆچـیرۆکێك لەخاڵێکـدا پێکـەوە گرێـدەدات، کـە وەك لـەم کۆمەڵەیـەدا دەرکـەوت لەدەستپێکەکانیاندا خاڵی هاوبەشمان دۆزییەوەو ئاماژەشمان پێدا. ئـەوەی مـاوە لێـرەدا بوترێت ئەوەیە کە ئەزموونی ئەم چیرۆکنووسە دەوڵەمەندترە لەوەی ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر کردووە، بێگومان دەتوانرێت لەڕەگـەزو ڕەهەنـدەکانی تـری نێـو چیرۆکەکانیـشی بکۆڵرێتەوە.

**ئەو سەر چاوانەی سودیان لێوەر گیراوە:**

*رەووف بێگەرد. "دەستی خودا" کۆمەڵە چیرۆك، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ساڵی (٢٠٠٤).

*نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە، لێکۆڵینەوەو رەخنە، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٦).

* بۆریس بۆلیڤۆن، بەسەرهاتی کەڵەپیاوێك "رۆمان"، و: حسێن نێرگزە جاڕی، چاپی دووەم، سلێمانی (١٩٩٩).

* محەمەد رەشید فەتاح،"گەشتی دووەمی ئەپۆلۆ" چیرۆك"، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی ساڵی (١٩٧٧).

* رەووف بێگەرد، چەند لاپەڕەیەکی ونبووی نێو رۆمانی غەزەلنووسو باغەکانی خەیاڵ"چیرۆك"، گۆڤاری ئاینده، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ژمارە (٧٩) تەمووزی (٢٠٠٨).

*د. مارف خەزنەدار، چیرۆکی هەڵبژاردە، هەڵبژاردەی چیرۆکی چەند چیرۆکنووسێك، بەغداد(١٩٧٨).

**نێوارە پیاسەیەک بەکۆڕنیشەکەی کەرکووکدا**
سەلام مەمەد

**بەخێوکردنی تەماشا**
فەرەیدون پێنجوێنی

**شێتبوونێک لەدەرگام ئەدات**
بەرزان هەستیار

**فــەرزەندانە**
عیسا چیایی

**سەردەمی سواڵ ...**
ریناز مەحمود

**پڕم لەتەنیایی**
کەماڵ چۆمانی

**ئەو شەوەی کەخوا برژانگێکی لێکەوت**
شوان حەسەن

**بانگەواز**
بەندی عەلی

**دڵێک لەکەلاوە**
ئارام کاکەی فەلاح

**چەند کورتیلە چیرۆکێک**
مەمەد ئاکام

**تۆماری مردووەکان**
کەریم مەلا

**دروستنەبوونی نەتەوەو گوتاری نەتەوەیی کورد لەنێوان (ناوەوە ـ دەرەوە)دا**
پێشەوا مەمەد

# دەق

# ئێوارە پیاسەیەک بەکۆڕنیشەکەی کەرکووکدا

سەلام محەمەد



## نامە

ئاوارەیەک لەفەیلەقی کەرکووکەکەوە

دەربارەی ماددەی بیستوچوار

نامەیەکی نارەزایی بۆ پەرلەمانەکەی عیراق

خستبووە رێ

تا نامەکە گەیشتەجێ

یەک یەک هەموو حەرفەکانی

ببوون بەپشکۆی ئاگرو زەردەواڵە

زەرفەکەیش ببووە مەقالە

## ڤالانتاین ١٤ / ٠٢ / ٢٠٠٩

بەبۆنەی ڤالانتاینەوە دڵدارەکانی شۆریجەو رەحیماوا
هەموویان بڕیاریانداوە
لەداخی پەڕۆی سەوزو زەرد
ئیمساڵ یادەوەری جەژنی خۆشەویستی ناکەنەوە
لەو رۆژەدا ماندەگرن و بەختی کورد ئەدەنە بەر بەرد

## قەرە قۆینلو

وەچەی قەحتان
کاتێ هاتن وەکو گەنە، بوون بەدوومەڵ
بوون بەقالۆنچەو بەقاچی ( دە هەزارەوە )
نووسانە پێستی شارەوە
پاشان عرووبەو موسەنناو ئەندەلوس و ئەبو غەزبان
کۆبوونەوەو
بەربوونە گۆڕینی ناوی کۆڵان و بازاڕو دوکان
بەر لەوانیش ئالی عوسمان
کاتێ هاتن
تەوورەکەیەک کێچی ( قەرە )ی وەک دڵی خۆیان بۆ هێنام
ئێستایش بۆیە شارێکی پڕ لەفەرتەنەم
شڵەژاوی بۆردوومانی کێچ و گەنەم

## هاوسەرەگەی مامەڕیشە

لەگۆڤارێکدا خوێندمەوە

هاوسەرەکەی مامەڕیشە

داخوازییەکی نووسیوە، تیایدا وتوویەتی ئەویش

حەزدەکات سەیارەیەکی قنج و بچکۆلانەی هەبێت

سەیارەیەکی ئاسایی نەک مارسیدس و شۆفرلێت

کاتێ چۆتە نووسینگەی شار

کاربەدەستێکی قەڵەوی سک پڕ دۆلار

گلەیی لێدەکاو دەڵێت

تۆ چی لەسەیارە دەکەی

ئەوەندەت بەسە خێزانی

شەهیدێکی گەورەی وەکو مامەڕیشەی



## غەمی باڵابەرز

باڵەخانەکانی هەولێر

شوقەکانی سلەیمانی

راستە بەرزن وەک بورج وان

بەڵام لەوانیش بەرزتر

عیمارەی غەمی کەرکووکە

وا چۆتە حەلحەلەی ئاسمان

## قوتابخانەی میللەت

دوو منالّی کوردی نەگبەت

خەڵکی خانووە قوڕەکان بوون

هەموو رۆژێک نیو سەعاتێ بەپێ دەچوون

بەرەو قوتابخانەی میللەت

دوو مامۆستای کراس سەوزو کراس زەردی گەنج و خرپن

لەوێ فێری ( دارا داری دی ) دەکردن

کاتێ من چووم سەبەتەیەک میوەی خۆشم

لەگەڵ خۆمدا بۆ بردبوون

منالّەکان پاش ئەوەی لەنیگای چاوی

هەردوو مامۆستاکە رامان

یەکێکیان سێوێکی سەوزو

ئەوەکەی تر هەرمێیەکی زەردی رفان

## نەخشەی کوردستان

یەکەمجار کە هاتمە سوید هەر لەفڕۆکەخانەوە

پۆلیسێک چەند پرسیارێکی ئاراستەم کرد

ناوت چییەو لەکام وڵاتەوە هاتووی؟؟

- وتم ناوم سەلام محەمەد ئەمینە

وڵاتەکەمیش: کوردستان.

- وتی ئاخر کامە بەشیان؟

تورکیا؟ عیراق؟ سوریا؟ ئێران؟؟

- وتم هیچیان

لای خۆت بنووسە کەسێکی بێ وڵاتی ناوچەی گەرمیان

## باڵندە موهاجیرەکانی کەرکووک

بەیانییەک ئەچووم بۆ کار

رەوە باڵندەیەکی زۆر

وڵات وڵات هەڵفڕیبوون

بەرەو سوید

بینیم حەوشەو سەردیوارو باڵەخانەو

درەختەکانی میگراشوون*

هەموو پڕبوون

لەپاساری و پەرەسێلکەو سوێسکەو کۆتر

دەنگی گمەگم و زیقەو جریوەیان

دڵی هێنابوومە گریان

سێ سێ، دوو دوو

سەریان بەیەکەوە نابوو

هەموو بەسەرهاتی خۆیان

بۆ یەکتری باس ئەکرد چۆن

لەکەرکووکدا بێ هێلانەو

لەسلێمانی و هەولێریش بەئاوارە ناونووس دەکرێن

هاتوون بەڵکو، لێرە ئیقامە وەربگرن

ئەوسا بەئارەزووی خۆیان بڕۆن و بێن..

## کوردستانی سوید

ئەگەر هەموو دانیشتووانی کوردستان

بەفڕۆکەی پان و بەرین

بۆ ولاَتی سوید بەرین

سویدییەکانیش هەموویان

ببەین بۆ کوێستان و گەرمیان

بشێ ئەوسا

کاروانی کۆچ و هیجرەتی پەنابەران

لێرەوە بێت بۆ ولاَتی رۆژهەلاَتی سویدستان؟؟؟

## سیمفۆنیای ئەجەل

جوانترین شیعر بنووسم؟

جوانترین چیرۆک و رۆمان؟؟

گریمان بووم بەخاوەنی پەنجا دیوان

بەچی ئەچێ و چی ئەگۆڕێ

کە بیر لەسیمفۆنیای ئەجەل ئەکەمەوە

نوقمی خەیاڵی دوور ئەبم

ئەڕۆم بۆ کەوکەبێکی جوان

پڕ لەنێرگزی سەعادەت ، لەڕێحانەی سپی رۆح و

لەفریشتەو لەپەپوولەی خەونی پیرۆزی منالاَن

**ئا لەوێدا، دیوارێکی شووشەبەندی**

**لەگەرما سوور هەڵگەڕاوی ڕەق و ئەستوور**

**ئەکەوێتە نێوان من و خواوەندەوە**

**ئەگینا بۆ خۆم بەنووری خۆشەویستی خوا ئەسووتام**

سوید٢٠/٩/٢٠٠٨

**چەند سەرنجێک:**

میگراشوون مەبەست لەدایرەی هیجرەیە بەزمانی سویدی.

قەرە واتە ڕەش بەزمانی تورکی وەك قەرە سالم، قەرە حەسەن، قەرە هەنجیر کە عوسمانییەکان بەزۆرەملێ سەپاندوویانە.

بێجگە لەدوا کۆپلە ئەوەکانیتر ڕەنگدانەوەی بارودۆخی تایبەتی شاری کەرکووك و کوردستان بەگشتین. چۆن سیاسییەکان خیتابی خۆیان هەیە پێموایە شاعیریش هەندێجار مافی ئەوەی هەیە خیتابی خۆی هەبێت و خواوەندی ئیلهام لایەنە هونەرییەکەی ئەبەخشێت ئەگەر لەپێناوی مەسەلەیەکی ڕەوادا بێت و لەسەر هەڵەی زمانەوانی بچووك لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکات.



# بەخێوکردنی تەماشا

## فەرەیدون پێنجوێنی

لەمەو دواش

ئیشم هەر تەماشاکردنە!

تەماشاکردن و

کارێکی دیکەی بچکۆلە: (بەخێوکردنی تەماشا)!

تەماشاکردن، لە هەموو (کردن)ەکانی تر رەسەنترە!

بڕوانە.. بزانە (تەماشا)

کانزایەکی چەند نەرمە!؟

کانزایەکی چەند (خاو)و (خاوێنە)؟!

(قسە)یە دەیەوێ هانت بداو بڵێ:

- بڕوانە (قسە!) چەند تاوانبارە؟!

- بڕوانە (تاوان!) چەند قسە زل و چەند زمان درێژە؟!

(تەماشا) هیچ ناڵێ!

(تەماشا) تەنها تەماشا دەکا!

(قسە)یە لەپشت تەماشاوە

ناهێڵێ تەماشا وەکو خۆی دەرکەوێ!

(تەماشا) کە دەشڕوانێتە (قسە)،

نایئاوزێ بڵێ:

- بڕوانە (قسە!) چەند تاوانبارە؟!

نایئاوزێ بڵێ:

- بڕوانە (تاوان!) چەند قسەزل و
چەند زمان درێژە؟!
هیچ وەختێ (تەماشا)
کەسی نەبردۆتە بەردەم خەتایەکی قورسی
وەکو (قسەکردن!)...
هیچ وەختێ (تەماشا)
فەزڵی خۆی نەداوە بەسەر (کردنەکان)ی تردا!
(تەماشا) تەنها تەماشا دەکاو...
دەردەکەوێ و..
هەموو عەیبێکی ئەوەیە دەردەکەوێ!
ئاخ ئەگەر دەیتوانی دەرنەکەوێ...!
(تەماشا)
ناگێڕێتەوە چیی دیوە!
ناگێڕێتەوە چی هەڵیگرتووەو بردوێتیە ناو ئەو هەموو قووڵاییەی ڕەنگ!
چی هەڵیگرتووەو بردوێتیە
ناو ئەو هەموو تەختاییەی دەنگ!
(تەماشا) تەنها تەماشا دەکاو
دەبینێ هەتا لە (ڕەش) بچێتە پێش
ڕەشتر دەبێ!
هەتا لە (سوور) بکشێتەوە
سوورتر دەبێ!
هەتا لە (دەنگ) زەقبێتەوە

تەختتر دەبێ!

تەختتر دەبێ و

لەژێر پێی فەیلەسوفێک و کەرێکی بارەبەردا

وەکو یەکی لێ دێ!

(تەماشا) تەنها تەماشا دەکا!

تەنها،

درێژ دەبێتەوەو...

دوور دەکەوێتەوەو...

بچوک دەبێتەوەو...

سەرەنجام،

شوێنێکی دەست ناکەوێ، ئیستێکی تیا بکاو

بانگ بکاو...

هاوارکا چیی دیووە!

(تەماشا)

تەنها

تەماشا دەکا!

تەنها

تەماشا

دەکا!

عەیبەکەی ئەوە نییە تەماشا دەکا،

عەیبەکەی ئەوەیە دەردەکەوێ!

ئاخ ئەگەر دەیتوانی دەرنەکەوێ!

(تەماشا) کانزایەکی (خاو)و (خاوێنە)!



(قسه)یه بۆ ئەوەی خۆی دەرخا

پسکه پسک خۆی دەخزێنێ بۆ پشت (تەماشا)و

ئاخری هەڵدەکوتێته سەری!

(قسه)یه

بۆ ئەوەی خۆی جوان پیشان بدا،

قیته قیت خۆی دەکوتێ بۆ پێشەوەو

ئاخری لای سەروو لە (تەماشا) دەگرێ!

بۆ ئەوەی داوا بکاو

شایەتی بداو

دەست بوەشێنێ،

بەتەنیشتی (تەماشا)وە راستدەبێتەوە!

تەماشا کردن لەهەموو (شت کردنەکان)ی تر

رەسەنترە!

دۆخی خاوی هەموو (کردنەکان)،

تەماشاکردنە!

کەرەستەی خاوی هەموو (کردنەکان)

تەماشاکردنە!

لەمەودوایش

کاری من هەر تەماشاکردنە!

تەماشاکردن و...

بەخێوکردنی تەماشا!

نابێ (تەماشا) لەگەڵ (زمان)

پێکەوە لەیەک پاوەن بلەوەڕێن!

نابێ (تەماشا) لەگەڵ (گوێ)
پێکەوە لەژێر یەک ئاسماندا خۆ بشۆن!
(تەماشا) دەبێ بەجیا بەخێوبکرێ!
بەخێوکردنی تەماشا
وەکو بەخێوکردنی (با) سەختە!
بۆ ئەوەی جارێکی تر
بەدەماری گرژیی دەست و مەچەکم تەماشا نەکەم،
بەوردە دەماری خوێن تێزاوی چاوە قسەزانەکانم تەماشا نەکەم
(ئیشی چاو تەماشاکردنە نەک قسەکردن!)
ماڵی تەماشامم جیا کردۆتەوەو...
زمانم و گوێم و دەمارەکانمم
بەخاکی لەشم سپاردووە!
ماڵجیایی نێوان زمانم و تەماشام
هۆیەکەی ئەمەیە!
دەنا،
من لەتەماشاکردن و روانین نەکەوتووم!
من تەماشاش دەکەم و
هەمانکات خەریکی بەخێوکردنی (تەماشا)مم!
تەماشاکردن ئەوە نییە
رێ بەزمان بدەم
قیتە قیت خۆی بکوتێ بۆ پێشەوەو
ئاخری لاسەرووی تەماشامم لێبگرێ!
(تەماشا) بەخێوکردنی دەوێ!

هەر ئەوە نییە بەرەڵڵای ناو کاغەز بکرێ!

ئاخ ئەگەر دەمتوانی نەهێڵم هەرگیز دەرکەوێ!

ئاخ ئەگەر دەمتوانی لەبەخێوکردنیا

بەو ئەنجامە بگەم

کە هەتا هەتایە لەچاوما گلی بەمەوەو

شتێک بێت لەخۆماو بۆ خۆم!

٢٠٠٨/٦/١٦

پێشکەشە بە: کاک سامی هادی



# شێتبوونێک لەدەرگام ئەدات

بەرزان هەستیار
کۆڵن

نائومێدیی ئەوەیە...
گۆرانییەک بێت و
رێبوارێک، تەنها لەترسی بێدەنگیی نێو گۆڕستانێک بیچڕێت،
زەلیلیی ئەوەیە...
دەستت نەچێتە خوێنی خۆت
کە سوور بزانیت...
هەموو دەروازەکانی رەشەبات لێ کەوتوونەتە سەر پشت و
تۆش، دەست بەتاڵ!
بەدبەختیی ئەوەیە...
بەمەستی لەدەرگای (یار) بدەیت و
ئەویش عەیامێک بێت...
بێئەوەی ئەدرێسێک جێ بێڵێت
ئەسپی شێتی فڕاندبێتی و
تۆش، بێ ئاگا،
کەفتەکاریی ئەوەیە...
هێلینی دڵ پڕ بێت لەباڵندەی سرکی (پرسیار)و
نە خواوەندو نە شەیتان و
نە یارو ئەغیاریش...

**چنگیٚ گەنمی (وەڵام)یان بۆ رۆنەکەن،**

**نائومێدو زەلییلم، من،**

**بەدبەخت و کەفتەکارم، ئەز**

***

**بێلانەیی ئەوەیە،**

**نیشتمانێکی پان و بەرینت هەبێت و**

**گۆشەیەکی خاوێن شک نەبەیت**

**دوو رکات نوێژی شەهیدی تیا دابەستیت!**

**دڵتەنگیی ئەوەیە،**

**شەوێک لەناکاو شیعر لەپڕووشە بکەوێت و**

**لۆکەی چ نەغمەیەکیش بەهاوارتەوە نەیەت**

**لایەک لەڕۆحی سەرما بردووت داپۆشێت،**

**نا بەڵەدیی ئەوەیە،**

**بۆ دۆزینەوەی (خۆت)...**

**پەنا بۆ گۆشە نسرمەکانی (دڵ) بەریت،**

**خانە خەرابیی ئەوەیە،**

**مەرگی گوڵێک هەراسانت بکات و**

**نەتوانیت لەپرسەکەشیدا ئامادە بیت،**

**بێلانەو دڵتەنگم، ئەز،**

**نا بەڵەدو خانە خەرابم، من**

**یانوەری ٢٠٠٨**

bhastiar@yahoo.com

# فەرزەندانە

## لەئاوابوونی باوکمدا.. (شێخ محەمەد شاکەلی ــ دێبنە)

## عیسا چیایی

...زسـتان،

بێ باران، وەرزێکی سەختەو کۆتایی نایە..

بۆ رۆحی، ماندووی پیرێکی وەک ئەو

زەریاچەی زوقمەو هەرنایکاتەوە.

دنیاش سەرابە سەرابێکی شین.

بەیانییەکی درەنگ رەسیووە،.. رۆژ نایهێنێت و

شەو نایباتەوە..

شەو، فریزێکە.. فریزێکی رەش.. وەک شەوی لێقەومان.

وەک..شـــەوی تۆڵەی پیاوی جوامێر..و

وەکو ویژدان و دڵی نامـەردان..!

گڤەی بێ ئۆقرەیی ئەم (با) سامناکەش

لوورەی ناوەختی هەواڵێکە شووم..

تا دووا ئەستێرە، ئاسمانی ناخمان رائەوەشێنێ..

تاچەتری شینی ئاسمانی ماڵێک،

لەسەر...................... دەردێنێ..!

.. بەیانییەکی درەنگ کەوتووە

«..بەیانیانێ، ئەم گوزەرە بۆنی تەکانی بەپەلەو بۆنی قردێلەو قەڵەمی قوتابی ئاوایی لێ دێ..!

..بەیانی سێ شەمەیەک، کە هەژدەی دووا مانگی ساڵێک بوو، ساڵێک..،

کە وەک قەراڵێکی ماندوو،

لەدۆڵێکدا، تاجەکەی بەجێ دەهێڵا..و

هەر ئەو بەریش ساڵێکی تر،

چاوەڕوان بوو،

دووای سیانزە رۆژ تاجەکەی ئەو هەڵگرێت..و کورسی بۆ وەرزەکان دانێ،

ئەو وەرزانەی، بەداخەوە:

- نە بەهاری، باوکم.. داری تیا ئەڕوێنێ..و
- نە زستانی، باوکم.. لەبەر خۆرەتاوێکیا نوێژ ئەکا..و
- نە هاوینی، باوکم لەسێبەرێکیا قورئان دەخوێنێ..و
- نە پایزی، دڵی باوکم لەگەڵ کەوتنی هەر گەڵایەکدا.. دائەخورپێ..!

..نیوەڕوانێک،

ئەو دەشتانە بۆ شەیدایەک بۆنی باران و پێشمەرگەو خاکی تەڕی، یەکەم پەڵەی ساڵی لێ دێ..

ئێوارانێک، ئەم دەشتانە..

**بـۆنی بـەویقاری سـەڵتەو بـۆنی جامانـەو چاوێلکەو تـەرووی بارانـاوی دێ..**

**دنیا رەنگی «دێبنە» ئەگرێ..!**

**..دنیا بۆنی «دێبنە»ی لێ دێ..!**

**ئێوارانێک،**

**پیرەمێـردێ بـەخۆی و رۆژنامەیەکـەوە لەماشێنێکی خاکیـدا ئـاپۆرەی شار جێ دەهێڵێ ..**

**ئەی مانگە شەو..**

**ئەی سوێی بێوەفای برینێک...**

**باوکم ئەمرێ.. و.. تۆ لەهەڵبوون..و.. ئاوابوونی خۆت ناکەوی....!**



# سەردەمی

# سواڵ...

ڕێباز مەحمود
هۆڵەندا

کە خۆمان لەسووچە پەنهانەکانی خۆماندا نەبان دەکەین
بۆ ئەوەی ڕێمان نەکەوێتە چاکوچۆنی و هەواڵپرسیە ڕاگوزەرەکان
بۆ بەسەر نەکردنەوەی کۆڵانە ناسیاو و
ماڵە ئاشناکانی جارانی پەنا
هی ئەوەیە:
بەتاڵ بووینەتەوە لەیەکتری،
کەوتووینەتە سەر سواڵ...
سواڵی عەشق و دۆستایەتی!
دەردی کوشندە ئەوەیە هیچ مەیلێکت پێنەمێنێت بۆ دیداری ئازیز
...
پاش بەخشینەوەی هەموو فێنکایەتییەکانم بەئەو ...
پاش دابەشکردنی خۆشەویستیم
بەسەر ژمارە زۆرەکانی
ناو ڕۆژ ژمێرەکان...

**ئێستا ئیتر، دەردی گرانم**

**سێبەرێکی گۆشەگیری ناو کوچەی خەزانێکی درەنگم و**

**خەڵکی لەتەنیشت تەنهایی منەوە**

**مامەڵەی پرشنگە سرکەکانی**

**هەتاو دەکەن!**

**بەخۆڕایی گلەیی لەخوێنساردی من مەکەن**

**ئەوەی گەرموگوڕی بوو بەخشیم تاڕادەی خاڵی بوونەوە...**

**لەم بازاڕی بێڕەحمیەدا منم ئێستا سواڵکەر**

**بۆ سواڵی مسقاڵێک عاتیفە!**

**گلەیی تازە چ ئاگرێکی لەناو خامۆشبوونی مندا پێهەڵدەکرێ**

**خزمەکانم لەجەژنیشدا ناتوانن من بەیاد بهێننەوە...**

**من تاقەتم نەماوە تەلەفۆن بۆ هیچ کەسێک بکەم...**

**داخەکەم،**

**دەردی گرانی من ئەوەیە**

**چۆن بارگاوی ببمەوە بەتامەزرۆیی**

**کە خۆم و ئازیزانم لەسەردەمێکدا دەژین**

**سەردەمی سواڵە- سواڵی میهرەبانی!**

**سەفەر ئەوپەڕی بێوەفایی زەمانە**

**لەئاست خانەدانی و**

**لانەوازەیی جێمان ...**

**من کە خۆم بەپشتی پیکابی سەفەرێکی ناشیەوە هەڵواسی...**

**دەبوو زانیبام ئەوەی لەناو غوباردا لەدوای خۆمەوە جێدەمێنێ**

**خۆمم لەلۆفەکانی واقوڕماوی ...**

ئێستاش کە ناتوانم بگەڕێمەوە، تازە بەتازە وا تێدەگەم
منم ئەو موسافیرەی لەوێستگەی نیشتماندا
سیحری منالی نەبێت،
هەموو شتێکم لێ بەجێما!
ئەو باهۆزەی لەبیابانی رقی ئێمەوە هەڵدەکات...
خۆڵباران بەگژ هاوینی بەخشندەییدا دەکات و
چاوی نیازە روونەکان پڕ دەکاتەوە...
بەڵگەیە بۆ ئەوەی:
کە حەیف خەریکە شنەیەکی ئێسکسوکمان پێنەمێنێت
چیدی شەماڵێکی دەم بەخەندە شک نەبەین!!
ئاخر کە کەسێک سەرپێچی لەغرووری خۆی ناکات ...
تا چیتر دنیا بەدیوی خراپەکاریدا،
بەرگە نەگرێ و بڕووخێ!
کە کەسێک لەساردبوونەوەی خۆیەوە
فوویەک لەژیلەمۆی خۆشەویستی ناکات
تا وجوود بەڕووی سەوزایی و
بە پەنجەرەی پڕ تەلیسمی ئەڤیندا
وەک لاولاو هەڵزنێ!
هی ئەوەیە:
کەوتوینەتە سەر سواڵ،
سواڵی هێزدانە بەرخۆ...
بۆ کۆکردنەوەی مورووە رژاوەکانی
ملوانکەی پچڕاوی دۆستایەتی!

سواڵی وانەیەک بمانباتەوە

ناو پۆلی یەکەمی سەرەتایی بەرائەت...

سواڵی وانەیەک،

دڵ فێری دارەدارەی جوانی بکاتەوە...

سواڵی چەند مشتێک رووخۆشی سازگار

تیرۆژێک هەتاو

لەناو کۆڵانە خۆڵاوییەکانی سەرگەردانیدا

چڵکی دەستەکانی تەنهایی پێبشۆینەوە

پاش تەمەنێک لەدەرگادان!

پاییزی ٢٠٠٨



# پڕم لەتەنیایی

## کەمال چۆمانی



تەنیایی...

ساتەوەختی گەڕانە بەدوای یەقین

تەنیایی...

زەمەنی پیربوونی جەهلە

تەنیایی...

تروسکایی رزگاربوونی مرۆڤە لەخەڵوەت

تەنیایی...

وشکبوونی خانەکانی رقە لەدڵدا

تەنیایی...

هانابردنە بۆ خوداو راکردنە لەئەهریمەن

تەنیایی...

میقاتکردنی ساتەوەختێکی پێغەمبەرانەیە

من ئەڵێم،

هەر شتێکی جاوید،

مەحکومە بە تەنیایی،...

هێند پڕم لەتەنیایی،

بەقەد عەدالەت لەوڵاتی من

هێند پڕم لەڕق،

بەقەد سەرکردەکانی کورد لەلێبووردەیی

هێند تووڕەم لەخۆم،

بەقەد ڕۆحم لەجەستەم

ئێمە ئێستا لەکەناری بەربەریزمەوە،

گۆرانی شادی ئەچڕین

ئەوە ئێمەین پڕین لەخوێن،

شەلاڵین لەفرمێسکی رق

ئەی خودا،

من دیلم بەدەست ئەو تورەهاتییانەی سوڵتان

هەرگیز رقم نەناسیووە،

لێ من ئێستا مەحکومم بە رق

وەک عارفێکی پیر بەدەم تێفکرین لەسووتانی پەڕەسێلکەیەکەوە،

وەنەوز ئەدەم،

وەک منالێکی لاسار،

بەرد ئەگرمە پاساری،

وەک راوچییەکی بێڕەحم،

بەبیانووی گەڕان بەدوای نێچیر، خەریکی تێکدانی هێلانەی

کوکوختییەکانم

چوار دەورم پڕە لەچیلکە دار،

کەچی وا بەچیلکە دارەکانی هێلانەکە، خەریکی لێنانی چاییەکم

هێند سەرلێشێواوین،

خەریکین ئەڵقەی مرۆڤبوونمان وندەکەین

ئەمانەوێت ببین بەدەستگیرانی،

دیناسۆڕەکان

وا پەپولەکان و پاسارییەکان تەڵاق ئەدەین،
ئەچینە باوەشی قەلەڕەشکە
ئەڵقەی دەستگیرانی لەگەڵ پاساری،
بە "با"یەکی توند توند، بۆی ئەنێرینەوە

وەک قەڵەمێکی یاخی، یاخی بەدرۆ، پیسیی و جەهل،
خۆم خۆم ئەنووسمەوە
من پیربووم بەدەست ئەو دونییایە فانییە،
خوێنم بەر بوو لەڕقی ئەو جییاوازییە
جییاوازی مێشکی پڕکردووم،
چاوم ئەبڵەق بووە لەسەرسووڕمان
دەستم ترسی شکانی هەیە،
کەچی هەر دەستی بۆ ئەبەم

منم ئینسان تۆی جنۆکە،
منم بەدوای حەقیقەت و تۆی بەدوای درۆ
من بەدوای حوببەوەم،
تۆیی ئەندازیاری رق
منم خاوەنی پەڕەسێلکە،
تۆیی خاوەنی قەلەڕەشکە
منم خاوەنی قاسپەو جیوە جیو و هاژەو بریق و باقی مراوی،
تۆی خاوەنی زەوق و رەوقی پاڵ سۆزانی



ئەرِيستۆكراتييەت باريكرد،
هات لەولأتى من دايكوتا
"سەرپۆش گەڕا،
مەنجەڵى خۆی دۆزييەوە"،
ئێمە تينووين بەخوێن،
برسين بەخيانەت
خييانەت تا دێت،
دونيامان پڕتر ئەكات
ئێمەی مرواری و سەدەف و ماسی،
بەقولاپی ئەوان، ئۆخەی مردن ئەچێژين
بەتوڕەيی ئەوان،
خەون بەچاخە بەردينەكانەوە ئەبينين

سوڵتانەكان،
بەر لەهانا هاتنى خودا،
وەک ديناسۆڕ، قووتمان ئەدەن
ئەوان هێند تينوون بەخوێن،
وەک حوشترێكی بيابان، پاش تێربوونيشيان،
خوێنی زيياتر، لەجەستەی تر ئەستێنن
هەر خۆيان،
خاوەنی، عەمباری نەوت و دۆلارو درۆو خيانەت و خوێنيشن
ئەم دونيايە پاكە،
بۆنی كووشتن و خوێن كاسی كردووە

وەک موعتادو سەرخۆشێکی مەی،

تا دێ کزو کزتر ئەبێت

ئیتر بەسە،

با تیفکرین لەجوانی دونییاو پیسییەتی نەفس

وەرن با لەشێوەی رێحان بین،

هەرچەندە لێبدەیت بۆنی خۆشترت ئەداتێ

رێحان چەندە رەش و بێگوڵە،

کەچی چەندە بۆنخۆش و بەسۆزە

رەشی رێحان،

دونییای پڕکرد لەبۆن

رەشی بیلال،

دونییای پڕکرد لەزیکرو تەهلیلەو عەدالەت

رەشی مارتن لۆتەر کینگ،

دونییای پڕکرد لەیەکسانی

رەشی چاو،

دونییای پڕکرد لەعەشق

رەشی رووی سەرکردەیەکی خائین،

دونییای پڕکرد لەقاقا

من سەرم لێشێواوە،

چیمانداوە لەسپی و سپی و سپی؟

لەکەنار دەریای نائومێدیی خۆمانەوە،

بەدەم ژماردنی دەنکە وردەکانی لمەوە،
خەریکی نووسینەوەی نائومێدییەکانی ئینسانین
نائومێدیی بۆ ئێمە بەشێکە لە،
ئینسانیبوون و کوردبوونمان

ئێمە هەر خەریکی نووسینەوەی نائومێدیین،
کەچی شەپۆل هەر دێت رایدەماڵێت و پێماندەڵێت:
بەسە نائومێدیی لەبیرکەن، ئێستا تیبفکرەو بیربکەوەو دەستپێبکەوە
دەنکە وردە لمەکان، هێند زۆرن،
لێ ناتوانن نائومێدییەکانی من بنووسنەوە
لەوێوە ئەکەومە شەڕێکی سەرمەدی لەگەڵ شەپۆل،
من نووسەری نائومێدیی و ئەو موجاهیدی دژ
من خودانی دڵشکان،
ئەو دڵشکێنەر
من بەهەموو تەنیاییەکەی خۆمەوە،
ئەمەوێت نائومێدی بنووسمەوە
نائومێدی بەو هەموو دۆستەی خۆیەوە،
هێشتا لەخەڵوەتە
نائومێدیی و تەنیایی،
زارو مارن
هەر کە نائومێدیی هەبوو،
تەنیایی هەیە
تەنیایی...
ساتەوەختی گەڕانە بەدوای یەقین

تەنیایی...

زەمەنی پیربوونی جەهلە

تەنیایی...

تروسکایی رزگاربوونی بوونی مرۆڤە لەخەڵوەت

تەنیایی...

وشکبوونی خانەکانی رقە لەدڵدا

تەنیایی...

هانابردنە بۆ خوداو راکردنە لەئەهریمەن

تەنیایی...

میقاتکردنی ساتەوەختێکی پێغەمبەرانەیە

من ئەڵێم...

هەر شتێکی جاوید،

مەحکومە بەتەنیایی، ...

chomani_٨٥@yahoo.com

# ئەو شەوەی
# کەخوا
# برژانگێکی لێکەوت

**شوان حەسەن**



کاتێ ڕەشنووسی کتێبەکەم دەخوێنمەوە

فەهرەستی تەمەنم

ڕەنگی سێبەرتی گرتووە

دەڕژێمە ناو

سۆزو

بەزەیی

تیشک بەدوامدا دەگەڕێ

لەچرکەی سێبەری شەپۆلێکدا

خۆم فێنک دەکەمەوە

لەتاریکیدا سێبەری دەرگایەک

هەڵم دەگرێ و ناتبینمەوە

کە دەمری

لێم دەبی بەمێژوو

لێت دەگەڕێم بمنووسیتەوە

ئەوین بەلێوە ئەرخەوانیەکەیەوە

دەستی هەمووومانی بڕی

کەچی تائێستا

فرمێسکی رەشپۆشی

دەستەگوڵێکی پێ هەڵگرتووین

بەسەر گۆڕەکاندا دەیگێڕین

***

لەنێوان قین و ئەوینا

تاڵە موویەکی سپی

بەدەوری خۆردا دەسوڕایەوە

تا لەشوێنێ

لەپێستی زەوی شین ببێ

ئەی زەنگی کۆتایی

زوو وەرە

تا مرۆڤەکان دلۆڤان بن

خۆڵ تامی پرتەقاڵ و

رەنگی پرتەقاڵ بدات

ئای کە حەزم لەبۆنی گۆڕستانە

لەلاوانەوە

بەڕاست.... ئەم شەو لەباوەشتا

لەخەونێکی نەرم زۆر گریام

***

گەر تۆ لەنیوەشەوێکدا بەر چینچکەت بەمردن بگرتبایە

قبووڵم نەدەکرد

تەمەنی خۆمم بۆ دەکوشی

کێ دەڵێ من دەبووم

خۆ من ئینجانەم لەخواوە بۆ نەدەهات

تا نێرگزی لێ بچینم

هەڕەمەکی منی لەقوڵی سپێرمێک خست و

لەتوێکڵی کازیوەیەک

چاوم هەڵێنا

زانیت مردنی ناوەخت چی دەهێنا

نا ... نا

من ناتوانم... تۆ...یەکی تر

من درووست بکات

تکایە لەخۆپەرستیم مەتۆرێ

بیرکردنەوە

لەبۆنی سپێرم و

ئاوی بۆ گەن و

خوێن

هێڵنجم پێ دێنێ
متمانە بەلەدایکبوونێکی تر ناکەم
***
رابردووم لەزاری با دەگوترێتەوە
دەستم لەپەنجەرە دەرکردووە
خەو بەقورسایی خۆی بەسەرمدا بەربۆتەوە
پەلکەزێڕینە وەک پردێ
پەنجە پڕ لەشەونمەکانمی
دەپاراست
کۆخەی دایکم
من و  کازیوەی دەتۆراند
***
رەشکاوی ئازار لەدووگوردەکەت دەچۆڕێ
پارچەکراسەکانت دەبن بەپەڕەسێلکە
دەروازەی چارەنووسی ئێمەش
دەبن بەهێلانە بۆیان
تەنیایت و
تازە تا ئەبەد
هەنگاوەکانت لەڕابردوو دەرناچن
جوانیت لەدرەختی
مزگەوتێ دەبێت بەچڵێ
دادوەرە دلۆڤانەکەم
دەی بووری ...  تا بیبوورم

لەئاوێتەبوونی ئاسمان و زەویدا
دەبیت بەفریشتەو دوور ... لەو... دەفڕی
لەمن مەترسە
لەنێوان
گوڵ
دڕک و
گیادا
خوێن بەتیشکی خۆر دەبەخشم

بەڵێ رۆژی پێنجەم بوو
کە خوا
زوورگەزراوی لەدەست بەربۆوەو
ژنێکی کۆچەر ناوکی هێناوە
هەر ئەو رۆژەش تۆ لەسێبەری پەنجەکانی شین بووی
لەنێوان برووسکەو باراندا
بزردەبیی و
دوو پیاوی سپی پۆش
لەکەندەکەی نزیک هەوراگەکەتان
لەئاو هاتنەدەر
تۆیان بەدیاری دایە دایکت
ئەویش ئەوەندە ساڵەکەمەی کە ژیا
رۆژی دەکردە دیاری
کەڕۆژ دەبێت بەڕۆژگار

زریکەی تۆش
خوێن دەدات بەحەیزەران
خۆر
کە ئاوا دەبوو
چاوەکانی پڕ لەخوێن دەبوون
بەهەموو پەنجەکانی
زوورگەزراویی تەلخ
دەکوشی
لەو دەڤەرە ئازار رەنگی گەنمی هەبوو
بێ پەنجە
بێ دەنگ
سەمای دەکرد
لەنێوان ئێرەو
ئەوێ
دەبین بەشوێنەوار
لەولاتێکی بێ وەرەقە
دایکم قژی بێدەنگی لەئاوێنە دەشاردەوە
تەمەنی
چرچ و لۆچی
بوخچەی نهێنییەکانی دەپێچایەوە
دەبێ خوا
هێندە کاتی بداتێ

## تا نهێنییەکانی لەوێ بۆ بگێڕێتەوە

## ٢٠٠٥ – ٢٠٠٨



ئەم دوو وێنەیە، دوو دیمەنی زوورگەزراوە، کە دەکەوێتە نێوان دەشتی هەولێرو دیبەگەوە. زوورگەزراو کۆمەڵەگردێکی تێکئاڵاوە، ئەگەر لەبەرزاییەوە سەیری بکەیت، دەشێ لەکەزی بچێت.

# بانگەواز

بەندی عەلی

لەهەر چاوێ
درزێ لەپەنجەرەی میهرو
لەهەر دڵێ
مشتێ لەخەرمانی سۆزو
لەهەر کۆشێ
چەن قولانجێ موحیبەت و
لەهەر لێوێ
قومێک لەشکراوی بزەو
لەهەر سنگێ
بەشی هەناسەیەک ئومێد
لەهەر ناخێ
چڵە مێخەکێکی رازو
تەنیا پەڕێ
لەباڵی تاوسی نازو
لەهەردەستێ پەنجەیەکیش
بۆ سڕینی شەونمی خەم
لەسەر پەڕەی گوڵی کوڵمی
منداڵێکی لانەوازو

لەهەر میحرابێکی زیکرو

نوێژی عیشقیش بانگەوازێ

باهەڵاڵە بێ نازەکان

نەبنە پووشی دەم شنەی شەن

باپەپوولە وێڵەکانیش

نەبنە نێچیری بارەشی

غەدری زەمەن

٢٠٠٨



چیرۆك:

# دڵێک لەکەلاوە

## ئارام کاکەی فەلاح



من بڕیارمداوە بۆ ماوەیەك، ئاوا بۆ چوار ساڵێك، بگەڕێمەوە بۆ وڵات. هەموو شتێكم كۆكردۆتەوە، هەموو شتێك كە بتوانم لێرەوە بیبەمەوەو لەوێ پێویستم پێی بێ، ئاخنیومەتە ناو جانتاكەمەوە. تاقە شتێ كە بۆم كۆناكرێتەوەو ناتوانم بیبەمەوە لەگەڵ خۆمدا دڵمە. ئەم دڵە شێتەم بۆ كۆناكرێتەوە. هەندێجار وا هەست دەكەم كە ئەم دڵەی من لەدووكەڵ و تەم دروستكراوە، بۆیە كۆكردنەوەی مەحاڵە، جاری تریش گەر راستان دەوێ بڕوایەكی تەواوم بەوەیە كە بووخارێك لەجیاتی دڵم لەسینگمدایەو بەبەرچاومەوە بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان. ئێوە كەستان دڵتان بۆ ماوەیەكی زۆر بەجێی هێشتوون؟ بەیانییەك لە خەو هەستابن و دڵتان لەدیوی ئەو دیوەوە بەشووشەی پەنجەرەكەوە نووسابێت و لێ نەبێتەوە؟ كە منداڵ بووم و دایكم هەندێجار بەغەمگینی دەیبینیم، پێی دەوتم –كوڕم! ئاگات لەدڵت بێ و نەیەڵی هەموو كچێ بێتە ناویەوە، دڵی تۆ بەردەمی ئاوێنە نییە هەر كچێ ویستی لێوەی سەیری خۆی بكات و قژی لەبەر دابێنێت.

بەداخەوە، من هەموو ئامۆژگارییەكانیم لەگوێ گرت، ئەمەیان نەبێت. كچانێكی زۆر هاتن و رۆشتن، ژمارەیان چەند بوون، نازانم، نا خۆم هەڵناكێشم پێمەكەنن، تەنها ئەوەندە دەزانم كە زۆر بەئاسانی دەهاتن و بەئاسانی دەڕۆشتن. دەڕۆشتن و لەدوای خۆیانەوە دڵۆپێك فرمێسكیان جێ نەدەهێشت، بەڵام ئەمەی دواییان زۆر بەزەحمەت هات و نایەوێ بڕوات. وا خەریكە سەفەرەكەم لێ تێكدەدا، بۆیە من خۆم بۆ كۆناكرێتەوە،

هەموو شتێکم خستووەتە ناو جانتاکەمەوەو دەمەوێ بگەڕێمەوە، هەست دەکەم دەستێك جانتاکـەم لـێ دەشـارێتەوە. لـەپێرێوە تـا ئـەمڕۆ دە جـار پاسـپۆرتەکەم ونکـردووەو دۆزیوەتەوە، کەمێك پارەم گۆڕیوەتەوە ئێستاش نازانم لەکوێم داناوە.

نا، حیکایەتی من لەگەڵ ئەو کچەدا هی ئەوە نییـە بـۆ ئێـوەی بگێڕمـەوە. مـن جـارێ بەخێرێ بۆ خۆمم نەگێڕاوەتەوە. نا دڵی خۆتان خۆش مەکەن کفری وا ناکەم لەکۆرسـێکی ئاوادا و لەبەردەم دە دوازدە کەسی غەریب و نەناسدا باسی ئەو کچەتان بۆ بکەم. خۆ من وەك ئێوە هێندە ساویلکە نیم دڵی خۆمتان وەك لالەنگییەکی پاککراو بۆ بخەمە سەر ئـەم مێزە خڕەی بەر دەممان کە لەدەوری کۆبووینەتـەوە. منـیش وەك ئێـوە پارەیـەکی زۆرم داوە بەم کۆرسە، تا بۆ سەفەرەکەم بەهێزم بکات و بتوانم بەئاسانی سەفەر بکـەم و ئـاوڕ نەدەمـەوە بـۆ دواوە، چـونکە هـەر ئاوڕدانەوەیـەکی دواوە قەپالگرتنێکـە لەئێـستا، هـەر تێڕامانێك لەڕابردوو خێسەیەکە لەداهاتوو. ئەمڕۆ ئیتر حەوتەم ڕۆژو دووا ڕۆژە، هـەمووتان چیرۆکی خۆتان گێڕایەوە تەنها مـن مـاوم، دوای مـن هـەمووومان نامەیـەك وەردەگـرین کـە بەسەرکەوتوویی ئەم کۆرسە زەحمەتەمان بڕی. ئیتر دەتوانین بـڕۆین و ئـاوڕ نەدەینـەوە، بـەپێی تیۆرییـەکانی مامۆسـتا بێـت، ئـاوڕیش بدەینـەوە هـیچ نـابینین، مـادەم خۆمـان نامانەوێ ببینین هیچی لـێ نییـە. ڕابردوو لەچاوتروکانێکدا دەبێتـە تـەمێك و تێکـەڵاوی هەوای ئاسمان دەبێت. گرفتەکە ئەوسا دەستپێدەکات کە ئێمە سوور بین لەسـەر ئـەوەی کە شتێك هەیەو بەهەزار چاو سەیرماندەکات، هەزار دەست دەمانگرێ و نایەڵێ بـڕۆین بـۆ پێشەوە، وەك چـەقین لـەناو دەریایـەك لەکـەتیرەو سیکۆتین. ئێمـە لەیەکـەم ڕۆژی ئـەم کۆرسە بووین کە من زانیم ئێوە هەمووتان بۆیە هاتوونەتە ئێرە تا لەوڵاتی جیاواز جیـاواز بچن بۆ خزمەتی سەربازیی. بڕۆن و بەدڵێکی ڕەقـەوە چـەك هـەڵبگرن و بـچنە بـەینی ئـەو میللەتانەوە کە بەخوێنی سەری یەکتر تینوون. ئێوە خۆشتان نازانن چیتان دەوێ، تـەنها ئەوەندە دەزانن کە دەتانەوێ بڕۆن و لـەدوای خۆتانـەوە دڵۆپێـك فرمێسك نەڕژێتـە سـەر پێڵاوەکەتان. منیش وەك ئێوە بۆ ئەوە هاتووم، بەڵام ئـەوەی مـن لـەئێوە جیادەکاتـەوە ئەوەیە، من نابم بەسەربازو ناچم بۆ شەڕ، بەڵکو من دەمەوێ بچمەوە بۆ وڵاتـی خـۆم، بـۆ ماوەیەك بگەڕێمەوەو خزمەتێك بکەم، بەڵام کـچێك دڵـی لێـداگیرکردووم و نامداتـەوە، مـن ناتوانم بەبێ دڵ پێ بخەمە ناو فڕۆکەیەکەوە تـا بمباتـەوە، فڕۆکەیـەك بـەئارەزووی خـۆی

بەناو هەورە ساردەکاندا بێباکانە بفڕێ و ئاوڕ نەداتەوە بۆ دواوە. منیش لـەناویا دانیـشم، بگریم و بکوڵێم.

من هەر لەیەکەم رۆژدا بوو بەمامۆستام وت، مامۆسـتای ئـازیز، مـن وەکـو ئـەوانی تـر نیم، من ناچم بۆ خزمەتی سەربازیی ناچم بۆ شەڕ. ئەویش وتی جیاوازی نییە، چـوون بـۆ شـەڕو راکـردن لەعەشـق یـەك شـتە. هـەردوولایان گۆڕەپـانێکن پـڕن لـەمرۆڤی برینـدار. بیرچوونەوەی کەسێکی خۆشەویست و نارنجۆکێك کە بەر تـەپڵی سـەرت بکـەوێت هـەمان کاریگەریی هەیە، ئەمەیان یەکسەر دەتکووژێت و ئەوی تریان بەهێمنی. تـۆ ناتـەوێ دڵـت ببێ بە بەرد؟ وتم با، وتی دە ئەمە باشترین شتە بۆ تۆ، من وانەی وات دەدەمێ کـە قـەت لەسـەفەرەکەت پەشـیمان نەبیتـەوە. گـەر پەشـیمان بوویتـەوە پـارەی کۆرسـەکەت وەربگرەوە. ئای مامۆسـتای ئـازیز! نامـەوێ لەبەرچـاوی قووتابییـەکان بێرێـزی بنـوێنم، بەڵام من پارەکەی خۆم دەوێتـەوە، یـان راسـتت دەوێ بـەزیادەوە دەمەوێتـەوە، چـونکە هەست دەکەم دڵـم لـەجاران ناسـکترە. ئـەمڕۆ دواڕۆژی کۆرسـەکەیەو مـن بـێ جانتـاترین موسـافیرم بیـەوێ سـەفەر بکـات. دوێـنێ هـەر دوای تـەواوبوونی دەوامـی ئێـرە چـوومەو لەبـەردەم پەنجـەرەی ژووری کچەکەدا تـا سـەعات دەی شـەو وەسـتاوم، پیـاوێکم بـینی وامزانی باوکێتی خۆم بۆ نەگیراو ماچێکم کرد، یەك بۆکسی لێدام، ئەها ئێرەم چۆن سوور بووەتەوە. دەی رەنگە ئێستا زۆر باش نەبینرێ، وا بەشکەوە سـەیرم مەکـەن دوێـنێ زۆر ئاوسابوو. راستتان دەوێ سێ مانگ دەبـێ ئـەو کـچە جێیهێـشتووم و تائێـستاش نـاتوانم بیرم چێتەوە، ئەو کچەی کـە سـەفەرەکەمی بەمـشار لەناوەڕاسـتدا بڕیوەتـەوە. مـن هـەر لەسەرەتاوە زانیم، کە مرۆڤێکی وەك من خاوەنی دڵێك بێ لەهەوێر، بەهەفتەیەك نـابێ بـە بـەرد، بـەڵام هـەر حـەزمکرد تـاقی بکەمـەوە. کـە لەئینتێرنێتـدا شـتێکی وام خوێنـدەوە سەرەتا بڕوام نەکرد کە کۆرسی وا هـەبێت، تـا تەلـەفۆنم بـۆ ئێـرە کـردو وتیـان نـا گاڵتـە ناکەین، ئەمە زانستێکی تازەیەو مرۆڤ بەهێزدەکات، ئەمـە بـۆ یـەکێ باشـە بـۆ ماوەیـەکی دوورودرێژ سەفەر بکات و بیر لەکەسی خۆشەویستی خـۆی نەکاتـەوە، ئـەم کۆرسـە مـرۆڤ دەکاتەوە بەخاوەنی هەموو ژوورەکانی دڵی خـۆی. ئـای ئـازیزان! مـن زۆر شـکم لەوەیـە بووبێتمەوە بەخاوەنی ژوورەکانی دڵی خۆم. ژووری چی؟ من کە سەیرێکی سـینگی خـۆم دەکەم، جگە لەکەلاوەیەك هیچی تر نابینم، بەڵام دڵی خۆتان خۆش مەکەن، دیقیش بکەن

باسی ئەو کچەتان بۆ ناکەم، بەڵام بۆ تەواوکردنی ئەم کۆرسە هەر دەبێ شتێ بڵێم، ئەوا باسی سەفەرەکەمتان بۆ دەکەم، کە هیوادارم بتوانم بیکەم، وەك لەپێشدا وتم و خۆشتان دەیزانن، گەڕانەوەی من بۆ سەربازیی نییە، بەڵکو بۆ ماوەی چوار ساڵ بۆ ئیشی خێرخوازییە، دەمانەوێ کۆمەڵێك دێ و قووتابخانە دروست بکەینەوە، منیش خۆم لەو ڕێکخراوەدا ناونووس کردو دەمەوێ شتێك هەرچەند کەمیش بێ بۆ وڵاتەکەم بکەم. دەمەوێ یادەوەرییەك دروستبکەم کە ون نەبێ، من زیاتر بێ یادەوەری پاڵی پێوەنام بیر لەم سەفەرە بکەمەوەو بگەڕێمەوە. هاوڕێکانی ئێرەم، هەموویان خاوەنی یادەوەرییەکی زیندوون، هەموویان زۆر بەئاسانی دەتوانن پێم بڵێن کە باخچەی ساوایانەکەیان لەکوێیە، پیاسە دەکەین و لەپڕ هاوڕێیەکم باوەش بەیەکێکدا دەکات و دەڵێ ئەمە مامۆستام بوو لەسەرەتاییدا، تۆزێکی تر دەڕۆین و دەڵێ ئا لێرە باپیرەم تۆپ تۆپێنی بەپەڕۆ کردووە، هەموو شار هاتوونە بۆ سەیری کاتێك بە دە خولەکی کۆتایی یاری چوار گۆڵی تۆمارکردووەو چوا بەسێ بردوویانەتەوە، لەماڵەوە وێنەکانت پێشاندەدەم. دەڕۆین و یەکێکیتر دەڵێ ئا لەم دووکانە نەنکم یەکەم تەنوورەی کورتی خۆی کڕیوە، منیش ساڵی پار دوای پازدە ساڵ بۆ دوو هەفتەیەك گەڕامەوە، شارەکەی خۆمم نەناسییەوە، من تەنها لەتەلەفزیۆنەوە بینیبووم، لەتەلەفیزیۆنیشەوە وڵاتەکەی من دەڵێی بەهەشتە. ئەو باخچەی ساوایانەی کە بەمنداڵی لێی بووم، بوو بوو بەمقەڕی حیزبێك، کۆمەڵێ گەنجی تووڕە بەسیلاحەوە لەبەردەمیدا وەستابوون، پرسیارێکم کرد هەموویان خەریك بوون پەلامارم بدەن. قووتابخانەی سەرەتاییم بوو بوو بەسەربازگە، هەر دە مەترێك لێی نزیکبوومەوە چوادەوریان گرتم، منیش هەردوو دەستم بۆ سەرەوە بەرزکردەوەو وتم خۆ من قومبەلەم پێ نییە، ئەمە قووتابخانەی من بوو بەمنداڵی دیوارەکانی ئێستاش ناوی من و ئەو وێنانەی پێوەیە کە من کردوومە، بردیانم و ژوورەکانیان پێشاندام جگە لەجێگای گوولـە هیچی ترم نەبینی. قوتابخانەی ناوەندیم بوو بوو بەگەراج، کۆمەڵێ پاسی خەڕەکەشکاو بەدەست چەند شۆفێرێکی بێزارەوە لەخۆیان و لەدونیا، بە بەنزینێکی خراپەوە کۆمەڵێ کەسی ماندوویان دەگواستەوە. هی دواناوەندیشم بەئۆردووگای ئاوارەکان. کە خەڵکانێکی لێ بوون فەرامۆشکراو، وەك کۆمەڵێك تارمایی دەهاتن و دەچوون، تارماییەك کە نە کەس دەیانبینێ و نە کەس هەستیان پێ دەکات. لەماوەی

ئەو دوو هەفتەیەدا دە رۆژیم بۆ ئەوە سەرفکرد مامۆستایەکی منداڵیم ببینمەوە، مامۆستای کوردیم بینییەوە، تاقە مامۆستایەکی کوردی بوو کە هیچ شیعرێکی کوردی لەبەر نەبوو، دوای دووسەعات دانیشتن و دەجار چا خواردنەوە ئینجا وتی ئیێ، ئیێ دەزانم، ئۆی راست دەکەیت، تۆ سەیر چیت لێهاتووە، تۆ هەمیشە لەپێشەوە دادەنیشتی، دوایی کە خواحافیزیمان کرد هەستمکرد قەت منی بیرنەکەوتەوە، چونکە من هەمیشە لەدواوە دادەنیشم. سەرێکی ئەو یانەیەم دا کە بەمنداڵی سەدەها جار تێنس و شەترەنجم لێکردووە، هەزار گۆڵم لەساحە تان – تانەکەیدا لەدووگۆڵی بچووکدا کردووە، هەر بینیم حەپەسام، لافیتەیەك بەدەرگاکەوە بوو ئێستاش هەر نەمزانی کراوە بەچی، دوو سێ کەسی چەك بەدەستم لەبەر دەرگاکەیدا بینی دڵم بەرایی نەهات پرسیار بکەم. سینەماکان وەك بەلاستیکێك لەسەر نەخشە بیانسڕیتەوە، نەمابوون، بۆ هەچ کوێ دەچووم هەستێکی زیاترم بەنەمانی تەمەنم دەکرد. هەستم دەکرد، ژیانی منداڵی و گەنجێتی من لەو خەونانە دەچن کە بەدرێژایی شەو دەیانبینیت و کاتێکش بۆ بەیانی خەبەرت دەبێتەوە هیچت بیرنەماوە، هەستمکرد تازە من درەنگ هاتوومەتەوەو هیچ شتێکم بۆ رزگار ناکرێت. من بۆیە خۆم لەو رێکخراوەدا ناونووسکرد تا بتوانم شتێك دروست بکەم و نەفەوتێت، ئێمە هەمووومان بڕیارمانداوە کە ناوی خۆمان لەسەر هەموو ئەو بینایانە بنووسین کە ئاوەدانی دەکەینەوە، لەژێر زەوییەکەیدا نەخشیدەکەین و بەچیمەنتۆ سواخی دەدەین، ساڵی دروستکردنی لێدەنووسین و مێژوویەکی پێدەدەین، مێژوویەك ساڵ دوای ساڵ وەك شەراب نرخی زیاتر بێت. من چوومەوەو سەیرمکرد شارەکەی من رۆژ بەڕۆژ مێژووی خۆی وندەکات، نا من باسی مێژوویەکی درۆینە ناکەم، باسی شەڕو کوشتارو خوێنێکی رژاو ناکەم، ئەو مێژووە درۆزنەی لەکتێبەکاندا بەخەڵکی دەفرۆشنەوە، نا ئەمەی من باسی دەکەم مێژوویەکی نەنووسراوەیە، مێژووی ئەو مرۆڤە پاکانەیە کە شتێکیان بۆ وڵاتەکەیان کردو کەسیش باسیان ناکات و ناویان نازانێ، من کە هاتمە ئەم کۆرسەوە، تەنها بۆ ئەوە نەهاتم کچەکەم بیرچێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەش هاتم کە ببمەوە بەخاوەنی دڵێکی بەهێز، من دڵێکم ناوێ نیوەی بۆ کچێك بگری و نیوەکەی تری بۆ وڵاتەکەی. نا من دڵێکی گرینۆکم ناوێ لەبەردەم هەر بینایەکی رووخاودا وەك هەندێ لەشاعیرە رۆمانسییەکان شیوەنی درۆینە بکات، بەڵکو من دڵێکم دەوێ چاکیان بکاتەوە،

ئەمە دوا رۆژی کۆرسەکەیەو هەست دەکەم من خاوەنی دڵێکم لەکەلاوە، مامۆستای ئازیز! هاوڕێیانی خۆشەویست! گەر من بەدڵێکی کەلاوەوە بگەڕێمەوە چۆن کەلاوەکانی وڵاتم بۆ بینا دەکرێتەوە. گەر بیشیانکەم ئەوا وەك ئەو هەموو بینا ناشرینانەی شاریان لیَ پڕکردووە بەرگەی چەند ساڵێك ناگرێت. ئای ئازیزان! من نازانم سبەینیَ چی روودەدات، ئەو کچەم بیردەچێتەوە یان نا؟ سەفەردەکەم یان جاریَ چاوەڕیَ دەکەم، خۆشم نازانم، بەڵام گەر پێتان خۆش بوو دوای ئەم چیرۆکەی من بکەون، ئەوا ناوی خۆم و ژمارەی تەلەفۆن و ئیمایلەکەم لەسەر تەختە رەشەکە دەنووسم، لای خۆتان بینووسن و کەی پیتان خۆش بوو پەیوەندیم پێوە بکەن.

ئەیلوولی ٢٠٠٨

ستۆکهۆڵم

# چەند کورتیلە چیرۆکێک

محەمەد ناکام

### دڵ

هەمیشە بەجۆرێك دەژیا وەك ئەوەی دەستێکی نەمابێت، کاتێکیش لێیانپرسی بۆچی هەمیشە دەستێکت لەسەر دڵتە، لەوەڵامدا گوتی.. (بۆئەوەی دڵنیابم لەچ کاتێکدا دەوەستێت).

### شەکر

کەچووین بۆ نمایشگاکە، هونەرمەندەکە پەیکەری چوکێکی گەورەی لەکەللەشەکرێکی ساف و جوان داتاشیبوو، کە رۆژنامەنووسەکەیش پرسی بۆچی ئەم فۆڕمەت لەشەکر بەرجەستەکردووە، هونەرمەندەکە گوتی.. (لەبەرئەوەی بەلای هەردوو رەگەزەکەوە شتێکی خۆشەویست و شیرینە).

### منداڵە گەورەکان

پێشانگەی هونەرمەندە لاوەکە بریتیبوو لەهەڵواسینی کۆمەڵێك پارچە کلێنس و دەستەسڕی سپی کە هەریەکەیان ناوی مرۆڤێکیان لێنووسرابوو و چەند دڵۆپە شەهوەتێکی وشکەوەبوویش چرچ و لۆچی کردبوون.

### دەمژمێر

لەبەرئەوەی بۆ بەیانییەکەی تاقیکردنەوەیەکی گرنگی هەبوو تا درەنگانی شەو نەنووست، بۆئەوەیش بەیانی زوو خەبەری بێتەوە دەمژمێرە زەنگدارەکەی بەگوێچکەی راستییەوە بەست، کاتێکیش بێداربۆوە، بەدرێژایی ئەو رۆژە چرکە چرکی دەمژمێرەکە لەسەریدا دەیچریکاند.

## عەشق

نێرەکەرەکــەی باشــووری دێ عاشــقی ماکەرەکــەی بــاکووری دێ بــوو، کــاتێکیش لەناوەڕاستی دێدا بەیەکگەیشتن، نێرەکەرەکە خەسێنرابوو.

## مردن

لەسێ شوێنی جیاوازداو لەیەك کاتدا وێژەرێك و دوو هونەرمەند کە یـەکێکیان ئـافرەت بـوو خۆیانکوشـت، بـەڵام لەڕاسـتیدا ئـەوان زینـدووبوون، چـونکە دەبایـە لەحزەیـەك بـەر لەخۆکوشتنەکەیان تەواوی بەرهەمەکانیان بکوژن.

## پیاوەتی

بەڕێکـەوت ڕێـی کەوتـە کۆڵانێـك کـە لەکەلاوەیـەکی بـەری خۆرهەڵاتیـدا منداڵگـەلێك خەریکی بەردبارانکردنی سەگێکی شەل و نابینـابوون، هەرچـەند هەوڵیـدا منداڵـەکانی بـۆ ڕازینـەکرا، ناچـار دەسـتیکرد بەگیرفانەکانیـداو هەرچییەکی پێبـوو دابەشـیکرد بەسـەر منداڵەکاندا، ئیدی لەو ڕۆژەوە منداڵانی ئەو کۆڵانـە لەهەرکوێیـەك سـەگ و پـشیلەیان لـێ پەیدا بێت دەکەونە ئازاردانی، بەو ئومێدەی کەسێکی دیکە بێت و پارەیـەکی زیـاتر بـدات بۆ ڕزگارکردنیان.

## داهێنان

مامۆسـتایەکی سـیرامیك فێرخوازەکـانی ڕاسـپارد هەریەکـەو میوەیـەك لـەو قـوورەی لەبەردەستیدایە دروست بکات، بەڵام یـەکێك لـەفێرخوازەکان کـە نەیدەویـست میوەکـەی لەمیوەی هاوڕێکانی بچێت دەستیکرد بەبنیاتنانی میوە بێناوەکـەی، کـاتێکیش مامۆسـتا بەسەرسـامییەوە پرسـی ئـەوە چ جـۆرە میوەیەکـە، فێرخوازەکـە بەشـادومانییەوە وتـی ئەمجۆرە لەناو ئاودا دەڕوێت، مەبەستم میوەی بەحرییە.

# تۆماری

# مردووەکان

کەریم مەلا



کاتێك پەتایەکی کوشندە لەنێو شاردا بڵاوبووەوە رۆژ بەڕۆژ رێژەی مردووانی رووەو زیادبوون دەچوو، بەڵام پیرێکی زانا کە لەو شارەدا تەمەنی رووەو کوژانەوە دەچوو، لەنەخشەی خەیاڵی خۆیدا بیری لەدەربازبوونی ژیانی خەڵکی لەو پەتایە دەکردەوە، ئەگەرچی زۆر درەنگیش بوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەری، بەڵام سووربوونی لەسەر هەوڵەکانی مانابەخشین بوو بۆ گەڕانەوەی ژیان و جوانی جارانی شار، ئەو شارە لەمێژووی خۆشیدا چەندین دەردو درمی خوێناویی و پەتای کوشندەی بەخۆیەوە بینیبوو.

بەڵام بەرلەوەی دانای پیر بڕیاری خۆی جێبەجێ بکات، هەموو هاوکێشەکانی پابەندبوونی خۆی بەڕابردووی شارە خەماوییەکە گرێداو بۆ ماوەیەکی زۆریش خۆی لەئاوەدانی بەدوورگرت و یەکەمین شتیش کە لەدەفتەرەکەیدا تۆماریکرد ئەوەبوو (کات زۆر بەزوویی تێپەڕدەبێت و رێژەی تووشبووانیش زیاترو زیاتر دەبێت، بۆیە ئەگەر فریای دۆزینەوەی چارەسەریش نەکەوم دەبێت ناوی مردووەکان لەدەفتەرەکەم تۆماربکەم).

ئەگەرچی ئەو کارەی مامۆستای پیر هەوڵێکی زۆری دەویست تاوەکو بتوانێت ژمارەی مردووەکان بزانێت و بچێت بەدوایاندا، ئەمەش مەترسی زۆری هەبوو بۆ سەر ژیانی، رۆژانەش رێژەکە بەرەو زیادبوون دەڕۆیشت و کەسیش نەبوو بپرسێت ئەو پەتایە نەفرەتییە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووەو نهێنی مردنی کتوپڕی خەڵکی لەچیدایە؟ کە ئاوا شار کەوتۆتەبەر مەترسی لەناوچوون و سڕینەوە.

جگە لـەتۆمارکردنی ژمـارەو ژیـانی مردووەکـان پـیری دانـا زۆر بـەوریایی و دیقەتـەوە سەرقاڵی گەڕان بوو بـەدوای چارەسـەرێك یـان دۆزینـەوەی سـەرەداوێك، کـە بزانێـت ئـەو پەتایـە لەچـییەوە هـاتووە هـەر لـەکتێبێکی دانـسقەشدا، ژیـان و بەسـەرهاتی خـەڵکی شارەکەی لەو رۆژگارە رەشەدا لەدوو توێی دەفتەرە زەبەلاحەکەیدا نووسـیوە، رۆژێکیـان لەدرێژەی ئازارێکی جەسـتەیی زۆردا مامۆسـتای پـیر رووبـەڕووی ژانێکـی لـەناکاو هـات و ئازارەکەشـی وەك سـووتانەوەیەکی سروشـتی وابـوو لەجەسـتەیدا، قووڵبوونـەوەی گرفتەکەش لەوەدابوو بۆ دڵدانەوەو حەیران بوون کەسێك نـەبوو بەدیاریـەوە دابنیـشێت و گوێ لەدوا وەسیەتەکەی بگرێت و ئاوێتەی ئەندێشەکانی پیری ئاڵودە بەئاو و خاك بێت.

بەهەر ئازارو عەزابێکەوە بێت، خۆی لەخەیاڵی مەرگ راپسکاندو دواهەمین ناوی خـۆی لەدەفتەری مردووان نووسی و لەدواساتی تەمەنیـدا هەسـتی بـەبۆنی بـاران کـردو هـەر بـۆ بینـینی نمـەبارانی بـەردەم پەنجـەرەی ژوورەکـەی سـەیرێکی ئاسمـانی هـەوراوی کـردو چاوەکانی نووقاندو بەدەم هەڵمژینی بۆنی خاکی تەڕو قورس دوای لێـدانی یەکـەم دڵـۆپی باران لەتەپوتۆزی بەردەم ژوورەکەیدا دڵی لەلێدان کەوت و روحی تێکەڵ بـەباران و قـوڕو گڵ بوو.

هەر لەوکاتەوە تاوەکو ئێـستا هـەزاران کـەس بـەهۆی ئـەو پەتایـەوە گیـان لەدەسـت دەدەن، کەسێك نییە ناویان لەدەفتەری مـردووان بنووسـێت ئـەو دەفتـەرەی لاپـەڕەکانی لەژمارە نایەن، کەسێك نییە شتێك دەربارەی خۆیان و ژیانیان بنووسێتەوە.

کۆیە ٢٠٠١

# دروستنەبوونی نەتەوەو
# گوتاری نەتەوەیی کورد لەنێوان
# (ناوەوە ـ دەرەوە)دا

## هەڵوەستەیەکی خێرا لەسەر کتێبی (گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی) عەتا قەرەداخی

**پێشەوا محەمەد**



مێژووی هەر میللەتێك تۆماری هەموو ئەو رووداو و کارەسات و تەنگەژەو گرفت و شکست و سەرکەوتن و دەستکەوتنانەیە، کەوەك میراتێك و لەناو تۆمارنامەکانی مێژوودا ماوەتەوەو بووەتە باکگراوندی میللەت و نەوە دوای نەوە دەچنەوە سەری و پەڕە بەپەڕەی ئەو مێژووە هەڵدەدەنەوەو لێی دەڕوانن. زۆر بەسادەیی دەتوانین بڵێین گرنگی مێژوو لەوەدایە کە نەوە دوای نەوە بچنەوە سەری و لەسەروەریی و شکست و خیانەتەکان بڕوانن ( ئەگەر تۆمار کرابن) و ئەو مێژووە بخەنە بەر نەشتەری رەخنەو پەندی لێوەرگرن و هەڵەکان دووبارە نەکەنەوە.

ئەوەی کەوا دەکات نەوەکانی ئاینده بەهەڵەدا نەچن و بەهەمان شکست نەگەن کە نەوەکانی پێش خۆیان دووچاری بوون، بریتییە لەنووسینەوەی مێژووی ئێستا بۆنەوەکانی ئاینده بەشێوەیەکی راست و دروست و دوور لەهەموو ستایش و

پیرۆزکردنێـك. مێـژوو ئەگــەر بەســەرجەمی باشــی و خراپیەکانــەوە، بەنووســینەوەی سەرجەمی پاڵەوانەکان و خائینەکانەوە، بەنووسینێکی بێلایـەنی شکست و فاکتـەرەکانی ئەو شکستە، بێشك ئەو مێژووە دەبێتە قوتابخانەیـەك و نـەوەی نـوێ لـەو قوتابخانەیـەدا ئەو وانانە فێر دەبێت کەنەوەکانی پێش ئەوان نەیانزانیوەو بەهۆیەوە گـەلێك دەسکەوتی مەزن و چارەنووسسازی میللەتەکەیان لەدەستداوە. بۆیە دەشێت هەر هەڵـەو چاوپۆشـین و ستایــشێکی نابــەجێ لەمێــژوودا لەلایــەن نــەوەی کۆنــەوە، مــەحکوم بێــت بەدووبارەکردنەوەی هەمان هەڵە لەلایەن نەوەی نوێوە، چونکە رۆلان بارت وتـەنی ئێـستا لــەدڵی رابـردووەوە هەڵـدەقولێت. هەربۆیــە گــرنگترین شـتێك بۆنـاوخۆی هەرمیللــەتێك دەرخــستنی مێــژووە وەك ئــەوەی کەهــەبووە، نــەك وەك ئــەوەی کــە دەســەڵاتداران و فــەرمانڕەوایان و مێژوونووســان خۆیــان ویــستوویانە. بێگومــان ئــەوەی لەمێــژووەوە وەریــدەگرین و زۆر گرنگــە هــەموو ئــەو نمونــەو زیندەگیانەیــە کەلــەو ســەروەختەدا ئەنجامــدراون و هــەموو ئــەو میکــانیزم و رێگایانــەش بخرێنــە بەرچــاو کەنــەوەی کــۆن بۆهەرکارو برِیارو پڕۆژەیەك رەچاوی کردوون و سودی لێبینیون.

بەداخــەوە مێــژووی کــوردی زۆر بەدەگمــەن ئــەو خەســڵەتانەی تێــدا دەبیــنین کەلەسەرەتاوە قسەمان لەسەر کردن. مێژووی کورد هێندەی لەسەر ستایش و پیرۆزکردن و راگرتنی دڵی ئەم و ئەو وەستاوە، هێندە گرنگـی بـەوە نـەداوە وێنەیـەکی راسـتەقینەی ئەو واقیعە پیشانی نەوەی ئێستا بدات کەلەو کاتەدا هەبووە. ئەو مێژووە هێندەی لەسەر تۆمەتدانە پاڵ ئەوی دی و ناشیرینکردنی ئەوان لای نـەوەی نـوێ، هێنـدە لەسـەر پـەردە هەڵماڵین لەسەر کوردو فـەرمانڕەواکانی نەوەسـتاوە. مێـژووی کـوردی هـەتا تـوانیبێتی هەولێــداوە هەڵــەو شکــست و کەموکورِییــەکان بداتــە پــاڵ ئــەوانی دی و خــۆی وەك و فــەرمانڕەواو وەك و کــورد ئەگــەر سەرچــاوەی ســەرەکی کێــشەکەش بووبێــت خــۆی دوورگرتووەو مێژوو ئەمانەی شاردووەتەوە. بێگومان ئەو برِە کەمە زانیارییەش کەلەســەر خیانـەتکردنی کـورد خـۆی لـەخۆی و هـەموو ئـەو تەڵەکەبازیانـەی فـەرمانڕەوایانی کـورد لەسەردەمی میرنشینەکان و سەدەکانی تردا ئەنجامیانداوە لەلایەن نووسەرو مێژوونووســە غەیرە کوردەکـان و ئـەو مـسافیرانەوە بەئێمـە گەیـشتووە کەلەوسـەروەختەدا هاتوونەتـە ئەوناوچانە.

هەموو ئەمانە وایانکردووە نەوەی نوێ و نووسەران و رۆشنبیران ئەرکێکی گرانیان کەوتۆتە سەرشان بەوەی بەناو مێژوودا بگەڕێن و بپرسن: ئاخۆ مێژووی کوردی بەو شێوەیە پاك و بێگەردو بێخیانەتە کەنووسراوەتەوە یاخود بەشێوەیەکی ترە؟ ئاخۆ ئەگەر هەموو فەرمانڕەوایان و هەموو ئەوانەی شۆڕشیانکردووە خاوەنی گوتارێکی نەتەوەیی بووبن بەو مانایەی " کەهەموو نەتەوە کۆبکاتەوەو وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو نیشانیبدات کەخاوەنی یەك سەرکردایەتییەو ئامانجی سەرەکیش سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە، لەسەر جوگرافیایەك کەجوگرافیای هەموو نەتەوەیە واتە نیشتمان[١]." ئەدی بۆچی هەتا ئێستا کورد نەیتووانیوە نەتەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆخۆی دروست بکات؟ ئەم پرسیارانە وامانلێدەکات کە بەگومانەوە لەو مێژووە بڕوانین و بەدوای سەرەداوە راستیەکاندا بچین.

کتێبی "گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی" نوسەرو رۆشنبیر عەتا قەرەداخی یەکێکە لەو کتێبە دەگمەنانەی کەهەوڵێکی بەرچاو و بێپایەنی لەم بوارەدا داوە. ئەم کتێبە گەڕانێکی وردو چڕو پڕە بەدوای سەرەداو و شوێنگەی دروستبوون و سەرهەڵدانی گوتاری نەتەوەیی کوردی. ئەم کتێبە گەشتێکی فراوان دەکات بەسەر زۆربەی میرنیشین و زۆربەی شۆڕشەکانی کوردو چەند پارت و رێکخراوێك و چەند کەسایەتییەکی دیاریش بەسەر دەکاتەوەو زۆر بەوردی پرسیاری بوون و نەبوونی گوتاری نەتەوەیی لای هەریەکێکیان دەوروژێنێت و لای هەمووشیان ئەنجامگیری بوون و نەبوونی گوتاری نەتەوەیی کوردی دەکات.

ئەوەی کەمن لەم نووسینەداو ئەو بەشەشە کەلەکتێبەکەدا باسی دەکەم تەنها بریتییە لەفاکتەری دروستنەبوونی گوتارو نەتەوەی کوردی لەنێوان کورد وەك و کارەکتەری سەرەکی گۆڕەپانەکەو ئەو دەوڵەتانەی کەهەمیشە کورد هۆکاری رووخان و شکست و سەرنەکەوتنەکانی رووبەڕوو دەکاتەوە. بێشك باسکردن لەسەرجەمی لایەنەکانی کتێبەکەو سەرجەمی لایەنەکانی تری دروستنەبوونی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بەوتارێك و دووان و سیان تەواو نابێت. هەر لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم بەپێی پێویست نووسراو لەناو کتێبەکە وەرگرم و تەنها بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر کتێبەکەو ئەو هۆکارە بکەم کەدیاریم کردووەو وەك هێڵێکی گشتیی ئەم نووسینە ئیشی لەسەر دەکات، چونکە ئەگەر

بەوجۆرە بنووسم لای هەر میرنشین و کەسایەتی و شۆڕشێك و لای هەر پارت و ڕێکخراوێك چەند پەرەگرافێك وەرگرم بێشك نووسینەکە زۆر درێژ دەبێتەوە، پەنا نەبردنیشم بۆئەوکارە تەنها ئەوەیە کەنووسینەکەم بەو رادەیە درێژ نەکەمەوە.

## تێکەڵاوکردنی هەستی کۆمەڵایەتیبوون و نەتەوەییبوون

بەدرێژایی چەندین سەدەی رابردوو و هەروەها بەخوێندنەوەی ئەو پەرتوکانەی کەلەسەر ئەو رابردووە نووسراون، هاوکات بەخوێندنی ئەو بابەتانەی کە وەکو وانەی مێژوو لەخوێندنگەکاندا دەخوێندرێن، هەمیشە ئێمە لەبەردەم وێنەیەکی کورد داین کەلێبڕاوانەو هەمیشەو هەموو میرو فەرمانڕەوایەك ئاواتی سەرخستنی کوردو دروستکردنی گوتاری نەتەوەیی و کوردستانێکی سەربەخۆ بووە. ئێمە لەو مێژووەدا بەردەوام خەباتی بێبڕانەوە دەخوێنینەوە، کەچی هەتا ئەمڕۆش کورد نەیتووانیوە ئەو دەسکەوتانە بەدەست بهێنێت کەلەو سەردەمەوە تاکو ئێستا خەباتی بۆدەکرێت، بەڵام ئەو پرسیارەی کەلێرەدا گرنگە ئەوەیە: ئایا بەڕاستی دەسەڵاتدارانی کوردی ئەو سەردەمە خاوەنی گوتارێکی نەتەوەیی گشتگیربوون؟ بێگومان لەکتێبی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیەوە دەگەینە ئەو راستییەی کەنەخێر بەهیچ شێوەیەك میرنشین و فەرمانڕەوایان و سەرکردەی شۆڕشەکانی کورد خاوەنی گوتارێکی نەتەوەیی گشتگیر نەبوون، چونکە "هەستی نەتەوایەتی دەبێت لەدوو ئاستدا جیابکرێتەوە، یەکەمیان هەستێکی غەریزییە کەپەیوەندی بەکۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤەوە هەیەو لەیەکێتی زمان و یەکێتی خاك و یەکێتی مێژوو هاو نەژادیدا خۆی دەبینێتەوەو ئەم هاوبەشیانەش جۆرێك لەوەلاء و ئینتیمای بۆ یەکتر دروستکردووە کەپێکەوە ژیانی لێکەوتۆتەوە کەدەتوانین لەئاستێکی تردا پێی بڵێین کۆمەڵایەتی بوون. ئەم حاڵەتە شتێکی سروشتی و خۆڕسکەو پەیوەندی نییە بەشێوازی پەرەسەندن و ئاستی ژیانی کۆمەڵگاوە، بەڵکو بووەتە بەشێك لەژیانی سروشتی مرۆڤ و هەرکەسە پەیوەستە بەو کەسانەوە کەلەنەژادی ئەون و بەزمانی ئەو دەدوێن و پێکەوە لەسەر خاکێك هاوبەشن و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. ئەم حاڵەتە نەك بۆمرۆڤ، بەڵکو بۆ زیندەوارانی تریش راستە. دەبینین ئاژەڵەکان بەگشتی لەشێوەی کۆمەڵدا پێکەوە دەژین، گەلە گورگ، هۆڕەوە بەراز، پۆلە باڵندە، رانە مەڕ، گاگەل،.. ئەمەش لەبنەڕەتدا بۆخۆپاراستن و ململانێ لەگەڵ سروشتدا دروستبووە، ئەم ئاستەی

پێکەوە ژیان کەهەستێکی هاوبەشی دروستکردووە بۆخۆپاراستن و بەرگریکردن لەمانەوە بەگوێرەی سەرجەم زیندەوەران راستە، بەڵام بەگوێرەی مرۆڤ ئاستی دووەمی کۆبوونەوە گرنگە کەهەستی نەتەوایەتی وەکو بەرهەمی پەرەسەندن رێکی دەخات[٢]." لەم پەرەگرافەوە دەگەینە ئەو راستییەی کەمیرنشین و فەرمانڕەواکان دووشتیان تێکەڵاو کردووە. یەکەمیان سروشتی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ لەگەڵ ئەوانی دیدا، دووەمیش هەستی نەتەوایەتی بۆ رزگارکردن و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆکوردستان. هەموو ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە تەنها بەو هەستە کۆمەڵایەتییە وایانزانیوە هەڵگری گوتاری نەتەوەیین و نوێنەری کۆمەڵگەن. کاتێکیش سەیری کوردستانی ئەو سەردەمەو سەیری پارچەپارچەیی دەکەیت کەهەر پارچەو لەژێر دەسەڵاتی میرنشینێکدایە ئەوا بەئاشکرا دەردەکەوێت کەنەتەوەیەکی یەکگرتوو یەك ئامانج کەبەدەستهێنانی سەربەخۆیی بێت بوونی نەبووە، بێشك" هەتا نەتەوەش بوونی نەبێت هەستی نەتەوایەتی بوونی نابێت[٣]." کەواتە بانگەشەی میرو دەسەڵاتداران کەهەڵگری گوتاری نەتەوەیین لەغیابی نەتەوە خۆیدا جگە لەوەهم و نەزانی و نائاگاهی لەبنەماکانی دروستبوونی نەتەوە هیچی تر نییە. کەواتە لەسەرەتایترین مەرجەکانی دروستبوونی نەتەوەو سەرەتاییترین مەرجێك کەپێویستە ئەو شۆڕش و دەسەڵاتانەی لەسەر بنیاتبنرێت کەئامانجیان سەربەخۆیی و دروستبوونی نەتەوەیەکی یەکگرتوو و خاکێکی یەکپارچەیە فەرمانڕەوایانی کورد لێی بێئاگابوون و درکیان بەجیاوازی سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و هەستی نەتەوایەتی بەبوونی نەتەوەوە نەکردووە. هەربۆیەشە پەی نەبردن بەم جیاوازییە یەکێك بووە لەو هۆکارانەی کە نەگوتاری نەتەوەیی و نەنەتەوە لەسەر دەستی ئەواندا دروستببێت.

## زاڵبوونی هەستی خێڵایەتی و ناوچەگەرێتی بەسەر هەستی نەتەوایەتیدا

ئەوەی کەئێمە لەمێژووداو سەبارەت بەمیرنشینەکان و شۆڕشەکانی کورد دەیانخوێنینەوە لەهیچ کامیاندا میرنشینێك یاخود شۆڕشێك نابینین کە سەرتاپای کوردستانی بێجیاوازی گرتبێتەوە، بەڵکو ئەوەی هەبووە تەنها لەناوچەیەك و لەبەشێکی

کـەمی کوردسـتانداو هـەرجارەی لەشـوێنێکدا سـەریهەڵداوە. تەنانـەت نـەك پارچـەیەك و میرنشینێك، بەڵکو هەندێجارو لەیەك کاتدا لەمیرنشینێك زیاتر بوونی هەبووەو هەمووشیان بەحسابی خۆیان یەك ئامانجیان هەبووە، ئـەویش سـەربەخۆیی بـووە، بـەڵام ئەمـە تـەنها دروشمێك بووەو هیچی دی، چونکە هەمیـشە ئـەو میرنـشینانە دژ بەیـەك و لەسـەر خـاکی کوردسـتان شـەڕیان دژی یـەك کـردووەو بۆلـەناوبردن و سـڕینەوەی یـەکتری جـەنگاون. کەواتـە لێـرەدا ئامـانج سـەربەخۆیی و یـەك نەتـەوەیی نییـە، ئەگـەر ئامـانجی هـەموان ئەوەبووایە ئەوا یەکیاندەگرت و نەتەوەیەکی یەکگرتوویان دروستدەکردو دژی دەوڵـەتانی داگیرکـەرو پێکـەوە بـەرەو خواسـتی نەتـەوەیی هـەنگاویان دەنـا، بـەڵکو ئـەوەی لـەبیرو ئەندێشەی میرنشینەکان باڵادەست بووەو ئەوەی بۆی تێکۆشاون مانەوەی خود بووە نەك نەتەوە.

بەچـاولێکردنی سـەردەمی فـەرمانڕەوایی میرنـشینەکان ئـەوەمان بۆدەردەکـەوێت کـە ناوچــەگەرێتی و خێڵایــەتی بەســەر هەســت و هــۆش و بــیری فەرمانڕەوایانــدا زاڵبــووەو ئەوەندەی بیریان لەو بابەتە کردۆتەوە نیو ئەوەنـدە بیریـان لەیـەك ریزیـی و یـەکگرتووی نەتەوەی کورد نەکردۆتەوە. بیرکردنەوە لەپاراستنی سەروەریی خێڵ و ناوچـەو زاڵکردنـی ئەو خواستەو پێشخستنی پاراستنی نەتەوەو کوردسـتان بەگشتیی بیرکردنـەوەی ئەگـەر نەڵێین سەرجەم میرنشین و شۆڕشە کوردییەکان بووە، ئەوا بیرکردنەوەی بەشێکی زۆریان بووە. هەمیشە ناکۆکیەکانی کـورد لەگـەڵ خۆیـدا زیـاتر بـووە لـەو ناکۆکیانـەی کەلەگـەڵ دەرەوەدا هەیبووە. ئەوەندەی کورد لەگەڵ خۆیداو ئەوەندەی لەگەڵ هێزو میرنشینەکانی دراوسـێیدا کەهـەموویان کوردبـوون جـەنگاوە ئەوەنـدە لەگـەڵ داگیرکـەرانی کوردسـتاندا نەجەنگاوە. "تەنانەت ئەوانەشی سەربەهەمان خێڵ و عەشیرەت بوون، واتە هەمان خوێن و دەماریـان هـەبووە، لـەزۆر کاتـدا دژی یـەك بـوون وەکـو ئـەو هەڵوێـستەی کەشـێخ عەبدولکەریمی قادر کەرەم بەرامبەر شێخ مەحموود نوواندوویەتی کەهەردووکیان لەهەمان درەختی بنەماڵەن[٤]." تەنانەت جاری واهەبووە کار گەیشتۆتە ئـەوەی ئـەم میرنـشین دژی ئەوی دی و ئەم شۆڕشە دژی ئەو بزوتنەوەیە پەنا بەرنە بەر سەرسەخترین دوژمنی کوردو کوردســتان و داوای یارمــەتی لێبکــەن و بۆلــەناوبردنی براکــانی خــۆی و میرنــشین و شۆڕشەکانی تر. ئەم کردەوەیـە لوتکـەی خیانـەت و خۆپەرسـتییە، ئـەم هەڵوێـستە نـەك

خیانەتە لەمیللەت و لەنیشتمان، بەڵکو پەڵەیەکی رەشیشە بەنێوچاوانی کوردەوە کەهەموو کات و هەموو هێزەکانی کورد بەم هێزانەی ئێستاشەوە پەیڕەوی لێدەکەن و بووە بەکەلتوورێکی سیاسی ناشیرن و دزێو لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا. کورد هەمیشە دۆستێکی نەرم و نیان و ئارام و بێوەی دوژمنەکانی بووەو دوژمنێکی سەرسەختی کورد خۆی بووە. بۆیە بەهیچ لەونێك ناتوانین هیچ کام لەو میرنشینانە بەپێشەنگ و بەخاوەنی هەستی نەتەوایەتی لەقەڵەم بدەین، چونکە پەنابردنەبەر چەك و لەناوبردنی یەکتری و خیانەتکردن و پەیڕەوکردنی خود دوژمنی و دوژمن بەدۆست، ناتوانیت باسی دڵسۆزیی و هەوڵدانیان بکەین بۆ دروستکردنی نەتەوەو نیشتمانێکی سەربەخۆ. خود باڵادەستی و بەنۆکەر زانینی ئەوی دی نەك تەنها لەمێژووی کورددا، بەڵکو لەئێستاشداو هێزەکورردییە خاوەن هەیمەنەکانی کوردستان هەمان هەڵوێست و هەمان فکرەو بۆچونیان بەرامبەر یەك هەیەو ئەگەر بۆیان بلوێ و رێگەیان پێبدرێت لەهەرکاتێکدا بێت هەوڵی سڕینەوەو یەکترکوژی دەدەن و ئامادەن لەپێناو مانەوەی خۆیاندا هەتا دوا دڵۆپ خوێنی کوردو لاوەکانی لەسەر دەستی یەکتری بڕێژن. هەموو ئەمانەش وایانکردووە هێزەکان هەموو کاتێك ئامادەی ئەوەبن لەسەر پاراستنی ئەو ناوچەیەی ژێر دەسەڵاتی نەك کوردستان بەگشتیی خۆیان بدەن بەکوشت و لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی ناوچەگەریی و خێڵایەتی سازش لەسەر بەرژەوەندییەکانی کوردستانی گەورە بکەن. " خێڵایەتی کوردی کەسێتییەکی گۆشەگیری دابڕاوی دواکەوتووی بێئاگای قایل بەوەی کەهەیەتی و خۆژێن لەسەر بنەمای ئابوری بەشی خۆکردنی بەرهەم هێناوە، کەسێتییەك کەبەتووندی پەیوەست بووە بەخوێن و دەمارو پەیوەندی خزمایەتی و ناوچەگەرێتییەوە، کەسێتییەك کەهەموو پەیوەندی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسنووری بنەماڵەو تیرەو خێڵ و عەشیرەت و ناوچەکەی خۆیدا بووە، هەموو ئەم بنەمایانەش پێکەوە کەلتوورێکیان بەرهەمهێناوە کەیەك روانین و یەك عەقڵ و یەك لێکدانەوەی بۆ بوون و ژیان هەبووە کەئەویش بەپیرۆز دانان و سەیرکردنی خوێن و نەسەبی خۆو بەسوك سەیرکردنی ئەوانی ترە[٥]." کەاوتە ئەو مێژووەی پێماندەڵێت سەرجەمی میرنشین و شۆڕشەکان لەپێناو دروستبوونی نەتەوەدا تێکۆشاون، دەیانەوێت راستییەکان نەبینین و ئەو هەستە

ناوچـــەگەریتی و خێڵایەتییـــە نـــەبینین کەهەریـــەکێك لەفـــەرمانڕەواکان و ســـەرکردەی شۆڕشەکان هەڵگری بوون.

## زاڵبوونی هەستی مەزهەبی و ئایینی بەسەر هەستی نەتەوایەتیدا

یـەکێکی تـر لـەو هۆکارانـەی کـەبڕبڕەی کـوردی شـکاندووە بـۆ دروسـتکردنی گوتـارو دەوڵـەتێکی نەتـەوەیی بریتیبـووە لـەو لایەنـە ئایینییـەی کـەدوژمنانی کـورد هەمیـشەو بەئامانجی خۆیان بەکاریانهێناوە. (هەڵبەت لێرەدا قسەمان لەسـەر خراپـی ئـایین نییـە)، بـەڵکو قـسەمان لەسـەر ئـەو تێگەیـشتنە خراپـەو ئـەو هەڵوێـستە دوور لەسیاســەت و ستراتیژییەیە کە میرو دەسەڵاتداران پەیڕەویان لێکردووەو هەمیشە بەناوی ئایین و ڕێبازو تەریقەتەکانـــەوە شوناســـی نەتـــەوەو کوردســـتان و بەرژەوەندییـــەکانی نەتـــەوەیان پشتگوێخـستووەو پاڵیـان داوەتـە دوژمنـەکانیان تـەنها لەبـەر ئـەوەی هـاو ئـایین و هـاو مەزهەبن و هەموو ئامانجەکانی خۆیـان و نەتـەوەیان لـەوپێناوەدا لـەبیرکردووە. تەنانـەت هەندێجارو بۆهەندێ میرو سەرۆك شۆڕشەکان ڕێککەوتووە کەئەگەر ئەو هەستی ئـایینی و مەزهەبییـە نەبوایـە ئـەوا دەکـرا دەلاقەیـەکی بـاش و هـەنگاوێك بووایـە بـۆ جوڵانـەوەو دروستبوونی دەوڵـەت و گوتـاری نەتـەوەیی، بـەڵام ترسـی تێکچوون و زاڵبـوونی ئـایین و مەزهەبێك غەیری ئایین و مەزهەبی کوردەکان نەیهێشتووە ئەوهـەنگاوە بهـاون، بێگومـان ئەم پاساوەش زۆر سادەیەو نـاتوانین پـشتی پێببەسـتین و بەهۆیـەوە چـاو لـەو هەڵەیـە بپۆشین کە میرنشین و فەرمانڕەواکان بەبیانووی ئایینەوە کردوویانە، چونکە ئەگەر بڕوات بەئایینەکەت هەبێت و لەناو میللەتدا ڕەگی داکوتابێت ئـەوە هـیچ هێزێك ناتوانێت ئـەو ئایینـەت پـێ ڕەت بکاتـەوە، بـەڵکو بەقۆستنەوەی ئـەو هەلـەو بەدروسـتکردنی نەتـەوەو کوردستانێکی سەربەخۆ لەسەر حسابی دوژمنەکـەت، ئەوکاتـە دەتـوانرا باشـتر پـەیڕەوی لەئایین و مەزهەبەکەیان بکەن. یاخود هەندێجاری تر هەبووە دەوڵەتانی دوژمن، بەڵام هاو ئایین و هاومەزهەب توانیویانە میللەتی کورد لەگەڵ وڵات و لایەنێکی تردا کەدۆستی کـورد بوون، بەڵام هاو ئایین نەبوون بخەنە شەڕەوەو زەرەرو زیانێکی بەرچاو بەمیللـەتی کـورد بگەیەنن. ئەم دژایەتییەو ئەم ململانێ ئایینییـە تـەنها لەسـەر ئاسـتی دەرەوەو دەوڵەتـە گـەورەکان نـەبووە، بـەڵکو ئـەم دژایەتییـەو ئـەو ململانـێ ئایینیـە لەناوخۆشـداو لـەنێوان بنەماڵـەو تەریقـەت و شـێخەکاندا هـەبووەو هۆکـارێکی کاریگـەریش بـووە لـەو لاوازییـەی

کەکورد لەناوخۆدا دووچاری بۆتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم هۆکارە ئاییندشدا بێپرۆژەیی و نەبوونی عەقڵی سیاسی کوردو درك نەکردن بەڕووداو و پێشهاتەکان و خراپ لێکدانەوەو راڤەکردنی هەلومەرجە رامیارییەکان فاکتەرێکی تری گرنگی ئەو لاوازیی و تێکشکانە نەتەوەییەیە کەکورد تووشی بووە. تەنانەت ئەم حاڵی نەبوون و نەشارەزاییە لەسیاسەت وایکردووە ئەو دەوڵەتانەشی بەجدی بەنیازی یارمەتیدانی دروستکردنی نەتەوەی کوردبوون پەشیمان بوونەوە. " ئەو قسەیە لەجێگەی خۆیدا نییە کەگوایە ئینگلیز لەبنەڕەتدا نەیانویستووە دەوڵەت یان دەسەڵات بۆ کورد دروست بکەن، ئەگەر ئەو قسەیە راست بووایە یەکەمجار شێخ مەحمودیان نەدەکرد بەحوکمداری سلێمانی، دوای ئەوەش کەلەتاقیکردنەوەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو نەیتووانی لەگەڵ ئینگلیزەکان بگونجێت و دەسەڵاتەکەی رووخا....[٦]" ئەمە ئەوە دەردەخات کەئینگلیزەکان لەو سەردەمەدا بەنیازی دروستکردنی دەوڵەت یان دەسەڵاتێك بوون بۆ کورد، بەڵام لەڕووی سیاسیی و عەقڵی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە لەشێخ مەحمود دڵنیانەبوون بۆیە متمانەیان پێ نەماوەو دەسەڵاتەکەیان رووخاندووە. واتە "کورد خۆی نەیتووانیوە لەڕووی بەڕێوەبردن و عەقڵی سیاسی و خۆگونجاندنەوە ئەوە بەئینگلیزەکان بڵێت کەئەم توانای ئەوەی هەیە وڵاتی خۆی لەشێوەیەکی رێکوپێك و گونجاودا بەڕێوە ببات[٧]."

## ساویلکەیی و خۆشباوەڕیی میرو سەرکردەکانی کورد

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کەبووەتە رێگر لەبەردەم دروستبوونی نەتەوەو گوتاری نەتەوەدا بریتیبووە لەساویلکەیی و خۆشباوەڕیی میرو فەرمانڕەواو سەرکردەکان. سیاسی و بڕیار بەدەست هەر شتێك بێت بەقەد ئەوە خراپ نییە کەبەسادەیی لەشتەکان بڕوانێت و خۆشباوەڕ بێت بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی کەپێی دەوترێت. بەداخەوە سیاسی و دەسەڵاتدارانی کورد لەم سیفەتەشدا پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوەو هەمیشە پەیڕەویان لەسادەیی و خۆشباوەڕیی کردووە. دوێنێ لایەنگری تورکەکان و ئەمڕۆکە لایەنگری ئینگلیزو سبەینێش لایەنگری سۆڤیەت، ئەم هەڵوێستانە جگە لەخۆشباوەڕیی و ساویلکەیی سەرکردەکان هیچی تر ناگەیەنێت. متمانە نەبوون بەهێزی نەتەوەو جەماوەرو متمانە نەبوون بەخود وەك و میرو سەرکردە خۆشباوەڕیی و ساویلکەیی لێدەکەوێتەوە،

بێگومان نەبوونی ئەوهێزە لای میرەکان کەمتمانە بەخۆیان بـەهێزکات و هـەروەها متمانـە لای میللەت و جەماوەریش دروست بکات جگە لەسادەیی و نەشارەزایی لـەبواری ئیـداریی و بەڕێوەبردنـدا هیـچی تـر نییـە، چـونکە کاتێـك بـاوەڕت بـەخۆت و بەمیللـەت نـەما بـۆ دروستکردن و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و نەشت تووانی ئەو متمانەیە دروست بکـەیت، ئیدی زۆر بەسادەیی بڕوا بەهەموو ئەو بەڵێن و پەیمانانە دەهێنیـت کەلەلایـەن ناحـەزان و دوژمنانەوە پێت دەدرێـت. زۆر بەخۆشـباوەڕییەوە ئەمڕۆکـە لای هێزێـك و سبەینێش لای یەکیـدی، ئـەمڕۆ راسـتڕەویت و سـبەینێش چـەپڕەو. دەقـاو دەق مـیرو سـەرکردەکانی کـوردیش نـەبوونی ئەومتمانەیـە وایلێکـردوون کەهەمیـشە چـاوەڕوانی فریادڕەسـێك بـن لەدەرەوەی هێزی خۆیان. ساویلکەیی و خۆشباوەڕیی مـیرو سـەرکردەکانیش وایکردووە کـە هەرلایـەنێك بیـەوێت لـەژێر هەردروشـم و بانگەوازێکـەوە یـاخود لەڕێگـەی ئـایین و ڕێبازەکـانی تەریقەتـەوە یـاخود بـەهۆی پێـدانی بـەڵێنی سـەوزو سـورەوە لـەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەڵیان بسوڕێنن و بەئارەزوی خۆیان بیانکەنە دۆسـتی لایـەنێك و لەگەڵ لایەنێکی تریشدا ئەگـەر لەگـەڵ کـورد خۆیـشیدابێت بیانخەنـە جەنگـەوە. بێشك باجی هەموو ئەو هەڵەو خۆشـباوەڕییە دەبێـت کـورد بیـدات و داویشیەتی. پـڕ ئاشـکرایە باجی هەڵەگـەلێکی لەوجۆرەیـە کەئێـستا کـورد نـەخاوەنی دەوڵـەت و نـەخاوەنی خـاك و کوردستانێکی سەربەخۆیە. هەڵبەتە لەوەها حاڵێکیشدا هـەرگیز نـاتوانین بـاس لـەبوونی نەتەوەو گوتاری نەتەوەیی بکەین.

### ئەنجام

یەکەم: لەهەموو ئەوباسانەی کەلەسەرەوە وروژاندومانن و لەکتێبی ئاماژە پێدراویشدا جەختیان لەسەر کراوەتەوە دەگەینە ئەو ئەنجامـەی کەسـەرکردەو مـیرو فـەرمانڕەواکانی کورد هێندەی مەیلیان بۆ خێڵ و ناوچەگەرێتی هـەبووە ئەوەنـدە مـەیلیان دروسـتبوون و کوردستانێکی یەك نەتەوەو سەربەخۆ نەبووە. بەمانایەکی تر ئەوەنـدەی خێـڵ و ناوچـەو بەرژەوەندییـەکانی ئەوناوچـە تەسـکەیان لەبەرچـاو بـووە کەتێیـدا ژیـاون ئەوەنـدە سەربەخۆیی کوردستانی گەورەو بەرژەوەندی نەتەوەکەی بەگشتیی لەبەرچاو نـەگیراوە. کەواتە مێـژووی ئێمـە پڕیـەتی لـەمیرو سـەرکردەی خێـڵ و ناوچـە پەرسـت نـەك پڕبێـت

لەسەرۆك و فەرمانڕەوای خەمخۆرو هەڵگری گوتاری نەتەوەیی. بێگومان ئێمە ئینکاری لەوە ناکەین کەلەهەموو سەردەم و لەناو هەموو میرنشین و شۆڕشەکاندا تاکی ناسیۆنالیست هەبووبێت، بەڵام لەغیابی ناسیۆنالیزمدا " دەشێت تاکی هۆشیار لەکۆمەڵگادا تاکێکی ناسیۆنالیست بێت بەبێئەوەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم یان تەنانەت ناسیۆنالیزم بوونی هەبێت، تا ئەو ئەندازەیەی کەدەشێت تاکی هۆشیاری ناسیۆنالیست هەبێت بەبێئەوەی نەتەوە بەچەمکی نوێ بوونی هەبێت[8]." کەواتە تاکی لەو شێوەیە بوونی هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەتەوە بوونی نەبووە ئەو هەستە لای تاك ماوەتەوەو نەبۆتەهێزێکی جەماوەری کەکاریگەری لەسەر رەوشەکەو لەسەر بڕیاری سیاسییەکان هەبێت.

دووەم: هیچ کەس گومانی لەوە نییە کەدەوڵەتانی بێگانەو داگیرکەر هەمیشە چاویان لەکوردستان بڕیوەو هەوڵی داگیرکردنیانداوە، بەڵام کورد خۆی یەکێك بووە لەو هۆکارە کاریگەرانەی کەدەوڵەتانی بێگانە بێن و کوردستان داگیربکەن، ئەمیش بەدوو شێوە: یەکەمیان ئەو ناکۆکیە بەردەوامەی کەکوردەکان خۆیان لەناوخۆدا هەیانبووەو دژی یەکتری جەنگاون و کوشت و بڕی یەکتریان کردووە، کەئەمەش بووەتە لاوازیی میرنشینەکانیان و دەوڵەتانی داگیرکەریش ئەم هەلەیان قۆستۆتەوەو کوردستانیان خستووەتە ژێر ركێفی خۆیانەوە. دووەمیشیان راکێشان و دەعوەتکردنی دەوڵەتانی داگیرکەرە بەدەستی کورد خۆی، ئەمەش بەمەبەستی یارمەتی وەرگرتن لەهێزی ئەو دەوڵەتانە بۆ لەناوبردنی برا کوردەکانی لەناو میرنشینەکانی ترو لەناو شۆڕشەکانی تردا. واتە بێهێزیی ناوەوە وایکردووە دەوڵەتانی دەرەوە بێن و بەبیانووی باشکردنی دۆخەکەو ئارامکردنەوەی بێنە کوردستان و داگیری بکەن. بەمانایەکی تر ئەگەربێت و کورد لەناوخۆیدا هێزێکی یەکگرتوو ئامانجیان سەربەخۆیی وڵات بووایە بێشك ئەوهەموو دەوڵەتە جورئەتیان نەدەکرد بەو شێوە ئاسانییە بێنە ناو کوردستان و ئەو هەموو داگیرکاریەش رووی نەدەدا. " لەلاوازیی و نائامادەبوونی ناوەوە یان رووبەری (خود)دا، دەرەوە بووەتە ئەو هێزە مەعنەوی و فیکری و ئایدۆلۆژییەی کەهەموو رووبەری ناوەوەی کۆنترۆڵکردووە...[9]"، کەواتە هەموو ئەو تۆمەتە زۆرانەی کەبەردەوام و لەناو ئەوکتێبانەی مێژووی کوردیان تێدا نووسراوەتەوە دراونەتە پاڵ هێزە دەرەکیەکان و بەفاکتەری

سەرەکی رووخانی شۆڕشـەکان و بـەهۆکاری سـەرەکی دروستنەبوونی نەتـەوەو گوتـاری نەتەوەییان داوەتە قەڵەم هەڵەیەکی مێژوویی زۆر گەورەیە. ئەم قـسەیە ئـەوە ناگەیـەنێت کەئەو دەوڵەتانـە دەسـتیان لـەو مەسـەلانەدا نـەبووە، بـەڵام فاکتـەری سـەرەکی و پـێش هەموو شتێك هەڵەو ناکۆکییەکانی ناوخۆیی بووە پاشان هۆکارەکانی دی.

سـێیەم: لەولێکۆڵینەوەیـەدا ئـەوە زۆر بـەڕوونی دەرخـراوە کەیـەکێك لـەهۆکارە کاریگـەرەکان کـەکوردی لاوازکـردووەو دووچـاری داگیرکـاری بۆتـەوە، بریتیبـووە لـەو ناکۆکیـەو دژیـەك وەسـتانەی کـەکورد دەرحـەق بەیـەك ئەنجامیـداوە. بۆیـە ئـەوکات و ئێستاش قازانجی کورد لەدوو هێزی و دووبەرەیی و بەدوژمنزانینی ئەوی دیدا نییە، بەڵکو خاڵی جەوهەری بۆسەرکەوتن و دروستکردنی نەتەوەیـەکی یـەکگرتوو خـاوەن نیـشتمان و کوردستانێکی سەربەخۆ بریتییە لەیەکڕیزیی و لەناوبردن و سڕینەوەی ناکۆکیەکان.

**کۆتایی**

لـەکۆتایی ئـەم باسـەدا دەمـەوێت ئـەوە دووبـارە بکەمـەوە کـەزۆر گرنگـە بـەردەوام بگەڕێینەوە بۆ رابردوو قسەی زیاتری لەسـەر بکـەین و هەرچـی هەڵـەو کـەموکوڕیی هەیـە لەمێـژووداو هەرکەسـێك ئەنجامیـداوە دیـاری بکـەین و شـی بکەینـەوەو لـەهۆکارەکانی بکۆڵینـــەوە. ئەگـــەر تـــا دوێنـــێ مێـــژووی شـــۆڕش و ســـەرکردەکان وەك موقـــەدەس سەیریانکراوەو وا وێناکراون کەبێ هەڵـەو کـەموکوڕیی بـوون و هەمیـشە لـەپێناو میللەتـدا تێکۆشاون، ئەوا دەبێت ئەمڕۆ ئەو پیرۆزییە نەهێڵین و بەجدی و بـەبێ رەچـاوکردنی هـیچ پیرۆزییەك و بەبێ بەخشینی هیچ بێگەردییەك بەهیچ کەسێك لەسەرجەمی مێژوو بڕوانین و مێژوو بخەینە بـەر دیـدەو رەخنـەوە. خۆئەگـەر تـادوێنێ باسـکردنی رابـردوو باسـکردنی خیانەت و باسکردنی ئەو سەرکردەو لایەنانەی کوردستانیان لەپێناو بەرژەوەندی تەسکی شەخسی و لەبەرژەوەندی تیرەو هۆزێکدا بەکارهێناوە تـابۆ بوبێـت، ئـەوا دەبێـت ئـەمڕۆ ئـەو تابۆیـە بـشکێنین و سـەرجەمی مێـژوو بەسـەرکەوتن و بەشکـست و بـەقارەمان و خائینەوە ئاشکرابکرێن و لەبارەیانەوە قسەو گفتوگۆ بکرێت. هیچ میللەتێك بەپیرۆزکردنی مێژوو بەپیرۆزکردنی سەرکردەو ناسەرکردەکان نەگەیشتۆتە هیچ ئەنجامێك، بەڵکو ئەوەی

هـانی میللـەت دەدات بـۆ سـەرکەوتن و دووبارەنەکردنـەوەی ئـەو هەڵانـەی لـەڕابردوودا ئەنجامدراون، دەرخستنی وێنـەی راسـتەقینەی مێـژووە وەك ئـەوەی کەهـەبووەو رەخنـە کردنیەتی.

دواجار کتێبی "گوتـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی" عـەتا قـەرەداخی هـەوڵێکی بێوێنـەو بەرچاوی لەو پێناوەدا داوەو زۆر ورد بـەدوای هەڵـەو کـەموکورتی و خیانەتەکانـەوەبووەو بەشـێوەیەکی فکـری و مـەعریفی شـیکردوونەتەوە. زیـادەڕۆیی نییـە ئەگـەر بڵـێم دەبێـت کتێبخانەی کوردی شـانازی بـەوەها کتێبێکـەوە بکـات، بێـشك بـۆ ئێمـەی نـەوەی نـوێش خوێندنەوەی وەها کتێبێك پێویستییەکی سەرەکییە.

**سەر چاوەو پەراوێزەکان:**

گوتـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی، بـەرگی یەکـەم، لێکۆڵینـەوە، عـەتا قـەرەداخی، چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٧.

١-هەمان سەرچاوە، لا ٢١١.

٢-هەمان سەرچاوە، لا ٦٥-٦٦.

٣- هەمان سەرچاوە، لا ٦٦.

٤-هەمان سەرچاوە، لا ٣٩٠.

٥-هەمان سەرچاوە، لا ٩١.

٦-هەمان سەرچاوە، لا ٣٧٤-٣٧٥.

٧-هەمان سەرچاوە، لا ٣٧٥.

٨-هەمان سەرچاوە، لا ٧٨.

٩-هەمان سەرچاوە، لا ٤٣٥.

Peshawa_١٩٨٨@yahoo.com

# دیدار



## دیدار لەگەڵ هیوا قادر

*دیداری: شاڵەوان سدیق*



## وتووێژێک لەگەڵ وەرگێڕی بەتوانای گەلەکەمان ناسری حیسامی

*سازدانی: پەوار هەیدەری*

## هیوا قادر:



# بێبەشبوونی من لەمنداڵی بەشێکە لەبێبەشبوونی کۆمەڵگەی کوردی لەژیان

**دیداری: شاخەوان سدیق**

هیوا یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەمیشە خوێنەرەکانی دەکاتە دیلی خۆی و لەگەڵ خوێندنەوەی چەند دێڕێکیدا ئیتر دەبێت تا کۆتایی نووسینەکە سەفەرێکی دورودرێژی خەیاڵی لەگەڵدا بکەیت. دواین رۆمانی هیوا، رۆمانی منداڵێك لەسەرمانگ بوو، کە من لەخوێندنەوەی ئەم رۆمانەدا تووشی ئەم حاڵەتە بووم. جا بۆ قسەکردن لەسەر ئەم رۆمانەو چەند کەرەستەیەکی ئیشکردنی دیکەی هیوا لەبواری نووسیندا پێمخۆشبوو ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازبدەم.

**زۆر لەنووســـینەکانت پانتاییـــەکی گـــەورەی لەمنـــداڵی داگیرکـــردووەو دەگەڕێتەوە بۆ دنیایەکی پڕ لەبەرائەت، تەنانەت دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک لەو ساتانەی کە لەمنداڵیدا سەرنجیان راکێشاویت، وەک (خاڵخاڵۆکە)، لەهەندێک شوێندا سوێندی پێدەخۆیت. دواین کاریشت رۆمانێکە بەناوی (مناڵێک لەسەر مانگ)، ئایا ئەمە بێبەشبوون و مەحروم بوونت نییە لەمنداڵی خۆت؟ تاوا هەستبکەیت کە منداڵییەکی ئاسایت نەبووە؟ یان تۆ چیت لەمنداڵی و دنیای منداڵی دەوێت؟**

شێوە ژیانی منداڵی من هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ منداڵانی تری هاوتەمەنی خۆمدا نەبووە، هەموومان منداڵانی ناو جەنگەکان بووین و هەر زوو منداڵیمان بەجێهێشت و گەورەبووین. دواتریش مژدەکانی گەورەبوون نەیتوانی هەقی ئەو بەجێهێشتنە خێرایەی منداڵیمان بۆ بکاتەوە، گەورەیی لەسەردەمی جەنگدا وەك کردنەوەی دەرگای جەهەننەم وایە لەسەر ژیان، کاتێك گەورەیی دەبێتە بەردەوامی ژیان لەسەر خەرەندی جەهەننەم ئیتر ئینسان هیچ ئومێدێکی بەژیان نامێنێت.

دیارە من پێموایە منداڵیی یادوەری یەکەمە، وەك چۆن لەدایکبوونی ئەستێرەو مانگەکان زادەی یەکەم تەقینەوە گەورەکەی گەردوونن، ئاوهاش منداڵیی بەریەکەوتنی هەستی ئینسانییە بەبینینی شتەکان و جەبری یاساکان و تێگەیشتنیان. منداڵیی یەکەم ساتەوەختی سەرساميیەکانە بەدنیا، نووسەریش بۆ ئەوەی ئاسانتر دەستی بگات بەو سەرسامیانەو درێژە بەخەیاڵ و ئەزموونی نووسینی خۆی بدات، هەندێکجار دەگەڕێتەوە بۆ منداڵیی، بەڵام وەستان تەنها لەبەردەم سەرسامیی منداڵییدا بەس نییە بۆ ئەوەی لەوێوە دنیا سەرلەنوێ دروستبکەیتەوە، قەتیسمان لەناو ئەو سەرسامییەدا ریسکی گەورەی بۆ نووسەران هەیە کە دواتر رەنگە بیانخاتە بەردەم تێگەیشتنێکی هەڵە بەرامبەر بەدنیا.

بەشێك لەکارکردنی من لەناو خەیاڵاتی منداڵیدا لەهەمان ئەو سیستمی ناولێنانانە دەچێت کە منداڵان سەرەتا دێن و ناوی مێرووەکان و باڵدارەکان دەنێن، وەك چۆن پێشووتریش لەشوێنێکی تردا هێمام بۆ ئەم خاڵە کردووە، ئەویش بەبڕوای من ئەوەیە کە ئەوە منداڵانن سەرەتا ناوی مێرووەکان و باڵدارەکان دەنێن، یاخود کەسانێکن کە پڕن لەخەیاڵ و رۆحیەتی منداڵانە، تۆ سەیری ناوی باڵدارەکان بکە، خاڵخاڵۆکە، حاجی

لەقلەق، کوللە حاجی، کلاوکوڕە، پەپووسلێمانکە، کوکوختی، کەنەسمە، پەڕەسێلکەو دەیان ناوی تر، ئەم سیستمی ناونانە لەناو زمانەکانی تری دنیاشدا هەر بەهەمانشێوەیە، بەتایبەتی ئەو زمانانەی کە وەك زمانی کوردی رەگیان لەناو کۆمەڵگای فیوداڵیدا رۆچووە.

دیارە سوێندخواردنی منداڵێك بەخاڵخاڵۆکەیەك، لای من گەورەترە لەسوێندخواردن بەخودا، چونکە خاڵخاڵۆکەیەك لەلای منداڵ لەخودا جوانترو نزیکە دەستترە، ئەم تەوزیفکردنە لەشیعری مندا رەنگە زیاتر بگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆحە منداڵزەدەییەم کە لەگەڵ شتە بچوکەکاندا هەمە.

تۆ هێمات بۆ ناونیشانی رۆمانەکەم کرد "منداڵێك لەسەر مانگە"، ئەم ناونیشانە پەیوەندی بەخەیاڵ و ناوەرۆکی رۆمانەکەوەیە، کە لەوێدا خەیاڵی منداڵێك دەبێتە بەشێك لەتەوەرەی چەقی چیرۆکەکان و فەنتازیاکان.

بێبەشبوونی من لەمنداڵی بەشێکە لەبێبەشبوونی کۆمەڵگەی کوردی لەژیان، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەی ناو جەنگە یەکبەدوای یەکەکانە، ئەم کۆمەڵگەیە لەوەتەی هەیە لەناو جەنگەکاندایەو خۆی دەپارێزێت تا نەفەوتێت، بەڵام من پێموایە جەنگی راستەقینەی کۆمەڵگەی کوردی دوای مانەوەو نەفەوتانی لەناو جەنگەکاندا هێشتا دەستی پێنەکردووە، ئەو جەنگەش جەنگی خۆیەتی لەگەڵ خۆیدا، جەنگی خۆ داماڵینیەتی لەهەموو یادەوەرییەکانی، ئەو یادەوەرییانەی تەنها هی جەنگن نەك ژیان، ئێمە پێویستمان بەیادوەرییەك هەیە کە ژیانی تێدابێت و لەدەرەوەی سێبەری جەنگەکانەوە بێت، بۆ ئەوەی ژیان قابیلی ئەوەبێت هەوڵی بۆبدەیت و بۆی بژیت.

لەڕاستیدا قسەکردن لەسەر منداڵیی، ناشێت و نابێت بێ قسەکردن لەسەر سیستمی کۆمەڵگاو ئەو مەترسیانەی کە کۆمەڵگا پڕدەکەن لەترس و دواتریش دەبێتە لەدەستدانی قۆناغی منداڵیی لەلای ئینسانەکان، دیارە ئەو لەدەستدانەش هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە.

**کۆی ئیشکردنی تۆ هەم وەک بابەت و هەم وەک تێما ئیشکردنێکی فراوانە لەسەر یادوەریی، بەتایبەت ئەمە لەسەفەرنامەکەتدا بەئاشکرا دەیبینین. ئایا یادەوەریی بوونی ئەو هاوڕێیەیە کە هەمیشە لەگەڵ تۆدا دەژی و لەژیانی رۆژانەتدا ئاڕاستەت دەکات بەرەو داهاتوو؟ یان تەنها کەرەستەیەکە کە تۆ دەتەوێت وەک بابەت کاری لەسەر بکەیت، ئایا یادەوەریی بۆ تۆ چییە؟**

دیارە بوونی هەرە بەشی گەورەی زمان یادەوەرییە، کە ئەدەبیش کارکردنبێت لەزماندا ئەوا مەحاڵە تۆ ئەدەبێك بەرهەمبهێنیت بێ باسکردنی یادەوەریی.

ئەو تێمایەشی کە کتێبی سەفەرنامەی لەسەر بنیاتنراوە باسکردنی چیرۆکەکانی رابردووە، هەروەها ئەو شێوازی گێڕانەوەیەی کە لەو کتێبەدا هەیە شێوازی گێڕانەوەیەکە تایبەتە بەچیرۆکی سەفەر، بۆیە نەدەکرا لەدەرەوەی یادەوەرییەوە ئەو کتێبە بەجۆرێکی تر بنووسرایەتەوە.

تۆ بڕوانە بەرهەمی زۆرینەی ئەو نووسەرانەی دنیا کە لەناو جەنگەکاندا ژیاون، زۆرینەی بەرهەمەکانیان قسەکردنە لەسەر یادوەریی ئەو جەنگانەو ئەو نەهامەتیانەی کە ئینسانەکان چەشتوویانە، بۆیە ئاساییە من وەك نووسەرێکی کورد یادوەریم کەرەستەیەکی گرنگ بێت بۆ نووسین. من زۆرجار خۆم بەبەردێکی پەڕیو و ساردبووەوەی بورکانێك دێتە پێش چاو کە گەیشتبێتمە ئەو پەڕی دنیاو لەوێوە دیسانەوە باسی خۆم و ترس و مەرگ و تەمەناکانم بگێڕمەوە بۆ ژیان.

ژیان لەگەڵ یادەوەریدا لەمەنفاو لەناو وڵاتدا جیاوازی زۆرە، بەشێکی هەرە خەمناك و تەنهای ژیانی ناو مەنفا نەتوانینە لەدەستبەرداربوون لەیادوەری رۆژانی رابردووی ناو وڵات، چونکە یادەوەری زۆرینەی جار بریتییە لەو ئاوڕدانەوەیەی کە دەیدەیتەوە بۆ ئەوەی بەرپێی خۆت لەئێستادا ببینیت، بێ رێکەوتنێکی عەقڵیانە لەگەڵ یادوەریدا لەمەنفادا زۆر زەحمەتە لەئێستایەکدا بتوانیت بژیت کە تێیدا وەستاویت، بەڵام ئەم رێکەوتنە هەندێکجار شکستدەهێنێت، کاتێك کە عەقڵ توانای وەڵامدانەوەیەکی بێچەندوچوونی نییە لەبەردەم شاعیرێکدا. ئیدی لێرەوە مەنفا دەبێتە نا شوێنێك کە لەنێوان عەقڵ و شیعرییەتدا هەڵدەواسرێت.

زۆرینەی ترسی ئەو نووسەرانەی ژیانیان لەمەنفادا گوزەراندووە، بەشێکی گەورەی بڕیاری نەگەڕانەوەیان بۆ وڵات لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ناتوانن و زاتی ئەوە ناکەن ئەو ترسە هەژێنەرە بژین، کەساتی یەکەم بەریەککەوتنەوە دروستی دەکات لەبینینەوەی وڵاتدا، ترسی فەوتانی جوانییەکان، گۆڕانی جێگاکان، پیربوونی ئینسانەکان، گۆڕانی هاوڕێکان و هەزاران وردە شتی تر.

تۆ بڕوانە نامەکەی نالی کە هەمووی پرسیارە لەمانەوەی جوانییەکانی شوێن، چەندە سیخناخە بەو ترسەی کە شوێنەکان و دیمەنەکان و کەسەکان وەك خۆیان نەمابن.

بەریەککەوتنی نووسەر لەگەڵ ئەو یادوەرییانەی کە ئێستا وەك خۆیان نەماون لەناو وڵاتدا کەمێك ئەهوەنترو مایەی قبوڵکردنە لەچاو بەریەککەوتنی نووسەرێك کەلەمەنفادا دەژی، بەڵام لای نووسەرێکی مەنفا ئەو گۆڕانانە قابیلی قبوڵکردن نین، چونکە نووسەری ناو مەنفا هەمیشە خەونێکی هەیە کە خەونی گەڕانەوەیە، کە جیاوازە لەخەونی نووسەری ناو وڵات. گەڕانەوەش لەزۆرینەی حاڵەتدا واتا دەستکەوتنەوەی ئەو شتانەی کە بەجێهێڵراون، تۆ ببینە دڵڕەقی پیشاندانی راستییە عەقڵانییەکان و گێڕانەوەیان لەوەڵامەکەی سالمدا بۆ نالی، چەندە پەیوەندی بەدرکاندنی راستییەوە هەیە هێندەش پەیوەندی بەهەستنەکردنی سالمەوە هەیە کە نازانێت ئەو گێڕانەوەیە چەندە خورپەیەکی گورچکبڕ لەلای نالی دروستدەکات. بۆیە ناکرێت یادوەری سالم و نالی کە یەك یادوەرییە وەك یەك تەماشا بکەین، گەر وا بکەین ئەوا دەتوانین بپرسین ئەی بۆچی سالم لەپێشدا نامەیەکی وای بۆ نالی نەنووسی و باسی سلێمانی تێدا نەکرد. ئەوە ئەو پرسیارە شیعرییانەی نالییە وا لەسالم دەکات کە قوڵتر وەك لەوەی کە هەیە هەست بەو هەمو گۆڕان و تێکچوونانە بکات، هەم لەئاستی شوێن و هەم لەئاستی ئینسانەکاندا.

**وەک هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە بەشێکی گەورەی ژیانت پڕبووە لەئازارو نەهامەتی وەک لەسەفەرنامەدا بەوردیی باست لێوەکردووە، بەتایبەت لەڕۆژانی راپەڕیندا کە چەندین جۆر لەتوندوتیژیی و خوێن و کوشتنت بینیوە، ئێستاش لەوڵاتێکی تەکنەلۆجی زبردا لەڕووی رۆحییەوە دەژیت، بەڵام لەشیعردا زۆر ئینساندۆست و ناسک و نەرمیت، بەئەندازەیەک هەمیشە دەڵێم ئەم پیاوە بەم هەموو ناسکییەوە چۆن لەگەڵ ئەم سەردەمەدا هەڵدەکات، ئایا شیعر ئەم ناسکییە دەخوازێت؟ یاخود بینینی ئەو هەموو توندوتیژیی و نەهامەتییە تۆیان بەرەو ئەو ناسکییە بردووە؟**

من نازانم تا چ ئاستێك ناسکم یان نا! پێشموانییە ئەو ناسکییەی کە تۆ باسی دەکەیت مەرجێك بێت شیعر لەشاعیری داوابکات، بەڵکو ئەو ناسکییەی کە تۆ دەیبینیت بەرهەمی بەشێك لەو بیرکردنەوانەی منن لەدنیاو شتەکانی دەوروبەرم، هەروەها لەخۆم و تەمەناکانم و کەسایەتیم، لێشتناشارمەوە من ساڵانێکی زۆرە شیعر هەر بۆ خۆم دەنووسم

و بەهیچ شێوەیەك لەخەیاڵمدا خوێنەرێك نییە بڵێم من بۆ ئـەم خوێنـەرە دەنووسـم، وەك چۆن سۆفییەك روو لەخودای خۆی دەكات و دنیای پێ مەبەست نییـە، منـیش روو لـەدڵی خۆم دەكەم و خوێنەرم پێ مەبەست نییە، بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییـە كـە حورمـەتی خوێنەرەكانم نـەگرم، نـەخێر، بـەڵكو مەبەسـتم ئەوەیـە مـن پـێش هـەرچ كـەس بۆ خـۆم دەنووسم.

ئێمە هەموومان بەشـێكی زۆری ژیانمـان كارەسـاتەكان و رووداوە ناخۆشـەكان لەگـەڵ خۆیاندا بردوویانە، هەریەكەشمان بەدوای ئەو هاوسەنگی و ئیقاعانەدا دەگـەڕێین كـە ئـەو كارەساتانە لەناوماندا دروستیانكردووە تا سـەرلەنوێ ژیانمـان هاوسـەنگیربكەینەوە. مـن پێموایە ئەم شێوازی بیركردنەوەو نووسینانەی من بۆ خۆم هاوسەنگییەكە لەگـەڵ دنیـادا، ئەمەش بۆ مـن گـەورەترین سـوكنایییە لەبـەردەم ئـەو تەنهاییـە گـەورەو ترسـێنەرەدا كـە قەدەری ئینسانەكانە.

مـن لەسـەرەتایەكی زۆر زووەوە بەتـەنهایی ئاشـنابووم، زوو تێگەیـشتم كـە ئینـسان بوونـەوەرێكی تەنهایـە، هـەموو داهێنـان و شـتە سوكنابەخـشەكانی دەوروبەریـشی بـۆ كوشتنی ئەو تەنهاییەیە، یاخود راسترە بڵێم بـۆ خۆشـاردنەوەی خۆیـەتی لـەو تەنهاییـە، دیارە من دەزانم ژیان ناشیرینە، جەنگ و كوشتن و دڵڕەقی ئینسان بێ سنوورو ناكۆتایە، بەڵام خۆ جوانیش هەیە، ئازادیی بچكۆلەو خەیاڵیش هەیە، بۆ ئـەوەی مـن وەك شـاعیرێك بەردەوام بژیم پێویستم بەخەیاڵ و جوانییە، پێویستم بەسەركێشییە بۆ ئـەوەی هەمیـشە لەوێوە خۆم بخەمەوە ناو ژیان، ئەو ژیانەی كە تۆ ناوی دەبەیت بەژیانی پڕ لەنەهامەتی و جەنگ و برسێتی، دیارە من وەك شـاعیرێك ئـەم كـارە دەكـەم، نـەك وەك شۆڕشـگێڕێك و فریادڕەسێك، یاخود وەك جەنگسازێك. من ئێستا لەسەردەمێكدا شاعیرم، كە شاعیران نە پێغەمبـەرن نـا فریادڕەسـن نـە شۆڕشـگێڕن نـە پیاومـاقوڵانن، بـەڵكو ئینـسانە تـەنهاو سەیرەكانن كە هەمیشە لەشـەڕدان لەگـەڵ خۆیـان و ئـەو سیـستمانەی نـاو كۆمـەڵگاكانی خۆیاندا بۆ ئەوەی بتوانن هەمیشە شاعیربن.

من بەمشێوەیە هاوسەنگی خۆم لەگەڵ خۆم و دنیای دەرەوەدا رادەگرم، ئەمـە تـەنها هونەرێكـە كـە بیـزانم، بـۆ كـەس نـا بـۆ خـۆم، واقوڕمـانی مـن بـەدیار زیكزیكەیەكـەوە لەئێوارەیەكی تەنهادا كفر نییە، فڕینی خـەیاڵی مـن بـەدیار پـەڕێكی كـەوتوی كۆترێكـەوە

زەرەر لەکەس نادات. من ناتوانم لەگەڵ ئەو ئینسانانەدا یاربم کە دەمیان پڕە لەمژدە، من بۆ خۆم هەڵگری هیچ مژدەیەك نیم بۆ تۆی خوێنەر، تەنها رەنگە بتوانم ئەو تەنهاییەی خۆتت پێبناسێنم کە لەرێی ناسینییەوە تۆ بتوانیت پرسیارە وجودی و لەکۆتا نەهاتووەکانی خۆتی تێدا بکەیت.

من نازانم گەر کوڕی ناو جەنگەکان نەبوومایە، ئاوا وەك ئێستا بیرم دەکردەوە یان نا، ناتوانم وەڵامی ئەمەت بدەمەوە. من کەسێکم لەژیانمدا هەرگیز ئیرەیم بەکەسانی تر نەبردووە، تەنها بەخۆم نەبێت، لەبەر ئەوە نازانم گەر وا نەژیامایە وا بیرم دەکردەوە یان نا.

دیارە راستە وێنەی دەرەوەی کۆمەڵگای رۆژئاوا وێنەیەکی ئامێرئاساو دوکەڵاویی و عقڵانییەتە، بەڵام سروشت لەم دنیایەدا لەدەرەوەی ژیانەوە نییە، بەڵکە بەشێکە لەپێکهاتە گەورەکانی ژیان، دیارە سروشت لەخۆرئاوادا سروشتێکی دەستلێدراوە، واتا رێڕەوی هیچ رووبارێك لەهەموو خۆرئاوادا نابینیت دەستکاری نەکرابێت، ئەو حاڵەتە بەرایی و درییەی نەماوە کە لەجوانی سروشتی کوردستاندا هەیە، بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە پارێزگاریکردن لەسروشت فەرامۆشکرابێت، بەپێچەوانەوە، من ئەوەندەی سروشتی جوانی ئەوروپا بەخۆم و ژیانی ناساندومەتەوە رەنگە تا ئەو کاتەی لەکوردستان بووبم هێندە سروشتی ئەوێ هێزی جوانی پێنەبەخشیبم.

هەڵکردنی منیش لەگەڵ ئەم سەردەمەدا پەیوەندی بەخودی خۆمەوە هەیە، چونکە تا رادەیەك لەگەڵ رۆحی خۆمدا لەئاشتیدام، من لەگەڵ هەموو ئەو خودانەی تردا کە لەناو مندا هەن پەیمانێکی ئاشتیمان بەستووە، پێشموایە بۆ ئەوەی ئینسان باشتر خۆی بناسێت دەبێت پێشوەخت بکەوێتە دیالۆگەوە لەگەڵ ئەو خودانەی کە لەڕۆحیدان و هەمیشە ناکۆکن لەگەڵ یەکتریدا، بۆ ئەوەی جیاوازییەکان و هەستکردن بەگوناه ژیانی نەشێوێنێت، تاکو نووسینیش ببێتە بەشێك لەدروستکردنی ئەو هارمۆنییەتەی کە وا لەئینسان دەکات بژی، پێویستە ئینسان لەگەڵ خودە جیاوازەکانی ناو خۆیدا تا دەتوانێت کۆك و ئاشتبێت.

**بەداخەوە لەم وڵاتەی ئێمەدا رەخنەی ئەدەبی ئەوەندە پچوک بۆتەوە کە لەبری قسەکردن لەسەر ناوەرۆک و تەکنیک و فۆرم لەدەقدا قسە لەلێکچوون**

**و دزیی و لاسایکردنەوە دەکرێت، کە ئەمەش وایکردووە پرۆسەی داهێنان لەم وڵاتەدا تاڕادەیەکی زۆر لاوازبێت. هەروەک ئەوەی هەندێک لەو بەناو رەخنەگرانە پێیانوایە تۆ زۆر ئیش لەسەر سوهراب دەکەیت و لەهەندێک شوێن لەدەقەکانتا تەواو ئەوی، من وەک خەوێنەرێکی بەردەوامی دەقەکانی تۆ تائێستا هەستم بەمەنەکردووەو نەم دیوە، بەڵام پێمخۆشە وەڵامی تۆ لەسەر ئەمە بزانم، ئایا سوهراب چ کاریگەرییەکی لەسەر بوونی شیعرییەت لای تۆ هەیە؟**

دیارە هەمووان ئازادن چی دەڵێن، بەڵام بەهەمان ئەندازەی ئەو ئازادییەش هەریەکەیان بەرپرسیارن لەو جۆرە سەرنجانەی کە دەریدەبڕن. بۆ من ئەو قسانە هیچ گرنگییەکیان نییە و نایانکرم، من لەبەر خاتری دڵی خۆم شاعیرم نەك كەسی تر، لەبەر خاتری سەرسوڕمانی سەری خۆم خاوەنی ئەم پرسیارانەم نەك كەسی تر، كە ئەمەش دەڵێم دەزانم ئەم دەربڕینەم لێدانی ئەو سەرمایە رەمزییەیە کە نووسەران لەکوردستان شانازی پێوەدەکەن، من پێموایە دەبێت چیتر نووسەربوون نەبێتە کوێخا بوون و پێغەمبەرایەتی. نووسەربوون چالاکییەکی ئینسانییەو تایبەتە بەئینسان خۆیەوەو هیچی تر. کەس ناتوانێت لاف بەسەر ئینسانێکی تردا لیبدات لەبەرئەوەی کە نووسەرە، نووسەر دەبێت بزانێت ئەوەی بەهیچ شێوەیەك نابێت لاڤ نووسەربوونی بەسەردا بدات ئەوەی بەرامبەریەتی کە ئینسانە.

لەڕاستیدا سوهراب هەرگیز لەمەحوی و رامبۆو گونار ئەکیلۆف و هیرمان هیسەو دیستۆیفسکی و مارکیزو ئیبن عەرەبی و ئەدۆنیس و چەندانی تر گرنگتر نەبووە بۆ من. من وەك شاعیر پێکهاتەیەکم لەهەموو ئەزموون و داهێنانە جوانەکانی پیش خۆم، هەر کاتێکیش بەرهەمێکی داهێنەرانە دەخوێنمەوە ئەوەندە خۆشحاڵ دەبم چاوم پڕدەبێت لەفرمێسك و وا هەستدەکەم خۆم نووسیومە. راستە من ماوەیەك سوهرابم خوێندۆتەوە ئەویش بەکوردی نەك بەفارسی، بەڵام هەر کاتێك هەستمکردبێت لەژێر کاریگەری هەر نووسەرێکدا بووبێتم ئەوا بەهەمان هێزی خۆشەویستییەوە وسیتومە بەزوترین کات بێمە دەرێ و وابکەم لەکەس نەچم لەخۆم نەبێت.

بەڵام دەمەوێت بڵێم دیوێکی تری ئەو تۆمەتبارکردنە کوردییەش پەیوەندی بەوەوە هەیە هەر کاتێك لەدنیای کوردیدا نووسەرێك جیاوازتر لەوانی تر دەرکەوێت، ئەوا ئەو

جۆره ناونانانەی لێدەنرێت، ئەمەش خۆدزینەوەیە لەقسەکردنی جدی نەک پەرێشانبوون بۆ بینینی جوانی. پێموایە لەمجۆرە تۆمەتبارکردنە زۆرەو پێویست ناکات نمونەی هیچ کام لەو نووسەرانەی پیش خۆم بهێنمەوە.

**ئەدۆنیس دەڵێت: مانا قەسیدە دیاری ناکات، بەڵکو مانا دەبێت کەشفبکرێت، قەسیدە دەنووسرێت ئینجا مانا خۆی دروستدەبێت. لای تۆ بوونی ناوەرۆک وەک بابەت شیعرت پێدەنووسێت یان شیعرەکە خۆی دەنووسرێت بێئەوەی تۆ ئاگات لێبێت و تەدەخولی تیا بکەیت، دواتر مانا لەشیعرەکەدا بۆ دروستدەبێت، مەبەستمە بڵێم تا چەند ئیش لەسەر بابەت و ناوەرۆک دەکەیت لەکاتی نووسیندا؟**

قسەکەی ئەدۆنیس راستە، قەسیدە دوای نووسینی دەبێتە کانگای مانا، هەموو قەسیدەیەکی جوان هەڵگری چەندان مانای جیاوازو لەیەکنەچووە، کەم جار رێدەکەوێت شاعیرێك بێت و پێش نووسینی قەسیدەیەك هەموو هێڵە سەرەکییەکانی قەسیدەکەی بزانێت، شتی وا هەرگیز نییە و نابێت، چونکە ئەوەی لەلەحزەیەکدا لەلای شاعیرێك دروستدەبێت بەملیۆنان لەحزەی نەبینراوی ترەوە رایەڵکراوە کە پەیوەندییان بەئەزموون و ئاستی رۆشنبیریی و پرسیارە ئەزەلییەکانی نووسەرەوە هەیە، ئیدی چۆن دەکرێت ئەم کردە ئالۆزە ئاوا بخوێنرێتەوەو پێشوەخت دەستنیشانبکرێت.

من بۆ خۆم بەتەواوەتی نازانم چۆن قەسیدەیەك دروستدەبێت، ئەوەندە نەبێت ئەو وزە ناوەکییەی قەسیدە دەناسمەوە کە هەڵگری چەندان ئەگەری تەقینەوەی پرسیارەکانە لەساتی نووسینیدا، لێرەوە ئیدی کاری من یاریکردنە لەناو تەکنیك و رێکخستنی ئەو مۆسیقا ناوەکییەی کە هەموو بونیاتی قەسیدەکە دەبەستێت بەیەکەوە.

هەرگیز ناکرێت داهێنان وەك کارێکی مەسلەکی سەیربکرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو نووسەرە خاوەنی گەورەترین ئەزمونیش بێت، هەمیشە داهێنان گرێدراوە بەدنیایەك رایەڵی دەزوولەیی نەبینراوەوە کە لەدنیای نووسەرەکەوە دەستپێدەکات، کە دیارە ئەزمونی ئەویش درێژکراوەی ئەزموونی داهێنەرانەی پێش خۆیەتی. بۆیە دەکرێت بڵێین هیچ داهێنانێك لەنەبوونەوە سەرچاوە ناگرێت.

ئەدەب بەگشتییماڵی شێوازە جیاوازەکانە، بەبێ شێواز شتێك نییە ناوی ئەدەب بێت، ئیشکردنی زۆریش لەسەر مانا لەقەسیدەدا، ئەو سنوورە نادیارانەی تر دەکوژێت کە

دەكرێت هەڵگری وزەیەكی وابن كە مانای جۆراوجۆریان دواتر تێدا دروستببێت، بۆیە ئەو كاركردنە زۆرە لەسەر ناوەڕۆك دەبێتە هۆی سنووردارکردنی شێواز کە ئەمەش ئەو وزە ناوەكییەی ناو قەسیدە سنووردارده‌كات، لەڕاستیدا ئەمە حاڵەتێكی زۆر ئاڵۆزەو زەحمەتە هەرگیز قاڵبێكی یەكڕایی بۆ بكرێت، چونكە لەئاستێكی تریشدا هەموو شێوە گوزارشتكردنێكی زمانەوانی نووسەر هەڵگری جۆرێكی بەرایی شێوازە كە ناكرێت بەراوردبكرێت بەنووسەرانی تر. لەكۆتایشدا هەموو ئەم حاڵەتانەی پێكەوە نووسینێك بەرهەمدێنێت دواتر ئەو بەرهەمە دەكەوێتەوە بەردەم چەندان كردەی كیمیایی تر لەبەردەم خوێنەرە جیاوازەكاندا، بۆیە هەرگیز ناكرێت نەخشەی قەسیدەیەك پێش نووسینی و پێش خوێندنەوەی لەلایەن خوێنەرانەوە دیاریبكرێت، ئەمە كارێكی نەكردەیە. ئەوەشی دەیەوێت ئەم كارە بكات، لەوزەی نادیاری داهێنان تێناگات.

**دوایـن رۆمانـت "منالێـک لەسـەر مانگـە" ئـەزمونیکی نـوێ بـوو بەکۆمـەڵێک تـەکنیکی نوێـوە، کـە تێیـدا سـیحری گێڕانـەوە بریتییـە لەگەمـەکردنێکی زمانەوانیانە لەنێوان راوی-گێڕەرەوەی چیرۆکەکەو خوێنـەردا. هەستدەکەیت تا چـەند رووداوەکـانی ئـەم رۆمانـە بەشـێک لـەدنیای کەسایەتی هیوان؟ یـان بەڕاکێشانی خوێنەر بۆ نـاو رووداوەکـان تا چـەند دەتـەوێت خوێنـەر رابکێـشیتە نـاو دنیـا تایبەتیەکـەی خۆتـەوە؟ تـۆ دەتـەوێت لـەم رۆمانـەدا چـی بڵێیـت بەخوێنەر؟**

لەڕاستیدا زەحمەتە رۆمانێك كورت بكەیتەوە بۆ تەنها دێڕێك، یان بۆ چەند حەكایەتێك و بڵێیت ئەم رۆمانە باسی ئەوە دەكات و دەیەوێت ئەوە بڵێت.

ناشكرێت نهێنی زمانی سەدان دێڕ كورتبكەیتەوە، من لەم رۆمانەدا هەوڵمداوە لەسەر نهێنی ئەو رێكەوتانە قسەبكەم كە جاری واهەیە سەرلەبەری ژیانی ئینسان دەگۆڕێت، یان ئەو كاتانەی كە دنیا لەناو فەنتازیاكاندایە ئینسان چەندە دەتوانێت كەشفی هۆكارەكانی بوونی خۆی بكات لەژیاندا. چەند جورئەتی پرسیاركردنی لەخودای خۆی هەیە، دیارە دەیان شتی وردی تر كە تێكەڵەیەكن لەشیعرییەت و گێڕانەوە لەم رۆمانە و كەسایەتییەكانیدا، بەڕاستی بۆ من زۆر قورسە وەك نووسەرەكەی باسیان لێوە بكەم.

بێگومان بەدیوێكی تریشدا ئەم رۆمانە بەشێك لەدنیای من پێكدەهێنێت، لەهەردوو ئاستی تەمەنناو بووندا، چونكە تۆ ناتوانیت هەمیشە خودێكی تربیت لەنووسیندا،

هەندێکجار خۆتیت و هەندێکجار ئەوی تر، ئـەوێك کـە ڕەنگـە هـەر تەمـەنای خۆتبێـت کـە وابیت، چونکە ئەویش خالقەکەی هەر تۆیت.

**ئـەم ڕۆمانـەت بەداخـەوە وەک هـەموو ئـەو کتێبانـەی تـر کـە لـەم وڵاتـەدا دەردەچـن زۆر نەخوێنرایـەوە لـەمانا گـشتییەکەیدا، تـەنها هەنـدێک نووسـین نەبێت لەم لاو لەو لا لەسەری نووسـران کـە ئـەویش زیـاتر ناسـاندنێکی سـادە بوو نەوک خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی قوڵ، تۆ تا چـەند ئـەو نووسـینانەت بینیوەو دەربارەی ئەو نووسینانە چی دەڵێیت؟**

لەڕاسـتیدا هـەموو ڕووداوەکـان لـەدنیای ئێمـەدا بەبێـدەنگی تێدەپـەڕن، بەتایبـەتی کتێبەکان، ئەمەش پەیوەندی بەسیستمی کۆمەڵگە و هۆشیاری ئینسانەکان و کوڵـەواری میدیاوە هەیە.

هەروەها خراپی دابەشـکردن و چـاپی کتێبەکـەش لەلایـەن چـاپخانەی "چوارچـراوە" هۆکارێك بوون بۆ خراپ گەیشتنە دەستی خوێنەران.

دیارە چەند نووسینێك لەسەر ڕۆمانەکە نووسران و من سوپاسی هـەموولایان دەکـەم، بەڵام بەگشتیی جگە لەنووسینێکی شیرین کاف، هەموو ئەوانی تر جۆرێـك لەتێنەگەیـشتن و بەدحاڵیبوونی تێدابوو.

**مـەرگ بەدرێـژایی نوسـینەکانت یەکێکـە لەپرسـیارە جدییـەکانت، دەکرێـت بزانین پرسی نەمریی وادەکات هەمیشە ئەم پرسیارە لات تـۆ دووبارە بێتـەوە؟ یان ترسانە لەمەرگ خۆی وەک کردارێکی فیزیکی کە تێیدا کۆتـایی یـەکجارەکی بەبوونی هیوا دێت؟ یان مەرگ بۆ تۆو لای تۆ چییە؟**

هەرە پرسیاری وجودیی و سەرەتایی مرۆڤی سەر ئەم ئەستێرەیە، پرسـیارە لـەبوونی مەرگ، بوونی مەرگ هەرە هۆکاری گـەورەی هـەموو ڕووداوەکـانی مێـژووی مرۆڤایەتییـە. بوونی مەرگ لەپـشتی دروسـتبوونی هـەموو دینەکانەوەیـە، گـەر مـەرگ نەبوایـە دینـەکان دروست نەدەبوون، ڕەنگە گەر مەرگ نەبوایە هونەرو ئـەدەبیش بەمـشێوەیەی کـە ئێـستا هەیـە نەبوونایـە. لـەو کاتـەوەی کـە ئینـسان تێگەیـشت ناتوانێـت نـەمریی لەسـەر زەوی بەدەست بهێنێت کەوتە دروستکردنی ئەو خەیاڵات و تەمەننایانەی خـۆی بـۆ ژیـانێکی تـر لەدوای مەرگ، بەو شێوەیە دینەکان بوونە مەکۆی دروسـتکردنی مـژدەی بـوونی ژیـانێکی تر لەدوای مەرگ بۆ ئینسان. من نازانم گـەر دیـن و مـژدەکانیان نەبوونایـە دەبـوو هـەموو مرۆڤایەتی چۆن بژیایەو چۆن ڕووبەڕووی مەرگی خۆی ببوایەتەوە.

دیاره مەرگ لای من داماڵراوە لەهەموو ئەو مژدانەی کە دینەکان پێیانە بۆ ئینسان، بۆیە لەنێوان مەرگی من و مەرگی کەسێکی دینداردا تەنهایی هەیە، ئەم تەنهاییە هەمیشە لای من پڕپڕە لەپرسیار. هەر دووبارەبوونەوەی ئەو پرسیارانەشە وادەکات لەشیعری مندا مەرگ پانتاییەکی گەورەی هەبێت، من ناتوانم وەك ئینسانێکی دیندار مەرگ قبوڵبکەم، چونکە مەرگ لای من حەق نییە، بەڵام لای کەسێکی دیندار حەقە.

باسکردنی من لەمەرگ، باسکردنی تەنهایی ئینسانە، ئەو ئینسانەی وەك تۆزی ئەستێرەکان لەناو کەوندا دێت و دەڕوات. هەرگیز پرسیاری مەرگ وەڵامێکی یەکجارەکی نییە، چونکە هێندەی ژمارەی جیاوازی ئینسانەکان پرسیار لەمەرگ هەیە، هێندەی ئەو جیاوازییانەش وەڵامی جیاجیاو دژ بەیەك و ناکۆتا هەیە.

ڕەنگە یەکێك لەهۆکارەکانی دووبارەبوونەوەی پرسیاری مەرگ لەلای من هۆی خۆشەویستی من بێت بۆ ژیان و بۆ ئینسان، یاخود ڕەنگە پەیوەندی بەتێڕوانینی گەنجانەی منەوە هەبێت بۆ ژیان، کە وادەکات هێندە باسی مردن بکەم، چونکە پێموایە بەشێکی گەورەی قۆناغی پیری بریتییە لەڕێکەوتن لەگەڵ مردندا، بەڵام گەنجی هەرگیز ئامادە نییە سازش لەگەڵ مردندا بکات، چونکە ئەو خۆی بەبەشێکی گەورەی ژیان دەزانێت.



## حیسامی:

# شیعر هەمیشە رووداوێکە لەناکاو دەخوڵقێ

## وتووێژێک لەگەڵ وەرگێڕی بەتوانای گەلەکەمان ناسری حیسامی

**سازدانی: جەواد حەیدەری**

**شیعر ئەو پێکهاتە سیحرئامێزەیە کە توانیویەتی پانتاییەکی فراوان لەئەدەبدا بۆ خۆی داگیربکات. بەڕای جەنابتان شیعر تا چ رادە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا ئەم سیحرئامێزبوونەی خۆی لەدەستداوە؟**

پێموانییە کە شیعر بەشێك لەسیحرئامێزبوونی خۆی لەدەستدابێت یان تەنانەت لێشی کەمبووبێتەوە، بەڵکو پێموایە لەگەڵ پێشکەوتنی هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤ، شیعریش توانیویەتی زۆر سنووری تازە بدۆزێتەوەو داگیری بکات کە پێشتر رەنگە لەو سنوورانەدا هەر بەدی نەکرابێت! پێموایە شیعر سەری بەزۆر کەلێنی تازەی هەستی مرۆڤدا کردووەو پێ بەپێی ئەوەی کە مرۆڤ خۆی زیاتر ناسیوەو لەئەنجامی پێشکەوتندا

توانیویەتی لایەنی تازەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە، شیعریش توانیویەتی سەر بەم لایەنە تازانەدا بکات و پێموایە شیعر هیچ لەسیحرئامێزبوونی کەم نەبووەتەوە، بەڵام هەموومان دەزانین شیعری باش و شیعرێك کە بەدرێژایی سەدەکان دەمێنێتەوە، هەموو رۆژێك و هەموو ساڵێك روو نادات. تۆ دەبینی لەدرێژایی سەدان ساڵدا تەنها چەند شاعیرێك هەڵدەکەون کە شیعریان دەمێنێتەوەو سەدەکان تێپەڕ دەکات و بەسەریاندا بازدەدات. رەنگە هەزاران شاعیر لەچوارگۆشەی جیهان شیعر بڵێن، بەڵام ژمارەی ئەو شاعیرانەی کە سەدەکان تێپەڕ دەکەن و بەرهەمەکانیان دەمێنێتەوە زۆر نییە، بۆیە ئەگەر ئێستا ئێمە پێمان وابێت کەمن ژمارەی ئەو شاعیرانە کە شیعریان لەم ئاستەدا بێت، ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە سەردەمی شیعر بەسەر چووە، بەڵکو ئێستاش شاعیری وا کەم نین کە توانای مانەوەیان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ هەیە. بەچی مەعلوومە کە ١٠ ساڵی دیکە لەناوچەی ئێمەدا شاعیرێکی وەك حافز هەڵنەکەوێت.

**مامۆستا بەرای زۆربەی رەخنەگران، شیعر لەقەیراندایە. جەنابتان راتان چییە؟ ئەم قەیرانە لەچیدا دەبینن؟ ئایا لەبێدەسەڵاتیی شاعیر، یان پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، یان بارودۆخی سیاسی؟ لەلایەکی دیکەشەوە رەخنەگران لەسەر ئەو رایەن کە لە ١٩٩٠ بەملاوە شیعرێکی ئەوتۆ لەلایەن شاعیرانەوە نەخوڵقاوە کە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی خوێنەر بێت. راتان چییە لەمبارەیەوە؟**

پێموایە ناتوانین بەگشتی بڵێین شیعر لەقەیراندایە، چونکە سەدان ساڵە دەڵێن شیعر لەقەیراندایە. لەهەموو دەورەیەکدا ئەگەر تۆ بەرهەمی ٤٠٠ ساڵ لەوەو پێشیش بخوێنیتەوە، وەها بۆچوونێك هەیە. شاعیر زۆر بووە، بەڵام شیعری باش کەمە. ئەمە رەخنەیەکە بەدرێژایی تەمەنی شیعر بووە، تەنانەت ئەو سەردەمی کە شاعیری زۆر دیاری تێدا هەڵکەوتووە، دیسان باس لەوە هەیە کە شیعر زۆرە، بەڵام شیعری باش کەمە، شاعیری باش کەمە، بەڵام هەر وەك باسمکرد لەهەر دەورەیەکی ١٠ ساڵە، یان ٢٠ ساڵە، یان ٣٠ ساڵەدا، پێت وا نەبێت شاعیری گەورە هەڵدەکەوێت و ئەگەر هەڵیش کەوێت رووداوێکی گەورەیە ! لەم چەند ساڵەی رابردوودا شاعیری باش هەڵکەوتوون و شیعری باشیش هاتووەتە ئاراوە.

ئەو بەردە ئاسمانییانە کە دەخوشێن، جاری وایە بە ٥٠ساڵیش جارێك تێناپەڕن. ئەوە بەو مانایە نییە کە دەورەی راخوشینی ئەو ئەستێرانە بەسەر چووە. بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانیش وەك شیعرو بەرهەمە سەرکەوتووەکانی ئەدەبیش وایە. خۆ کەس نازانێت کەی دەرفەتی ئەوە هەڵدەکەوێتەوە کە رۆمانی وەك "گیانی شەیدا"ی رۆمان رۆلان رووبداتەوە. ئێمە ناتوانین بڵێین سەردەمی رۆمان بەسەرچووە. من لەسەر ئەو رایە نیم کە شیعر لەقەیراندایە.

**ئەو کاتەی ئەدەب ئاوێتەی دونیای سیاسەت دەبێت فۆڕمێکی جیاوازتر لەخۆ دەگرێت. بەڕای ئێوە شیعر توانیویەتی سیمای خۆی بپارێزێت و نەتوێتەوە لەسیاسەتدا؟**

ئەوە پێی دەوترێت شیعر کە نەتوابێتەوە. ئەگەر شیعر لەسیاسەتدا توایەوە، دەبێتە شتێکی دیکە، بۆیە دەتوانین بڵێین شیعر لەهیچ شتێکدا ناتوێتەوە، ئەگەر توایەوە، بەو مانایەیە کە شیعربوونی خۆی لەدەستداوەو دەبێت ناوێکی دیکەی بۆ بدۆزینەوە. هەن کەسانێك کە هەوڵدەدەن بەزمانی سیاسەت بدوێن و راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزمەت بەسیاسەتێکی دیاریکراو بکەن. بەڕای من ئەمە ناچێتە خانەی شیعرەوە، یان ناچێتە خانەی ئەو بەرهەمانەوە کە تەمەنێکی درێژیان هەیە، لەگەڵ تەمەنی هەر سیاسەتێك، تەمەنی ئەوانیش کۆتایی پێ دێت.

**بەڕای ئێوە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا کاریگەریی شیعر لەسەر سیاسەت زۆرترە یان سیاسەت لەسەر شیعر؟**

شیعر هەمیشە رووداوێکە لەناکاو دەخولقێت. شیعر جاری وایە لەدەورەیەکی درێژخایەندا دەخولقێت و گەراکەی لەدەروونی شاعیرەکەدا دەگیرسێت. لەوانەیە گەرای شیعرێك بەدرێژایی چەند ساڵ لەدەروونی شاعیردا گیرسابێت، لەو دەورەیەدا زۆر رووداو و پێشهات دەتوانن روو بدەن، زۆر شەپۆلی فیکری و سیاسی دەتوانن بەسەر کۆمەڵگادا بێن. دەکرێت هەرکام لەوانە کاریان کردبێتە سەر ئەو هەوێنەی کە شیعرەکە دەگیرسێنێت. ئەو تەئسیرەیە ئایا راستەوخۆیە یان ناڕاستەوخۆیە؟ ئەوە لەشیعرێکەوە بۆ شیعرێکی دیکە دەگۆڕدرێت؟ لەوانەیە هەلومەرجی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان هەر شەپۆلێکی فیکری کە لەو دەورەیەدا تێپەڕ دەبێت، جاری وایە بێئەوەی شاعیرەکە هەستی پێ کردبێت، کاری کردبێتە سەر شیعرەکە. ئێمە دەتوانین بەشێکی زۆر لەشیعری

کوردی ٣٠ ساڵی رابردوو بەنموونە بهێنینەوە کە هەلومەرجی سیاسیی کوردستان کاری کردووەتە سەری بەبێئەوەی کە ئەو شتەی خولقاوە زمانی سیاسەتی پەیداکردبێت و بێئەوەی کە تۆ پێت وابێت ئەمە لەخانەی شیعر دەرچووەو چووەتە ناو خانەی سیاسەتەوە، بەڵام تۆ دەتوانیت ببینی کە هەلومەرجی سیاسیی ناوچەکەو ژیانی خەڵکەکەو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ناوچەکەدا هاتوون لەشیعرەکەدا رەنگدەدەنەوە. ئەمڕۆ شێرکۆ بێکەس بەئیعترافی زۆر کەس، چ ئەوانەی کە لایەنگرین و چ ئەوانەی کە رەخنەی لێدەگرن، یەکێك لەدیارترین سیماکانی شیعری کوردییە، ئەگەر نەڵێم دیارترین سیمای شیعری کوردی ئەمڕۆیە. شیعری شێرکۆ بێکەس جێ پێی زۆر لەو رووداوە سیاسییانەی پێوە دیارە کە لە ٢٠ تا ٣٠ ساڵی رابردوودا بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا هاتوون بێئەوەی کە زمانی شیعری شێرکۆیان کردبێتە زمانی سیاسەت.

**مامۆستا وەرگێڕان ئاوێنەیەکی فراوانی دونیای مەعریفەیە، یان بەواتایەکی دیکە وەرگێڕان دارشتنەوەی سەر لەنوێیە. لەناو وەرگێڕاندا کۆمەڵێک خاڵی تایبەت هەیە کە ئەم کۆمەڵە خاڵە دەبنەهۆی سەرکەوتنی وەرگێڕ لەوەرگێڕاندا. بەڕای جەنابت تا چ رادەیەک توانیوتە کاری وەرگێڕان بکەیتە خاڵی سەرەکی بۆ هەموو چالاکییەکانت لەبواری ئەدەبیاتدا. ئایا وەرگێڕان کاری سەرکیتانە یان نووسین؟ خۆتان تا چ رادەیەک لەوەرگێڕاندا بەسەرکەوتوو دەبینن؟**

ئەوەی کە تا چ رادەیەك لەوەرگێڕاندا سەرکەوتوو بووم، ئەوە شتێك نییە کە من بتوانم قەزاوەتی لەسەر بکەم. من هەموو توانای خۆم بەکارهێناوە بۆ وەرگێڕان. بۆ وەرگێڕانی هەر بابەتێك، هەتا بەڕادەیەکی زۆر دڵنیا نەبووبێتم کە توانای خۆمم بەکارهێناوە، بڵاوم نەکردووەتەوە. شیعری وا هەبووە وەرمگێڕاوە، تا ساڵێکیش بڵاومنەکردووەتەوەو ماوە بەماوە چوومەتەوە سەری و جارێکیتر هێناومەتەوە بەرکارو، کارم لەسەری کردووەتەوەو ئەوەی کە حاسڵی ئەو کارەی من چی لێ دەرچووە، یان بەرهەمێکی سەرکەوتووە یان نا، من خۆم ناتوانم قسەی لەسەر بکەم. هەندێکەس بەسەرکەوتووی دەزانن و هەندێکەسیش بەپێچەوانەوە. کاری وەرگێڕانیش، کاری نووسینیش و شیعر وتنیش هەموویان بۆ من لەپەراوێزی کاری دیکەدا بوون. بەداخەوە قەت دەرفەتی ئەوەم نەبوو کە کاتی خۆم تەواو بۆ وەرگێڕان و کاری ئەدەبیم تەرخان

بکـــەم. لـــەپاڵ پێـــشمەرگایەتی و ئەرکـــەکانی پێـــشمەرگایەتی و کـــارکردن لەئۆرگانـــە جۆربەجۆرەکانی حیزبێکی سیاسیداو لەپاڵ هەموو ئەوانەدا من هەوڵمدا کاتێـك بدۆزمـەوە بۆ وەرگێڕان. دواتریش کە لەدەرێ بووم لەپاڵ کارکردن بۆ بەرێچوون. بۆیـە نـاتوانم بڵـێم وەرگێـڕان کـاری سـەرەکیمە یـان بـۆ کـاری ئـەدەبیش بەداخـەوە نـەمتوانیوە کـاتێکی دیاریکراو تەرخان بکـەم، بـەڵام وەرگێـڕان بـۆ مـن سەرچاوەیەکی فێربـوونیش بـوو. ئـەو شیعرەی کە دەیخوێنیتەوە بەقەت ئەوە لێی ورد نابییـەوە کـە بەتـەما بـی وەریبگێڕیـت. ئەگەر بەتەمای وەرگێڕانی شیعرێك بیت چەندجار لەسەر یەك دەیخوێنیتەوە بۆ ئەوەی کە لەپێکهاتەکەی بگەی، لەیاساکانی دراوسێیەتیی نێوان وشەکانی بگەیت، بزانی بۆچی ئـەم دوو وشەیە دەکەونە لای یەك، بۆچی دوو وشەی دیکە نین، شیعرەکە دەڵێت چـی، لـەکام رووکـارەوە سـەیری شـیعر دەکـەیت؟ لـەکوێوە چـاوی لێدەکـەی، وردبوونـەوە لەهـەموو ئەوانـە، وات لێـدەکات کـە تـۆ زیـاتر شـیعرەکە بناسـی. زیـاتر لـەوەی کـەتۆ لـەکاتی خوێندنـەوەی ئاسـاییدا خـۆت بەتێگەیـشتنی شـیعرەکەوە مانـدوو دەکـەیت، لـەکاتی وەرگێڕانیدا هەوڵـدەدەیت بـۆ ناسـینی شیعرەکەو دواتـر داڕشـتنەوەی دەقەکـە بـەزمانی دووەم. چونکە شیعر رووداوێکە لەزماندا روو دەدات، بۆیە دەبێـت تـۆ بزانـی ئـەم شیعرە لەزمانە تازەکەدا چۆن دەخولقێنییەوە.

**بێ هیـچ موبالەغەیـەک، لەڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، ئەحمـەدی شـاملوو بـەکاک ناسری حیسامیەوە دەناسن. سەرەتا جەنابتان بۆ بۆلای شیعری شـاملوو چـوون، یان دونیای هزرو ئەندێشەی شاملوو کارێکی کـرد کـە جـەنابتان دەسـت بدەنـە وەرگێڕانی شیعری شاملوو، چونکە بەڕاستی زمـانی شـاملو قورسـە. پرسـیارێک دێتـە پـێش، ئایـا ئەمـە کاریگـەریی شـاملو بـوو بەسـەر کـاک ناسـرەوە کـە ئـەو هەوڵبـدات شـیعرەکانی تەرجەمـە بکـات یـان فـەزای سیاسـی و بیرکردنـەوەی شاملوو بوو یان دونیای شیعرو دونیای سیاسی؟**

پێش خوێندنەوەی شیعرەکانی شاملوو، دەنگـی شـاملوو مـنی راکێـشا. تـازە سـاڵانی کۆتایی خوێندنی قۆنـاغی دواناوەنـدیم تێپـەڕ دەکـرد، کـە سـەردانی کتێـب فرۆشـییەکانم دەکرد، لەبیرم دێت کە کتێبەکانی شاملوو زۆر سـەرنجمی رانەدەکێـشا. دەسـتم دەدایـەو سەیرێکم دەکرد، زۆر سەرنجمی رانەدەکێشاو نەیدەگرتم. رەنگـە هـی ئـەوە بووبێـت کـە زمانەکەی ئەو کات بۆ من قورس بووبێت، یان نەمدەتوانی تایبەتمەندییەکانی شـیعرەکەی

بناسم. یەکەمجار ١٩٨٢ یان ٨٣ لەگوندێکی بچووکی گەورکایەتی بەناوی "گەنمان" لەبەر سێبەری چەند دارە بی، سەکۆیەکمان تەخت کردبوو، چادرمان هەڵدابوو و دۆڵێکی ئارام و بێدەنگ، کانییەکی چکۆلە، لەوێ خەریکی نووسینی "کتێبی خوێندنەوەی کوردی" بووین بۆ منداڵانی خوێندنگاکان لەکوردستانی رۆژهەڵات. لەو کاتەدا من کاسێتێکی شیعری شاملووم بەدەست گەیشت. براکەم موزەفەر بۆی ناردبووم. کاسێتی "کاشفان فروتن شوکران". دونیایەك بوو کە من پێشتر بەچاولێکردن نەمدیبوو، بەڵام بەگوێگرتن هەستم پێکردو رۆژانە چەندین جار گوێم دەدایەو هەر جارێکیش کە گوێم دەدایە شتێکی تازەم بۆ دەردەکەوت. بەمجۆرە لەگەڵ شیعری شاملوو ئاشنا بووم و ساڵی ٨٤ یان ٨٥ بوو، دەستمکرد بەوەرگێڕانی شیعرەکانی شاملوو. لەپێشدا بۆ من وەك تاقیکردنەوەیەك وا بوو. شیعری "تەنگانە": "دێن بۆن بەدەمتەوە دەکەن، نەکا رۆژێك وتبێتت خۆشم دەوێی" ئەوەم کرد بەکوردی و "منداڵانی ناو قووڵکەکان" و "گۆرانیی شەوانە". پاشان بۆ چەند کەسێکم خوێندەوە، پێیانوابوو کە درێژە بەکارەکەم بدەم و درێژەم پێدا.

**لەناو قسەکانت شتێک سەرنجی راکێشام و ئەویش ئەمە بوو کە ئێوە و برادەرانی دیکە، ١٩٨٢ سەرقاڵی نووسینی کتێبی ئەلفوبێی کوردی بۆ منداڵانی کوردستان بوون. پێت وانییە ئێستا کەمتەرخەمییەک سەبارەت بەئەدەبیاتی منداڵان دەکرێت و تەنانەت بایەخێکی ئەوتۆ بەئەدەبی منداڵان نادرێت، بەتایبەت لەلایەن شاعیران و نووسەرو هونەرمەندانەوە. ئایا پێت وانییە جەنابتان دەتوانن بەوەرگێڕانی چیرۆک و شیعر بۆ منداڵان تا رادەیەک ئەم کەلێنە پڕ بکەنەوە؟**

بەگشتیی کۆمەڵگای ئێمە کەمتەرخەمی دەکات لەئاست منداڵان، نەك هەر شاعیران و هونەرمەندان. کۆمەڵگای ئێمە دەبێت بایەخێکی زیاتر لەوەی کە هەیە بدات بەمنداڵان و بەژیانیان، بەپەروەردەکردنیان، بەمافەکانیان. لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەداخەوە هێشتا منداڵ جێگای ئەوتۆیان نییە. خوێندنیان، سیستمی پەروەردە کردنیان و رادەی ئەو کتێبانەی کە دەخرێتە بەر دەستیان و ناوەرۆکیان لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی ئەمڕۆی جیهان یەکناگرنەوە. ئێستا لەوڵاتانی پێشکەوتوو، منداڵ پێگەی تایبەتیان هەیەو لەکوردستان کەمتەرخەمییەکی بەرین هەیەو ئەمە هەڵمەتێکی هەمەلایەنەی دەوێت. بۆ نووسینی کتێبی منداڵان تەنها توانای ئەدەبی کافی نییە، تەنها زانینی رێزمان و رێنووس،

تـەنها شـیعر وتـن کـافی نییـە، بـەڵکو دەبێت بوارەکـانی دیکـەی زانستی و دەروونـی بـۆ نووسینی کتێبی منداڵان لەبەرچاو بگیرێت.

**تۆ لەناو پرۆگرام و بەرنامەکانی خۆتدا بۆ منداڵان کارێکت بەدەستەوەیە؟**

من هەندێك لێکۆڵینەوەی رەخنەییم هەیە لـەو کتێبانـەی کـە بـۆ منـداڵان نووسـراون و لەگۆڤاری گزینگداو لەسەر ئینتەرنێت بڵاوبووەتەوە. خۆشـم هەوڵمـداوە بـۆ کۆکردنـەوەی کۆمەڵێك شیعرو چیرۆك بۆ منداڵانی کورد کە لەدەرەوە بەکوردی دەخوێنن و دەسـکەوتی ئەو کارەم بووەتە کتێبێك بەناوی دەشتی ئاسکان کە کۆمەڵێك شـیعرو چـیرۆکەو هەنـدێك راهێنان لەبواری رێزماندا.

**چـــۆن نهێنیـــی ئاســـتەکانی شـــیعر لێکدەدەیتـــەوە؟ ئایـــا لـــەرێی رێبـــازە ئەدەبییەکان یان رێگایەکیتر کە خۆتان دەستنیشانی دەکەن؟**

نا رێبازە ئەدەبییەکان، قوتابخانە ئەدەبییەکان زۆرتر تەکنیکی شیعر دیاریدەکـەن تـا ناوەرۆکی شیعر. ناوەرۆکی شیعر، هەر لەو ساتەوە کە یەکەمین شیعر خولقـاوە تائێسـتا، وەك جەوهەر، زۆر لەماهییەتیدا گۆڕانی بەسـەردا نـەهاتووە، بۆیـە نـازانم بـەچ پێوانەیـەك دیاریدەکرێت و دەناسرێت، بەڵام کە تۆ شیعر دەخوێنییەوە بـەر لـەوەی بزانـی کـە ئـەوە سەر بەکام رێبازی شیعرییە، تۆ دەیچێژی و دەزانی شیعرە یان نا. دەتوانێت پـەیوەندی و ئاشنایەتییەك لەگەڵ تۆ پـەیدا بکـات یـان نـا. بەبێئـەوەی کـە زانیبێتـت کـە سـەر بـەکام رێبازی شیعرییە. نازانم بڵێم بـەچ پێوانەیـەك. هـەر کـەس دەیـچێژێت، شـتێك لەچەشـنی چێژتن، نەك لەنەوعی هەڵسەنگاندنی ئەدەبی.

**ئێستا دوو رای جیاواز هەیە. لایەک دەڵێت شاعیر دەبێن ئیلتیزامی هـەبێت، لایەکیش دەڵێن نابێت ببێت. رای جەنابتان چییە لەمبارەیەوە؟**

بەڵێ، شاعیر دەبێت ئیلتیزامـی هـەبێت. هـەموو قـسەکە لەسـەر ئەوەیـە کـە ئیلتیـزام بەچـی؟ مـن پێموایـە ئیلتیـزام بـەمرۆڤ و بەرژەوەندییـەکانی ژیـانی مـرۆڤ و پابەنـدبوون بەمرۆڤ، بەوەی کە مرۆڤ شایستەی بەهرەمەندبوون لەژیانێکی پڕ لەجوانی و خۆشییە. من پێموایـە ئیلتیزامـی شـاعیر تەنانـەت بەرامبـەر بـەژیانی خـۆی وەك مرۆڤێـك دەیکاتـە شاعیرێکی مولتەزیم، ئەگەر بەرامبەر بەهیچ مرۆڤێکی دیکەی سەر زەویش نەیبێت، تـەنها ئیلتیزامی بەخۆی وەك مرۆڤ هـەبێت. ئیتلیـزام بەرامبـەر هـەر بەرژەوەندییـەکی بـچووك و

کاتی، شیعر دەمرێنێت. شاعیر دەبێت ڕەخنەگری زەمانەی خۆی بێت. مەبەستم ئەوە نییە کە شیعر بکاتە بواری ڕەخنەگرتن و لێکۆڵینەوەی ئاسایی. مەبەستم ئەوەیە کە شاعیر ئەگەر توانای ڕەخنەگرتنی خۆی لەدەستداو پابەندبوونی بەهەر شتێکی تر ئەم تواناییەی ڕەخنەگرتنەی لێسەندووە، ناتوانێت شاعیر بێت.

**زۆربەی خوێنەران جگە لەوەی کاک ناسر بەنووسەرو شاعیر دەزانن، بەشۆڕشگێڕیشی دەزانن. حەز دەکەیت پێت بڵێن ئەدیبێکی سیاسی، یان سیاسییەکی ئەدیب؟**

نازانم بڵێم چی، بەڵام ماوەیەك لەمەوپێش پرسیاریان لێکردم کە سیاسەت و تاراوگە لەسەر کارەکانی تۆ کاریگەریی نیگەتیڤ و خراپیان بووە وەك شاعیر و ئەدیب. ئەگەر دەزانی کە ئەمە کاریگەریی خراپی هەبووە بۆ وازیان لێناهێنیت؟ من وتم هیچیانم بەدڵی خۆم هەڵنەبژاردووە. نە تاراوگەو نە کاری سیاسی بەمشێوە پێشمەرگایەتییەی کە کردوومەو تائێستاش بەردەوامم. لەبەرئەوەی کە من لەکۆمەڵگایەکدا ژیاوم کە خەڵکەکەی ناچارکراون هەڵوێست بگرن لەحاست داگیرکاریی، هەوڵ بدەن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگایەکی پڕ لەبرسێتی و هەژاریی و بێ عەدالەتی و پێشێلکردنی مافی ئەم و ئەو، منیش خۆم بەبەرهەڵستکار زانیوەو ناچاربووم کاری سیاسی بکەم. ئەگەر لەکۆمەڵگایەکدا ژیابام کە مرۆڤەکانی ئاساییتر لەوەی کە ئێستا دەژین، ژیابان، منیش بەشێوەیەکی دیکەو لەبوارێکی دیکەدا کارم دەکرد.

**ئەو قسەیەی جەنابتان قسەیەکی ڕەزا بەراهەنی وەبیرم هێناوە کە سەبارەت بەشاملوو دەڵێت، شاملوو بەهەڵە بوو بەشاعیر، دەنا سیاسەتمەدار بوو. ڕەنگە بتوانم بڵێم کە سیاسەت و ئەدەب ئاوێتەی ڕۆحی کاک ناسر بووەو پێموایە جەنابتان هەر دووکیانت هەڵبژاردووە، بەڵام حەز دەکەم بزانم ئەدیبێکی سیاسیت یان سیاسییەکی ئەدیب؟**

ئەدیبێکی کە ناچارە سیاسەتیش بکات. جاری وایە دەڵێن نابێت شاعیر سیاسەت بکەن. تائێستاش کەس نەیتوانیوە قەناعەتم پێ بکات کە بۆ دەبێت ئەوانە سیاسەت نەکەن. ڕەنگە کەسانێك پاشان قەناعەتم پێ بکەن. من دەپرسم بۆ دەبێت کاری سیاسی لەسەر شانی شاعیرو نووسەرو ئەدیبان وەك تاکەکانی کۆمەڵگا نەبێت و ئەوان ئەو ئەرکە لەسەر شانی خۆیان هەست پێنەکەن؟ چ شتێك هەیە کە وایان لێدەکات ئەوان جیاوازییان

هەبێت لەگەڵ تـاكێكی دیكـەی كۆمـەڵگا كـە كـارێكی دیكـە لەكۆمـەڵگادا دەكـات؟ ئەگـەر ئەركی شاعیرو نووسەرو ئەدیب دۆزینەوەی لایەنی تازەی ژیان و پـەیبردن بـەڕازی ژیانـەو بەئەركی خۆی دەزانێت كە ئاسۆی تازە ببینێتەوە، كەسی دیكەش هەیە لەكۆمەڵگادا كـە هەمان ئـەركی هەیـە. ئـەوە تـەنها لـەبواری شیعرو ئەدەبدا نییـەو كەسـێك كـە خـەریكی لێكۆڵینـەوە بـۆ دۆزینـەوەی دەرمـانی نەخۆشییەكی كوشندەشـە، ئـەویش ئاسـۆی تـازە لـەژیانی مـرۆڤ دەكاتـەوە. ئـەویش ئەگـەر ئیلتیزامێكـی حیزبـی بـوو، ئیلتیزامـی حیزبـی دەتوانێت بەشـێوەی نیگـەتیڤ كـار بكاتـە سـەر ئـەنجامی كارەكـەی ئـەویش. بـۆ نابێـت شاعیرو نووسەرو ئەدیب سیاسی بن؟ ئەم مرۆڤانە لەچ جنسێك دروستكراون كە بـۆ كـاری حیزبی باش نـین. هـەر بەڕاسـت كـاری حیزبـی یـانی چـی؟ سیاسـەت یـانی چـی؟ بۆچـی سیاسەت باش نییە بـۆ شـاعیر؟ بـەڕای مـن ئـەوە گرنگـە كـە شـاعیرو نووسـەر رەخنـەگر بمێنێتەوە. ئەگەر سیاسەتی كرد رەخنـەگری حیزبەكـەی خۆشـی بێـت. مـن پێموایـە زۆر كەسـیش بەڕاسـتی رەخنـەگر دەمێننـەوە. هـەر بۆیـە زۆر شـاعیرو نووسـەر هـەن لەگـەڵ حیزبەكانن یان بەئەندام یان نائەنـدام و زۆر جـار شـاعیرو نووسـەری نـاو حیزبـەكان وەك منداڵی لاساری ناو خانەوادەیەكیان لێدێت كە جـوابی هـەموو شـتێك نادەنـەوەو بەهـەموو شتێك رازی نین. ئەوە مانای ئەوەیە كە رەخنەگرەو سەری بۆ زۆر شت دانەنەواندووە.

**رای جیـاواز هەیـە، هەنـدێک دەڵـێن رۆشـنبیران نابێـت خۆیـان لەقـەرەی سیاسەت بدەن و باشترە لـەدەرەوەی بازنـەی سیاسـەت بـن. مـن دەڵـێم ئەگـەر رۆشنبیران سەرقافڵە نەبن، ئەی كێ بێت؟**

ئەگەر رۆشنبیر خۆی لەقەرەی سیاسەت نـەدات، كـێ بیـدات؟ ئەوانـەی ناڕۆشـنبیرن؟ لەكۆمەڵگایەكدا كـە بەسـامانتر بێـت و كۆمەڵگایـەكی ئاسـایی بێـت، نـە سیاسـەت و نـە حیزبایەتی، هیچیان ئەوەندە گەورە نابنەوە. لەبـەر ئـەوەی یاسـاو رێسایەك دانـراوە بـۆ بـەڕێوەبردنی كۆمەڵگاكـە. هـەموو كـەس كـاری خـۆی دەكـات بێئـەوەی پێویـست بێـت سیاسەت و حیزبایەتی سەر بەهەموو گۆشەو كەلێنێكی كۆمەڵگادا بكات. كۆمەڵگای ئێمـە هێشتا وانییە، بۆیـە سیاسـەت وا گـەورە دەبێتـەوە. تـۆ چ دەكـەیت لەكۆمەڵگایەكـدا كـە ئەگەر داوای نان بكەیت رەنگی سیاسی دەگرێت؟ ئەگەر داوای ئەوە بكەیت كە كـاركردنی رۆژانە لە ٨ سەعات ببێتە ٧ سـەعات و نیو، رەنگـی سیاسـی بەخۆیـەوە دەگرێت؟ یـان

لێکۆڵینەوەیەکت هەبێت لەسەر ماچ لەشیعردا، خێرا ڕەنگی سیاسی دەگرێت. گرووپێکی سیاسی بەئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو دەبێتە دوژمنت و لەوانەشە تەقەت لێ بکات. لەکۆمەڵگایەکی ئاوادا زیاد لەڕادە هەموو شتێك ڕەنگی سیاسی وەردەگرێت و کەم کەسیش هەیە بتوانێت خۆی لێ بدزێتەوە. من جیاوازییەك دەبینم لەبەینی سیاسەتکردن و حیزبایەتی کردندا، بەڵام ئەوەشت لەبیر نەچێت کە لەکۆمەڵگای ئێمە سیاسەتکردن بێ حیزبایەتی زۆر کاریگەری نییە. لەوڵاتانی دیکە سیاسەت داپۆشراوە، دەنا خەڵك زۆر لەژێر کاریگەریی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبانەدان. سیاسەت هەر ئەوە نییە کە تۆ لەبەیاننامەیەکدا هەڵوێست بگری سەبارەت بەڕووداوێك. لەئەورووپا ڕیکلامی کۆمپانیایەك تەئسیر دادەنێت لەسەر ئاستی ژیانی خەڵك و ئەمەش سیاسەتە.

**شاملوو لەجێگایەکدا دەڵێت شاعیرانی پێشوو هاتوون وەسفیان کردووە، هەموو دیاردەکانیان وەسفکردووە، ئێستا دەبێت بیگۆڕین. بەڕای جەنابتان شێوەی گۆڕینی هەموو دیاردەکانی کۆمەڵگا دەبێت چۆن بێت؟**

من پێموایە ئەوەیە کە شاعیر لەشیعرەکەیدا ئەوە دەربخات کە جیهان چۆن دەبینێت و دەیەوێت چۆن بێت. من پێموایە ئەم گۆڕینە یان ئەم هەوڵدانە ڕاستەوخۆ نییە، هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی کە شاعیر نیشانی دەدات دیاردەکانی دەوروبەری خۆی چۆن دەبینێت و دەیەوێت چۆن بێت. زۆربەی شیعرەکانی شاملوو ئەم تایبەتمەندییەیان پێوە دیارە. زۆر جاریش بایەخی شیعرەکەی لەوەدایە کە تۆ دەبینیت لەسەر دیاردەیەکی دیاریکراو ئەو بەجۆرێك دەڕوانێتە دیاردەکە کە جیاوازە لەوەی تائێستا چاوت لێکردووە. هەربۆیە دەبینی ئاسۆیەکی تازە لەبەرچاوت دەکاتەوە.

**زۆربەی ڕەخنەگران و خوێنەران گلەیی دەکەن کە بۆچی کاک ناسر تەنها سەرقاڵە بەشاملووەوە، چونکە لەفارسیدا دەنگی جیاوازی دیکەش هەیە، شاعیرانی وەک بیژەن جەلالی، موشیری، نیما، فرووغ، هوشەنگ ئیبتیهاج.**

من بەرهەمی پێنج شاعیری ئێرانیم کردووەتە کوردی: شاملوو، نیما، فەرەیدوون موشیری، هوشەنگ ئیبتیهاج و سیاوەش کەسرایی. بەر لەوەی شیعرەکە وەرگێڕی، دەبێت تێکەڵی شیعرەکە بیت. لەگەڵ هەندێك شیعر نەمتوانیوە پەیوەندی بەرقەرار بکەم، هەندێك شیعریش هەیە من ناتوانم وەریبگێڕم. شیعری "زستان"ی مەهدی

ئەخەوان، لەو شیعرانە بوو کە حەزمدەکرد وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی. زۆریشم هەوڵدا لەگەڵی، بەڵام نەمتوانی.

**چیرۆکنووسان و خوێنەرانی چیرۆک دەڵێن کاک ناسر بەو زمانە شیرین و پاراوە هەر شیعر تەرجەمە دەکات و ئاوڕێک لەچیرۆک ناداتەوە، چونکە چیرۆکنووسی باشیش هەیە لەفارسیدا وەک هوشەنگ گوڵشیری، شەهریاری مەندەنیپوور، مونیرۆ رەوانی پوور.**

وایە، من کەمتر چیرۆکم وەرگێڕاوەو زیاتر خەریکی شیعر بووم، بەڵام هەندێك چیرۆکیشم وەرگێڕاوە کە رەنگە زۆر کەس لێی ئاگادار نەبن. بۆ نموونە چیرۆکی مونیرۆ رەوانی پوور، هوشەنگی گوڵشیری، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، مەحموود دەوڵەت ئابادی، مەحموود کاکاوەند، ئەوانەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و چاپیش کراون. چیرۆکی میری چکۆلەش، بەڵام ئەگەر دەرفەتم هەبێت، حەز دەکەم هەندێك چیرۆکی دیکەش بکەمە کوردی کە کاریان تێکردووم.

**بەگشتیی شیعرو چیرۆکی کوردی لای فارس نەناسراوە. بۆ ناسینی ئەدەبی کوردی بەفارسی، خۆتان لەقەرەی ئەوە دەدەن کە شیعرو چیرۆکی کوردی بکەن بەفارسی؟**

فکرم لێکردووەتەوەو چەند نموونەشم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. من لەبەرئەوەی کوردی زمانی یەکەممەو زمانی دایکیمە، دەتوانم شیعرێك بەزمانی کوردی دابڕێژمەوەو توانام زیاتر لەم بوارەدایە تا داڕشتنەوەی شیعرێکی کوردی بەفارسی، چونکە وەرگێڕان تەنها پێویستی بەزانینی زمانەکە نییە، پێویستی بەدیتنەوەی زمانی هاوتای زمانی ئەو شاعیرە لەزمانی دووەمیشدا هەیە. ئەگەر من بمەوێت شیعری شێرکۆ بێکەس بکەمە فارسی، تەنها ئەوە پێویست نییە کە من فارسی بزانم، بەڵکو دەبێت زمانی هاوتای شیعری شێرکۆ لەفارسیدا بدۆزمەوەو ئەوە کارێکی ئاسان نییەو کاتێکی زۆری دەوێت و دەبێت زمانەکە بدۆزییەوە، کەسایەتییەك بدەی بەشیعرەکە لەزمانی دووەمدا.

**بەرنامەو کاتێکی دیاریکراوت بۆ وەرگێڕان هەبووە؟**

من بەداخەوە تائێستا بەبەرنامەوە کارم نەکردووەو هەمیشە بەسەردا کەوتووم و لەکاتی خوێندنەوەدا، شیعرێك یان چیرۆکێکم بینیوەو هەستمکردووە بۆ وەرگێڕان خۆش و باشەو پرۆژەیەکی ئەوتۆم نییە کە بڵێم وادەکەم و وا ناکەم. بەهیوام ئەو کۆمەڵە

شیعرەی کـە وەرمگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کـوردی، کـۆ بکەمـەوەو چـاپی بکـەم. بەتـەمام چـیرۆکی مـیری چـکۆلە، ئەگـەر بتـوانم، وەك شـانۆنامەیەکی رادیـۆیی بـەدەنگی خـۆم تۆماربکەم و بیخەمە سەر کاسێت و هەموو شیعرو بەرهەمەکانی خۆم، بەکۆمەڵێك رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیشەوە، کۆ بکەمەوەو چاپیان بکەم.

# وەرگێڕان



**چاوخشاندنێک بەکتێبی "سەد ساڵ تەنیایی"**

و. ئازاد بەهین





**کافکاو کیرکەگۆر**

و. کاروان حسن



**شاعیری هەستناسکی ئینگلیز رۆبێرت هێریک**

و. یاسین کەریم

**هاوارە کە**

و. عەبدوڵڵا قادر دانساز



**وتووێژ لەگەڵ نۆرمەن میلێر**

و. زێنەب یووسفی

# سەد ساڵ تەنیایی

## چاوخشاندنێک بەکتێبی "سەد ساڵ تەنیایی"

## لەنووسینی گابریل گارسیا مارکیز



**و: ئازاد بەهین**

گابریل گارسیا مارکیز لەڕۆمانی سەد ساڵ تەنیاییدا باس لەژیانی شەش نەوەی بنەماڵەی بۆئێندیا دەکات کە نەوەی یەکەمی ئەوان لەگوندێك بەناوی "ماکۆندۆ" نیشتەجێ دەبێت. ئەو چیرۆکە لەزمانی سێیەم کەسەوە دەگێڕدرێتەوە. لەماوەی سەدەیەك تەنیاییدا پێنج نەوەی دیکە لەبوئێندیاکان سەرهەڵدەدەن و رووداوی چارەنووسسازی هاتنی کولییەکان بۆ گوندو ئاڵوگۆڕی کەلوپەل لەگەڵ دانیشتووانی ئەو ناوچەیەو روودانی شەڕی ناوخۆ دەبینن.

کەسایەتییە گرنگەکانی ئەو رۆمانە بریتین لە: "خۆزە ئارکادیۆ بۆئێندیا" کە یەکەمین پیاوی بیسەرە بۆ چوونە ناو نیشتمانێك کە دوای ماوەیەك ناوی ماکۆندۆ لێدەنرێت.

ژنەکەی بەناوی ئۆرسۆلا لەماوەی ژیانی خۆیدا ئیدارەکردنی بنەماڵەو مناڵەکانی وەئەستۆ دەگرێت و لەدایکبوونی چەندین نەوە بەچاوی خۆی دەبینێت.

ئۆرسۆلا سەرقاڵی دروستکردنی هەندێك شتی خواردەمەنی بەشێوەی ئاژەڵەکان دەبێت تا لەو ڕێگەوە بژێویی ژیانی بنەماڵە دابین بکات. دوو کوڕی هەیە بەناوی "ئائۆرلیانۆ" و "خۆزە ئارکادیۆ"، کە یەکەمیان لەشەڕدا بەشداریدەکات و وەك سەرهەنگ و ڕێبەری ئازادیخوازان لەدژی دەوڵەتی پارێزگار خەبات دەکات و دووەمینیش دەچێت بۆ سەفەرو لەدوای گەڕانەوە بۆ گوندی ماکۆندۆ خۆی بەکاری دژە ئەخلاقەوە خەریك دەکات. سەرهەنگ ئائۆرلیانۆ بۆئندیا لەماوەی ساڵانی شەڕدا لەگەڵ ئەو ژنانەی کە لەبەرەی شەڕدا ناسیونی، دەبێتە خاوەنی چەندین کوڕ. کچی ئورسۆلا بەناوی ئامارانتا بەپێچەوانەی دوو براکەی خۆی تاکۆتایی ژیانی بەسەڵتی دەمێنێتەوەو سەرپەرشتی منداڵانی کەسانی دیکە دەگرێتە ئەستۆ. نەوەکانی دواتری ئەو بنەماڵەیە لەخۆزە ئارکادیۆو هاوسەرەکەی ڕێبێکا دروستدەبن. ئامارانتا کە بەر لەزەواجی ڕێبێکا لەگەڵ خۆزە ئارکادیۆ بۆ زەواج لەگەڵ پیاوێکی ئیتاڵیایی ڕکابەرایەتی دەکات، کینەی ڕێبێکای دەکەوێتە دڵەوە. لەهاوسەرگیریی کوڕی خۆزە ئارکادیۆو ڕێبێکا، کوڕێك لەدایکدەبێت کە ناوی دەنێنە ئارکادیۆ. خۆزە ئارکادیۆو براکەی سەرهەنگ ئائۆرلیانۆ بۆئندیا لەگەڵ ژنێك بەناوی "ترنرا" کە فاڵ بۆ ئەندامانی بنەماڵە دەگرێتەوە، پەیوەندی دەگرن و کوڕی سەرهەنگ ئائۆرلیانۆ بۆئندیا بەناوی ئائۆرلیانۆ خۆزە هەر لەو ژنە لەدایکدەبێت. هاوسەری گەنجی سەرهەنگ بەناوی "ڕێمدیۆس" لەدوای زەواج لەگەڵ ئەو بەبێ ئەوەی کە منداڵێکیان ببێت، دەمرێت. کوڕەکانی دیکەی سەرهەنگ ئائۆرلیانۆ بۆئندیا کە لەژنەکانی دیکە لەبەرەی شەڕدا دروستبوون، ناویان دەنێتە ئائۆرلیانۆو ناوی دایکەکانیشان بەناوی هەر کامەیانەوە زیاد دەکەن تا دیکی هەر کام لەوانە بزانرێت.

ئارکادیۆ کوڕی خۆزە ئارکادیۆ لەنەبوونی سەرهەنگدا ئیدارەکردنی ماکۆندۆ دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام بەهۆی زوڵم و زۆریی لەبەرامبەر خەڵکی ئەو گوندەدا، هەموو کەس لەخۆی ئەتارێنێت. تەنانەت ئورسۆلا دایە گەورەی ئەو سەبارەت بەزوڵم و زۆرییەکانی ئارکادیۆ ناڕازییەو بەلێدان ئەو ناڕەزایەتییەی پێ دەردەبڕێت. ئارکادیۆ دوو کچی بەناوەکانی "ڕێمدیۆس" و دوو کوڕی دووقلووی بەناوەکانی "خۆزە ئارکادیۆی دووەم" و "ئائۆلیانۆی دووەم" لە"سانتا سۆفیا" هەیە. لەهاوسەرگیریی ئائۆرلیانۆی دووەم لەگەڵ فێرناندا دێل کارپیۆ، دوو کچ بەناوەکانی "ئامارانتا ئورسۆلا" و "ڕێناتا ڕێمدیۆس" و کوڕێك بەناوی "

خۆزە ئارکادیۆ" دێنە دونیاوە. ڕێناتا ڕێمدۆس لەکوڕێك بەناوی مائۆریسیا بابیلۆنیا کە شاگردی میکانیکە، دەبێتە خاوەنی منداڵێك بەناوی "ئائۆرلیانۆ". ئەو ئائۆرلیانۆیە گەورە دەبێت و لەنەبوونی هاوسەرەکەی "گاستۆن" کە خەڵکی بەلژیکە، پەیوەندی لەگەڵ ئامارانتا ئورسۆلا دەگرێت کە خاڵی خۆیەتی و دەبێتە خاوەنی کوڕێك بەناوی "ئائۆرلیانۆ" کە دوایین نەوەیە لەبنەماڵەی بۆئندیا.

کاتێك کە سەرهەنگ ئائۆرلیانۆ بۆئندیا دەسەڵاتی چەکدارانی ئازادیخواز دەگرێتە ئەستۆو بەیەکگرتووکردنی ئەوان دەسەڵات دەگرێتە دەست، دەبێتە دیکتاتۆرێك و لەکۆتایی سەردەمی شەڕدا سەبارەت بەهەموو کەس، تەنانەت بەدایکیشی واتە ئورسۆلا ڕەشبین دەبێت بەشێوەیەك کاتێك دەچێتە ماڵەوە، دەستوور بەئورسۆلا دەدات کە لەسێ مەتر زیاتر لێی نزیك نەکەوێتەوە. ناوبراو بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لەکوشتنی نزیکترین کەسانی خۆی، خۆی نابوێرێت و مارکیز لەچیرۆکەکەدا باس لەوە دەکات کە ناوبراو لەتەواوی ژیانی خۆیدا عاشقی هیچ کەس نەبوو، تەنانەت عاشقی ئەو ژنانەش نەبوو کە دایکی منداڵەکانی بوون و ژیانی لەشێتیی دەسەڵات و متمانە نەکردن بەکەسانی دیکە بەسەر برد.

لەناوچوون و مەرگی هەندێك لەکەسایەتییەکانی چیرۆکەکە، پەرە بەسیحراوییبوونی گێڕانەوەکان دەدەن. سەرکەوتنی ڕێمدیۆس بۆ ئاسمان لەبەرچاوی کەسانی دیکە، کوژرانی هەموو کوڕەکانی سەرهەنگ ئائۆرلیانۆ بۆئیندیا کە لەژنان لەبەرەی شەڕدا لەدایکبوون لەلایەن کەسانی نەناسراوەوەو هەروەها ئەوەی کە "ئائۆرلیانۆ"ی تازە لەدایکبووی "ئامارانتا ئورسۆلا" دەبێتە خۆراکی مێرووەکان، لەو خاڵانەن کە پەرە بەسیحراوی بوونی گێڕانەوەکان دەدەن.

کەسایەتی ئورسۆلاو پیلار ترنرا لەگەڵ کەسانی دیکەی ئەو بنەماڵەیە جیاوازە، لەبەرئەوەی ئەو دوو کەسە بەهەستی شەشەمی خۆیان و بەفالگرتنەوە دەتوانن داهاتووی کەسەکان پێشبینی بکەن. لەدوای مەرگی "ئورسۆلا" ئەوە "فێرناندا دێل کارپیۆ"یە کە بەڕێوەبردنی ژیانی کەسانی ئەو بنەماڵەیە دەگرێتە ئەستۆو بۆچوونەکانی خۆی بەسەر ئەواندا دەسەپێنێت، چونکە ئەو لەپەیوەندی کچەکەی "ڕێناتا ڕێمدیۆس" لەگەڵ "مائۆریسیا بابیلۆنیا" نازاڕییەو نایەوێت خەڵکی ئەو گوندە ئاگاداری پەیوەندی ئەو دوو کەسە بن. ئەوەیە کە دەبێتە هۆی مەرگی ئەو گەنجەو کچەکەی بۆ لای هەندێك کەسی تایبەتی دەنێرێت بۆ ئەوەی تاکۆتایی ژیانی لەوێ بمێنێتەوە. کاتێك ئەو کەسە بۆ ماڵی

فێرنانـدا دێـت و نەوەکـەی کـە منـداڵی ڕێناتـاو مائۆریـسیایە لەگـەڵ خـۆی دەیهێنێـت، سـەرەڕای ئـەوەی کـە فێرنانـدا سـەرەتا دەیـەوێت ئـەو منداڵـە بکوژێـت، بـەڵام لـەو بیرکردنەوەیەی پاشگەز دەبێتەوەو ئەو منداڵە لەو ماڵەدا گەورە دەبێت.

ئەو گۆڕانکارییانـەی کـە "کولییـەکان" لـەژیانی بنەماڵـەی "بۆئنـدیا"کانـدا دەیهێننـە ئاراوە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا سەرنجڕاکێشە. "مێلکیادس"ی جادووگەر کە وەك "کولی" لەگەڵ کولییەکانی دیکە دەچێتە ناو گوندی ماکۆندۆ، دوای ماوەیەك لەماڵی بۆئندییـەکان نیشتەجێ دەبێت و دەستدەکات بەنووسینی مـەکاتیبێك بـەزمانی سانـسکریت کـە خـوزە ئارکـادیۆو دوای ماوەیـەکی زۆر ئائۆرلیـانۆ، کـوڕی ڕێناتـا ڕێمـدیۆس بەخوێندنـەوەی ئـەو مەکاتیبە هەوڵدەدەن رازی ئەو نووسراوانە بەدی بێنن، بەڵام خۆزە ئارکـادیۆ سـەرکەوتوو نابێت و ئائۆرلیانۆ بەکڕینی ژمارەیەك کتێبی کۆن لەو کتێب فرۆشییەو خوێندنـەوەی ئـەو کتێبانە، بەرە.. بەرە رازی ئەو نووسراوانە بەدەستدێنێت و دەیاندۆزێتەوە. ئـەو لەبەشـی کۆتـایی چـیرۆکەکەدا بەچـۆنییەتی مردنـی کەسـانی بنەماڵـەی بۆئنـدیا لەنووسـراوەکانی مێلکیادس دەزانێت. مێلکیـادس نووسـیویەتی کـە یەکـەمی کەسـی بنەماڵـە، واتـە خـۆزە ئارکادیۆ بۆئندیا بەبەستنەوەی لەژێر دارێکدا (درەختێك) دەمرێت و دوایین کەسی بنەماڵە دەبێتە خـۆراکی مێرووەکـان. لـەکۆتایی چـیرۆکەکەدا، لافاوێك روو دەدات کـە ئائۆرلیـانۆ لەکاتی خوێندنەوەی ڕووداوی لافاو و مەرگدا، خۆی بەهۆی لافاوەوە دەکەوێتـە جـەریانی چۆنییەتی مەرگی خۆی و ئیتر هیچ کات لەژووری مێلکیادس ناچێتە دەرێ، چونکە لەگەڵ ڕوودانی لافاودا ژیانی ئەویش کۆتایی پێدێت و چیرۆکەکەش تەواو دەبێت.

گۆڕانی پەیوەندی ژنان و پیاوان لەنەوەیەکی بنەماڵەی بۆئندیا بۆ نەوەیەکی دیکە لەو چیرۆکەدا زۆر سەرنجڕاکێشە. لەنەوەی دووەمدا کوڕەکان پەیوەندییەکی کراوەیان لەگـەڵ ژنـانێکی زۆر هەیـە، بەشـێوەیەك کـە سـەرهەنگ ئائۆرلیـانۆ بۆئنـدیا بـەهۆی ئـەم پەیوەندییانەوە دەبێتە خاوەنی زۆر کوڕ، بەڵام لەنەوەکانی دواتردا دەبینین کە ژمـارەی ژنانی پیاوەکان بەرە بەرە کەمدەبێنەوە تا ئەو جێیەی کـە گاسـتۆن هاوسـەری بەلـژیکی ئامارانتا ئورسۆلا لەهەبوونی هەر ئەو یەك کوڕە رازی دەبێت و بەوەفادارییـەوە لەگونـددا لەگەڵی دەژی و ئائۆرلیانۆ، کوڕی "ڕێناتـا ڕێمـدیۆس"یـش لـەدوای سـەردانی گاسـتۆ بـۆ بەلـژیك بـۆ کـڕینی فڕۆکـەو گواسـتنەوەی بـۆ گونـد پەیوەنـدی لەگـەڵ ئامارانتـا ئورسـۆلا دەگرێت. گۆڕینی ژیانی پیاوانی بنەماڵەی بۆئندیا لەچەند ژن بوونـەوە بـۆ یـەك ژن بـوون دەتوانرێت لەدوو هۆکاردا ببیندرێتەوە. توندبوونی دایکان لەگـەورەکردنی کوڕەکانیـان و

سەپاندنی بۆچوونەکانیان بەسەر ئەواندا یەکێك لەو هۆکارانەیەو هۆکارێکی دیکە سەرقاڵبوونی کوڕەکانە بەنووسراوەکانی مێلکیادس بۆ دۆزینەوە ئەو رازە بەرێژەیەکی بەرچاو پەیوەندییان لەگەڵ کەسانی دیکە کەمدەکاتەوە. بەشێوەیەك کە ئەوان تەنیا بۆ پێویستییەکانیان لەژووری مێلکیادسەوە بۆ چێشتخانەو تەوالێت دەچن و هەموو کاتی خۆیان لەژووری مێلکیادس بۆ خوێندنەوەی نووسراوەکانی بەسەر دەبەن.

شێوازی رۆمانی سەد ساڵ تەنیایی ریالیزمی جادووییە. مارکیز بەنووسین سەبارەت بەکولییەکان، هەر لەسەرەتای رۆمانەکەوە باس لەکارە سیحراوییەکانی ئەوان دەکات و سەیرو سەمەرەکانی سەبارەت بەبوونی ئەوان لەگونددا، بەدرێژایی چیرۆکەکە باسدەکات تا ئەو رووداوەی کە هاوشێوەی حەقیقەتی ژیانە لەکۆلۆمبیا، لەگەڵ ئەو سیحرانەی کە لەو چیرۆکەدا روودەدەن، ئاوێتەبکرێن و شێوازی ریالیزمی جادوویی دروست بێت.

مارکیز لەچەند شوێنی رۆمانەکەدا کات بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەو گەڕانەوەیە بۆ رابردوو، هیچ کاریگەرییەکی لەیەکگرتوویی گێڕانەوەکاندا نییەو نابێتە هۆی ئاڵۆزیی چیرۆك.

ئەو چیرۆکە تەنیا گێڕەرەوەیەکی هەیە کە سێیەم کەسە، بەڵام ئەگەر مارکیز لەبەشە جۆراوجۆرەکانی رۆمانەکەدا گێڕانەوە بەکەسایەتی جۆراوجۆر دەسپێرێت، سەبارەت بەجیاوازی بیرکردنەوە کە هەر کامەیان سەبارەت بەکەسانی دیکە هەیانە، چیرۆکەکە جوانتر دەبێت و لەهەمانکاتدا لەو سادەییەی گێڕانەوە دێتە دەرەوە.

رۆمانی سەد ساڵ تەنیایی بەگێڕانەوەی بەشەکانی ژیان لەگوندێکدا، ژیان لەکۆلۆمبیا بەباشی بۆ زەینی خوێنەر دەگوازێتەوەو رۆڵی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان چیرۆك لەبەواقیعبوونی رووداوەکان، بەجوانی تیایدا باسکراوە.

# كافكاو كيركەگۆر



**و: كاروان حسن**

كافكا لەمانگی ئۆگەستی ساڵی ١٩١٣دا بیروڕاكانی كیركەگۆری فەیلەسوف دانیماركی دەخوێنێتەوەو هەست بەپەیوەندییەكی زۆر نزیك لەنێوان خۆی و ئەم فەیلەسوفەدا دەكات، ژیانی تایبەتی و ناوەكی كیركەگۆر تاڕادەیەك هاوشێوەی ژیانی كافكا بوو، چونكە ئەویش بەدەست باوكێكی زۆردارەوە رەنجی دەكێشاو وەك كافكا هەمیشە ئاواتەخوازی پێكەوەنانی ژیانی هاوسەری بوو، بەڵام بەهۆی بوونی كێشەی عاتیفی هاوشێوەی كێشەی عاتیفی كافكا نەیدەتوانی لەگەڵ مرۆڤێكی دیكەدا ژیانێكی هاوبەش دروستبكات، لەبەرهەمەكانی هەردوو نووسەردا نیشانەی دڵەڕاوكێیەكی وجودی دەبینم و لەنووسینەكانیاندا گوناه مەسەلەیەكە كە ئەوان هەمیشە لەگەڵیدا دەرگیرن.

بەبڕوای كیركەگۆر دڵەڕاوكێ كاتێك دێتەبوون كە مرۆڤ فریوی رواڵەت و ماددە بخوات، بەبەراوردكردنی قسەكانی كیركەگۆر لەگەڵ رۆمانی دادگایدا لەبارەی ترس و تاوانە

نەناسراوەکانەوە، دەتوانین هاوشێوەی ئەم قسانە لەڕۆمانی دادگایدا بدۆزینەوە، چونکە ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەم ڕۆمانەش دەرگیری (ژۆزێف کا....)یە لەگەڵ تاوانی نەناسراودا، بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین ڕۆمانی دادگایی لەسەر بنەمای ئەم قسانەی کیرکەگۆر بنیادنراوە:

((هیچ لێکۆڵینەوەیەك (لەدادگاکانی ئەشکەنجەدانی ئیسپانیای کۆن) بەو ئەندازەیە تۆمەتبار ئەشکەنجە نادات کە دڵەکوتێ مرۆڤ ئازار دەدات، هیچ سیخوڕێکیش بەئەندازەی دڵەکوتێ نازانێت کە بەچ جۆرێك هێرش بکاتە سەر کەسی مەبەست و داو لەبەرپێیدا بنێتەوە، هیچ دادوەرێکی هۆشمەندیش ناتوانێت بەو جۆرە لەتۆمەتبار بکۆڵێتەوە کە دڵەکوتێ دەتوانێت، چونکە دڵەکوتێ هەرگیز لێناگەڕێت قوربانییەکەی هەڵبێت چ لەکاتی ئیش و چ لەکاتی شادی و چ لەڕۆژو چ لەشەودا)).

کەوایە لەبەرهەمەکانی کیرکەگۆردا بەجۆرێك لەجۆرەکان ڕووبەڕووی پاڵەوانی ڕۆمانی دادگایی دەبینەوە، کیرکەگۆریش بەهەمانشێوەی کافکا لەنووسینەکانیدا بەجۆرێك باس لەژیان دەکات وەك بڵێی لەدادگایەك زیاتر نییە، چونکە مرۆڤ تا دەمی مەرگ، دەبێت بەرگەی گوشارو دڵەکوتێ و ترسە زۆرەکان بگرێت، بەم پێیە دەتوانین ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنین کافکا لەبیرەکانی کیرکەگۆر ئیلهامێکی زۆری وەرگرتووە، چونکە ئەویش هەروەك کیرکەگۆر لەو باوەڕادابوو ژیان دادگاییەکە بەمەرگ کۆتایی پێدێت.

خاڵێکی هاوبەشی دیکەی نێوان کیرکەگۆرو کافکا ئەوەیە کە هەردووکیان لەو باوەڕەدا بوون، لۆژیك نەك تەنها بۆ هەستپێکردنی بابەتی میتافیزیکی بەس نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی گومڕابوونیش، (ولیەم هاین) لەبارەی کیرکەگۆرەوە دەنووسێت: (ڕازئامێزترین وتەی ئەم پەیوەندییە وابەستەی ئەو واقیعەیە کە خودا –بوونێکی بێ سنوورو ئەبەدی– لەڕێگەی ڕەوتگەلی لۆژیکی باوی ئینسانەوە هەستی پێناکرێت) لەڕۆمانی (کۆشك)ی کافکاشدا دەبینین خەڵکی لادێ، چونکە پەیوەست نین بەلۆژیکەوە زۆر ئاسانتر لەپاڵەوانی ڕۆمانەکە دەتوانن لەگەڵ کۆشك و کەسانێك کە لەوێوە دێن پەیوەندیی دروستبکەن.

کافکاو کیرکەگۆر هەردووکیان لەو باوەڕەدان کە مەسەلەی هەڵبژاردن دەبێتەهۆی دروستکردنی دڵەکوتێ، لەکورتەچیرۆکی (پزیشکی لادێ) کافکا پزیشك دەخاتەبەردەم

دوو ڕێگاوە، لەلایەکەوە چارەسەری نەخۆش و لەلایەکی دیکەوە بەجێهێشتنی خزمەتکارە لاوەکە لەلای مەیتەر، دووەمیان هەڵدەبژێرێت و لەئەنجامدا نە لەچارەسەرکردنی نەخۆشەکە سەردەکەوێت و نەدەتوانێت ڕێگە لەفریوخواردنی خزمەتکارە لاوەکە بگرێت لەلایەن مەیتەرەکەوە.

لەلایەکی ترەوە هەم کیرکەگۆرو هەم کافکا ڕەخنە لەکلێسا دەگرن، بەبڕوای کیرکەگۆر (دەوڵەت کلێسا بەڕێوە دەبات، تا ئەو ڕادەیەی کە دەبێت کلێسا کارمەندانی خۆی لەکەسانی بەردەستی چینی ناوەڕاست هەڵبژێرێت، کە ئەڵقەلەگوێ و دەست بەسینگەوەن و چاوی پەیجۆری خۆیان لەبەخشینی دەسەڵاتدارە باڵاکان بڕیوە) ڕەخنەی بنەڕەتی کیرکەگۆر لەمەسیحییەت ئەوەیە کە (بنەمای واقیعی مەسیحییەت لەدانیمارك و تەواوی ئەوروپادا لەسەر بنەمای بەهێزی ڕۆح بنیاد نەنراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای هێزی سیاسی و سەرچاوەگەلی ماددی و دەوڵەتەوە بنیادنراوە) کیرکەگۆر لەدژی سیستمی کلێسای پێکهێنراو (فەرمی) کە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی لەئەستۆی دەوڵەتدا بوو، ڕاپەڕی، بەڕای ئەو کلێسای فەرمی، ڕەتکەرەوەی ئایین و فێرکاری و سەرمەشقەکانی مەسیح بوو، بەبڕوای ویلیام هاین: (هێرشی کیرکەگۆر لەدژی کلێسای فەرمی، بەشێوەیەکی گشتیی لایەنی نێگەتیڤی هەوڵەکانی ئەو نیشاندەدات، هێرشگەلێك کە دواتر کەم و زۆر بەدەست شۆڕشگێڕانێکی وەك (کارل مارکس) وەك چەکێکی ترسناك دەرکەوت، ئەم شۆڕشگێڕانە کلێسایان بەبەشێك لەو هێزە دەزانی کە چینی داگیرکەر بۆ کۆیلەکردن و ملکەچکردنی چینی کرێکار حستوویانەتەگەڕ).

کافکاش لەژێر کاریگەریی کیرکەگۆردا لەچیرۆکی (گراکوسی ڕاوچی)دا ڕەخنە لەکلێسا دەگرێت و ئەوە نیشاندەدات کە چۆن کە شیشان وانەکانی مەسیح بەنادروستی لەسوودی هەڵسوڕێنەرانی کلێسا ڕاڤە دەکەن، لەم چیرۆکەدا کافکا بەوردی ئەوە نیشاندەدات کە ئەم تەعبیرە هەڵەیە نەك تەنها بووەتە هۆی شکستخواردنی کلێسا، کە ئەرکی چاودێریی و بڵاوکردنەوەی باوەڕی مەسیحە بەدروستی، بەڵکو بووتەهۆی ڕسوابوونی مەسیحیش، چونکە چیرۆکی (گراکوسی ڕاوچی) سەربووردەی مەسیحی لەخاچدراوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە بۆ ئاسمان بەرزبێتەوەو بەخودا بگات.

لەکۆتایی رۆمانی دادگایشەوە دەبینین کەشیش هەم پەیوەستە بەکڵێساو هەم وابەستەیە بەزیندانەوەو لەوێوە راسپێردراوە لەگەڵ (کا)دا قسە بکات، لەهەمانکاتدا ئەو کڵێسایەی کە کەشیش کاری تێدادەکات، ئەنجامدەری فەرمان و ئالەتی دەستی ئەو دادگایەیە کە کافکای مەحکوم کردووە، لێرەشدا دووبارە کاریگەریی کیرکەگۆر بەسەر دادگایی کافکاوە ئاشکرایە، چونکە لەم رۆمانە کافکا نیشانیدەدات کە چۆن کڵێسا موچەخۆری دەوڵەت و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە.

کیرکەگۆر، لەدژی ئەو مەسیحییەتە راپەڕی کە کڵێسا رەواجی پێدەدا، بەبڕوای ئەو نابێت دەوڵەت کڵێسا بەڕێوەببات، چونکە بەم کارە بڕوای دونیایی زاڵدەبێت بەسەر کڵێسادا کە دەبێت تەنها بەکاروباری ئایینییەوە خەریك بێت، لەکاتێکدا مەسەلەی دونیایی لەگەڵ مەسەلەی ئاییندا بەیەکەوە ناسازێن.

کافکا لەباری رۆحییەوە گەلێك خۆی بەنزیکی کیرکەگۆر دەبینی، لەنامەیەکدا بۆ (ئۆسکار باوم)ی هاوڕێی دەنووسێت (کیرکەگۆر ئەستێرەیەکە لەسەر زەمینێکی تەقریبەن دەستپێڕانەگەیشتوودا بۆ من دەدرەوشێتەوە، خۆشحاڵم کە تۆ بەرهەمەکانی دەخوێنیتەوە، من تەنها ترس و لەرزم خوێندووەتەوە).

کافکاو گیرکەگۆر لەژیانی تایبەتیشیاندا لێکچوونیان هەبوو، هەردووکیان لەگۆشەگیریدا دەژیان، هەردووك (ریزپەڕ) بوون و هیچ کامیان نەیانتوانی بەشێوازێك خۆیان لەژێر دەسەڵاتی باوکیان ئازادبکەن، هەردووکیان زگورد بوون و لەلاویدا مردن.

کافکا سەبابەت بەلێکچوونی رۆحی خۆی لەگەڵ کیرکەگۆردا، لە(٢١)ی ئوتی ١٩١٣ لەدەفتەری یاداشتەکانی رۆژانەیدا دەنووسێت (ئەمڕۆ بەرهەمێکی کیرکەگۆرم گرت بەدەستەوە، هەر بەو جۆرەی کە گومانم دەکرد، بارودۆخی ئەو (پەیوەندی لەگەڵ ریگن ئۆڵسن) لەگەڵ بوونی جیاوازییە بنەڕەتییەکانماندا، زۆر لەبارودۆخی من دەچێت، بەلای کەمیەوە ئەو لەهەمان گۆشەی ئەو نیایەدا نیشتەجێیە کە من تێدا نیشتەجێم، ئەو وەك دۆستێك من پەسند دەکات).

یەکێك لەجیاوازییە بنەڕەتییەکانی ئەم دوو نووسەرە ئەوەیە کە کیرکەگۆر عاشقی کچێك بوو بەناوی (ریگن ئۆلسن)، بەم هۆیەوە پەیوەندیی نێوان تاك و خودای بەپەیوەندیی عاشق و مەعشوق چوواندووە، بەڵام کافکا ئەم بیروڕایە لەڕۆمانی (دادگایی و

کۆشك)دا ڕەتدەکاتەوە، چونکە پاڵەوانەکانی ئەم دوو ڕۆمانە ناتوانن لەڕێگەی پەیوەندیی عاشقانەوە کێشەی خۆیان لەتەك دادگا یاخود کۆشکدا چارەسەربکەن.

## کافکا ـ سوریالیزم و ئیکسپرسیۆنیزم

لەدەیەی ١٩٣٠دا، کاتێك کە ئەندرە برتۆن رابەڕی سوریالیستەکانی ئەوروپا، بۆ بنیادنانی قوتابخانەی سوریالیزم هاتە پراگ، تێگەیشت لەوێ هیچ کەس کافکا ناناسێت، لەدوای ئەم سەردانەوە کاریگەریی سوریالیزم و ئیکسپرسیۆنیزم لەبەرهەمەکانی کافکادا بۆ ماوەیەك بووە جێگەی قسەکردن، دیارە کافکا لەسەردەمێکدا دەینووسی سوریالیزم و ئیکسپرسیۆنیزم کاریگەرییەکی قوڵیان بەسەر ئەدەبیات و هونەرەوە بەجێهشێت بوو، سورسالیستەکان لەو بەیاننامەیەی کە لەساڵی ١٩٢٤دا بڵاویانکردەوە ئەم بابەتەیان بەمشێوەیە باسکردبوو: (دەربڕینی راستی بیروخەیاڵ بەشێوەی زارەکی یان نووسراو یاخود هەر شێوەیەکی دی بەشێوازێکی خودی، دەربڕینی بیرو بەبێ خۆهەڵقورتاندنی عەقڵ و بێگرنگیدان بەبنچینەکانی جوانناسی یاخود ئەخلاقی).

سوریالیزم قوتابخانەیەکە کە پەیڕەوکارانی بۆ داهێنانی بەرهەمی هونەری لەلێکدانی واقیع و خەیاڵ تێکەڵەیەك دروستدەکەن، بەم پێیە لەتەعبیری بەرهەمەکانیاندا لەڕێگەی عەقڵ و لۆژیکەوە ناتوانین بەجێگایەك بگەین، چونکە خەیاڵ لەگەڵ واقیعدا تێکەڵدەکەن، جێی سەرسوڕمان نییە، ئەگەر لەبەرهەمەکانیاندا چاومان بکەوێت بەدژ بەیەکی، چونکە لەبەرهەمەکانیاندا وەك خەو دەتوانین شتێك لەجێی شتێکی دیکە دابنێین، سەبارەت بەپەیوەندیی سوریالیزم لەگەڵ بەرهەمەکانی کافکادا، (ڤالتر ئیچ. زوکیل) دەنووسێت: (... لەڕاستیدا، تایبەتمەندیی خەوئاسای نووسینەکانی کافکا هەموو خوێنەرێك دەگرێت، مەتەڵئاساییان، دەرکەوتەترین رووخساری ئەوانە، لەم رووەوە لەخەوێك دەچن کە ئێمە بەڕاڤەکردن ناچاردەکەن، بەڵام وەك بڵێی کلیلی راڤە لەدەست ئێمە دەسێنن، هەندێکجار چیرۆکەکانی هەموو ئاوێنەیەك لەنێو خەودا بێدار دەکەنەوە، خەوگەلێك کە کافکا لەیاداشتەکانی رۆژانەیدا زۆرجار دەیانلێتەوە، لێکچوونی بەرچاویان لەگەڵ چیرۆکەکانیدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لێکنەچوونێکی قووڵ لەنێوان نووسینەکانی ئەو و سوریالیستەکاندا هەیە، کە خەوەکانیان لەخۆوەو ئۆتۆماتیکی و خێرا خێراو کورت دەنووسن، لێکنەچوونی چیرۆکەکانی کافکا سەرانسەر رێکخراون، ئەوان بەهیچ جۆرێك کۆپی سادەیی خەو نین، بەڵکو بەجۆرێك دروستکراون و چنراون کە چەند بارەبوونەوەی جەوهەریان لەخەو دەچن.

بەرهەمــەکانی کافکــا کاریگــەریی ســوریالیزمیان بەتــەواوی پێــوە دیــارە، بــەڵام سوریالیزمێك کە کافکا پـەیڕەوی لێدەکات، هـەروەك ڤالتر زوکیل وتـەنی تایبەتمەنـدی خودی ئەوە لەهەندێك لەچیرۆکەکانی کافکا وەك (پزیشکی لادێ)و (دادگـایی) دەتوانرێت لەکاریگەریی ئەم قوتابخانەیە بەباشی بکۆڵرێتەوە.

بـەڵام ئیکسپرسیۆنیزم شـێوازێکی داهێنـانی هونەرییـە، کـە بـەگۆڕینی شـێوە یـاخود تۆخکردنی هەندێك لەڕەنگەکان لەوێنەکێشیدا هەسـتی پێدەکرێت، بـۆ نموونـە بەرهـەمی (ڤانکوخ) نموونەیەکی بەرجەستەی وێنەکێشی ئەم قوتابخانەیـەن، بـەدەربڕینێکی دیکـە، ئیکسپرسیۆنیزم جـۆرە هونەرێکـە کـە تێیـدا هونەرمەنـد بەئەنقەسـت گـۆڕان لەڕواڵـەتی سروشتدا دەکات، تاکو بتوانێت ئـەو تەسـەرو هەسـتە تایبەتـەی کـە لـەناخ و دەروونیـدا دەریببڕێت، لەم بەرهەمانـەدا دەبێت دەرکەوتـەکان بەسـەرنجدان لەواقیعگـەلی دەروونـی هونەرمەند لێیان بکۆڵرێتـەوە، بـۆ نموونـە لـەڕۆمانی (کۆشـك)ی کافکـادا، دەبیـنین چۆن واقیع دەگۆڕێت و لەگەڵ زیهنی نووسەردا ئاوێتە دەبێت، لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا دەبیـنین (کا) بەم شێوەیە وەسفی (کۆشك) دەکات:

بینایەکی سادەو بازنەیی بوو بەشـێکی لاولاو داپۆشـیبوو، پەنجـەرە بـچکۆلەکان کـە ئێستا لەبەر ڕووناکی خۆردا دەدرەوشانەوە... وەك بڵێی تراشکاری نا دڵنیاو نا ڕێکوپێك و کۆنینەکانی بەدەستێکی لەرزیو و منداڵ نەکێشراوە، بیناکـە سـەری دەیـدا لـەئاسمانی ڕەنگ شین، وەك ئەوەی کـە یـەکێك لەنیشتەجێبووانی ماڵەکـە دەبـوو لەیـەکێك لـەژوورە دوورە دەسـتەکانیدا خـۆی وەك زیندانییـەك نیـشانبدات، سـەقفەکەی شـکاندووەو خـۆی بەرزکردووەتەوە تاکو خەڵکی جیهان ببینن.

بەپێی زانیارییەکانی (گوستاڤ یانوش) لەکتێبی (گفتوگۆ لەگەڵ کافکا)دا دەڵێـت: ئـەم نووسـەرە لەڕواڵەتـدا پەیوەسـتی خـۆی بەقوتابخانـەی ئیکسپرسیۆنیزم نیـشان نـەداوە، چونکە لەدوای خوێندنەوەی شیعرەکانی (یوهانس د.بەشەر)و بینـینی وێنـەکانی ئۆسـکار کۆکوشکا وتـی: (لـەم وێنانـە تێناگـەم.. ئـەم وێنانـە تـەنها پەرێشانی و بـێ سـەروبەریی دەروونــی وێنــەکێش نیــشاندەدات) لەگــەڵ ئەوەشــدا (رالــف فریــدمان) لەوتارێکیــدا نووسیویەتی (کاریگـەریی ئیکسپرسیۆنیزم لەبەرهەمـەکانی کافکـادا عیبارەتـە لـەگۆڕانی شـێوەیەکی تایبـەت کـە کەسـایەتیی پاڵەوانـەکان دەگۆڕێـت تـاکو بـارودۆخی رواڵـەتی پاڵەوانەکان لەگەڵ شتگەل و کاروباری دەرەکیدا گۆڕانی بەسەردا بێت).

بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین یەکێك لەتایبەتمەندییە دیارەکانی چیرۆکەکانی کافکا، کە هاوچەشنیان لەگەڵ کابوسدا (مۆتەکە)، دەرخەری ئەوەیە کە کافکا لەئیکسیرسیۆنیزمەوە ئیلهامی وەرگرتووە، تاکو بتوانێت لەم ڕێگەیەوە حاڵەتە دروونییەکانی خۆی بکات بەشێوەیەکی عەیینی.

رەنگە بتوانین ئەوە بڵێین، کافکا بەم کارەی ویستوویەتی لەدژی قوتابخانەی ریالیزم شۆڕش بکات کە لەو ساڵانەدا ئەم قوتابخانەیە لەسەرەمەرگدا بوو.

## سەبک و زمانی کافکا

تایبەتمەندی سەردەمی کافکا، ئاوارەیی و بێ لانەوماڵییە، لەلایەکەوە لەتێکڕای بوارەکانی تەکنەلۆژیای ئابووریی و سیاسەت و زانستەکانی دیکە، کەس بەدوای (مانا)دا نەدەگەڕا، چونکە بەگۆڕانی بەهاکان، مرۆڤەکان دووچاری جۆرێك لەخۆ بێگانەبوون ببوون، لەلایەکی ترەوە، هونەرو ئەدەبیات دووچاری گۆڕان ببوو و بەپەیدابوونی قوتابخانە نوێیەکان لەبواری هونەردا، جۆرێك لەداڕمانی هونەری هاتبووە گۆڕێ، کە دەبووە هۆی جیابوونەوەی هونەرو ئەدەبیات لەمرۆڤ، سەبکی ئاڵۆزی کافکا دەرخەری ئاڵۆزیی جیهانی هاوچەرخی دەرەکی کافکاو ژیانی ناوەکی و تایبەتیەتی، لەبەرئەوەی کافکا زمانی ئەڵمانی زمانی دایکی نەبووە، بەم هۆیەوە ئاشنانەبووە بەزمانی رەمەکی خەڵکی ئەڵمانی، کەوایە زمانی نووسنی کافکا زمانی کتێبە، کە لەنووسینەکانیدا نیشانەی زمانی زارەکی خەڵکی ئەڵمانی نابینرێت... پەڵەوانەکانی ئەگەرچی لەنێو خەڵکی رەمەکیدا هەڵبژاردوون و لەکەسانی جووتیار، کارمەندانی بانك، خزمەتگوزاران و کارمەندانی ئوتێل و ژنانی مەیخانەو خزمەتکاران پێکدێن، بەڵام دووبارە ئەو زمانەی کە ئەوان بەکاریدەهێنن، زمانی ئەدەبی ئەڵمانییەو بەدوورە لەهەموو جۆرە کێشەیەکی رێزمانی، کە وایە دەتوانین بڵێین کافکا تەنها نووسەرێکی ئەڵمانی زمانەکە لەبەرهەمەکانیدا نیشانەیەك لەزمانی زارە جیاوازەکانی خەڵکی رەمەکی یاخود زمانی عامیانە نابینرێت)، ئەو زمانە ئەڵمانییەی کە کافکا بەکاریدەهێنا نیشانەگەلێکی تێدا بوو کە زمانەکەیان لەزیهنی دوور دەخستەوەو وەك زمانی کافکا لەزمانی رۆژانەی خەڵکی ئەڵمانیا دوور بوو، وشەکان و خوازەکان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکەیان خاوەن رەسەنێکی تایبەت بوون، بەم پێیە دەکرێت لەبەرهەمەکانی کافکادا وێنەگەلێکی پڕ بارتر بدۆزینەوە کە دەتوانرێت لێکدانەوەو راڤەی جۆراوجۆریان بۆ بکرێت، بەوتەی کۆنتەرئاندرز:

(زۆرێك لەڕستەكانی كافكا هۆشدارییەكی ترسناكی روونی ئیدارین، هەندێكیان وردبین و گێڕانەوەیەكی دژوارو یاساگەلێكی فرە رەهەندیان هەیە، كە پێویستیان بەخوێندنەوەی وردەو تەنانەت لەشێوەی داڕشتیاندا لەوەبیرهێنانەوەی هەڕەشەئاسا دەچن، كەبێئاگایی لەیاسا نابێتە هۆی پاكانە، هەندێكی دیكەیان لەبەشەكانی پێشینەی پزیشكی دەچن، لەكاتێكدا بەشێكی تریان وەك داوای سكاڵانامە خاوەن لەحنێكی خاكەڕایین، بەڵام لەهەر روویەكەوە بێت لەحنێكی فەرمی یان ئیدارییان هەیە، وەك بڵێی راپۆرتی بەڵگەدارن، نووسینەكانی كافكا بەتەنها هەڵقوڵاوی ناو ناخی نین، بەڵكو ئەو بارودۆخە كۆمەڵایەتی و مێژووییەش كە هاوسەردەمەكانی خستبووە ژێر كاریگەرییەوە بەهەمانشێوە كاریگەریی بەسەر ئەویشەوە دانابوو، كافكا یەهودێكی ئەڵمانی زمانی پەیوەست بەرۆژگاری رابردووی پراگەوە بوو و لەساڵانی بەر لەجەنگی یەكەمی جیهان و رووخانی ئیمپراتۆریەتی نەمسادا ژیاوە.

وتمان كە بەهۆی ئەڵمانیی زمانییەوە لەخەڵكی چیك جیابوو و ئەڵمانەكانیش بەهۆی ئەوەی كە یەهودیی بوو لەنێو خۆیاندا قبووڵیان نەدەكرد، وەك خۆی لەم بارەیەوە بۆ میلینای نووسیبوو (نموونەی تەواوی یەهودێكی رۆژئاوایی) بوو كە نەك تەنها لەو یەهودییە سونەتیانەی كە پاشماوەكانیان هێشتا لەكۆمەڵگەی پراگدا دەبینرا دابڕابوو، بەڵكو لەیەهودییە رۆژئاواییەكانی هاودینی خۆشی دابڕابوو، كافكا نە ئەڵمانییەكی رەسەن بوو و نە ئەڵمانییەكی نەمسایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەئەڵمانییەكی تەواو رەوان دەدوا، بەڵام لەقسەكردنیدا وەك ئەڵمانییەكی رەسەنی لەدایكبووی ئەڵمانیا نەبوو، كافكا نەیدەویست خۆی بەخەڵكی چیكسلۆڤاكیا بزانێت یاخود خۆی بەخەڵكی پراگ لەقەڵەم بدات... بەم پێیە كافكا لەو كەسە سەیرانەیە كە ناتوانین بەوابەستەی گەلێك یاخود كەلتوورێكی بزانین.

جوانی سەبكی كافكا دەتوانین زیاتر لەدیدگای هەندەسییەوە لێیبكۆڵینەوە تاكو لەدیدگای مۆسیقییەوە، پەخشانی ئەو بناغەی رستەگەلێك دروستدەكەن كە دەتوانرێت لەچەندین دیدگای جیاوازەوە لێكدانەوەو راڤەیان بۆ بكرێت، رستەكانی وەها رێكخراون كە عیبارەتەكانی بێ وەستان و یەك لەدوای یەكەوە دێن بەڕادەیەك كە خوێندنەوەیان ماندووكەرە، ئەم رستانە لەڕواڵەتدا بەدەوری بازنەیەكی بێ سنووردا دەسووڕێنەوە، تا ئەوەی خوێنەر دواجار بەرگی دەرەوەیان دەشكێنێت و لەمانای رستەكان تێدەگات، پاشان خوێنەر هەست بەوە دەكات كە لەنێو رستەكاندا لوتكەیەك هەیە كە گەشتن بەم

لوتكەیە لەتوانای خوێنەردا نییە، لەڕاستیدا بورجی بابل یەكێكە لەو وێنانەی كە بەلای كافكاوە شایستەبووە.

یەكێك لەتایبەتمەندییەكانی سەبكی نووسینی كافكا، واتە گۆڕینی ڕەوتێكی زیهنی، بۆ وێنە لەپێكهاتەی رستەكانیدا دیارە، با وەبیرهێنانەوەی ئەو تیۆرەی كە زمان رۆڵێكی رێزمانی تایبەتی نییە، رەنگە بتوانین جیاوازی نێوان وێنەیەك و رستەیەك باشتر بخەینەڕوو، وێنەیەك (نیهادو گوزارە)ی تێدا نییە كە سادەترین و بنەڕەتیترین تایبەتمەندی دیاری زمانە، رستە دەستئاوێژەكە بۆ پەیوەندیكردن، كە رۆڵێك دەگێڕێت و پەیامێك دەگەیەنێت، بۆ نموونە سەرنجی كەسێك بۆ شتێك لەشوێنێكدا رادەكێشێت، (بە)و (لە) لەزماندا جیاوازیان هەیە، بەڵام لەڕۆڵدا جیاوازییان نییە، بۆ نموونە وێنەیەك كەلاوەگەلێ نیشاندەدات، لەكاتێكدا رستە بەدابەشكردنی وێنەكە بەبەشە پێكهێنەرەكانی واتە: (شار وێران بووە) پەیوەندیی لەنێوان بەشەكاندا دروستدەكات، شێوازێك كە كافكا رستەكانی پێ دەگۆڕییە وێنە زۆرجار گەلێك سادەبوو، كافكا رستەی (ئامێرەكان مەرگهێنەرن) لە (گروپی محكومان)دا بەشێوەی ئامێری لەسێدرەدان دەردەخات و كاریگەرییەكەی بەهێزتر دەكات، رستەی (شتگەل و كاری جیهانی ئێمە رەمزدارن) دەگۆڕێت بۆ شتێكی رەمزدار بەناوی (odradek) كە سیمبولی پوچییە، رستەی (هونەرمەندان برسیەتی دەكێشن) دەگۆڕێت بۆ (هونەرمەندی برسیەتی).

بەكورتی شتگەلی كاروباری جیهانی كافكا حەقیقەتگەلێكی جێگیرن، شتگەلێكی كە لەحەقیقەتەكانی كاروباری جیهانی ئێمە ئافەرێندراون.

سەرچاوە: شناخت كافكا، بررسی تنهایی نسان إمروز در اندیشەهای كافكا، د.بهرام مقدادی، انتشارات بهجت، بهار ١٣٨٥ ص٤٠-٤٤.

# شاعیری هەستناسکی ئینگلیز

# رۆبێرت هێریک



Robert Herrick

١٥٩١ - ١٦٧٤

**و: یاسین کەریم**

رۆبێرت هێرك لەساڵی ١٥٦١ز لەدایكبووە، دەستپێكی شیعرو هۆنراوەی بەبواری ئەدەبیات و ئارەزوو و پیشەی شیعری پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی (٢٠) ساڵی دەستپێكردووە، گوایە وەكو دەردەكەوێت لەئەندێشەو خەیاڵی فراوانی شیعرو ئەدەبیات لەتەمەنی (٥٠) ساڵیدا وازی هێناوە.

رۆبێرت هێریك زۆربەی شیعرەكانی لەبواری سۆزداریی و ئەوینداریی و ئایینی و سیاسەتدا نووسیویەتی هەروەكو چەندین شیعری هەیە كە بۆ بۆنەو هۆیە نیشتمانی و نەتەوەكاندا نووسیویەتی، بەشێكی بەرچاو لەهۆنراوەو شیعرەكانی شیعری كورتی گۆرانی بە(لیریك)ە، یەكێكە لەگەورەترین ئەو شاعیرانەی ئینگلیز كە لەبواری شیعری گۆرانیدا، لەم هۆنراوەیەی خوارەوەدا ئەم شاعیرە ئامۆژگاری كچە لاوەكانی ئینگلیز دەكات كە نرخی گەنجێتی و بایەخی تەمەنی لاوی خۆیان بزانن بەشداریی خۆشی بەهاری گەنجێتی خۆیان بكەن و سوودی زۆری لێ وەربگرن، داوا لەخانمە گەنجەكان دەكات كە كات زۆر

گرنگەو ئەگەر هەستی پێنەکەن وێرانکەرە، ئەم شیعرە بەو شیعرانە دادەنرێت کە یەکێکە لەشیعرە بەرزەکانی سەدەی (١٧)ی ئەدەبیاتی ئینگلیزی لەبواری ئەویندارییدا، ئەم هۆزانڤانە مەزنەی ئینگلیز لەم هۆزانەدا ئەوپەڕی ژیریی و ئەزموون و ریالیزمی پێوە دەبینرێت ژیان وەکو خۆی کە هەیە دەبینێت رەشبینی نییەو تەنها زەنگی ئاگاداری دەدات بەگەنجانی کچان بەتایبەتی ئامۆژگارییان دەکات کە رابن لەدژی دووژمنێکی ترسناك، ئەویش کاتە، دەڵێت ئەگەر نەیبڕی دەتبڕێت، ئەم هۆزانڤانە مەزنە لەساڵی ١٦٧٤ کۆچی دوایی کردووەو بۆ هەمیشە چاوی لێکناوە، بەڵام بەم شیعرەی میراتێکی جوانی لەژیریی و ئەزموون و واقیعبینی بەجێهێشتووە، نەك بۆ میللەتەکەی بۆ تەواوی گەنجانی جیهان.

## بۆ کچانی لاو، هەر چی زۆرتر سوود لەکاتی گەنجی وەربگرن

**ساتە خۆشەکانی تەمەنت تا گەنجی رابوێرە بەشادی**

**خونچە گوڵەکانت کۆکەرەوە کاتێ ئەتوانی**

**کە کات کۆن بوو ئەفڕێ لەدەستت**

**هەر ئەو گوڵەیە کە پێ ئەکەنێ ئەمڕۆ**

**سبەینێ سیس دەبێ و دەمرێ و دەڕوات**

***

**درەوشاوەترین رووناکی ئەسمان خۆرە**

**کاتێ دەگاتە ترۆپکی بەرزی ئاسمان**

**هەرچەندە بەتواناو بەهێزو خێرابێ خۆناگرێ**

**دادەکشێتەوە بۆ دەم کەلی ئاوابوون**

***

**تەمەنی گەنجی سەرەتاو یەکەمی گەنجینەیەکە**

**کاتێ گەنجی خوێنی گەرم لەدەمارەکاندا دێت و دەچێ**

**وردە وردە بەسەر دەچێ و ماندو پرو خراپ دەبێ**

**ئەوکاتە هەست دەکەیت بەکات لێت دەباتەوە**

**کات لەسەر کەس راناوەستێت و دەتبڕێت وێرانکەرە**

***

**دەتۆش شەرم مەکەو، لاوێتی خۆت بەکاربێنە**

**کاتێ کە تۆ شوو دەکەی دەسگیرانداری**

**ژیان بەدەمتەوە پێدەکەنێ**

**بەڵام کاتێ بەهاری خونچە گوڵی تەمەنت لەدەست چوو**

**ئەبێ بۆ هەمیشە لەچاوەڕوانیدا بژی**

**دادت نادات**

*To the girls, to make much of time*

*Gather ye rosebuds while ye may,*
*Old time is still a-flying :*
*And this same flower that smiles to-day*
*To-morrow will be dying.*

*The glorious lamp of heaven, the sun,*
*The higher he's a-getting,*
*The sooner will his race be run,*
*And nearer he's to setting.*

*That age is best which is the first,*
*When youth and blood are warmer ;*
*But being spent, the worse, and worst*
*Times still succeed the former.*

*Then be not coy, but use your time,*
*And while ye may go marry :*
*For having lost but once your prime*
*You may for ever tarry.*

سەرچاوە: کتێبی (A literary Anthology)

# هاوارەکە

## نووسینی: لاش گیولینستێن(*)

## و. لەسویدییەوە: عەبدوڵڵا قادر دانساز

٢/١٠

ژوورەکـە، درێژییەکـەی سـێ مـەترو پانییەکـەی دوو مـەتر دەبێـت. بەرزییەکەشـی، لەوانەیە نزیکەی دوو مـەترێك بێـت. هـەر هـەمووی دەبێـت بـەدوانزە مـەتری شەشـپاڵوو. نزیکـەی یـەك مـەتری ژوورەکـە بەلەشـی خـۆم داگیرکـردووە. نزیکـەی یـانزە مـەتری شەشـپاڵووی دەمێنێتـەوە. ئـەوجا ئـەو تەختـەی لەسـەری دەنـووم و توالێتەکەشـی لـێ دەرکرێت. توالێت لەهەمان ژووره، کە مرۆ تیایدا دەنووێت.

دڵۆپەو ئاوەچۆڕێ دەکات. زۆربەی شەوان تاڕادەیەك نەمتوانیوە بەتـەواوەتی بنـووم، ئێخۆ بێگومان هیچ شتێك نییە ببێتە هۆی ماندووبوونم. ئەوەی هەیە بەتەنها جاڕسـبوونە، بەڵام خۆ ئەوەیان ناژمێردرێت. هەرچییەکیش بێت ئەو جاڕسییە شتێکەو روودەدات. ئـەو رووداوەش هەروەکو بڵێیت بۆ ماوەیەکی کەمخایەن دەبێت بەهاودەمم. بەتەنها ئەو کاتانە نەبێت، کە مرۆ دەیەوێت بنوێت، بەڵام خۆ ئەوە ئاشکرایە، بەوەی هەندە گرنگ نییە، کـە مرۆڤ پێویستی بەوە بێـت تـا بنوێـت. هەرچـۆنێك بێـت گـەر بهاتبایـەو گڵۆپێـك هەبوایـە! شەوان گەلێك درێژن!

هەروەها شتێکی تریش هەیە من ئاواتی بۆ دەخوازم و ئەویش ئەوەیە: گـەر بهاتبایـەو پەنجەرەکە، لەجیاتی ئەو جامە زبرو تەڵخە جامێکی ئاسایی تێبکرێت. زۆر خـۆش دەبـوو گەر بتتوانیبایە تەماشای دەرەوە بکەیت!

ئەوەی راست بێت مرۆ ئەنجامی ئەو شتە نازانێت. ئەوەیان پەیوەندی بـەوەوە هەیـە، کە چی شتێ لەدەرەوەی ژوورەکە هەیە.

بێگومان ئەوەی لەدەرەوەیە بەتەنها حەوشەیەکە. لەوانەیە داریش لەنێویدا هەبێت. ئاسمانیش بەهەورەوە. ئارەزووی بینینی ئەو شتەم. من لەو باوەڕەدام پەنجەرەکە روویکردووە بەلایەکی بەر بەرەڵاوە. بەیانیان رووناکییەکە هەندە بەشەوق دەبێت و دوایی بەرەبەرە رووناکییەکە کز دەبێتەوە. دەبێت ئەو رووناکییە خۆر بێت، کە تیشکی لەڕووی دەرەوەی ئەو جامە دەدات. ئەوە بەتەنها جامێکی زبرە، کە لەو نێوانەدا بوونی هەیە.

ماوەیەك لەو باوەڕەدا بووم لەدیوێك لەدیوەکان شەوەو دواتر وا بۆی دەچووم، کە لەوانەیە لەدیوی ناوەوە شەو بێت. ئێ خۆ من دەستم بەوە ناگات تا بتوانم هەست بەو شتە بکەم. ئیتر راوەستام و تفم لەجامی پەنجەرەکە دەکرد، بۆ ئەوەی تفەکە کاردانەوەی نابەرامبەر بکاتە سەر زبریی جامەکە، بەڵکو بهاتبایەو زبرییەکە لەدیوی لای منەوە بێت، بەڵام ئەو کارە بەهیچ شێوەیەك روویندا. دەبێ دیوی دەرەوەی جامەکە زبر بێت.

من بەهیچ شێوەیەك گوێم لەهیچ دەنگێك نەبووە لەدەرەوەی ژوورەکەوە بێت. یان ئەوەتا دەرگاکە زۆر بەتەواوەتی لەدەنگ جویێ کراوەتەوە، یاخود هیچ شتێك لەو دیوی دەرگاکەوە بوونی نییە. بەقەد دەرگای ژوورەکەدا بەدوای کونی تەماشکردن دەگەڕم. دەبێت شتێکی لەو بابەتە بوونی هەبێت. یان ئەوەتا هیچ شتێکی لەو بابەتە بوونی نییە یاوەکو هەروەها بەشێوەیەکی زۆر کارزانیانە رەنگی کونەکەیان گۆڕیبێت. ئەو شتەیانم بەو شێوەیە تاقیکردەوە، بەوەی دەستەسڕ بەجێگای جیاوازی دەرگاکەوە هەڵبواسم. هەر رۆژەو لەجێگایەك، بۆ ئەوەی بتوانم سەرودڵی کەسێك بگرم تا پەلامارمبدات، ئەگەر بەس بهاتبایەو من بمتوانییایە بەری کونی تەماشاکردنی دەرگاکە بگرم. بەو شێوەیە بیرم دەکردەوە تا شوێنی ئەو کونە دیاری بکەم، بەڵام بەهیچ شێوەیەك لەشێوەکان ئەو کارە هیچ ئەنجامێکی بەدەستەوە نەدا. یان ئەوەتا ئەمانە زۆر فێڵبازن یان ئەوەتا هیچ کونێکی تەماشاکردن بوونی نییە یاوەکو هەروەها هیچ کەسێك نییە تەماشا بکات. من ئارەزووی کونێکی تەماشاکردنم هەیە. با ئەگەر بێتیشو ئەو کونی تەماشاکردنە ببێتە هۆیێ رەزیلکردنیشم. هەرچۆنێك بێت مانای ئەوەیە، کە ئەو شتە بەجۆرێك لەجۆرەکان ببێتە هۆی پەیوەندیکردن. بێگومان گەلێك نانی خەپڵەم سەرفکرد بۆ ئەوەی دەستەسڕەکە جێگیربکەم، بەڵام هەرچییەکیش بێت ئەوا من کارێکم هەیە بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەم.

بگره لەهیچ لایەکی تری ژوورەکەشەوە گوێم لەهیچ نەبووە. لەپەنجەرەکەوە گوێم لەهیچ نەبووە. من ئەمە بەشتێکی سەیر دەزانم. ئەگەر بهاتبایەو ئەو پەنجەرەیە رووی لەلایەکی بەر بەرەڵا بکردبایە ئەوا هەرچۆنێك بێت دەمتوانی گوێم لەبا بێت. ئەوە لەبەر ئەو هۆیەیە، کە من دڵنیانیم لەوەی پەنجەرەکە روویکردووە بەلایەکی بەر بەرەڵاوە، بەڵام ئەگەر بێت و ئەم شتە بەو شێوەیە نەبێت، ئەوا من لەتوانامدا نییە سەر لەو کارە دەربکەم، بەوەی ئایە ئەم هەمووە چۆن چۆنی رێکخراوە. لەوانەیە حەوشێکی رووناك کراوی لێبێت یان پەنجەرەکە بەسەر یەکەوە چەندین جامی لێ گرترابێت.

٤/١٠

من هەرگیز پێشتر ئارەزووی خواردنم نەبووە، بەڵام ئێستا ئارەزووی خواردنم هەیە. لەوانەیە ئەوە ئارەزووی خواردن نەبێت، بەڵکو ئارەزووی ئەو پچڕانە بێت، کە ژەمی نانخواردن لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. لەو سەردەمەدا کات بەسەر ژەمەکانی نانخواردن و شەو دابەش دەکەم. شەو و رۆژێك سێ بەشی لەرۆژو بەشێکی لەشەو پێکهاتووە. نانخواردنی بەیانی و نانخواردنی شێو. شەوان خەون دەبینم و رۆژانیش خەمی ئەوەمە بەوەی دەبێت خواردنی ئەو رۆژە چی بێت. ئەوەی لەسەر منە ئەوەیە، ئەو کاتە بەتاڵانە پڕبکەمەوە.

کەواتا من، بەشێوەیەکی پراکتیزەکراو، بەردەوام هیچ کارێکی دیکەم نییە خۆمی پێوە خەریك بکەم. سەرەتا زەندەقم چووبوو لەوەی ئەم کارە بەو شێوەیە ماوەتەوە، بەڵام ئێستا هەستدەکەم بەوەی ئەمەش وەکو هەموو شتێکی تر زۆر ئاساییە.

٥/١٠

بێگومان منیش بیر لەوە دەکەمەوە دەبێت ئەم هەموو شتە چی لێ پەیدابێت. ئا ئەو بێدەنگییە تۆقێنەرە، بەڵام لەلاکەی تریشەوە هەرچی دەنگی تریش هەیە، با لەهەرچییەکیشەوە بێت، ئەو دەنگە گەلێك تۆقێنەرتر دەبێت.

٥/١٠

من جارێك لەجاران لەو باوەڕەدا بووم، کە ئەگەر بێتو رێژەیەکی زۆر تەنهاییم لێ پەیدا بێت ئەوا تەنهایی یارمەتیم دەدات چەکەرە بکەم. من لەو باوەڕەدا بووم گەشە

بکەم و بەرەو روونبوونەوە بچم، بەس هەر ئەوەندە کاتم دەستکەوێت بۆ ئەوەی گوێ لەخۆم بگرم. بێدەنگ بیت و گوێت لەگیزەو ویزەی هاوسێکەت بێت، ئەو کەسەی هێلانەکەی من نووساوە بەقەد رەگی ئەوەوە. هەروەکو لەنێو پەرتوکی قوتابخانە گەلییەکانەوە باسیان لێوە دەکرێت، بەڵام من ئێستا درك بەوە دەکەم، کە بێدەنگی و تەنهایی بەتاڵم دەکەنەوەو پڕم دەکەن لەپاڕانەوە.

بەتەنها لەپاڕانەوەی ئاسودەو ئارام نا، بەڵکو لەتەنهاییەکی چالاك و هێز لەبەر بڕ، بەشێوەیەکی وەها هەندە ماندووت دەکات، ماندووکردنێك ئازاری لەگەڵدا بێت. هەروەکو بڵێی بۆ ماوەیەکی زۆر بەقوڵی چەمێندرابێتەوە خۆت گیرکردبێت. پاڕانەوەو لێ ترسان.

٦/١٠

ئەمڕۆ درکم بەوە کرد من بەشوێن چالاکییەکانی خۆم کەوتووم بەگرنگی پێدانێکی وەهاوە، کە بەتەواوەتی جێی گاڵتەجاڕی بووە. هەر هەموو بەیانییەکە چاوەڕوانی ئەوە بووم، بەڵکو پێویستیم بەوە بێت بچمە تەوالێت و بەشێوەیەکی بێوچان بیرم لەوە دەکردەوە ئایا تۆ بڵێی ئێستا کاتی ئەوە نەهاتبێت. ئێ خۆ گەلێ شتی تریش هەیە، کە بایی ئەوەن تۆ خۆت پێیانەوە خەریك بکەیت، بەڵام ئەوەی راست بێت من بەتەواوەتی سەرقاڵی ئەوە بووم ئەو گرفتە لەهەموو لایەنێکەوە بخەمەڕوو.

٧/١٠

ئەم بێدەنگییە شتێکی سەیری چاکە !

هیچ شتێکی ترم ناوێت جگە لەوەی، کە دەمەوێت ئەو بێدەنگییە ببڕێتەوە. نازانم ئایا من لەتوانامدا هەیە شتێ بۆ ئەو کارە بکەم. من هەوڵم لەگەڵ کونی تەماشاکردنەکە دا، کە لەوانەشە بوونی هەر نەبێت. رۆژێکیان خۆم کرد بەمردوو. بۆ ئەوەی ببینم ئایا شتێك روودەدات. لەو کاتەدا بۆ بەیانییەکەی لەخەو بێدار بوومەوەو لەسەر ئەو تەختەی لەسەری دەنووم جووڵەم لەخۆم بڕی. بەڕاکشاوی مامەوە، خۆم ناچارکرد بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بەرگەی خۆم بگرم بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بمێنمەوە. ئەوە کارێکی زۆر ترسناك بوو. بەتەنها پاش نیو سەعاتێك بەشێوەیەکی وا ئەوەندە ماندوو بووم، کە من زۆر بەسەختی توانیم رێگە لەخۆم بگرم بەوەی هەڵسمە سەر پێ. ئەو شتە بەوە دەستپێکرد: پشت و پشتملم دەستیان بەئازار کرد. بەرە بەرە تووشی سەرئێشەش

بووم. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێکم نەبوو، کە بتوانێت بیرکردنەوەم لەبرسێتی دووربخاتەوە. چەندین وردە ساتیش نووستم، بەڵام بەئارامی و ئۆقرە گرتوانە نا، بەڵکو حەیابەرانەو نیمچەبێدار. لەوانەیە لەتوانامدا نەبووبێت هەناسەدانم پڕ بەو کارە کپ بکەمەوە. لەوانەیە هەر هەموو ئەو کارە بەشێوەیەکی خراپ ئاراستە کرابێت.

هەروەها هەوڵی ئەوەشمدابوو خۆم لەبێدەنگییەکە دووربخەمەوە. ئەوەی راست بێت ماوەیەك ئاواتەخوازی ئەوە بووم، کە بتوانم ئارام ببمەوەو واز لەبیرکردنەوە لەو شتە بێنم، بەڵام ئەو کارە نەکرا. ئەوە هەروەکو ئەو پرسیارەیە: "دەتوانیت بێ جوڵە راوەستیت و بیر لەفیلێکی سەوز نەکەیتەوە؟" هەروەها منیش هەوڵمدا بەردەوام بیر لەشتێکی تر بکەمەوە، بەڵام خۆ هیچ شتێك نییە، کە من ئارەزووم بچێتە سەری. من بەشێوەیەکی ئەندازەیی بەهۆی بەکورتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانەوە بەبەڵگەکاندا چوومەوە، بەسەرهاتەکانم دووبارە دەکردەوە، دەرەنجامی زنجیرە ماتماتیکییەکانم دەژمارد، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات هیچ یەکێکیان خۆگر نەدەبوون. درەنگ و زوو کەوتووە، کە تەرکیزت بەخۆگری خۆی راگرێت جا ئەو کاتە یەك دوو سێ بیرکردنەوە لەنێو بێدەنگییەکەوە سەر قوت دەکەنەوەو ئەوجا دەبێت لەو کاتەدا چی شتێکی تر دووبارە رووبدات.

بەڵام لەڕاستیدا ئەو شتە ترسناك نییە، مەبەستم بێدەنگییە، لەبەرئەوەی بێدەنگی هیچ شتێك نییە، کەواتە ناکرێت بێدەنگی ترسناك بێت.

یاخود ئایە بێدەنگی دەتوانێت ترسناك بێت؟

نەخێر من باوەڕناکەم بێدەنگی ترسناك بێت، بەڵام بێدەنگی لەهەمانکاتدا هەم هەتا بڵێی سەرنجڕاکێشەو هەم حەیابەریشە.

٨/١٠

نەخێر بێدەنگی ترسناکە.

ئەمڕۆ بەتەقەتەق تاسەکەم دەکوتا بەو تەختەی لەسەر دەنووم بۆئەوەی گوێم لەوە بێت ئایە من دەژنەوم. ئەوەی راست بێت بۆ ماوەیەکی کورت تەزم لێ هات بەوەی، کە من وام بەسەردا هاتووە، بەوەی کەڕ بوومە، لەگوێکانما یاوەکو لەمێشکما...، بەڵام من گوێم لەتەقەتەقەکە بوو.

ئەو کارەش ترساندمی. ئەوە وەکو زرمەیەك لەکاتی یەکەم دەنگی بەرکەوتنی تاسەکە بـەو تەختــەی لەســەری دەنــووم بەنێومــدا تێپــەڕی کــرد. ئــیتر ترســام، زۆر ترســام و یەکــسەریش تــەریق بوومــەوە. هــەر خێــرا دوای ئــەوەی تاســەکە لەتەختــە دارینەکــە جیابووەوە، زۆر خێراو ئۆتۆماتیکیانە دەنگەکەم کپکردەوە، بەوەی دەستم لەسەر تەختە دارینەکە دابنێم. هـەروەك منـداڵێکی ترسـاو دەسـتەکەی تـرم رووەو دەمـم بـرد. کـارێکی ئاوەها منداڵانە.

پاشان هەستم بەوە کـرد خەریکـە تووشـی پەشـۆکان دێـم، دەسـەڵاتم بەسـەر خۆمـدا نامێنێت. ئـەوجا بـۆ جـاری دووەم تـەریق بوومـەوە، بـەڵام تەقەتـەق کردنەکـەم دووبـارە نەکردەوە.

٩/١٠

ئەمڕۆ هەوڵی ئەوەم دا شت بهێنمەوە خەیاڵی خۆم، بۆ ئەوەی کات ببەمە سەر.

بەڵام ئەو یادەوەریانە بەتەنها یـادەوەریی ئازاربەخـشن، کـە خۆیـان پێـشکەش بـەمن دەکەن. یادەوەرییەکان رووداوی تەریق بوونەوە، بێسەلیقە، گەمژەیی و بەدی بوون.

بەدێتی لەهەموو شتێ زیاتر ئەشکەنجەم دەدات.

پێـشتر لـەو بـاوەڕەدابووم زۆربـەی ئـەو کـارە دڕنـدەو بـێ هەسـتانەی، خـۆمم پـێ تاوانبارکردووە، ئەو کاتەی من بەو کارانە هەسـتاوم ئاگـام لـەخۆم نـەبووە، بـەڵام ئێـستا لەکاتێکدا دووبارە ئەو رووداوانە لای خۆم زیندوو دەکەمەوە، ئەگەر بێـت و پرسـیار بێتـە سەر ئەوەی رێکەوتی ئەو رووداوانە لەناخی ناخمەوە بکرێت، هەست دەکەم هەموو کاتێك زانیارییەك لەبارەی نرخی راستەقینەی ئەو کردارانەی پێیـان هەسـتاوم هـەبووە، یـاوەکو کردارەکانم کەمووکوڕییان هەبووە.

پێشتر دەمتوانی گاڵتە بـەو شـتە بکـەم، بـەڵام مـن ئێـستا ئـەم کارەشـم بەتـەواوەتی لەدەستنایە، چونکە لەتوانامدا نییە بیر لەوە بکەمەوە خۆم لەو بێدەنگییـە رزگـار بکـەم. ئەو بێدەنگییە خۆی بەسەر مندا دەسەپێنێت و رێگەم لێ دەگرێـت لـەوەی بایـەخ بەهـەر شتێکی تر بدەم. هەموو ئەو شتانە وام لێ دەکەن کەمتەرخەم و بەدڕەوشت بم.

وەکو خۆرە لەناوەوە دەمخواتەوە.

بەڵام لەلاکەی تریشەوە لەوانەیە ئـەو بێدەنگییـە بووبێت، کـە وایکـردووە لەبەرامبـەر ئەوەی، کە من چی بوومە چاوم بکرێتەوە. من خۆم لەکار خستووە.

١٠/١٠

شەوەکانی ئەم دواییە نەنوستووم.

١١/١٠

من هەرگیز کەسم خۆشناوێت. من هەرگیز خـۆم نەداوەتـە دەسـت هـیچ تاکەکەسـێك، بۆیەکە هەردەم تەنها بوومەو هەردەمیش بێدەنگی لەدەوروپـشتمدا بـووە. تاقانـە شـتێك من گوێم لێ بووبێت، هەر دەنگی ناخی خۆم بـووە. وەك تەماشـاکردنی ئاوێنـە لەچـاوانی خەڵکی بەتەنها وێنەی خۆمم دەبینی، وێنەی دەمی خۆم و نێوچاوانی خۆم.

١٢/١٠

ئێستا هەموو شتێ لەتوانایدا هەیە رووبدات.

ئەم بەیانییە لەسەر ئەو تەختەی لەسـەری دەنووم، دانیـشتبووم و بـیرم لەشـتی لـەو بابەتە دەکردەوە، کە روویانداوەو روویان نەداوە. ئەوە هەر وەك شـێوەی ئاسـایی خـۆی وابـوو. بەتــەنها بێـدەنگی و بێـدەنگی و بێـدەنگی بـوو. هــەروەها بێدەنگییــەك بەنیمـچە بێویژدانییەکیشەوە.

لەپڕێکدا گوێم لەشتێك بوو یـان هەسـتمکرد بـۆ ماوەیـەکی کـورت وا گـوێم لەشـتێکە. وامزانــی ئــەوە ترپــەی خوێنبەرەکانمــە یــان ئــەو تەختەیــەی لەســەری دەنــووم یــان ئاودەستەکەیە، بەڵام ئەو دەنگە هیچ یەکێك لەو دەنگانە نەبوو. دەنگێکـی بـەردەوامبوو. سەرەتا بەبێئەوەی گرنگی پێ بدەم گـوێم لێـی گـرت، بـەڵام لەپڕێکدا بەتـەواوەتی و زۆر ئاشکرا لەو دەنگە تێگەیشتم.

ئەوە دەنگی هەنگاو بوو.

بەبـەردەوامی دەنگـی هــەنگاوی قنپاژنــەی لەچــەرم دروسـتکراو و ژێرپێـی قۆنـدەرەی لــەقایش دروســتکراو بــوو بەســەر زەوییــە بەردینەکــەی راڕەوە درێژەکــەوە دەهــات. راڕەوەکەو هەنگاوەکە بەرەو رووی من دەهاتن. دەنگیان لەبەرزبوونەوەدا بوو.

ئای ئەوەندە ترسام ئەوەندە ترسام. سەرسوڕمان و زەندەق چوونەکەم لەزیادبووندا بوو، چونکە هەنگاوەکان تا دەهات نزیکتر دەبوونەوە. هەستم بەهیچ نەدەکرد. بەتەنها ئەوەندە بوو تا دەهات زیاترو زیاتر لەلایەن ترسێکی زۆر ترسناکەوە دەستم بەسەردا دەگیرا.

چوومە سەر ئەو تەختەی لەسەری دەنووم و خۆم نووساند بەدیوارەکەوە قاچەکانیشم بەچوارمشقی لەژێرمدا بوون. دەمزانی شتێکی بێسنوورو نامرۆڤانە روودەدات.

هەنگاوەکان بەرەو دەرگاکەی من هاتن. لەوێ وەستان. تەنها چەند دەسیمەترێك دوور لەدەرگاکەوە. پاشان شەق تێهەڵدانەکە دەستیپێکرد. قایم، قایم. چاوم لێ بوو چۆن دەرگاکە لەشکاندایە. دەرگاکە بۆ ناوەوە قۆپایەوە، بەڵام کونی تێ نەکەوت.

گوێم لەزیقەیەك، پاڕانەوەیەك، هەناسە لێبڕانێك بوو. دەنگی مرۆڤێك بوو – نازانم. ئەو دەنگە بێوچان بوونی هەبوو. لەکاتی هەناسە هەڵکێشانیدا هەروەك هاوارێکی بێهەست بەرەو ناوەوەی خۆی هەناسەی دەدا.

لەپڕێکدا تووشی گومانێکی ئێجگار ترسناك بووم و دەستم بەرەو دەمم برد. لەوێدا هەستم بەکونێکی داپچڕاو کرد. لێوەکان رەق بووبوون. هەستم بەو هەوایە دەکرد، کە هاواری لێ دەردەچووە دەرەوە. هەستم دەکرد سەری زمانم دەلەرێتەوە.

ئەوە من بووم، کە دەمقیژاند. لەوەیان تێگەیشتم، بەڵام زۆر بەسەختی لەو شتە تێگەیشتم بەوەی ئەو کارە بەسەر مندا هاتووە.

لەتوانامدا نییە باس لەو هەست بەڕیسواکردنەی خۆم بکەم، وەکو سەگێکی لورەلورکەر هەستم بەخۆم دەکرد. هەستم بەشەرمەزاریی دەکرد. دەمویست لەبەر چاوان ونبم. شەرمەزارییەکەم لەزەندەقچوونەکەم گەورەتر بوو. یەکاویەك بێدەنگ بووم. پەنجەکانم دەهێنا بەسەر دەم و سەری زمانما بۆئەوەی خۆم دڵنیا بکەم لەوەی، کە ئیتر من هاوار ناکەم.

چونکە من گوێم لێ بوو، هاوارەکە مابووەوە. قیژەکە مابووەوە. دەنگەکە دەژیاو بەهەمان شێوەی ترسناکی پێشووی دەردەچووە دەرەوە. هاوارەکە نەمردبوو. لەتوانای مندا نەبوو بیمرێنم.

(*) لاش گیولینستێن: لەساڵی ١٩٢١ لەشاری ستۆکهۆڵم لەسوید لەدایکبووەو لەساڵی ٢٩٩٦ لەستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لەکەڵە نووسەرانی سوید. خاوەنی چەندین ڕۆمان و چیرۆکە. ئەندامی ئەکادیمای سویدیی بوو. پرۆفیسۆر بوو لەپزیشکیدا، بەڵام "لاش" بەویستی خۆی وازی لەکاری پزیشکی هێنا، بۆ ئەوەی کاری نووسین بکات بەتاقانە کارو کاری هەمیشەیی خۆی. خاوەنی چەندین خەڵاتی ئەدەبییە.

**سەر چاوە:**

Lars Gyllensten; Moderna myter, noveller, Bonniers, Stockholm, ١٩٤٩, p. ٦٤-٧٠

# وتوویژ لەگەڵ نۆرمەن میلێر



**و.لەفارسییەوە: زێنەب یووسفی**

**رۆژێک کەدەنگی شەیتانم بیست.**

لەسەرەتای ساڵی رابردوو، لەلایەن گۆڤارێکەوە وتوویژێك لەگەڵ نۆرمەن میلێر، بەئەنجام گەیشت. تەوەرو باسی ئەم وتوویژە، لەبارنەی ئاخرین کتێبی میلێرەوە بەناوی (قەلایەك لەجەنگەڵ) سورا، بەڵام میلێر لە ١٠ نۆوامبر، لەتەمەنی ٨٤ ساڵیدا لەدنیا رۆیشت و پاش ئەو، ئەم وتوویژە بلاوکرایەوە. خانمی سەحەر شەهامیپوور کردویەتی بەفارسی و لەئاخرین ژمارەی گلستانە (٨٥)، لەزستانی ١٣٨٦دا بەچاپ گەیشت.

نۆرمەن میلێر لەتەمەنی ٨٣ ساڵیدا، هێشتا هەر گەنج و سەلامەت دێتەپێش چاو. ئەو ٦٠ ساڵ لەمەو پێش دەستیکردە نووسینی رۆمانی (رووت و مردوو)، ئەم رۆمانە خێراو لەکورتترین کاتدا ئەمی بەولات ناساندو خۆشەویستی خەڵکی بۆ هێنایەئاراوە. لەو کاتەوە، ببوو بەسەرەکیترین نووسەرو لەسەر ئەم کورسیە، لەولاتی ئەمریکا نیشتەجێبوو. میلێر، بۆ خۆی، شێوازێکی تایبەتی هەبوو لەنووسینداو باکی لەکەسیش

نەبوو، زۆری نەخایاند بەبۆنەی نووسینەکانی تریەوە خەڵکانی زۆری هەڵخرۆشاندو کەم نەبوون ئەو کەسانە کەدژ بەئەم هەڵسانەوەو تا ئاکامی ژیانی لەم بارەیەوە بارودۆخی نەگۆڕدرا.

بۆڵەبۆڵەکانی لەپرۆگرامە تەلەفیزیۆنییەکانیدا، قین و قین کاری لەگەڵ شارەداری نیویۆرك، بریندارکردنی دووەمین هاوسەری لەساڵی ١٩٦٠دا، لەڕیزی ئەو ئیشانەی بوو کە کەسایەتییەکی ناحەزی بەئەم بەخشی و لەهەمانکاتیشدا، سەرقاڵی خولقاندنی بەرهەمە سەر سووڕ هێنەرەکانی بوو. بەبۆنەی خولقاندنی ئەو بەرهەمانە، دوو جار، خەڵاتی پۆلیتزری وەرگرت. جارێك بەبۆنەی کتێبی (سوپای شەو) ١٩٦٨، جارێکیتر بەبۆنەی کتێبی (دەنگی جەللاد) کە لەسەر کارەساتێکی حەقێقیەوەنووسیبووی.

هێدی، هێدی رۆمان دەبێتەمەعشوقی میلێرو بەردەوام لەهەوڵدانی ئەوەدایە کەکتێبێك بخولقێنێت کە کەسایەتییەکی پێببەخشێت وەکو کەسایەتی و بەناوبانگیەکەی تولستۆی. ئاکامی شاکارەکانی میلێر (قەلایێك لەجەنگەڵ ١٩٠٦)بوو کەباسی سەردەمی منداڵیەتی هیتلێرمان بۆ دەگێڕێتەوە کە راوی رۆمانەکە خۆی بەهاوبەشی شەیتان دەناسێت.لەچاوپێکەوتنێکی دوورو درێژدا کەلەماڵی میلێر، بەئەنجام گەیشت، ئەو، ئاخرین، بیروڕاکانی خۆی سەبارەت بەشەیتان، ئەدەبیات و کۆمەڵگا، دەربڕی.

هەرچەند میلێر سەردەمانێك لەنیگایەکی تەنزئامێزەوە باسی ناکۆکیەکانی کۆمەڵگای دەکرد، بەڵام لەئاخرین وتووێژیدا، رواڵەتێکی ئەهوەن و ئەخلاقگەرای لەخۆی پیشانی خەڵك دا.

**کتێبی قەڵا بەباشترین بەرهەمی خۆت دەزانی؟**

من ٩ منداڵم هەیە، وەکو ئەمەیە کەلێم بپرسیت کامیانت زۆرتر خۆشدەوێت، راستیەکە کتێبێکی ترم لەمێشکدایە کە دەبێت لەدرێژەی ئەمدا بینووسم و ئەویش باسی درێژەی ژیانی هیتلێر دەکات. من لەمانگی داهاتوودا دەبمە ٨٤ ساڵان، بڕیارنادەم کەئەم کتێبە بەئاکام بگەیەنم، بەڵام ئەگەر کراو ئەمیشم تەواوکردو لەچاپم دا، دەتوانم بڵێم ئەم ٢ کتێبە پێکەوە رۆمانێکی چاکیان لێدەردەچێت.

لەمڕووەوە ئەم پرسیارەم کرد، کەدوو ساڵی پێش، وتت، ئەگەر کتێبی قەڵا بەئاکام بگەیەنیت، لەڕاستیدا مەزنترین کتێبی خۆت خۆلقاندووە.

لەڕاستیدا قەت لەوەبیر ناکەمەوە کەلـەبارەی ئاکامی ئـەم کتێبـە وشـەیەکیش بڵـێم، بەڵام تەنیا ئەوە دەتوانم بڵێم کەئەم رۆمانـە، هێـزی ئـەوەی پێیـە کەڕۆمانـەکانی دیکـەی ئەمساڵی نووسەرەکانی تر بەگشتیی تێکبشکێنێت و خـۆی بەتـەنیا بمێنێتـەوە، ئەمـساڵ سـاڵێکی سەرسـووڕ هێنــەرە. باشـترین رۆمانـەکان لەلایـەن توانـاترین نووسـەرەکانەوە، دێنەبازاڕی کتێبەوە، نووسەرانێك وەکو، کوورمـەك مـەك کـارتی، تۆمـاس پینـچۆن، جـان ئاپدایك، پێموایە ئەمساڵ لەهەموو ساڵێك زۆرتر بەرهەمی داستانی هاتووەتە بازاڕەوە.

**ئایا هەموویانت خوێندووەتەوە؟**

هێچکامەیانم نەخوێندووە. من کتێبەکانیتریش هەر ناخوێنم، چـونکە ژانەسـەرەم پێدا دەپێچێنن، بەڵام کاتێـك رۆمـانێکی جـوان دەخـوێنم، زۆر پێـی موعجـب دەبم و دواتـریش دووری لێـدەگرم. مـن عاشـقی خوێنـدنی کتێبـەکانی مـەك کـارتیم (جـادە)، هــەروەها کتێبەکانی پینـچۆن (بەرامبـەر بـەڕۆژ) ئـەم چـیرۆکانە مـن بـەرەو هـەموو شـوێنێکی دنیـا دەبەن.

**لەوانەیە وا بیربکەیتەوە کەئەمساڵ کەس بایەخی بەکتێبەکان نەدا؟**

نا، نا، لەڕاستیدا بایەخێکی ئەوتۆیان بەکتێبەکان دا، لەهەموو بارێکەوە بۆیـان چـوون و شیکرانەوە، هەم بەباشی و هەم بەخراپی، بەڵام ئـەو کارەسـاتە کەئـەمڕۆ لەفەرهـەنگی ئەمریکا خەریکە روودەدات، ئەوەم پێ خۆشـنییە، حـەز لەخوێنـدنی رۆمـان خـەریکە زۆر کەمدەبێتەوەو لەپەستا ئەم حەزە لاوازدەبێتەوە، بەڵام رۆمانەکـەی مـن چـاپ دەکرێـت و رەخنەی زۆری لێدەگرن، هەم بەباشی و هـەم بـەخراپیش نـاوی لێدەبـەن، لەوانەیـە بڵـێم کەڕەخنـەی زۆر خراپیـشی لێـدەگیردرێت. کتـێبی مـن دەتوانێـت لـەناو بـچێت یـان نـا، کاردانەوەیـەکی هـەبێت، یـان سـەرکەوتوو بێـت و بـەدەرەنجام بگـات. ئەگـەر لەڕاسـتیدا سـەرکەوتوو ببواتایـە، کەخـەیاڵم ئاسـوودەدەبوو، بـەڵام پێموایـە وای لـێ ناوەشـێتەوە، کەشوهەوایەکی پڕ لەئـەزموون و قـین و قینکارییـەکی زۆرم بەدوودایـەو خـەڵکانێکی زۆرم لێهەڵدەخرۆشێن.

لەبارەی خەڵکـەوە چـیت پێیـە بیڵێیـت، ئـەوان قـسەکانی تۆیـان سـەبارەت بـەخوداو شەیتان بیستووەو وا بیردەکەنەوە کە تۆ لەوانەیە مێشکت تێکچوو بێـت و لەسـەر خـۆت نەمابیت؟

ئەمە ئیشێکە کە لەڕاستیدا مرۆڤ دەخاتە بازنەی مەترسیەوە. ئەگەر باسی خوداو شەیتان بکەین، دەڵێن ئەوەشێت بووە، ئەگەر بیریان لێنەکەیتەوەو قسەیان نەکەی، باسی شێتی مرۆڤ هەر ناکەن، بەڵام لەو کاتەدا بەڕای من ئەوان گرفتیان هەیە، ئەگەر کەس بڕوای بەوەنییە کەکەسێك ئێمەی دروستکردووە ئەی ئێمە چۆن هاتووینەتە ئەم دنیایەوە.

**ئایا ئەم بیرو بڕوایانەن کەبوونەتە دەستکردی تۆ بۆ نووسینەکانت؟**

یەکێك لەگێلییەکانی من ئەوەیە کەدەمەوێت بەشوێن هەموو کتێبێکمەوە، خەڵکم لێهەڵبخرۆشێت و ببێت بەقوو.

جارێك وتت (ئەو نووسەرە کەنەتوانێت خەڵکی وڵاتێك هەڵبخرۆشێنێت، چ سوودێکی هەیە)

زۆرتری ئەو نووسەرانە کەخۆشەویستی خەڵکن و رووداو نین، لەوەدەترسێن کەسەردەمانێك خەڵك ئەوان بدەنەدوواوەوە، واتەخەڵکیان لەدەست دەرچێت. بەڕای من نووسەر نابێت لەمانە بیربکاتەوە، تەنیا ئەوەمان بەس بێت کەجوان دەنووسین و دەتوانین بەنووسینەکانمان ژیانی خەڵك بگۆڕین. ئەمە یەکێك لەبیانووە بەهێزەکانە لەبۆ نووسین. کاتێك کەهەستتکرد لەبەرزکردنی رادەی بیرو هەستی خەڵکدا بەشداری و هزری نوێیان پێیدەبەخشیت، دەبێت لەم حاڵەتەدا بەردەوام بیت، تەنانەت ئەگەر لەنیگای خەڵکەوە ناحەزو نالەبار بێت، بەڵام دەبێت لەوە تێبگەیت کەئیدی رێگای گەڕانەوەت بۆ نییەو دەبێت کەبەردەوام بیت.

**نووسین لەزمانی شەیتانەوە وا دیارە بۆ تۆ لەزەتبەخش بووە؟ ئایا بەڕاستە؟**

هەندێك کات هەستدەکەیت حەزت لێیە لەگەڵ راوی چیرۆکەکەتدا گاڵتەبکەیت، تێدەگەیت؟ لەڕاستیدا نووسەرەکان وەکو یاریگەری فیلمەکانن. (وارن بیتی) بەبۆنەی ئەمەیە کەزۆرم خۆشدەوێت و لەچیرۆکی (باگزی)دا تۆزێ گاڵتەم پێکردووە. پێیوتم: ئایا پێت ناخۆش نییە کەبرادەرەکانت لێت بترسێن؟ چونکە لەڕاستیدا دەنگی بیتی زۆر نێرەو سامناکیشە، وەڵامی دایەوە: نا، چونکە زۆرتری برادەرەکانم یاریزانن و هەموومان باش دەزانین کەبۆ ئەوەی کەبتوانی بەجوانی نەخشەکەت یاری بکەی، تەنیا پێویستت بە٥٪

لەتایبەتمەندییەکانی کەسایەتی خۆت هەیە. دواتر بزەیەکی بردەوەو وتی: لەوانەیە ئەگەر بەنیازی ٧٥٪ بیت، گرفتێکت نەمێنت، بەڵام لەڕاستیدا تەنیا ئەو ٥٪ بەکەڵك دێت و بەس.

لەم قسەو باسانە من تێگەیشتم لەڕاستیدا لەدنیای نووسیندا نووسەر تەنیا بەنیازی ٥٪ لەخۆیەتی. کەوایە، باشترەبزانی ٥٪ لەمن، لەوێنەی شەیتانە.

**لەوانەیە ٧٥%؟**

نا،نا، زۆرتر لە ٥٪ م پێ قبوولٚ نییە.

**ئایا تاکو ئێستا لەژییانتدا هەبوونی وجوودێکی جودا لەبەنیئادەمت، ئەزموونکردووە؟**

بەڵێ، بەڵام نامەوێت قسەی لێوەبکەم.

**ئایا هەبوونی ئەم ئەزموونەت لە ١٩٦٧، لەکاتی نووسینی رۆمانی (بۆ ئێمە لەڤێتنامین؟) تاقیکردەوە؟**

بەڵێ، تاقیمکردووەتەوە، تۆزێکیش لەم بارەیەوە قسەم کردووە کە لەزەمیری یونایەکاندا خودایانێك هەبوونیان هەیە، خودای چکولانە، نیوەخودا، کە لەوانەیە لەکتێبەکانماندا باسیان بکەین. بەوتەیەکی تر، رۆمانەکان لەئەزموونەکانمان دەوەشێنەوەو کتێبەکانمان لەپەنای پرۆسەی خاوێنکردن و پرۆسەی خولقێنەری وجودمانەوە درووست دەبن و لەڕاستیدا، هەڵقولاوی دەرونی ئێمەن.

**ئایا ئەمەکەباسی دەکەیت، هەمان ئەزموونە، کەلەڕۆمانی (بۆ لەویەتنامین؟) تاقیتکردووەتەوە؟**

ئەم کتێبەم، کتێبێکی تایبەت بوو، چونکە من لەدرێژەی ٣ مانگدا بەئاکامم گەیاند، هەموو رۆژێك دەبوو بڕۆمە ئەوێ و دەبوایە ئەم دەنگە دەروونییە لەمنەوە بهاتبایەتە گوێ، خۆم حەزم لەو دەنگەبوو، وام هەستدەکرد کەسێك لەدەروونمەوە ئەم دەنگە هەڵدێنێت. من هەستمدەکرد کەخۆم، زۆرتر، لەویستگەیەکی رادیۆیی دەکەم تاکو نووسەرێك، نووسینی ئەم کتێبەم زۆر بەدلٚ بوو، لەزەتم لێی دەبرد، مەبەستم ئەوەیە کەڕێگایەکم بۆ ئاوەڵا کرابوو لەبۆ هەستکردن و تێگەیشتن لەو هێزە دەروونییە کەلەمندا هاواریدەکرد، ئێستا ئایا راست بوو یان نا، ئەوە باسێکی ترەو لەبازنەی ئەم باسەماندا ناگونجێت.

**تۆ ئەو هێزەت بەردەوام لەژیانتدا هەست پێکردووە، ئایا کەسێک بەتۆ دەڵێت چی بکەیت یان چی نەکەیت؟**

بەڵێ، بەڵام زۆر کەم بوون، شیاوی باسکردن نین. جارێکیان لەوتووێژێکدا قسەم لێکردووە. جارێك كات، نیوەشەو بوو، لەمەتعەمێك لەدەرەوەی بروکلیندا، خەریکی خواردنی قاوەو کێك بووم، لەپڕ هەستم بەدەنگەدەروونییەکەم کرد کەدەیوت (پارەکەی مەدەرێ هەڵسە برۆ)و منیش وامکرد، بەڵام بەردەوام خۆم سەرزەنشت دەکرد، چونکە من زۆر بەدروستی گەورەببووم و هیچکات وام نەکردبوو، دەنگەکەی دەروونم، زۆر مەخسەرەی منی دەکردو دەیوت تۆ کەئیشێکی ئاوەهات لێنایە، ئەی چۆن دەتەوێت دنیا بگۆڕیت.

زۆر سەیرە، زۆر.

شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام ئەو دەنگە ئەوەندە مەزەن بوو کەبەڕاستی هەستی پاکی و خاوێنی لەمندا چەوساندەوە.

**تۆش ئیدی هیچکات ئەو دەنگەت نەبیستەوە؟**

نەخێر.

**ئایا لەدەروونتدا، هیچکات گوێت لەدەنگێکی سامناکترو شەرورتر بووە؟ دەنگی شەیتان؟**

راستیەکەی... نامەوێت بچینە بازنەی ئەم باسانەوە، پێمخۆش نییە.

**ئایا هەندێجار مەشروب دەخۆیتەوە؟**

نەخێر.

**بگەڕێینەوە سەر قسەی خۆمان. کتێب، وتت بۆ نووسینی ئەم کتێبەت ٥٠ ساڵ سەبرت گرتووە، بۆ ئەوەندە سەبرت گرت؟**

راستیەکەی، وا نەبووە کەمن ٥٠ ساڵ ئەم چیرۆکەم لەمێشکدا خەزن کردبێت، ئەو شتە کەهەمە ئەوەیە کەمن ٧٥ ساڵ بەهیتلەر موعجیب بووم، رێك لەتەمەنی ٩ساڵاندا.

ئەم کتێبەم لە ٤ ساڵ پێشەوە دەسپێکردووەو بەوتەیەکی تر، من ٧٠ ساڵ لەبازنەی هەستم بەرامبەر بەهیتلەرەوە بەسەر بردووە.. هەڵبەت ئێستا ئیدی وا نییە کە ئەگەر

لەخەو هەڵسم، ڕێك لەو بیربكەمەوە، بەڵام بەردەوام لەمێشكمدا ژیاوە، لەگەڵمدایە، وەكو ئەو كەسەم كەلەتێگەیشتنی ئەودا مابێتەوە.

**ئایا كتێبەكەت، كتێبێكە لەبارەی هیتلەرەوە؟ كارمەندەكەی تۆ دەیوت، لەوانەیە كەتۆ خەریكی نووسینی ترۆلۆژییێك بیت؟**

چوزانم، (مایك) تۆزێك گەشبینە (پێدەكەنێت) نا، بەڵام ئەم كتێبە لەوانەیە من بەرەو ١٩٣٥بگەڕێنێتەوەو لەوانەیشە كەسێیەمین كتێبیش لەئارادا بێت، بەڵام پێموایە لەم ڕێگایەوە نابێت بۆی بڕۆم، چونكە بۆ ئەم ئیشە، پێویستم بە ١٥ ساڵ كات هەیە. پێموایە ناتوانم ببمەخاوەنی ئەم كاتەو بەم بۆنەیەوە دەبێت خێرا كەم و لە ٣ یان ٤ ساڵی داهاتوودا بەئاكامی بگەیەنم.

**ئایا لەڕاستیدا پێتوایە ٤ ساڵی تر دەرفەتت ببێت؟**

مەبەستم ئەمەنییە كە ٣ یان ٤ ساڵی تر بۆ درێژەپێدانی ژیانم دەر فەتم ببێت، نا، مەبەستم ئەمەیە كە بۆ ئاكام هێنان بەم كتێبە، پێویستم بە ٣ یان ٤ ساڵ كات هەیە، ئەگەر بزانم كەنووسینێك ناتوانم تەواوبكەم هەر دەستی بۆ نابەم و حەزیشم لەوە نییە كەنووسینەكەم، كتێبێكی ئاسایی لێی دەرچێت.

**نووسینەكانت، لەتەمەنی ٨٠ساڵانتدا، چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ پێتوایە ئایا هێشتا لەبارەی نووسینەوە بەهێزیت؟ وەكو جاری جاران دەنووسیت؟**

بەڵێ، وەكو جاری جاران بەردەوامم، هەڵبەت پێم مەڵێن چەند حەزی لەخۆیەتی، بەڵام تێگەیشتووم ئەم كتێبە نوێیەم كەدەمەوێت دەستی پێبكەم لەداهاتوودا، چەند گرفتم بۆ دروست دەكات، دەزانم كەمێشكم بۆ وەبیرهێنانی بیرەوەرییەكانم وەكو پێشتر ئیش ناكات، بەڵام من زۆر بەباشی لەوشە كەڵك وەردەگرم، دەزانم وەكو وەرزشێكی فیكری، جەدەوەلی وشەكان، چەند بەكەڵك دێن، من هەموو ڕۆژێك لەگەڵ ئەم وەرزشەفیكریەدام.

لەشوێنێكدا خوێندم كەتۆ هێشا لەتەمەنی ٨٠ ساڵاندا، لەنووسیندا بەردەوامیت و زۆر وریایت.

ئایا تۆ لەڕاستیدا چەندین نووسەری ٨٠ ساڵان دەناسیت؟ زۆر نین، ئایا ئاخرین شتێك کەنووسیویانە تا چ رادەیەك بەکەڵك دێن؟ لەڕاستیدا من نووسەری ٩٠ ساڵان ناناسم، شاعیر بەڵێ، لەوانەیە کەبتوانین، ئستنلی کۆنیتز تا ١٠٠ ساڵان تەمەنی کرد.

**شیعر وتن ئاسانترە لەنووسینی رۆمان، وا نییە؟**

بەڵێ وایە، تەنیا پێویست دەکات مرۆڤ یەك دوو کاتژمێر بەکەیف بێت. (پێدەکەنێت).

**هەندێك لەرەخنەگران پێیانوایە کە تۆ بە چیرۆکە واقعیەکانت، لەزەمیرو بیری خەڵکدا هەتاهەتایی بوویتەوە، وەکو (سوپای شەو)، ئایا ئەم بڕوایە تۆ نارەنجێنێت؟**

من وا بیردەکەمەوە کەڕۆمان، زۆر بەنرخترە لەم شتانە کەباسی دەکەن، نازانم چۆن تێتیبگەیەنم، بۆ وێنە سەربازێکی دلێر، هیچکات حەزی لەوەنییە کەپێی بلێن (کۆنت)یان سنووروانێك هیچکات حەزی لێ نییە پێی بڵێن (بارۆن)، نووسینی رۆمان زۆر سەختە، ئەگەر تۆ بڵێیت کەمیلێر پیاوێکی رۆژنامەوان بووە یان رۆژنامەوانێك سەرکەوتوویش بووە، من لەگەڵتدا نیم، بەڵام زۆر کەس ئەمەم پێدەڵێن و سەیریش لەوەدایە کەبێگۆمان من وەکو رۆژنامەوانێك زۆرتر کارکردم هەبووە لەسەر کۆمەڵگا، تاوەکو نووسەرێك، چونکە رۆمانەکانی من وەکو یەك نین، هەر کامێکیان بەشێوازی تایبەت بەخۆی نووسراون، بۆ وێنە تۆ ئەگەر رۆمانێکت لەهێمینگوای خوێندبێت، بێشك لەڕێگای ئەو رۆمانە کەخوێندووتە، لەگەڵ رۆمانەکانی تری ئەودا ئاشنادەبیت، بێئەوەی کەئەوانی ترت خوێندبێت.

**حەزت لێی بوو کەکاتێکی زۆرترت بۆ نووسینی رۆمان تەرخانبکردایە؟**

نەخێر، نا لەڕاستیدا من لەگەڵ رۆژنامەوانیدا ساڵگارێکی زۆر بەخۆشی ژیاوم، چونکە لەپێوانە لەگەڵ نووسینی رۆماندا کەئیشێکی زۆر کات داگیرکەرە، من زۆر خێراتر ئیشی رۆژنامەوانیم بەڕێوەبردووە،، رۆمان کەمێك لەئەویندارییی دەچێت، تۆ ناتوانیت بڵێیت کەلەحەوتەی رابردوودا عاشق دەبیت، لەوانەیە کەسڵگارێك تێبپەڕێنیت، بێئەوەی کە کەسێك رۆمانێکت بداتێ، وەبیرم دێت ئەو دەمانە کەهەندێك دەنگی نادیار دەهاتە گوێم، ئەو دەنگە دەیوت: بڕوانە بۆ ئەو پۆستەچیە بەستەزمانە کەساڵگارێکە کەس رۆمانێکی پێشکەش نەکردووە، تۆ رۆمانێکی پێشکەش بکە.

**ئايا لەم بارەيەوە كەدەڵێن: پاش يەكەمين كتێبت، (رووت و مردوو) خوێنەرەكانت كەميانكرد، تێک نا چيت؟**

تێك بچم؟ من لەڕاستيدا تێگەيشتووم كەدنيا مرۆڤ ئەزيەت دەدات، با، بێگومان تۆزێك تێكم دەدات، بەڵام زۆر نا، ئەو رۆژانە كەدنيا لەستايشى كتێبەكانى مندا بوو، ئيدى بەئاكام گەيشتووە.

**دەكرێت بيروڕاى خۆت سەبارەت بە (فيليپ راس)مان بۆ دەرببڕيت؟ بێگومان دەزانيت، خەڵكانێكى زۆر خۆشيان دەوێت؟**

راس، لەئێستادا لەنيگاى خەڵكدا، زۆر بەحورمەتە، بەهەڵەدا مەمبە، چونكە ئەو لەڕاستيدا نووسەرێكى نوخبەيە، ئەو جوان توانيويەتى خەڵك رازى بكات، بەڵام ئەم خەڵكە خواو شەيتانيان پێ قبوولْ نييە، ئەوان خولقاوى دنياى روناكبيرين و بەبۆنەى هۆش و زانيارى خۆيانەوە، هەرگيز كەسيان پێ قبوولْ نييە، ئەوان بڕوايان بەئەو دنيا نييە، راس، نووسەرێكى پەرێشان نييە، ئەو كتێبانە كەدەينووسێت زۆر دەست باڵان، كەوايە حەزيان لێيەو خۆشەويستى هەموانە، بەڵام لەمە كەئەو دەست باڵاترين نووسەرە، باسى ئەوەناكەم، چونكە هەروەها كە وتم من ئيدى كتێبى باشترين نووسەرەكان ناخوێنمەوە.

تۆ، لەگەڵ (ئاپدايك) و (راس) و (سال بلوو) دەپێون و بەرامبەر بەيەك هەڵتان دەسەنگێنن، ئێوە٤ كەس، سەرەكيترين نووسەرەكانى پياوى پاش شەڕى جيهانين، لەم بارەيەوە بيروڕاى خۆتمان بۆ دەرببڕە.

باشە، بلوو كە بەڕەحمەتى خوا رۆيشتووە، دەمێنينەوە ئێمە ٣ كەس. ئێمە٣ كەسيش هەر كاممان بڕوامان بەوەيە كەخۆمان سەرەكيترين نووسەرى ئەمريكاين، دەى ئەمەچۆن دەكرێت؟ من سالگارێك لەبارى مادەوە گرفتم نەبوو، لەمڕووەوە ئيشى نووسينم بۆ خۆم هەڵبژارد، بۆ هەر ئيشێكى تريش كەچووم، سەرنەكەوتم، بۆ ئيشى راميارى رۆيشتم، سەرنەكەوتم، تەنانەت ببوومە وەرزشكاريش، ديسان سەركەوتنم دەست نەكەوت، كەوا بوو، تەنيا ئيشێك كەتوانيم ديسان دەستى پێبكەم، نووسەريى بوو.

**ئایا لەدرێژەی تەمەنتدا، ئەم بەشە بەناحەزترینی بەشی دەزانیت؟**

نا، نا وا نییە، نهێنییەك لەم بەشە لەتەمەندا هەیە، کەخەڵك بەجوانی لێی تێناگەن، ئەگەر سەردەمی پیرییەکەت، وەکو ئەم سەردەمەی من بێت، ئەگەر جەستەت ژان نەکات و گرفتێك لەلاشەتدا نەبێت، یان لەگەڵ منداڵەکانت یان خود هاوسەرەکەت، کێشەت نەبێت، دیارە کە ئەگەر هەر کارەساتێك بێتەئاراوە تۆ ئارام و لەسەر خۆ دەبی، تۆ لەئاکامدا هێمنایەتییەکت دەست دەکەوێت کەپێشتر قەت تاقیت نەکردووەتەوە.

**تۆ ئێستاکە ئارام و لەسەرخۆی؟**

لەڕاستیدا، من لەگەڵ خۆمدا ئاشتم کردووەتەوە، گەیشتوومەتە ئاستێك کەساڵگارێکی زۆرم تێپەڕاند تاکو دەستمکەوت، ئێستاکە من لەهەموو کاتێك، عاقڵترم.

**بەڕاستە؟**

دەی خۆت کڵاوەکەت بکە بەقازی.

**سەر چاوە:**

گۆڤاری (گلستانە). مانگنامەیەکی ئەدەبی هونەرییەو لەتاران دەردەچێت.

# کتێبەکانی هەنار ئێستا لەبازاڕدان








# هونەر

**عاتیفەو هێز**
**لەدرامای کلاسیکی**
**نوێی فەرەنسیدا**

*شیرین تاهیر*



**چاوپێکەوتن**
**لەگەڵ**
**ناشاد**

*دیداری: کاروان کابان*



**دیدار لەگەڵ**
**فەرهەنگ غەفور**

*دیداری: موحسین یاسین*



**دیدار لەگەڵ**
**دڵخۆش محەمەد**

*دیداری: ژاڵا جەوهەر*



**دیدار لەگەڵ**
**عەلی کەریم**

*دیداری: شەنگار عەبدوڵڵا*



**دیدار لەگەڵ**
**نەرمین کاوانی**

*دیداری: ڕێبواری ئازادی*



# عاتیفەو هێز

# لەدرامای کلاسیکی نوێی فەرەنسیدا

شیرین تاهیر

کلاسیك قۆناغێکی گرنگ و بەربلاو بوو کە رەگەزەکانی هونەر لەنێو سەراپای میللەتاندا پێشوازییان لێکرد، ئەوروپا وەك سەرهەڵدانی قۆناغی مێژوویی لەتەوژمی کلاسیکدا بەراییترن، لەناو رەگەزەکانی ئەدەبیشدا شانۆنامەکان و ژانری شیعر زیاترو زووتر ئاسۆی راستی پەرستی و عەقڵ و گەیاندنی ئامانج تێدا هەڵقولا، ئەویش لەبەرئەوەبوو کە ئەم ژانرانە لەڕووی سەرهەڵدانیانەوە پێش ژانرەکانی تر کەوتوون (بەتایبەت چیرۆك و رۆمان) جگە لەداستانەکان نەبێت.

لەم رێبازەشدا لەناو خودی شانۆنامەکاندا هەست بەیەکەی شوێن و یەکەی کات و رۆڵی زیاتری کەسایەتییەك دەکەین، لەهەمانکاتدا راستی پەرستی و عەقڵ لەهونەری سەر بەکلاسیزمدا سروشتیانە رێی خۆی گرت.

لەسەرەتادا زۆر بەتوندی بەرەنگاری کلاسیزم کرا، چونکە گەڕانەوەبوو بۆ سەردەمی پێش زایینی گریك و رۆمان، بەر لەپەیدابوون و سەرهەڵدانی ئایینی مەسیح، بابەتەکان تێکەڵ بوون لەبیروبۆچوونی ئایینی بتپەرستی، بەڵام دواتر قۆناغ و شێوازی ئەدەبی و بابەتییانەتری بەخۆوە بینی، خاسیەتی سەرەکیی کلاسیزم روون و ئاشکراییە لەناوەڕۆکی بابەتەکەدا، وەك یاسایەك بەدەوریدا کێشراوە، (محەمەد مەندور) دەڵێت: وەك بلوری بێگەردە چ مانایەکی لەپشتەوە بێت، دەیخاتە بەرچاو، یان سۆزێك بەبێ تەمومژو پێچ و پەنا[1]).

کلاسیزم زیاتر بابەتییانەو لەبابەتێك دەدوێت کە زۆرترین خوێنەر لەخۆی کۆبکاتەوە، واتە گشتی ترە نەك خواست و خەیاڵ و ئارەزووی تاکەکەس بێت، لەهەمانکاتدا کەرەسەیەکی ساکارو خاو دەگۆڕێت بۆ شێوازێکی سەنگین و جوان.

دواتر ئەم بیروبۆچوونانە رەوینەوە، هەروەك كلاسیزم بـوو بەپاڵپـشت بـۆ ئایـدیۆلۆژی (هومـانیزم) دژ بەدەرەبەگایـەتی و پاشمـاوەی دەسـەڵاتە چەوسـێنەرەكانی سـەدەكانی ناوەڕاست، كلێساش لەو بەرەیە بوو[1].

هەرچەندە كلاسیزم چاوگەی روونی راستی بوو، بـەڵام عـەقڵ و عاتیفـەش لـەكێبڕكێی بەردەوامدا بوون، هەروەها جۆری خۆشەویستی و جۆری سڵكردنەوە تێیدا بوونی هـەبوو، ئەگەر لێرەدا ئاوڕێك لەكلاسیكی نوێی فەرەنسا بدەینەوە ئەوا دەگەینە ئـەو راسـتییە كـە عاتیفەو عەقڵ هەمیشە لەپێشوازیدان لەنێو بەرهەمـە كلاسـیكییەكاندا، هەربۆیـە مـەغزای ئەو شاكارانە تا ئەمڕۆ پاراوترن، ئەو هاوسەنگییە لەوشكبوونەوە پاراستوونی.

سەردەمی هێزی چوارەم و سـەرەتاكانی سـەردەمی لویـسی سـیانزدە واتـە لەسـاڵی ١٥٩٤ بۆ ١٦١٥، ماوەیەكی تایبەتە لەمێژووی ئەدەبی فەرەنسی، رۆحـی راپـەڕین ئـارامی گـرت و گۆڕانكـارییش هـەر بـەردەوامبوو، هـەروەك لـەو كاتـەدا ئـەم بارودۆخـە رۆحـی كلاسیكییەتی داگیركرد.

سەدەی شانزە بەتاكڕایی و ئـاژاوە كۆتاییهـات، جۆرێـك لەخوێندنـەوەی جیـاواز هاتـە ئـاراوە، هـەردوو مەزهـەبی كاسـۆلیكی و پرۆتـستانتی، هەریەكـەیان لای ئـەوی تریـان چەسپاو، مەزهەبی عەقڵیش لەگەڵ بیروباوەڕە ئایینییـەكان شانبەشـان دەڕۆیـشت، واتـە جۆرێك لەسـاردبوونەوە هـەبوو لەبانگەوازەكانـدا ئـەو كاتـەی سـەردەمی كاسـۆلیكی وەك پاشانـشین حكـومڕانی كـرد خـۆری ئاشـتی ئـاوابوو، پاشـان سـەدەی حەڤـدە چـەند گۆڕانكارییەك لەبیروبۆچوونەكاندا هاتە ئاراوە، دەتوانین ئەم سەدەیە بەسەر سـێ مـاوەدا دابەشـبكەین، مـاوەی یەكـەم كـە سـاڵی ١٦٦٠ كۆتاییهـات مـاوەی پێكـدادانی سیاسـی و تێكەڵاوبوون و دەركەوتنی هەندێك شاكاری جوان لەوانە: (خمس مأس وسـت)ی كـۆرنی و (الاقلیمیات)ی باسكال و یادەوەرییەكانی، (هەرچەندە ئـەم كتێبـە لەوكاتـەدا نووسـراوە، بەڵام دوای مردنی بڵاوكرایەوە)، هەموو شتەكان بەڕێگەی راسـت و دروسـتیدا دەڕۆیـشت، لەهەموو كاردانەوەیەكی زەرەرمەندو دووبەرەكینانەوەیەك دووردەكەوتنەوە، دواجـار هێـز كە بەرەو رووی حەقیقەت و ساكاری و هۆش دەبـۆوە سـەركەوت، ئـەنجامی ئەمـەش هێـز دەركەوت، لەساڵی ١٦٦٠ كە بەماوەی دووەمی ئـەم سـەدەیە (١٦٦٠–١٦٩٠) دادەنرێـت، كە ماوەی سەركەوتنە لەڕووی دەركەوتنی بیرمەندانەوە لەوانە (مۆلییێرو بوسویەو راسین و

لاڤونتین)، توانیویانه سەرکەوتن بەدەستبهێنن بەسەر حوکمی بنەماڵەو پیاو ماقوڵاندا، لویسی چوادەیەم دەسەڵاتی گرتە دەست، گومانی تێدا نییە ئەم ماوەیە بەماوەی پشنگداری ئەو وڵاتە دادەنرێت، چونکە عەقڵی نوێ لەگەڵ هونەری کۆندا یەکدەگرێت و هەموو هێزەکان هاوسەنگ دەبنەوە، لەماوەی ساڵی ١٦٩٠ نەوەیەکی نوێ دەرکەوت، زۆرتر ئاڵۆزو دڵەڕاوکێکانیان بەهێزتر لەڕابردوو، نەوەی پەیڕەوکەرانی عەقڵی دیکارتی، گۆڕان لەبێدەنگییەوە، وەك دەرکەوتووە مۆنتیسکۆو ڤۆڵتێر نەوەی ئەم قۆناغەن[٢].

سەبارەت بەجیاوازی نووسین و پێکەوەگرێدانی ئەم مەسەلانە لەنێو بابەتی نووسەرانی دراما لەسێ ماوەی جیاوازی سەدەی حەڤدەدا کۆرنی وەك ماوەی یەکەم و راسین ماوەی دووەم و ڤۆڵتێر ماوەی سێیەم بەنموونە باسدەکەین، هەروەها چەمکی هێزو عەقڵ و عاتیفە چۆن لەسروشتی نووسینیاندا باسی لێوەکراوە.

وییرکورنی (١٦٠٦-١٦٨٤) سەرەتا لەهەرێمەکانی فەرەنسا ژیاوە، دواتر لەپاریس ژیانی بردووتەسەر، جوانترین کاری السید (Lecid) کۆتایی ساڵی ١٦٢٦، (هۆراس Horace) ١٦٤٠، (سنا cinna) ١٦٤٠، (بلیوکت Polyeucte) ١٦٤٣، (نیکومید Nicomede) ١٦٥١، هەروەها کومیدیای (الكذاب Lementeur) ١٦٤٤، سەرکەوتنی گەورەی نووسین لە(السید)ە بەدەستهێنا، کە دوژمنایەتی و کێبڕکێی زۆری بۆ دروستکرد، دانرا بەیەکەم کاری درامی فەرەنسی کە توانی رێگەیەکی گەورە ببڕێت، لەبەرئەوەی خوێندنەوەیەکی دەروونناسیانەیە کە نرخێکی مرۆڤدۆستانەی گشتیی و نەمریی هەیە[٢].

ژان راسین لەلافرتیە میلۆن لەساڵی ١٦٣٩ لەدایکبووە، بەبنەماڵە لەخێزانێکی نیمچە بۆرجواز بووە، یەکێك بووە لەئاڵا هەڵگرانی رێبازی (ژنسنی)یەکان ئارەزوویەکی گرێگیانەی هەبووە، کە دەگاتە تەمەنی لاوی پەیوەندیی لەگەڵ مامۆستا کۆنەکانی دەپچڕێت، دواتر جارێکیتر پەیوەندییان پێوە دەکاتەوە تا دواساتەکانی تەمەنی (١٦٩٩) خۆی بۆ نووسین و کاری دراما تەرخاندەکات، لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا دەچێتە پاریس بۆ خوێندنی فەلسەفە، هەر لەوێش پەیوەندیی بەهاونیشتمانی خۆی لاڤۆنتین و کۆمەڵێك شاعیرو نووسەری پێش خۆی دەکات.

سیفەتی شێوازی نووسینی راسین سادەیی و تۆکمەیی دەستەواژەو شاعیریەت و هاویەکییە، هەروەها سەبارەت بەهونەری راسین رەوشی دەرونزانیانەو هێزی شیعریەت پێکەوە لەقاڵب دەدات، دەتوانین بەشێوەیەك وەسفی بکەین کە وەسفی بلیمەتە کلاسیکییەکانی پێکراوە. راسین هەناسەیەکی شاعیرانەی هەبووە، واتە ئاگری هەست و سۆزی بێ کۆتاییە، راسین شاعیرە بەئەندازەی ئەوەی زانایەکی دەرونزانە لەهەر بابەتێکدا وێنایەکی شیعری تایبەتی هەیە کە ئاستی توانای ئەو دەردەخات، ئەم ئاستەش وردبینی مێژوویانەی دەوەستێنێت، لەگەڵ ئەوەی راسین گرنگیی بەمێژوو دەدات لەپێناو کەمکردنەوەی توندوتیژیی واقیع، هەروەها لەسەرنجەکانی مێژوو ئاو دەخواتەوە، راسین خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە، بەرهەمێکی کۆمیدی بەناوی (المتقاضون Plaideurs) ١٦٦٨و نۆ تراژیدیا بەناوی (اندروماك Andromaque) ١٦٦٧، (بریتانیکوس Brotanicus) ١٦٦٩، (برینیس Berenice) ١٦٧٠، (بایزید Bajazet) ١٦٧٢، (متریدات Mithridate) ١٦٧٣، (إیفیجینی Iphigenie) ١٦٧٤، ( ڤیدر Phedre) ١٦٧٧، (إستیر Esther) ١٦٨٩، (أتالی Athalie) ١٦٩١.

راسین زۆربەی کاتی بۆ نووسینی تراژیدیا تەرخانکرد هەروەکو لەلای (کۆرنی)یش ئەم خاسیەتانە دەبینینەوە، بەڵام تووشی رۆحێکی نوێ دەبین، هەروەها رووداوەکان سادەن و ئاڵۆزنین هەروەکو واقیعی ژیان، ئیش لەسەر هەست و سۆزی سروشتیانە دەکات، رووداوی دەرەکی تێهەڵکێش ناکات، بابەتەکانی لەتێبینییەکانی خۆی وەرگرتووە نەك لەکەسایەتییەکان هەروەها لەو سۆزو خۆشگوزەرانییەی کە هەمیشە لەئەزمەدایە، خۆشەویستی لەنێو هەموویاندا بەباشتر دەزانێت، لەگەڵئەوەی کارێکی نابیناو ترسناکە لەرووی ئاکامەوە، راسین بەشێوەیەکی ئازایانە بێ سڵکردنەوە کاری تێداکردووە، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ ئەو سەرنجە تایبەتییانەی هەیبووە لەبارەی ئاینزای ژنسینییەوە کە وادەکات کەسێك واز لەئارەزووە تایبەتییەکانی بهێنێت لەپێناو هەڵبژاردنی خودادا، لەم روانگە تایبەتەوە وێنەی ناخی چەند ئافرەتێك دەخاتەڕوو، هەروەها باسی چەند کەسێکی تر دەکات بێئەوەی چانسی ئەوەیان هەبێت خۆشەویستی لەگەڵ ئەو کەسەدا بکەن کە خۆشیاندەوێت خۆشەویستی دەکەن[٢].

بەڕای زۆرکەس لەشانۆنامەی (أتالی)دا خۆشەویستییەکی تەواو کاملبوونی نییە، غیرەیەکی کوێرانە وادەکات خۆشەویستەکەی بەهەڵە بفرێنێت، خۆشەویستە پیاوکوژەکە دازانێت کە ئەوە هەڵەیە، بەڵام هەر دەیکات، هەر ئەوەشە وایلێدەکات خۆی بکوژێت، هەر نزیک لەمشێوە ڕووداوە لەشانۆنامەی (زایير ١٧٣٢)ی ڤۆڵتێریشدا هەیە کە پادشا خۆشەویستەکەی خۆی دەکوژێت، چونکە غیرەی لێدەکات، بەهۆی ئەو نامەیەی کە لەنیرستانەوە بۆ (زایير)ی شۆخ و شەنگ هاتووە، ئەم نامەیە بەرامبەر کڵاوەکەی (دیدمۆنا)یە لەشانۆی (أتالی)دا، ئەویش بەهەمانشێوە بەگەیشتنی نامەکە واهەستدەکات کە (زاییر) خیانەتی لێدەکات، بۆیە بەخەنجەرەکەی ئەو شازادە جوانە بێتاوانە دەکوژێت، دواتر هەست دەکات هەڵەی کردووە پاشگەزدەبێتەوەو خۆی دەکوژێت، لەلێواری مەرگ و خۆبەختکردندا دیلەکان ئازاددەکات، ئەم شانۆنامەیەی ڤۆڵتێر شێوازێکی ئایینی مەسیحییەتی تێدایە لەگەڵ ئەوەی لەڕووی هونەرییەوە ئاستێکی بەرزی هەیە لەشانۆنامەکانی تری ڤۆڵتێر[٣].

نووسەرە کلاسیکییەکانی فەرەنسا زیاتر لەژێر کاریگەریی نووسەرانی ئینگلیزدا بوون، هەرچەندە نووسەرێکی وەك ڤۆڵتێر زۆرجار سووکایەتیی بەکۆمەڵگەی ئینگلیز کردووە، بەڵام لەهەمانکاتدا کاریگەر بووە بەئەدەبی ئینگلیزی.

ڤۆڵتێر لەماوەی ژیانیدا کەزۆربەی ژیانی لەئینگلتەرا بەسەربردووە، نەتەوەی ئینگلیزی لەوەدا بەدڵ بوو کە لەبیرکردنەوەدا سەربەست و ئازادن، بێ باکانە ڤۆڵتێر بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕی، بەئازادیی بیروبۆچوونی خۆی دەخستە نێو نووسینەکانییەوە، ئامانجی ڤۆڵتێر مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەرستی و دادپەروەری بووە[٤].

ڤۆڵتێر لە(مامە فەلسەفییەکان)دا لەساڵی ١٧٧٣ دەڵێت: (من لەڕێگەی سوودوەرگرتن لەسەرچاوەی بەریتانییەکان هێرشمکردە سەر سیستمی فەرەنسی و خاڵە لاوازەکانی و بێ دادییە فەرەنسییەکان، ئازادیخوازی لەسیاسەت و بازرگانیدا پایەبڵندی زانست و فەلسەفە، لەبەریتانیا سەرنجی منیان راکێشابوو[٥]).

ڤۆڵتێر پارێزگاری لەپرنسیپی تراژیدیانە کردووە، (راسین)یش لاسایکاری تراژیدیا بوو، هەر لەو روانگەیەوە شانۆنامەی (ئەندرۆماك) شانۆنامەیەکە لەپێنج پەردەدا شانۆنامە نووسی فەرەنسی ژان راسین لەساڵی ١٦٦٨ز نووسیویەتی، یەکەم شانۆنامەی ئەو هەشت

شـــانۆنامە گـــرنگ و بەناوبانگەیـــەتی کـــە لـــەدوای ســـاڵی (١٦٦٥)ەوە نووســـیویەتی و درەوشاوەترین ئەستێرەی ئاسمانی تراژیدیای کلاسیکی فەرەنسین[١].

ئـەم شـانۆنامەیە یەکـەمجار لەسـاڵی ٤٢٣ پ.ز (یورپیـدس)ی گریکـی نووسـیویەتی شـانۆنامەکە بەسـەرهاتەکەی لەسـەر گوزشـتەی ڕۆژانـی کۆتـایی جـەنگی (تـەڕاودە)وە وەرگـیراوە، بـەڕای مێژوونووسـانی درامـا سـاڵی ٤٢٤ پ.ز نمایـشکراوە، مێـژوو لایـەنێکی گرنگـی شـانۆنامەکەیە لەهەمانکاتـدا لایـەنی سـۆزو خۆشەویـستی زاڵـە بەسـەر مـەغزای شانۆنامەکەدا، ئەو سۆزەش سـۆزی دایکـە بـۆ منداڵەکـەی، لەشـانۆنامەکەی (یورپیـدس) منداڵێك هەیـە زیـاتر ڕووداوەکـان لـەو بارەیـەوە قـووڵتر دەکاتـەوە، هـەروەها (هکتـۆر)ی قارەمان دەکوژرێت و (ئەستیا نالس)ی کوڕی لەسەر شوراکانی تەڕاودەوە بەردەدرێتـەوە تا وەچەبڕ بکرێن، پاشان (ئەندرۆماك)ی ژنی بەتاڵانی بۆ کۆشکی (نیـو بتلـیم)ی پادشـای کوڕی (ئەخیل)ی پاڵەوانی (تـەڕاودە) بـەکێش دەکرێت، وەکو کـەنیزەکێکی جـوان دڵـی پادشا زەوت دەکات و کوڕێکی لێـی دەبێت بـەناوی (ملۆسـۆس)ەوە، ئەنـدرۆماك ئـاگری قینی تورەیی دڵی (هرمیسون)ی شاژن دادەگیرسێنێت، لەبەرئـەوەی دڵـی مێردەکـەی لـێ داگیرکردووەو لەهەمانکاتدا (هرمیسون) نەزۆکەو ئەندرۆماك منداڵی لەمێردەکەی هەبووە.

بـەڵام لەشـانۆنامەکەی راسـیندا ئـەو دیمەنـە هێنـدە گرنگـی پێنـەدراوە، ئـەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی یەکـەمیان (یورپیـدس) سـەر بەکلاسـیکی کۆنـەو دووەمیـان (ژان راسین) سەر بەکلاسیکی نوێیە[٦].

ژان راسین لەسەردەمی (لویسی چواردەیەم)دا ژیاوە ئـەو ڕۆژگـارەش ڕۆژانـی بـەهێزو گەشەسـەندنی گـەلی فەرەنـسایە، لـەو سـەردەمەدا فەرەنـسا بـووە بـە بـەهێزترین گـەلی ئەوروپا، هەر لەو سەردەمەدا فەرەنسا گەورە نووسەرانی شانۆی تێدا هەڵکـەوت وەك ژان راسین و کۆڕنی و مۆلیێرو ڤۆڵتێر، هەروەها لەچیرۆکنووسیندا (لاڤونتین) وەك نووسەرێکی گـەورە دەرکـەوت (ژان ژاك ڕۆسـۆ) وەك بیرمەنـدێکی بلیمـەت کاریگـەریی هـەبوو لەسـەر کۆمەڵگەی فەرەنسی.

(کۆڕنی ١٦٠٦–١٦٨٤) لەساڵی ١٦٦٦ چەند بیروڕایەکی تایبەتی خستەسەر یاساکەی ئەرستۆ، کە بەیاسای ڕێبازی کلاسیزم دەناسرێت، یەکەی بابەت و یەکەی شوێن و یەکەی کات وەك میرات لەئەدەبیاتی یۆنان و لەئەرسـتۆوە بـۆ کلاسـیکەکان مایـەوە، هەرچـەندە

لەچارەکی یەکـەمی سـەدەی حەڤـدەدا نووسـەرانی کلاسـیك لەسـەر ئـەوە کـۆك نـەبوون، سووربوون لەسەر ئەوەی کە هەر تێکستێکی شانۆیی پێویستە تەنها باسـی یـەك پاڵـەوان بکات.

کۆرنی باوەڕی بەجیاوازیی تێڕوانینی شـانۆیی هـەبوو، بۆیـە کـورنی لـەپێش (مـۆلیێر ١٦٠٠–١٦٧٣)ەوە چەشەی جەماوەری بەخاڵێکی گرنگ دادەنا.

مۆلیێر کەمتر لەڕابەرانی پـێش خـۆی گـوێی بەیاسـاو دەسـتوورەکانی کلاسـیزم داوە، ئەوەنـدە خـۆی نەبەسـتووەتەوە بەکلاسـیزمەوە، تەنانـەت هەنـدێك لەئەدیبـەکان دەڵـێن تاڕادەیـــەك جۆرێـــك لـــەڕیالیزم لەئەدەبەکەیـــدا خـــۆی دەنوێنێـــت، کاتێـــك مـــۆلیێر شانۆگەرییەکانی دەنووسی، کۆمیدیا لەئەدەبی فەرەنسیدا نەبوو.

مۆلیێر لەچارەسەری کەموکوڕییەکانی کۆمەڵدا توندوتیژ بوو، بەتەواوی لەسەر لۆژیکی کلاسیزم نەدەڕۆیشت، لەگەڵ ئەوەشدا سەربەستی کەسیەتیی خۆی پاراستبوو[٧].

لەزۆربـەی شـانۆنامەکانی کلاسـیکی کـۆن و نوێـدا هێـزو بـازوو ڕۆڵـی گرنگیـان هەیـە، هەربۆیـە لەدژایەتیکـدن و ڕووبەڕووبوونـەوەدا تێکـەڵاوی پێکەوەگرێـدانێك هەیـە، لەگـەڵ ئەوەی پیاوان شـانازی بەسـیفەتی ئازایەتییـەوە دەکـەن، لەهەمانکاتـدا بانگـەوازی ئـەوە دەکەن کە ئابڕووی خەڵکانی تر دەپارێزن.

ئەم شێوازی نووسینە لەلای (کۆرنی) دەبینرێت لەشـانۆنامەی (السید)دا هێـزو بـازوو ڕۆڵ دەبینێت، زۆرجار وەك هێزی چوارەم ڕۆڵ دەبینن، پاڵەوان (روح دریج)و باوکی (دون دبیج) ئەو هێزی چوارەمەیە کە لەکەسـایەتییەکانی نوانـدنی سـەر شـانۆدا ڕۆڵیـان هەیـە، بەڵام لەبنچینەدا ئامادەبوونیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا سـێبەرەکەی لەبـەردەمی خوێنـەرو چاوی بینەردایە، هـەروەکو (أسـتیناکس) لەشـانۆنامەکەی (راسـین)دا وەکـو مارشـێك بـۆ نیـشتمان دەوترێـت، هێـزی پێنجـەم بریتییـە لـەهێزی دەسـەڵاتدا، یـان ئـەو هێـزەی هەڵوێـستەکانی پـێ هەڵدەسـەنگێنرێت لـەبارودۆخـێك لەبارودۆخـەکانی ژیانـدا پـەنای بـۆ دەبرێت[٣].

بەبۆچـــوونی (راســـین) دڵـــداری لەهـــەموو هەســـت و ســـۆزێك بـــەهێزترە، بۆیـــە لەشانۆنامەکانیدا قورسایی خستووەتەسەر دڵداری، بەڵام لەلای (کۆرنێ) هەمیشە خواست

بەسەر شەهوەت و ئارەزوودا سەردەکەوێت، کۆرنی لەسەرتادا لەژێر کاریگەریی هونەری سەردەمی بارۆکدا بوو.

راسین و کۆرنی لەدوو گۆشەی جیاوازەوە دەیانڕوانییە بابەتەکانی درامای تراژیدی، لای کۆرنێ پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بەچینی یاخیبووی ئەرستۆکراتییەوە هەبوو، بۆیە گرنگی بەجۆری تراژیدیای مێژووی پاڵەوانێتی دەدا.

راسین ئەو جۆرە تراژیدیایەی وەردەگرت کە پەیوەست بوو بەخۆشەویستی و هەست و سۆزو ویژدان و نەستەکانی دەروون، بەڵام بەشێوەیەك نرخ و بەهایەکی فیکری سیاسیی گەورەی پێ بەخشی بوو لەلای چینە پێشکەوتووخوازەکانی کۆمەڵی فەرەنسی سەدەی حەڤدەهەمدا ناسرابوو.

مۆلیێر کۆمیدیای لەتراژیدیا بەبالاتر دەزانی و دەیوت (تراژیدیا) بۆچوونی پاڵەوانەکانە، بەڵام کۆمیدیا بۆچوونی خەڵکی ئاساییە، هەروەها لەتراژیدیادا پاڵەوانەکان وەکو تابلۆیەك شاعیر مەوداکانی دەستنیشاندەکات بەپێی ئارەزووی خۆی، بەڵام لەکۆمیدیادا لەسروشتەوە بابەتەکە وەردەگریت، ئەو شتانە دەبێت لەواقیعدا هەبن، هەروەها مۆلیێر دەیوت، نووسینی کۆمیدیا لەتراژیدیا قورسترە.

(کۆرنێ ١٦٠٦-١٦٨٤) و (راسین ١٦٣٩-١٦٩٩) هەردووکیان لەبواری تراژیدیای کلاسیزمدا داهێنانیان ئەنجامدا، کۆرنێ بەنوێنەری داهێنانی قۆناغی یەکەمی کلاسیزم ناودەبرێت و راسین بەنوێنەری قۆناغی دووەم[٧].

بەلای (فلۆ بێر)یشەوە رۆماننووس پێش هەموو شتێك دەبێت هونەرمەند بێت، ئامانجی ئەوە بێت کارێکی هونەری تەواو پێکەشبکات، نووسەر ناگاتە ئەو پلەیە ئەگەر بیروبۆچوونەکانی دووربین نەبن یان ئەگەر لەبیروبۆچوونەکانییەوە باز بداتە سەر چەند دەستەواژەیەك کە تایبەت بن بەچەند مەسەلەیەکەوە کە خۆی ئارەزوویان دەکات، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە نووسەر دەبێت دووربکەوێتەوە لەهەڵچوونە دەروونییەکانی، ئەوشتانەی کاریگەرییان بەسەر کەسێتەوە هەیە، لەم بارەدا رۆماننوس کارێك دروستدەکات نەك کەسەکان- ئەکتەرەکانی نێو رۆمانەکە، چونکە (هەست بەبەرپرسیارێتی ناکات) لەبەردەم ئەو بابەتەی وەسفی دەکات، ئەمە شاعیرێکی لیریکی ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو دەستەواژەیە تەنها رۆماننوسەکان دەگرێتەوە.

مۆلیێر هەمەچەشنانەتر دەینووسی وەك لەڕاسین و لاساییکارێکی کۆمیدی بوو، بەڵام ڕاسین لاساییکارێکی تراژیدیا بوو، هەر بۆیە مۆلیێر سەربەستی لەنووسینەکانیدا هەیە، چونکە هەمیشە کۆمیدیا سەربەستی زیاتری تێدایە وەك لەتراژیدیا، بەڵام ڤۆلتێر بەڕێزو شکۆوە لەکاری ئەدیبە کلاسیکییەکانی پێش خۆی ڕوانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا دۆگماییانە لاسایی کلاسیکییەکانی نەکردۆتەوە، هەرچەندە پێویستی بەڕێبازێك هەبووە پەیڕەوی بکات و لەسەری بڕوات تا مافی ئەوەی هەبێت بلیمەتی خۆی ئاشکرا بکات[٨].

**سەر چاوەکان:**


(١) د.محمد مندور، کلاسیکیة و الاصول الفنیة للدراما، ١٩٧٠.

(٢) جوستاف لانسون، تأریخ الادب الفرنسی، ترجمة: د.محمد محمد القصاص، د.سهیر القلماوی.

(٣) د.محمد غنیمی هلال، الادب المقارن، ١٩٩٩.

(٤) دانالی توماس، ڤولتیر، و: شاکر فەتاح، ١٩٧٠.

(٥) د.فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ٢٠٠٦.

(٦) ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، ١٩٨٨.

(٧) د.هیمداد حوسەین، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ٢٠٠٨.

(٨) فیلیب فان تیغیم، المذاهب الادبیة الکبری فی فرنسا، ترجمة: فرید انطونیوس.



# چاوپێکەوتن لەگەڵ ناشاد

**دیداری: کاروان کابان**

چی هەیە لەجوانی بەولاوە ؟، هەموو ئەو شتانەی گوزارشت لەجوانی دەکەن چێژو وزە دەبەخشنە مرۆڤ، چونکە جوانی سەرچاوەی ژیانە، ژیانیش بۆ خۆی گەڕان و چێژ وەرگرتنە لەجوانی، زۆرن ئەوانەی کە هەمیشەو بێ پەروا بێگوێدانە کات و شوێن و زەمەن و لەڕێی هونەرەکەیانەوە دەیانەوێت ئەو پەیامە مرۆڤایەتییە بگەیەنن کە هەمیشە لەجوانی دەدوێت.

بابزانین چییە ئەو هەستەی وا لەکەسی شێوەکار دەکات، زۆربەی کاتەکانی ژیانی بەتەنیایی و بەوێنەکێشان دەباتە سەر، وەك بڵێی لەدنیا دادەبڕێت و دەچێتە خەڵوەتی جیهانە تایبەتییەکەی خۆی، بالێرەداو لەنزیکەوە کەسێك لەتیمی شێوەکاران بناسین، کە (٤٠) ساڵەو بێ دابڕان خەریکی کارایی و خۆدۆزینەوەیە لەجیهانی بێکۆتایی وێنەکێشان، ئەویش هونەرمەند ناشاد–ە.

**ئاستی تێگەیشتنی خەڵکی یان باشتر بڵێن شوێنەکەوتوانی هونەر لەئێستاو لەسەردەمی پێش ڕاپەڕیندا چۆن دەبینیت؟ تابلۆ تا چەند جێگەی بەهاو سەرنجە لای ئەوان؟**

دەتوانم بڵێم ساڵی شەستەکان و حەفتاو تا پێش ڕاپەڕینیش من بەسەردەمی فەلسەفەو هونەرو مێژوو دادەنێم، چونکە ئەوکاتە خەڵکی بیری نەتەوەیی هەبوو، ئەوکاتە کە من وێنەیەکم دروستدەکرد یان تابلۆیەکم پێبوایە خەڵکی زیاتر هانیاندەدام و دەستخۆشکەرییان دەکردم، تەنانەت کە شوێنە گشتییەکانم دەڕازاندەوە، خەڵکەکە

بادیارمەوە دەوەستان، بۆیە هەزاران خۆزگە بەجاران و بەو شعورە قووڵەی خەڵکی کە بەرامبەر هونەر هەیبوو، بەداخەوە ئێستا لەدوای راپەڕینەوە سەرەڕای وەرچەرخان و کرانەوەی خەڵکی بەڕووی دنیای پێشکەوتوو و تەکنۆلۆژیادا، زیاتر خەڵك لەهونەرو رۆشنبیریی و هەستی نەتەوەیی دوورکەوتنەوە، هەمووشتەکان سەرزارەکین، هەست و سۆزو رۆحی نەتەوایەتیی نەماوە، گیانی تێگەیشتن بەرامبەر بەهونەرو کەلتوورو مێژوو زۆر لاوازە.



**بەبڕوای تۆ چی وایکردووە؟ هۆکارەکانی.**

ئێمە شۆڕشمانکرد، بەڵام شۆڕشێك هەرچی رۆحی میللی و نەتەوایەتی بوو لەگیانی خەڵکدا نەیان هێشت، ئەوە بەپێچەوانەی هەموو دنیاوەیە، ئەگەر نا بۆ خەڵکی شتە جوانەکانی لەیاد چۆوە؟ خەڵکی بۆ کوردستانیان جێهێشت، ئەمانە هۆکارن و نەبوونی و نابەرابەریی و ناجێگیریی و زۆر شتی تریش، من خۆم لەهەندەران بووم بەئاواتی ئەوە بووم رۆژێك کوردستان رزگاری بێ و بگەڕێمەوە، ئەوەبوو لەدوای راپەڕین و ئارامبوونەوەی بارودۆخ لەکوردستان ساڵی ٢٠٠٢ گەڕامەوە. لەوێ بەدوای بەرهەمی هونەری و کەلتوورو کاری هونەرمەندە دێرین و نوێیەکاندا دەگەڕێن و کۆیاندەکەنەوە، چەندین گەلەری تایبەت بەپاراستنی کارە هونەرییەکان هەیە، بەڵکو وەك مۆزەخانەیەك کە بەرهەمە مێژوویی و نوێکانیشی تێدا دەپارێزرێت، ئەوە سەرەڕای خزمەتکردن وەك

کاری پێویست بۆ هونەرمەندو یارمەتیدانیان، بەڕاستی ئەمڕۆ خەڵکی زۆر خەمساردن و تێگەیشتنیان لەئاست هونەر زۆر لاوازە، تەنانەت ئێستا کە تابلۆیەك دەکێشم پێم دەڵێن زۆر کەس هەن دەڵێن کوا باوی ئەمانە ماوە، باشە من دەپرسم کامەیە ئاساسی هونەری ئێمە، کوان شاکارە هونەرییەکانی سەدەکانی پێشووی ئێمە، لەکوێ پارێزراون؟ بەداخەوە لێرە نەك هەر هونەرمەندە تازە پێگەیشتووەکان ناناسین، بەڵکو ناشزانین کێ بوون ئەوانەی بەر لەئێمە خەریکی نیگارکێشان بوون لەکوردستان و کاری هونەرییان کردووە، هونەرمەند کە خزمەت نەکرێت و کارەکانی نەپارێزرێت، کەواتە بەهای هونەرەکەی پێ نازانرێت، ئەو خزمەتەی لێرە هەیە رووکەشەو بەس بڕەبڕەیی نییە، تەنها رێزلێنانێك هەبوو بۆ هونەرمەند ئەویشیان بڕی و نەما، ئەمانە هۆکارو کاریگەرن بۆ ساردبوونەوەی هونەرمەندو دوورکەوتنەوەیان لەهونەر، هەروەها نەبوونی مۆزەخانەیەك کەوەك پێویست سەرجەم بەرهەمە کۆنەکان و ئیشە باشەکانی تێدا بپارێزرێت، بەڵکو پێویستە مۆزەخانەیەکی وا بێت بەرهەمی هونەرمەندانی وڵاتانی دیکەی بۆ بهێنرێت تا دیدی بینەرو هونەرمەندان کراوەتر بێت بەڕووی هونەرو تێگەیشتنیان بەلای کاری شێوەکاردا.

**بێگومان هۆکاری راکردنت لەساڵی ١٩٨١ بۆ دەرەوەی وڵات بەهۆی نالەباریی بارودۆخی سیاسیی ئەوساوە بووە، لەوکاتەی ئاوارەی وڵاتانی دەرەوە بوویت ئاوارەیی و هەستی غەریبی تا چەند کاریگەرییان بەسەر شێوازی کارکردن و بەردەوامبوونتەوە هەبوو؟ شتێک هەبوو بتوانێت رێڕەوی کارکردنت بگۆڕێت؟**

ئەوکاتەی لەناوچە ئازادکراوەکان بووم خەریکی پۆستەرو سروشتی کوردستان و کاری مێژوویی بووم و بەرهەمێکی زۆرم هەبوون هەموویان فەوتان، هەر ئەو کاتەو بەناچاریی بەرەو ئێران و پاشان بۆ ئەڵمانیا، زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا گەڕاوم و تابلۆی کوردستانم تێدا کێشاوە، هەرگیز لەکارکردن نەوەستاوم من کەسێکی نەتەوەیی و نیشتمانیم، هەر لەیەکەم رۆژەوە ئاواتم گەڕانەوەبوو بۆ کوردستان، هەرچەندە ژیانم بێلانەو کەمدەرامەتم، بەڵام هەروازم لەهونەرو وێنەکێشان نەهێناوە بەم تەمەنی پیرییەوە، بەڵام شادمانیم لەوەدایە کە لەناو هاوڕێیانی خۆم و وڵاتەکەی خۆمدا دەژیم.

دەبێت بزانن هونەرمەند مولكی میللەتەكەی خۆیەتی، بۆیە زۆربەی دیكتاتۆرو رژێمەكان لەهونەرمەندان دەترسن، بۆنموونە بیكاسۆ كاتێك وێنەی دێیە كاولكراوەكەی دەكێشێت (جورنیكا) بەو تابلۆیە دووژنەكانی نەوەكەی بەهەموو جیهان ناساند.

بەلاّم بێلانەیی بۆ من بووە ناونیشان، مێژوویەكی گەورەی بۆ دروستكردم، زۆربەی ئازارو نەهامەتییەكانی كوردستانم كردە تابلۆ، بەوێنەكانم لێرەو لەدەرەوەش خەلكی ئاشنا دەبن بەئازارەكانم و كوردستانی دابەشكراو و داگیركراو.

**تۆ توانیوتە شێوە كاركردنێكی تایبەت بەخۆت هەبێت، واتە لەرێی كارەكانتەوە دەناسرێیتەوە، تا چەند كاریگەریی هونەرمەندە دێرینەكانت لەسەرە؟ ئایا ئەو شێوە كاركردنەت كاریگەرییەكی ئەوانی پێوە دیارنییە؟**

من هەر لەسالی حەفتاكانەوەو لەمندالیمەوە كاری وێنەكێشان بووەتە پیشەم، سالی حەفتاكان خەریكی وێنەی مجەسم بووم ئەوكاتانە خالقی، رەئوف ئەوكارەیان دەكرد، وازیان لێهێنا، من هەر بەردەوامبووم، دەتوانم بلێم بۆ وێنەی سەر دیواری شار ئەو كاتانە تەنیا من بووم لەپەنجاكانیشدا حەسەن فەلاح، شەمسی هەبوون.

بۆیە شێوە تایبەتییەكی كاركردن بۆ خۆم هەیە لەوێنەی سەر دیوارو وێنەی مجەسەم و سروشتی كوردستان و هیچ كاریگەرییەك وەك لاساییكردنەوە، كاری تێنەكردووم وەك وتم لەمندالییەوە خەریكی وێنەكێشان بووم و هەر خۆم مامۆستاو قوتابی خۆم بووم، ئەوسا مامۆستا جەمال بەختیار، عەزیز سەلیم و خالید زامدارو زۆرتر سەردانی هونەرمەندی گەورەو نەمری كورد عەزیز سەلیمم دەكرد، بەكارەكانی مامۆستا جەمال بەختیارو هونەرمەندە دێرینەكان دلشاد دەبووم و كاریگەرییان وەكو هاندان و حەزی زیاترم بەلای هونەردا لەسەرم هەبووەو زیاتر هۆگری وێنەكێشان دەبووم، ئیتر هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوێتیمەوە، وێنەكێشان بووە خولیام، لەهەمووشی زیاتر لەتەمەنی لاویمدا حەزم لەكچێك دەكرد، خۆشمدەویست، قەت لەبیرم ناچێتەوە، سەرەتا بەوێنەی ئەو دەستم پێكرد، جارجارە وێنەیەكم بۆ دەكرد، ئەوەندە هۆگری ببووم لەسەر دیواری مالەكەمان وێنەكەییم دروستكردبوو، شێوەی جلوبەرگی هیندیم كردبوو بەبەردا، مۆرێكی سوورم لەشێوەی دل بەناوچەوانییەوە نابوو، شێوەی ئەو كچە دەچووە سەر كالیانا مومەسیلەیەكی هیندی بوو، هەركەس دەهات دەیپرسی ئەم كچە كێیە دەموت كالیانایە،

تاشوويكرد دواى ئـەوە رێـى قوتابخانـەو غـەمباريى خـۆم و بێوەفـايى بوونـە نـاوەرۆكى تابلۆكـانى سـەرەتاى دەسـتپێكردن و تەمـەنى لاويـيم، بـەڵێ، ئـەو زيـاتر كـارى تێكـردم خەريكى وێنەكێشان بم، ئێستاش كە پيرم و كەمدەرامەت و بێلانەم، هـەر حـەزم بەقـسەو نوكتەى خۆشـە، دەبێـت روت خـۆش بێت، چونكە رووخۆشـى نيشانەى دڵ و دەروونـى پاكەو خەڵك خۆشيان دەوێيت، خەڵك پێم دەڵێن دەبوايـە نـاوت شـاد بووايـە، هەرچـەندە ژيانى من وەك فيلمى شارى شاپلن وايە، ديوى دەرەوەم شادييە، بەڵام ناخم پـڕ لـەئازارو نەهامەتييە.

**رات لەگەڵ ئەوەدا نييە كە لەئێستاوە هەوڵ بۆ دروستكردنى گەلەرييـەكى مۆدێرن بدرێت، كە هەر هيچ نەبێت لـەمڕۆوە تێكـڕاى بەرهەمـە هونەرييـەكان لەخۆبگرێت، ئەمـە وەك مۆزەخانەيـەك بـۆ پاراسـتنى ئـەو تابلۆ هونەرييانـە كـە دەبنە دەليلى پێناسـەكردنى سـەردەمەكەى خۆيـان و جارێكى تـريش هانـدان و راكێشانەوەى بيرى خەڵكى بەلاى هونەرى دەستكردو دانسقەدا.**

بەڵێ دەبوايە هەر لـەزووەوە بـير لـەوە بكرايەتـەوە، گەلـەرى هەيـە لێـرە، بـەڵام وەك پێويست نييە، وڵاتێكى وەكو بەريتانيا يەكەمين شت كە ناو بانگى پێوە دەركردووە بۆنى ئـەو مۆزەخانانەيـە كـە زۆربـەى بەرهەمـە بـەپێزو مێژووييـەكانيان تێـدا كۆكراونەتـەوە، ئەوانەن سيماى شارستانييەتين، دەبوايە لەزووەوە مۆزەخانەيەكى وەها دروستبكرايە كە هـەوڵى كۆكردنـەوەى ئـەو بەرهەمانـەى هونەرمەنـدانى سـەدەكانى رابـردووى پـێش ئێمـە بوايە، هەروەها بەرهەمە نوێيەكان و بەئەرشيفكردنى ژيانى هونەرمەندان.

**جێگەو رێگەى حەوانـەوەو جێگيربـوون، زيـاتر يارمەتيـدەرن بـۆ پێـشكەوتنى كەسـى خـاوەن بـەهرە، تـۆ سـەرەڕاى نـەبوونى ئەوانـەو ناجێگيريـت، كەچـى هەميشە خەريكى كاركردنيت؟**

بەڵێ، لەبەرئـەوەى هونـەر بـوو بەبەشـێك لـەژيانم، هونـەر مـۆرى مێژووى نەتەوەيـە، رابردوو زيندوو دەكاتەوە، كاتێك كە وێنە دەكێشم دەكەومە دنيايەكى تـرەوە، وەك بڵێـى هەموو دنيا وا لەناو مشتى مندا، لەسەردەمى رژێمدا لەسەر وێنەكێشان قاچـاخ بـووم، مـن بوومـە هـۆى رازاندنـەوەى ديوارەكـانى شـارو چـايخانەو ژوورى ميـوان و هـۆڵ و شـوێنە تايبەتييەكان، تەنانەت لەدێيەكانيش هـەر خـەريك بـووم، ئـەنجامى هونـەر بێلانـەو تـەنيا

بووم، بەڵام لەسەر کارەکەم بەردەوامم، پێنووس و تابلۆ هاوڕێی خەمەکانمەو هاوڕێی تەنیایی ژیانمە، ڤان کوخ دەڵێت نەهامەتیی کۆتایی نایەت.

**بۆ ناشادی؟ نازناوی ناشادت بۆ لێنراوە؟**

لەبەرئەوەی هەر لەمنداڵییەوە لەژیانێکی نەهامەتییدا بووم، شادیم بەخۆمەوە نەیدوە.

ناشادی کوردستانی داگیرکراوم.

ناشادی وڵاتێکی دواکەوتووم، کە چەند قەڕنێکە بەدەست زووڵم و زۆری دوژمنانی گەلەکەمانەوە دەناڵێنێت.



- ناشاد، ناوی (محەمەد حەسەن سابیر)ە
- لەدایکبووی (١٩٥٤)ە.
- ئەندامە لەڕێکخراوی هونەرمەندان.
- ئێستا فەرمانبەرە لەبەڕێوەبەرێتیی هونەری شێوەکاری لەسلێمانی.
- خاوەنی چەندین پێشانگەی گشتیی و تایبەتە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات.

## فەرهەنگ غەفور:

# کورد ئەگەر شتێک هەبێت شانازیی پێوەبکات تەنها مۆسیقاکەیەتی



**دیداری: موحسین یاسین**

**هەولێر**

هونەرمەندی موزیکژەن فەرهەنگ غەفور لەساڵی ١٩٧١ لەگەڕەکی تەیراوای شاری هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی سلێمانییە، لەسەر دەستی مامۆستایان ئەنوەر قەرەداغی و سەلاح رەئوف و محەمەد حسێن یەکەم نۆتەی مۆسیقا فێربووە.

جگەلەوەش دەرچووی کۆلێژی هونەرجوانەکانی شاری هەولێرە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی شاری هەولێرە، ماوەی (١١) ساڵ وەکو مامۆستای بواری موزیک لەهەمان پەیمانگە وانەی وتووەتەوە، ئەندامی دەستەی

دامەزرێنــەری ئۆرکــسترای کوردســتانە لەشــاری هــەولێرو ئێــستا بەڕێوەبــەری چــالاکیی قوتابخانەکانە، لەدیمانەیەکدا سەبارەت بەئێستای موزیکی کــوردی و گرفـت و کێشەکانی بەمشێوەیە دواندمان.

**لایەنە باش و خراپەکانی ئێستای موزیکی کوردی چین؟**

–دیارە هــەر تــەوەرێك بابــەتێکی گــرنگ لــەخۆدەگرێت ئــەو پرسـیارە، ســەرەتاش بـا لەلایەنە باشەکانەوە دەستپێبکەین، پاشان بێینەسەر لایەنە خراپــەکان، مــوزیکی کــوردی ئێستا خەریکە ناسنامەی خۆی دروستدەکات، بەوەی کە ئەو دەزگاهونەرییانە چ کۆلێـژی هونەری چ دەزگا هونەرییەکانی تر کە مـوزیکی دانسقە دروسـتدەکەن، لـەوێوە دەتـوانین ســەرەتایەك بــۆ مــوزیکی کــوردی دروســتبکەین و ســەرجەم ئــەو میلۆدییانــەی کــە لەبەردەستدان، کورد ئەگەر شـتێك هـەبێت شـانازیی پێـوە بکـات تـەنها مۆسـیقاکەیەتی، لەمۆسیقاشـدا بەشـی گـۆرانی، ئێمـە خـاوەن کەشـکۆلێکی گـەورەی گـۆرانی فۆلکلـۆری لەبننەهاتووین، کە بەسەدان گۆرانی فۆلکلۆرمـان هەیـە تـا ئێستا رەنگـە کـە نـەك تـەنها گوێگر گوێی لێ نەبووە، بەڵکو موزیکارەکانیش تاکو ئێستا رەنگە گوێیـان لەهەنـدێك لـەو گۆڕانیانە نەبووبێت، یاخود لێکۆڵینەوەی لەسەر نـەکرابێت، یـا هـەتا ئێـستا توێژینـەوەی لەسەر نەکراوە، بەهۆی ئەوەی نە دەزگایەکی زانستی هونەریمان هـەبووە، نـە کۆلێـژێکی هونەری، ئەوە ئێستا خەریکـە کۆلێـژی هونەرەجوانـەکان دابمـەزرێت، بـەهیواین دکتـۆراو ماستەر بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو موزیکارانەی کە تموحێکیان هەیە بەشـێوەیەکی زانـستی فێـری مۆسـیقا بـن، بتـوانن بەشـێوەیەکی ئـەکتیڤ بڕوانامــەی کـار بەدەسـتبهێنن و توێژینەوەی باش لەسەر ئەو کارانە بکەن.

لایەنی دووەم لایەنە خراپەکە.. من پێشبینی دەکەم نەك تەنها قسەی من بێت، بـەڵکو خەریکە مستومڕێکی زۆر گەورە دروستدەکات کە مۆسیقا بەشێکە لەئەمنیی قەومیی هـەر وڵاتێـك، ئێمـە خەریکـە ناسـنامەی مۆسـیقای کـوردی کـە دروسـتدەبێت خەریکـە لـەناوی دەبەین، بەهۆی ئەوەی کە هێشتا خەریکە ریتمی عەرەبی و میسری و تورکی و سـەرجەم ئەو کارانەی کە دەکرێت بەڕاستی و بەداخەوە بەشێك لەگۆرانیبێـژەکان نـەبێت، ئەوانـەی تر خەریکە لەتورکیاو میسرو هەنـدێك جێگکـەی تـر بەرهەمـەکانیان تۆمـار دەکـەن، ئـەو کەسانەشی کە بۆیان تۆماردەکەن هیچ روحێکی کوردەوارییان نییە کە بەداخەوە ئەمـەش

کاردەکاتەسەر میلۆدی کوردی، رۆژێك لەڕۆژان ئەگەر بێت و گوێ لـەو گۆرانیانـە بگریـت یاخود ئەو جیلەی کە پەروەردە دەبێت لەباخچەی ساوایان و قوتابخانەکان، کە گوێ لـەو مۆسیقایە دەگرن واهەست دەکەن کە مۆسیقاکە تورکییەو تەنها تێکستی گۆرانییەکـە کـە گۆرانیبێژەکـە دەیلێـت کوردییـە، ئـەوەش کاردەکاتەسـەر سیـستمی ناسـنامەی مـوزیکی کوردی، ئەگەر بمانەوێت پێناسـەیەك بـۆ مـوزیکی کـوردی دابنـێین خەریکـە ئـەو شـێوازە لەدەست دەدەین، لەوڵاتان تاکـە شـانازی کـە بەشـتەکانیانەوە بکرێـت سـەیری سـەردەم موزیکارەکانی دنیا بکە.. شانازی بەمیللەتەکانی خۆیانەوە دەکەن، ئێمە ئەگەر بمانەوێت مۆسیقای کوردی بەمۆسیقای جیهانی بناسـێنین یـاخود مۆسـیقای کـوردی ببێتـە بەشـێك لەمۆسیقای جیهانی دەبێت میلۆدییـە فۆلکلۆرییـەکان هەڵبـژێرین.. دەبێـت ئـەو میلۆدییـە ناسکانە هەڵبژێرین کـە کـورد شـانازی پێـوە کـردووە، دەبێـت ئەوانـە لەسـەر بنەمایـەکی سەمفۆنیا، سۆناتا، کۆنشۆرتۆ وەکو قاڵبێکی مۆسیقا لەقەڵەمیان بدەن، جگەلەوەی ئێمـە حەیران و سیاچەمانەو هۆرەو ئەڵڵاوەیسیمان هەیە، کۆمەڵێك مەقاممان هەیە... دەتوانین شانازی پێوە بکەین، ئـیتر بـۆ پەلبکێـشین بـۆ سـەر مۆسـیقای عـەرەبی و تـورکی راسـتە ئەوانەش عیملاقن لەناو وەسەتی مۆسیقای رۆژهەڵاتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناوەندەکە ئەگەر بمانـەوێت ئێمـە خۆمـان بدۆزینـەوە دەبێـت کـەلتوورو مۆسـیقای رەسـەنی کـوردی فەرامۆش نەکەین.

من نالێم گوێ لەمۆسیقای عەرەبی نەگرین یـاخود تـورکی نـەگیرێت، بـەڵکو دەمـەوێت بەڕاستی وەکو وڵاتان شانازیی بەمیلۆدییەکی کوردی بکەین، بۆ نموونە سـبەینێ وەفـدێك دێتە کوردستان.. ئەگەر هـاتوو لێـی پرسـین بڵێـت کـوا مۆسـیقاتان.. ئێمـە چـی پیـشان بدەین، ئەو سیدیانەی کە ئێستا لەبازاڕدا هەیـە، ئـەو گۆرانییەیانـەی کـە ئێـستا لـەبازاڕدا هەیـە شـانازی پێـوە بکـەین، یـا گۆرانییـەکانی کامکـاران کـە ئـەوان بەشـێکن لـەمیلۆدی مۆسیقای کوردی کە ئەوان دەیژەنن.

**کەواتە بەڕای تۆ گرفتـی سـەرەکیی ئـەو هونەرمەندانـە چییە کـە وادەکـات پەنابەرنە بەر ئەو جۆرە میلۆدیانە؟**

–ئێمە خەریکە دروستدەبین، بابەو شتە کەمانەی کە هەمانەو دروستی دەکەین رازی بین، ئەو شتانەی کە لێرەوە دروستدەکرێت، ئەگەر لەوڵاتانی تر ئێمە بەکەمتر دەزانرێین راستە ئەویش لەبەرئەوەیە کە ئێمە کیانمان نەبووە، راستە گرفتی زۆر زۆرمان هەیە، رەنگە وەزارەتی رۆشنبیریی یەك لەو گرفتانە بێت کە لەمۆسیقای ئێمە تێناگات، یاخود ئەو کاربەدەستانەی کە لەوەزارەتی رۆشنبیرین هەوڵی ئەوەیان نەداوە لەرێگەی وەزارەتەوە سانسۆرێك بۆ ئەو مەسەلەیە دابنێن کە ئەوەش یەکێکە لەگرفتەکانمان، چۆن دەڵێین کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاومان نییە، بەحەقەت کەسی بەئەزموون و راوێژکاری وامان نییە کە خەمێك لەمۆسیقای کوردی بخوات، جگە لەوەش هەتا ئێستا ستۆدیۆیەکی پرۆفیشناڵمان نییە کە موزیکاران و گۆرانیبێژان کاری تێدا بکەن، کە رەنگە موزیکژەنی بەتوانامان هەبێت.

ئەو کارانەی کە تۆماردەکرێن سەرجەمیان لێرەوە دەبرێن بۆ تورکیا، زۆربەی گۆرانیبێژەکان موزیکژەنیش لەگەڵ خۆیان دەبەنە ئەوێ، کەواتە ئێمە لێرە تەنها لەستۆدیۆیەکمان کەمە، ئەندازیاری دەنگمان دەوێت، بەهەزارەها دۆلار سەرفکرا بۆ تۆمارکردنی گۆرانی و کلیپکردن، کە ئەوەش هەمووی بەفیڕۆچوو، باشە نەدەکرا ئەو هەموو پارەیە کۆبکرێتەوەو ستۆدیۆیەکی پرۆفیشناڵی پێ بکرێت، ئایا نەدەکرا بەبەشێك لەو پارەیە چەند کەسێك بنێردرێنە دەرەوە تاکو لەبواری دەنگدا وەکو ئەندازیاری دەنگ بخوێنن و شارەزایی پەیدا بکەن.

**ئایا مۆسیقا سنوورێکی دیاریکراوی هەیە تاکو نەتوانرێت فراوانبکرێت؟**

–سنووری هەموو شتێك دیارە، تەنها سنوور بۆ هونەر دیارینەکراوە، ئێمە دەتوانین توێژینەوە لەسەر موزیك ئەنجام بدەین، موزیك کە ئەو پێناسەیەی هەبێت هونەرە، زانستە، زمانە کە ئێمە بەو پێناسەوە موزیك یاخود هونەر بناسینەوە، ناکرێت سنووورداری بکەین، بەڵام لەحاڵەتێك سنووردار دەبێت کە چۆن بتوانین ئەو میلۆدیانە رابگرین و نەدزرێن و لەدەست فەوتان رزگاریان بکەین، رۆژێك لەرۆژان ئەو مۆسیقایانە دەبێت بنووسرێنەوە بەنۆتەی مۆسیقا، تێکستەکانیان، شێوەی وتنیان، شێوەی چڕین و ئەداکردنیان، لەوکاتەدا ئێمە سنوور بۆ لەناوچوونیان دادەنێین نەك تەنها ئێمە

لەسنوورێکی دیاریکراو بسوڕێینەوە بەبێئەوەی ناسنامەیەکمان هەبێت کە ناوی مۆسیقای کوردی بێت.

**ئایا دەستەگەریی بەدی دەکەیت لەنێوان موزیکژەنی شارەکانی کوردستاندا؟**

—نەك دەستەگەریی، بەڵکو دژایەتیی یەکتریش دەکرێت، بەداخەوە ئێمە زۆر جار بۆ نمایشەکانی ئۆرکسترای کوردستان پەیوەندیمان بەفیرقەی سەمفۆنیی عیراقیەوە کردووە کە بێن هاوشانیمان بکەن، تاکو سوود لەتموحاتی یەکتر بکەین.

زۆر جار داوامان لەگروپی ئۆرکسترای سلێمانی یاخود دهۆك کردووە کە کاربکەین ئاستەنگمان بۆ دروست بووە، بگرە زۆر کادیری موزیکی باشمان هەیە لەشارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك، بەڵام موزیککارە باش و ئەکادیمییەکان خەریکە دەستەگەریی دروستدەکەن، خەریکە قسە بەرامبەر بەیەکتری دەڵێن و توانج لەیەکتری دەگرن.

بەداخەوە پێویستە ئەو کەسانەی کە پیتێك لەموزیك دەزانن بیدەن بەهاوڕێکانیان، بۆ ئەوەی ئەوانیش سوودمەند بن، ئێمە خەڵکمان هەیە بڕوانامەی ماستەری هەیە لەمۆسیقادا، بەڵام بۆ وابکەین ئەو بڕوانامەیەمان لەدەست دەربچێت و ئەو کەسە تەنها بۆ خۆی ئیش بکات، ئەی بەپێچەوانەوە بۆ وانەکەین ئەو کەسە بێت هەموومان پەروەردە بکات و هەموومان لەشوێنێك کۆبکاتەوە.

بۆ نموونە، بۆچی تاکو ئێستا ئۆرکسترایەکی یەکگرتوومان نەبێت لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە ئەو ئۆرکسترایە سەرجەم موزیکارە باش و دانسقەکان لەخۆبگرێت، ئێمە ئێستا لەشاری هەولێر نەقسی فودارەکانمان هەیە، بەڵام لەشاری سلێمانی ئەو نەقسە نییە، ئەی بۆچی ئەو دوو حاڵەتە یەکنەگرن و لەئۆرکسترایەکی یەکگرتوودا کۆیان بکەینەوە.



## دڵخۆش محەمەد:

## من بەهۆی سەرقاڵییەکانی ژیانەوە غەدرم لەهونەرەکەم کردووەو ئەمەش حەسرەتێکە لەدڵمدا

**دیداری: زانا جەوهەر**

دڵخۆش محەمەد یەکێك لەو هونەرمەندە شێوەکارانەیە کەساڵانێکی زۆرە بەبێدەنگیی و دوور لەچاوی کەناڵەکانی راگەیاندن خەریکی کاری هونەرییە.

ئەم هونەرمەندە ساڵی ١٩٦٤ لەسلێمانی لەدایکبووەو دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کورد بەشی هونەری شێوەکارییە.

**سەرەتای کاری هونەریت چۆن دەستپێکردووە؟**

من هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە دەستم بەوێنەکێشان کردووەو بەشداری هەموو فێستیڤاڵەکانی کاتی خوێندنی خۆمم کردووەو چەندجارێکیش لەپێشانگای پۆستەرو چالاکی هونەریی قوتابخانەکاندا پلەی نایابم بەدەستهێناوە.



**تێگەیشتنی تۆ بۆ هونەر چۆنە؟**

هونەر شتێکی تایبەتەو لای هەموو مرۆڤێك بوونی نییە، رەنگە هەموو مرۆڤەکان یان زۆربەی هەرە زۆریان حەزیان لەهونەر بێت، بەڵام بێگومان هەموویان یان زۆربەی هەرە زۆریان هونەرمەند نین. هونەر دەتوانێت ئەو جوانییە شاراوانەمان بۆ ئاشکرا بکات کە رەنگە هەرگیز خەڵکی ئاسایی نەتوانن دەرکی بکەن.

زۆرجار هونەر بۆ هونەرمەندی راستەقینە ژیانە، من وەکو خودی خۆم ئەگەر ژیان دەرفەتی بدامایە ئەو هونەرە بەرجەستە بکەم کە خەونی پێوە دەبینم بێگومان زۆر لەئێستا زیاتر دڵم بەژیان خۆش دەبوو.

من خۆم هەستدەکەم بەهۆی سەرقاڵیی ژیانی رۆژانەمەوە غەدرم لەهونەرەکەم کردووە، ئەمەش حەسرەتێکە لەدڵمدا.

**تۆ دەتەوێت لەرێگای هونەرەوە چی بگەیەنیت، یان چی بگۆڕیت؟**

من حەزدەکەم لەرێگای هونەرەوە گۆڕانکاریی بەسەر زەوق و تێگەیشتنی مرۆڤەکاندا بهێنم، وا بکەم دنیا جوانتر ببینن و شتەکان بەهەڵە لێکنەدەنەوە.

خۆزگە خەڵکانی هەلپەرست ئەوەندە زوڵمیان لەهونەر نەکردایەو ئەوەندە هونەریان بۆ پەیداکردنی پارەو سامان و ناوبانگ بەکارنەهێنایە.

خۆزگە بەخۆشەویستییەکی گەورەترەوە کار بۆ هونەر بکرایە.

**چۆن بوو لەناو هەموو هونەرەکاندا شێوەکاریت هەڵبژارد؟**

من هەستدەکەم هونەر لەبناغەوە لەناو روحی مرۆڤەکاندا هەیە، خەڵك هەیە هەر لەمنداڵییەوە گۆرانی دەڵێت، هەیە وێنە دەکێشێت، هەیە تەمسیل دەکات. من هەر لەمنداڵییەوە وێنەم دەکێشاو حەزم لەوێنەکێشان بوو. هەر لەمنداڵییەوە هەستمدەکرد وێنەکێشان بەشێکە لەروحم.

**ستایلی کارکردنی تۆ زیاتر چ جۆرە ستایلێکە؟**

من ستایلێکی دیاریکراوم نییە، سەرەتا زیاتر نـەقلّم دەکـرد، بەگشتیی کـاری زەیـتـیم زیاتر کردووەو ستایلم زیاتر کارکردن بووە لەمەساحاتدا، سروشتیـشم زۆر خۆشـدەوێت و لەکارەکانمدا رەنگدانەوەی زۆری هەیە.

**تا چەند لەکارەکانتدا، ئاوڕت لەکێشەو موعاناتەکانی ژن داوەتەوە؟**

تا رادەیەکی زۆر ئاوڕم لەژن و لەکێشەو موعاناتەکانی ژن داوەتـەوە، تەنانـەت کاتێـك وێنەی ماسییەك، یان کۆترێك دەکێشم لەشێوەی ژنێکدا وێنەی دەکێشم.

**خۆزگەو خەونی گەورەی تۆ چییە؟**

خۆزگەو خەونی گەورەی من ئەوەیە مرۆڤەکان هەوڵبدەن زیـاتر جوانییـەکان ببیـنن و کەمتر بەدوای ناشیرینییەکانی ژیانەوە بن.

**پ: کام کاری خۆت زۆر دڵی خۆش کردوویت؟**

و: لەپۆلی چوار بووم لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان، کارێکی نەقلّم هەبوو کە کـارێکی مەتر بەمەترو نیو بوو، ئێستاش ماوە، ئەو کارە لەئەسڵدا کاری هونەرمەنـدێکی جیهـانیی پـێش سـەردەمی کلاسیکە. هـەر ئـەو کاتـە کـە دروسـتمکرد، وەك وتم لـەپۆلی چـوارەمی پەیمانگا بووم، دکتۆرێکی چـاو ویـستی بیکڕێـت، بـەڵام مـن رازی نـەبووم بیفرۆشـم، ئـەو کارەم زۆر دڵی خۆشکردم و زۆرم خۆشدەوێت.



## عەلی کەریم:

# هەندێک دراما کاریگەریی هەیە بۆ تۆرانی بینەر



**دیداری: شەنکار عەبدوڵڵا**

عەلی کەریم لەساڵی ١٩٥٠ لەشاری کەرکوك لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی و پەیمانگای مامۆستایانی لەکەرکوك تەواوکردووە، هەتا راپەڕین لەکەرکوك نیشتەجێبووە، لەساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیکردووە بەتیپی نواندنی سلێمانییەوەو بەردەوامبووە لەکاری شانۆیی و کاری تەلەفزیۆنی بەتایبەتی لەو بەرهەمانەی کەهەتا ئێستا لەویژدانی خەڵکدا ماونەتەوە، لەوانە (دوڕەگ- دوکتۆر پاڵمی- مانگی ئاوابو- ژاڵە سرودی خۆشنودی.....هتد.) ئەو هونەرمەندێکی پڕ ئەزموون و پڕبەرهەمەو رەنگە کەسێك نەبێت لەکوردستاندا عەلی کەریم نەناسێت، نواندنە بێوێنەکانی زۆر سەرەنجڕاکێشن و هەستدەکەیت لەبەردەم ئەکتەرێکی پڕسەلیقەدا دانیشتوویت،

لەدیدارێکی تایبەتدا، هونەرمەند عەلی کەریم بەمشێوەیە وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی داینەوە.

**چۆن بوو هاتیە ناودنیای هونەرەوە؟ ئایا کارێکی تر نەبوو بیکەیت؟**

هەمو مرۆڤێك بەبێ جیاوازی لەدروستبونی مرۆڤایەتییەوە تائەمڕۆ حەز بەلاسایی کردنەوە دەکات، نەك هەر لاسایکردنەوەش بەڵکو حەز بەبەرجەستەکردنی کاراکتەرەکانی دەوروبەر دەکات، منیش وەك ئەو خەڵکە حەزم بەلاسایکردنەوەی خەڵك هەبووە، منیش حەزمەکرد بچمە پێستی کارەکتەرەکانی دەوروبەرمەوە، بەڵام دوای ئەوەی شەهید جەلالی برام هەستی کرد کەمن عەشقێکم هەیە بۆلاسایکردنەوەی کاراکتەرەکانی دەوروبەرم لەژیاندا، هانیدەدام بچم بۆبینی فیلمە سینەماییەکان ئەوکات لەتەمەنی هەرزەکاریدا بوم هانیدام بچمە خولێکی راهێنانی ئەکتەر لەچالاکی قوتابخانەکانی کەرکوك لەمانگی ٩ی ١٩٦٨ بەشداریم کرد لەشانۆیی (دەرمانەکە) کەلەنوسینی (یوسف العانی)بوو.

**بۆیەکەمجار کەبەشداریت لەشانۆدا کرد هەستت بەچیکرد؟**

دیارە هەمو کەسێك لەژیاندا ئارەزوی ئەوەی هەیە کەپەنجەی بۆدرێژبکرێت، هەستدەکەیت خەڵك سەیرتدەکەن، باستەکەن، منیش لەبەرئەوەی لەسەرەتای کاری هونەریدابووم ناتوانم ئێستا ئەو هەستانەی ئەو ساتەوەختانە بێنمەوە یاد، بەڵام دەزانم ئەوساتانە ساوەختێکی بەچێژو بەتام بوون.

**بەبۆچونی تۆ درامای کوردی ئێستا لەچ ئاستێکدایە؟**

درامای کوردی ئێستا لەهەنگاوی یەکەمدایە، چونکە دەتوانم بڵێم هەر لەژاڵەوە بۆ گوڵاڵە دواتر بۆ رۆشنا، لەو دە ساڵەی کۆتایی سەدەی بیستەمداو ئەو هەشت ساڵەی سەدەی بیست و یەکدا، گڕوتینێك کەوتووەتە ناو هونەرمەندان، بەتایبەتی ئەوانەی کەعاشقی بەرهەمهێنانی زنجیرە درامای تەلەفزیونین، ئێستا لەهەنگاوی یەکەمدایە کارەکانیش لەنێوان باش و خراپدایە، ئومێد دەکەم لەداهاتوودا بەرهەمەکان بەپێزترین.

**چۆن بوو سەرەتا لەشانۆوە دەستت پێکرد دواتر لەدرامادا خۆت بینیەوە؟ ئایا ئەم دوو رۆڵە جیاوازیان هەیە لای تۆ؟**

ئـەو دەمـەی ئێمـە لـەبواری شـانۆدا كارمانـدەكرد هـیچ تەلـەفزیۆنێك تایبـەت نـەبوو بەكورد، دوای رێكەوتنامەی ١١ی ئازار لەڕۆژێكدا سەعات و نیوێك لەتەلـەفزیۆنی كـەركوك پەخش بەكوردی بوو ئەویش زیاتر گۆرانی بوو، بـەڵام دواتـر تەلـەفزیۆنێكی كـوردی-یـان تایبەت بەكوردی دروست بوو لەكەركوك، ئیتر دەستكرا بەوەی كەبەرهەمی شانۆیی چۆن لەسەر تەختـەی شـانۆ پێشكەشدەكرا هـەرواش دەبـرا بۆبەغدا لەبـەردەم سـێ كـامێرادا نوانـدنی خۆمـان دەكـردو ئـەوانیش تۆماریـان دەكـردە سەركاسـێت، ئینجـا پەخـشدەكرا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن.



**جیـاوازی چـیە لـەنێوان نوانـدن لەسـەر تەختـەی شـانۆو نوانـدن لەبـەردەم كامێرادا؟ یان بۆ چی ئەوانەی كەئێستا لەدراماكانـدا بەشـداریدەكەن، زۆربـەیان پێشتر لەشانۆدا نواندنیان كردووە؟**

ئەگـەر مەبەسـتت مـن و هاوتەمەنـەكانی مـن بێـت، وەك وتم ئێمـە لەحەفتاكانـەوە دەستمانكردووە بەكاری شانۆ، چونكە شەیدای كاری شانۆیی بوین لەبەرئەوەی بەرهـەمی تەلەفزیۆنی نەبوو، بەرهەمە شانۆییەكەمان دەبرد تۆمارمان دەكرد، بەڵام ئێستا كەباسـی كاری درامی دەكەین چ وەك فیلم وچ وەك زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی، هونەرێكی تایبەتەو

پێویستی و مواصفات وبنەماو میتۆدی خۆی هەیە، لەئێستادا هەندێك ئەكتەر هەن بەشانۆ دەستیان پێنەكردووە، بەڵكو راستەوخۆ هاتونەتە بەردەم كامێرا زۆر لەوانەش باشترن كەپێشتر لەبواری شانۆدا كاریانكردووەو تەمەنێكیان هەیە لەوبوارەدا، بۆیە مەرج نییە هەمو ئەكتەرێكی باشی شانۆ ببێت بەئەكتەرێكی درامی باش، بەپێچەوانەوە زۆرجار رەنگدانەوەی نواندنی شانۆی بەو ئەكتەرانەوە دیارە، بەخۆشمەوە.

**عەلی كەریم چۆن بەشداریدەكات لەدراما؟ یان هەر درامایەک بێت تۆ ئامادە دەبیت بەشداری تێدا بكەیت؟**

هەموو ئەكتەرێك حەزدەكات لەبەرهەمێكدا بەشداری بكات كە كارەكتەرێكی بەهێز بێت و بەخششی هەبێت بۆئەوەی بتوانێت ئیش لەناو چوارچێوەی ئەو كارەكتەرە بكات، ئەمەیە هەموو ئارەزو و حەزو مەرجێكی ئەكتەر، سەبارەت بەمن زۆربەی دەرهێنەرەكان لەنزیكەوە دەناسم و هاورێمن و رێزی یەكتری دەگرین، ئەگەر داواكاریشم هەبێت بۆ كارەكتەرەكەم زۆرجار گوێیان لێگرتوم، من ئەگەر سیناریۆكەم خوێندەوە بەدڵم بوو دەڵێم بەڵێ ئامادەم، بەدڵیشم نەبوو داوای لێبوردن دەكەم.

**لەكوردستان تا چەند رێز لەهونەرو هونەرمەند دەگیرێت؟ ئەگەر بگیرایە دەبو عەلی كەریم چ خەڵاتێكی وەربگرتایە؟**

بینەران و جەماوەرەوە زیاد لەپێویست رێزم لێدەگرن، ئەمەش گەورەترین خەڵاتە بەنیسبەت منەوە، بەڵام وەك دەسەڵات و دەزگا رۆشنبیرییەكان هیچ لایەكیان لەهونەرمەند نەكردووەتەوە، نەشیان توانیوە هونەرمەندان لەیەكتر جیابكەنەوە، یان پۆلێنیان بكەن لەباشەوە بۆ ناوەند و بۆ خوارتر.

**كاری هونەریی گەنجەكان چۆن هەڵدەسەنگێنیت، هەر لەئەكتەرەوە هەتا دەرهێنەر؟**

گەنجەكان وەك ئەكتەر، بۆ نموونە لەژیلەمۆدا چەندین ئەكتەری بەتوانا شانبەشانی من و ئازاد جەلال و كاك زاهیرو ژیان ئیبراهیم و ئەوانی دی رۆڵەكانیان دەبینن و لەوانە رێباز، گۆنا، مەریوان عەلی، سەركۆ، ئەمانە دەست خۆشیان لێدەكەم، سەبارەت بەدەرهێنانیش هاورێ مستەفا وەك خۆی دەرهێنەرێكی باشەوەو چاوەرێی دوارۆژێكی پرشنگداری لێدەكەم، بەڵام لەفەنتەلۆسدا زیانی لەخۆیداوە.

**ئەكاديمی بوون تا چەند مەرجە بۆدروستبوونی هونەرمەند؟ یان جەنابت تا چەند باوەڕت بەئەكاديمی بوون هەیە؟**

زۆربەی فەیلەسوف و رۆشنبیرە گەورەكانی دنیا بڕواناكەم دەرچووی ئەكاديميا بووبن، بەڵكو ئەزمون و تاقیكردنەوەكان فێری زۆرشتی كردون، بەڵام ئەم سەردەمە سەردەمی ئەكاديمی بوون و پسپۆڕییە، خوێندن لەئەكاديمياو خۆسەرقاڵكردن لەناو ئەكاديميا كارێكی باشەو سود دەبەخشێت بەو هونەرمەندە بۆ ئەوەی بەرهەمەكانی بەپێزتربێت.

**هەستناكەیت هۆڵەكانی شانۆ چۆڵە لەبینەر لەچاو حەفتاو هەشتاكانی سەدەی رابردوو؟ هۆكاری ئەمە چییە؟**

دەتوانم تەمەنی شانۆی كوردی بكەم بەسێ بەشەوە باسی پەنجاكان ناكەین، لەساڵی ١٩٢٦ بۆیەكەمجار شانۆ لەسلێمانیدا پێشكەشكراوە، یان سەرچاوەی تر هەیە دەڵێن زووتر لەهەولێر پێشكەشكراوە، من باسی دوای رێكەوتنی ١١ی ئازار دەكەم كەوەرچەرخانێك بوو یان بوژانەوەیەك بوو لەبواری رۆشنبیری كورديدا، لەساڵانی حەفتاكان بەقۆناغێك دادەنێین، ساڵانی هەشتاكان بەقۆناغێكی تری دادەنێین، لەدوای راپەرینەوە قۆناغێكی تر، ساڵانی حەفتاكان تانسكۆی شۆڕشی ئەیلول قۆناغێك بوو، هەرلەنواندنەوە بۆ دەرهێنانەكان و دیكۆرو دۆزینەوەی پەیوەندیەكانی كاراكتەر لەگەڵ كارەكتەرەكانیتر ساكاربوو، بەڵام لەدوای نسكۆوە قۆناغێكی تر دەستی پێكرد، گەشتربوو لەقۆناغی حەفتاكان، بەڵام لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی (ئێران _عێراق) و شۆڕشی نوێی گەلی كورد حاڵەتێكی بەجۆش بوو لای بینەر و بینەرحەزیدەكرد بچێتە هۆڵەكانی شانۆوە بۆبینی ئەو نمایشانەی كەباسی لەسیاسەت و گرتن و دەسەڵات دەكرد، حەزی دەكرد ئەمانە ببینێت، ئەگەرچی لەدوای راپەرین هەندێك نمایشی شانۆی پێشكەشكراون زۆر پێشكەوتوون و لەڕوی هونەرییەوەو لەڕووی بۆچونە هونەرییەكانەوە دەرهێنەرەكان بەتێفكرینێكی جوانەوە هاتونەتە مەیدانەوەو رەفتارو هەڵسوكەوتیان كردووە لەگەڵ دەقە شانۆییەكاندا، هەرلەپرۆسەی نواندنەوە هەتا دەگاتە لایەنەكانی تری نمایش.



**جەنابت ئاماژە بەوەدەدەیت هەرکات شانۆ نزیک بوو لەهەست و سۆزی خەڵکەوە ئەوا خەڵک زیاتر دێت بەدەم شانۆوە، واتە شانۆ دەبێت ئاوێنەی ناخی خەڵک بێت؟**

قەت لەگەڵ ئەوەدا نیم شانۆ ئاوێنەی خەڵك بێت، شانۆ شانۆیەو ژیان ژیانە، قەت شانۆ رەنگدانەوەی سەد دەرسەدی ژیان نییە، شانۆ هونەرە، شانۆ بۆچونێکی نوێیە بۆبنیادنانی نوێ، بەڵام راستە کەرەستەکانی لەژیانەوە وەرگرتووە، رودواوەکانی لەژیانەوە وەرگرتووە، بۆیە دەکرێت بۆ نمایشێکی شانۆی بۆچاو هزری بینەر ئەمەیان هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نییە کە رەنگدانەوەی سەد دەرسەدی ژیان بێت.

**ژاڵە یەکێکە لەو درامایانەی کەلەناخ و هەستی بینەردا ماوەتەوە، پێتوانییە هەتائێستا نەمانتوانیوە ژاڵە تێپەڕێنین؟**

لەبەرئەوەی خۆم لەژاڵەدا بەشداریمکردووە و دواتر لەهەندێك درامای دیکەدا بەشداریمکردووە، من تائێستا بڵێم ژاڵە لەهەموو ئەو بەرهەمانەی تربەهێزتربووە ئەوە پاشەکشەکردنە بەرەو دواوە، بەڵام بینەری ئەو دەمە وەك وتم تینوی ململانێ بوون لەگەڵ دەسەڵاتدا، ژاڵەش لەبەرئەوەی دوو حاڵەتی تێدایە ململانێیەکی تێدایە لەنێوان جووتیاران و دەرەبەگ، بەڵام بینەر بەتێفکرینی خۆی وایدەزانی میلەتی کوردەو لەگەڵ

داگیرکەردا لەململانێدایە، ژاڵە بۆ ئەو زەمانە شتێکی جوان بوو، هەرئەمەش وایکردووە کەلە هزری خەڵکدا بمێنێتەوە، ئەگەر من ئەو نواندنەی لەکاراکتەری جوامێر ئاغاکردومە لەژاڵەدا نەمتوانی بێت ئەوە تێپەڕێنم مانای وایە من پاشەکشەم کردووە.

**لەڕەمەزاندا درامایەکی زۆر پێشکەش کرا، تا چەند هەست بەبوونی فلتەردەکەیت بۆ ئەو درامایانەی کەلەتەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکرێن؟ هەستناکەیت هەندێک دراما زیان لەدرامای کوردی دەدات؟**

ئەمە لاسایکردنەوەی تەلەفزیۆنە عەرەبیەکانە، بۆ نموونە ژیلەمۆ پێش رەمەزان تەواو بووە کەدەفرۆشرێت بەکۆمپانیایەك، کۆمپانیاکەش دەیفرۆشێتەوە بەتەلەفزیۆنێك تەلەفزیۆنەکان ئازادن لەکەیدا نمایشی دەکەن، سەد دەرسەد هەندێك دراما هەیە کاریگەری هەیە بۆ تۆرانی بینەر، تەلەفزیۆنەکان دەیانەوێت هەندێك بەرهەمیان هەبێت و بینەر بۆخۆیان رابکێشن لەبەرئەوەی نیانە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پسپۆڕی خۆیان، چونکە تەمەنی تەلەفزیۆنەکانمان لە ١٠ساڵ کەمتر نییە، بەڵام نەیانتوانیوە بەقەد تەلەفزیۆنێکی عێراقی کە لەدوای روخانی عێراقەوە دامەزراوە بەقەد ئەوان نەیانتوانیوە تام وچێژ ببەخشن بەبینەر، نەیانتوانیوە سود لەپسپۆڕەکان وەربگرن.

**هەستناکەی لەم وڵاتەدا کاریگەری سیاسەت بەسەر هونەرەوە هەیە؟ ئەمە لەکاتێکدا دەبێت هەمو کایەکان سەربەخۆبن؟**

ئەگەر لەمن دەپرسیت وەك عەلی کەریم هێز نییە بم جوڵێنێت، بەڵام من کەسێکم لەناو کاستێکدا یان گروپێکدا گروپە گەورەکە بۆ بەرهەمهێنانی دراماکە ناچارە پەنادەباتە بەرئەوەی پارەی هەیەو ئەوەی کەهەڵدەستێت بەکاری بەرهەمهێنانەکەوە، ئەمەش وەك جەنابت فەرمووت بەرهەمەکە پابەندی سیاسەت دەبێت و دەبێتە پاشکۆی سیاسەت.



# دیدار لەگەڵ[٧]
# نەرمین کاوانی

**دیداری: ڕێبواری ئازادی**

نەرمین ئەحمەد کاوانیی، دانیشتووی شاری سلێمانییەو خاوەنی زیاتر لە (٢٠) کاری شانۆیی و دوو کورتە فلیمی "ڕزگار بوو و هیوا"یەو فلیمێکی درێژ بەناوی "بێوەژن" و سێ زنجیرە درامای "کاتێك خەم گوڵ دەگرێت و ژیلەمۆ و ئارەزوو"ە، شانبەشانی ئەمانەش مامۆستای وانەی هونەرەو کاری شانۆیی قوتابخانەش دەکات.

**لەدیدارێکدا وتووتە شانۆ خوێنی دەمارەکانمە، ماڵی یەکەمی هونەریی منە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە تۆ بەهۆی ئەم دوو زنجیرە درامایەی دواییەوە ناسرایت، پێتوانییە کاری بەردەم کامێرا باشترە بۆ هونەرمەند وەک لەسەر شانۆ؟**

نواندن لەسەر تەختەی شانۆ تایبەتمەندی خۆی هەیەو نواندنی بەردەم کامێراش هونەرێکی جیاوازەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەریەکەشیان شێوازێکی جیای هونەرەو هەردووکیشیان خزمەتن و وەکو یەك ئەرکیان لەسەر ئەکتەر گرانە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بینەری شانۆییەوە ئەکتەر ناچار دەبێت لەڕێگەی کامێراوە خۆی بەخەڵك و بینەران بناسێنێت.

**راستە تۆ ئەکتەرێکی چالاک و دیار بوویت لەکارە شانۆییەکانتدا، بەڵام لەسەردەمی ئێستای جیهانگیریدا سینەماو تەلەفزیۆن کاریگەرییان لەسەر شانۆ نییە؟ ئەگەر نییە رای تۆ لەو بارەیەوە چییە؟**

بە دڵنیاییەوە کاریگەرییان هەیەو کاریگەری گەورەش، سینەماو تەلەفزیۆن وایانکردووە کە خەڵك تەمبەڵ بێت لەچوون بۆ هۆڵەکانی شانۆ، چونکە ئەوەی دەیانەوێت لەڕێی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە خێراتر دەگاتە بەردەستیان، ئیتر بۆ خۆیان ماندوو بکەن، هەر ئەمەش وایکردووە شانۆ مەزنەکەی جارانمان کاڵ ببێتەوە لەبەر دیدەی بینەرانی، لەبەرامبەریشدا هونەرمەندانی بوارەکە کەمتەرخەمن و دوای پارەی زۆر کەوتوون لەکارە درامییەکانداو کردوویانەتە مۆدێلی سەردەم.

**ئەوەی نەرمین لەئەکتەرانی هاوڕەگەزو هاو تەمەنی خۆی جیادەکاتەوە چییە؟**

نواندن جیاوازی هەریەکێکە کە ئەوەی خۆی دەیەوێت پێشکەشی دەکات هەر ئەوەیەو هیچی تر.

**پێتوایە سوودت لەدەرهێنەرەکانت وەرگرتووە، دەکرێت بزانین ئەو سوودانە کامانەن؟**

بێگومان هەموو دەرهێنەرێك کۆمەڵێك ئامۆژگاری تایبەتی هەیەو بۆ سەرکەوتنی کارەکە پێت دەدات بۆ دەوڵەمەندکردنی نواندنت لەو کارەکتەرەدا کە تۆ رۆڵی بەرجەستە دەکەیت، منیش یەکێك بووم لەو ئەکتەرانە کە بەماندوو بوونی خۆم و هاوکاری دەرهێنەرەکان گەیشتوومەتە ئەو ئاستە.

**تۆ پێشتر تا رادەیەک لەکاری درامییدا کەتر بەشداریت دەکرد، ئەی بۆ ئێستاو لەمساڵدا لەسێ کاری درامادا بەدەرکەوتیت، دەکرێت هۆکارەکەیمان بۆ باسبکەیت؟**

هەوڵێکی زۆرمدا کە تەختەی شانۆکەم بەجێنەهێڵم و لەکاری شانۆییدا بەردەوام بم، بەڵام نەبوونی کاری شانۆیی وایلێکردم روو لەدراما بکەم و قاییل بم پێی.

**لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەدرامای (کاتێک خەم گوڵ دەگرێت) دەڵێیت هۆکاری بڵاو نەبوونەوەی ئەوە بوو لەکەناڵێکی لاوازدا نمایشکرا، بەڵام ئاستی کاری هونەری چ پەیوەندی بەلاوازی و بەهێزی کەناڵەوە هەیە؟**

چۆن پەیوەندی نییە، ئەگەر کەناڵێك بینەرێکی زۆری نەبێت و بەرنامەکانی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا پەخش نەکات ئەوا هەموو شتێك تیایدا تێکدەچێت، ئەو کاتەش کێ دەبێتە بینەری، بێگومان کارەکەی ئێمەی هونەرمەندانیش دەبێتە قوربانی و سوتماك وەك درامای "کاتێك خەم گوڵ دەگرێت"ئەگەر ئێستا ئەو پرسیارە لەبینەرانی شاری سلێمانی بکەیت، هەندێکیان هەر ناشزانن درامایەك بەو ناوە هەبووە، دەزانن بۆ: چونکە هەر شەوەی لەکاتێکی جیاوازدا پەخشدەکراو کەناڵەکە رێزی لە کاتی دراماکەو بینەرانی تەماشاکاری دراماکە نەدەگرت، من خودی خۆم بەدوو شەو تاقەتم چوو تەماشای بکەم.

**تۆ هونەرمەندێکی ئەکادمیت کەمتر دەرکەوتوویت، بەڵام کەسانیتر هەن کە هاوڕەگەزی خۆتن ئەکادمیش نین زۆرتر لەکارەکاندا دەبینرێن، ئەمە بۆ چ هۆکارێک دەگەڕێنیتەوە؟**

لەگەڵ رێزمدا بۆ هەموو کارێکی هونەری دراما، کە نمایشدەکرێت، بەڵام نەرمین ناتوانێت رێگە بەخۆی بدات کە بەهەموو کارێك رازی ببێت، ئەوە دەبێتە زۆر و بۆر، کەواتە ئامانجی راستەقینەی هونەریی و خەونەکانی خۆی لەدەستدەدات.

**بۆ لەکوردستاندا دەرهێنەری بەتوانای ژن نییە، هەرچەندە یەک دوو ناو کاری کورتە فلیمیان کرد، بەڵام وەک دەرهێنەری دراماو کاری تەلەفزیۆنی هیچ ناوێک نییە؟**

ئێمە جارێ لەکاری دراماو زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا لەهەنگاوی یەکەمداین، ناڵێم دەرهێنەری پیاومان نییە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوانیش بەپەنجەی یەك دەست دەژمێردرێن و ئەوانەشی لەنێو ئەواندا دەرهێنەری راستەقینەن زۆر کەمن، ئیتر چۆن داوای دەرهێنەری ژنی قوڕ بەسەر دەکەیت لەوڵاتێکی پیاوسالاری تا سەر ئێسقاندا.

**تا چەندە جوانیی روخسار، نواندن کاریگەرتر دەکات، پەیوەندی نێوان جوانیی و بوێریی و نواندن چۆن دەبینیت؟**

نواندنێکی سەرکەوتوو لەلایەن ئەکتەرێکەوە هیچ پەیوەندی بەجوانیی رووخسارەوە نییە، بەڵام بەداخەوە لەلای بینەری ئێمە بەهەڵە لەنواندن گەیشتوون و تەنها ئەکتەر بەڕووخساری هەڵدەسەنگێنن، بۆ بوێرییش بەدڵنیاییەوە بوێری بەشێکە لە نواندن بەتایبەتی لەوڵاتێکی هاوشێوەی ئەمەی ئێمەدا، بیریشمان نەچێت عادل ئیمام روخساری زۆر جوان نییە، بەڵام بوێرەو نواندنیشی گەیشتووەتە ئاستێك کە لەداهاتوودا کەس ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە، بۆیە خۆی بەوێنایەکی هونەرمەند بەجوانی و بوێری و مەزنی پێشکەشکردووە ئایا ئەو پێویستی بەڕووخساری جوان بوو ، نەخێر.



**لەو کارانەی بەشداریت تیادا کردووە تا چەند سەرنج و تێبینیت لەلا دروستبووە، یاخود چەندە بەشخوراو بوویت؟**

بێگومان هەر کارێك کە دەیکەیت کۆمەڵێك سەرنجت لەلا دروست دەکات و کۆمەڵێك زانیاری دەچێتە پاڵ زانیارییەکانی خۆت کە هەتن، بێگومان لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی پیاوسالاریداین ئەمەش رەنگدانەوەی لەکاری هونەریدا هەیە، بەڵام نەرمین لەکاتی کارکردنیدا بەهیچ شێوەیەك غەدر یان بەشخواردن یان هەر شتێك کار بکاتە سەر کەسایەتی خۆی قبوڵی ناکات، دەبێت رێز لەخودی خۆی و هونەرەکەی بگیرێت و هیواداریشم هەموو کچانی تر ئاوها بیر بکەنەوە بۆ ئەوەی لە کاتی کارکردندا ئیستیغلال نەکرێن.

گۆڤاری هەنار لەم کتێبخانانە دەستدەکەوێت:

- خانەی بڵاوکردنەوەی بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

- کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

- کتێبخانەی سلێمانی، تەنیشت چاپخانەی شەعب

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دووماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.dengekan.com
www.chrakan.com

**نرخی ١٠٠٠ دینارە**